١٤٥

# هەست و سۆز
# لە ژیانی پێغەمبەراندا
## دەرخستن و تێڕامانی دەروونی

نووسینی: مالیک بەدری
وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەرزنجی - زانا ناجی

# هەست و سۆز
# لە ژیانی پێغەمبەراندا
دەرخستن و تێڕامانی دەروونی

# هەست و سۆز
# لە ژیانی پێغەمبەراندا

## دەرخستن و تێڕامـانی دەروونی


**نووسینی: مالیك بەدری**

**وەرگێڕانی**

**ئیسماعیل بەرزنجی**

**زانا ناجی**

# هەست و سۆز
# لە ژیانی پێغەمبەراندا
## دەرخستن و تێڕامانی دەروونی

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (١٤٥)

- نووسینی: مالیک بەدری
- وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەرزنجی - زانا ناجی
- بابەت: دەروندروستیی
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٤.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٣١)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی - نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

## ناوەرۆک


پێشەکیی زانکۆی (ئەستەمبوڵ سەباحەدین زەعیم) .......................................................... ١٠
سەرەتا ............................................................................................................ ١٩
شێوازی کتێبەکە .............................................................................................. ٢٣

**بەشی یەکەم: ئایا دەروونناسیی نوێ بۆ شیکردنەوەی ڕەوشتی پێغەمبەران گونجاوە؟ ......... ٢٥**
گرنگترین ئەو تیۆرانەی دەروونناسی و پەیڕەوکردنیان، کە دەشێن یان ئەوانەی
کە پێویستیان بە لەبێژنگدان و هەڵاواردن هەیە پێش ئەوەی سوودیان
لێوەربگرێت بۆ لێکدانەوەی سۆزی پێغەمبەران ................................................ ٢٧
دەروونشیکاریی فرۆیدی ...................................................................................... ٣٠
شۆڕشی ڕەفتارگەرایی ...................................................................................... ٣٣
پەڕگیریی بۆچوونەکانی فیکری بایۆلۆجیی دەروونی لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە ... ٤١
ئەو تیۆر و پراکتیکە دەروونییانەی دەکرێت بۆ لێکدانەوەی لایەنی سۆزداریی
پێغەمبەران سوودیان لێوەربگیرێت ................................................................... ٤٢

**بەشی دووەم: هەڵچوونی عاتیفە لە توێژینەوە دەروونی و دەمارییە نوێیەکاندا .......... ٥٧**
گرنگترین بەشداریی دەروونناسیی نوێ ............................................................... ٥٨
گرنگتری تیۆرەکانی دەروونناسیی نوێ لە بواری هەڵچوونەکاندا ........................... ٥٩
لە نێوان عەقڵ و مێشکدا ................................................................................... ٦٤
ئیعجاز لە دروستکردنی مێشک و دەمارەکانیدا ..................................................... ٧٤

**بەشی سێیەم: ئایا ئیمانی مسوڵمان تەنها بەوە تەواو دەبێت، کە بەندایەتیی خودا بکات**
**لە لایەنی مەعریفییەوە بەبێ بەندایەتیکردن بە هەست و سۆزەکانیەوە؟ ................ ٨٩**
پەیوەندیی نێوان سۆزی وروژاو و پەیدابوونی تامەزرۆیی ڕۆحی .............................. ١٠٣

**بەشی چوارەم: تێڕامانی دەروونی سەبارەت بە کاردانەوە عاتیفییەکانی پێغەمبەران لە ڕووی**
**مرۆڤێتییەوە، یان لە دیدی ئامانجە بەرزەکەیانەوە بەو پێیەی پێغەمبەرانێکی مەعسومن ........ ١١١**

**بەشی پێنجەم: تێڕامانێک سەبارەت بە خواستی خودا بۆ ژینگە و بۆماوەیی گونجاوی هەر پێغەمبەرێک .. ١٥٧**
تێڕامان سەبارەت بە بۆماوەیی و ژینگە لە پێکهاتنی سیفەتی پێغەمبەراندا ................. ١٦٠
گرنگیی هێزی جەستەیی پێغەمبەران ........................................................................ ١٧٢
زیرەکی و بیرکردنەوەی داهێنەرانە ........................................................................ ١٧٦

**بەشی شەشەم: تێڕامانمان سەبارەت بە وردەکاریی دانستی خودا لە ڕێکخستنی ژینگە و بۆماوەیی لە ژیانی پێغەمبەر موسا (دروودی خوای لێبێت) ........................................................ ١٨٣**
گرنگیی ڕۆڵی دایک لە پێگەیاندنی منداڵدا ........................................................... ١٨٨
مەزنیی ئەسڵ و بنەچەی پێغەمبەر موسا (دروودی خوای لێبێت) ............................... ١٩٢
دانستی خودا لە بەخشینی قەڵافەت (بسطة) و عاتیفە بە موسا (دروودی خوای لێبێت) ... ١٩٣

**بەشی حەوتەم: تێڕامانگەلێک لە بارەی وردەکاریی دانستی خوداوە لە بەڕێوەبردنی ژینگە و بۆماوەیی پێغەمبەر یوسف (دروودی خوای لێبێت) ........................................................ ٢٠٧**
بەشداریی لێکۆڵینەوە دەماری و دەروونییە ئەزموونییەکان لە مەیدانی خەوبینیندا...... ٢٠٩
ڕەتکردنەوەی دەروونناسی سەبارەت بە لایەنی ڕۆحی و پێشبینیکردنی خەوی ناباش و باش ٢١١
بیرکردنەوە و پۆلێنکردنی ئیسلام سەبارەت بە خەو و خەوبینین ................................ ٢٢٥
تێڕامانگەلێکی دەروونی لە ژیاننامەی یوسف و (دروودی خوای لێبێت)، دانستی خودا لە هەڵبژاردنی ژینگە و بۆماوەیی ........................................................................ ٢٣١

کۆتایی ...................................................................................................... ٢٨٧
فەرهەنگۆک ................................................................................................ ٢٩٥
لیستی سەرچاوەکان ....................................................................................... ٢٩٩

بەناوی خودای بە میهر و دلۆڤان

## پێشەکیی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی

پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی خۆشحاڵە کە ئەم کتێبە مەعریفییە دەکاتە دیاری بە ناونیشانی (هەست و سۆز لە ژیانی پێغەمبەراندا – ئاشکراکردن و تێڕامانی دەروونی)، هیی زانای ناودار پرۆفیسۆر دکتۆر مالیک بەدری -خودا لێی خۆش بێت-، لێرەدا کە ئەم پێشەکییە دەنووسین کتێبە نایابەکەی دیکەی بەبیردەهێنینەوە، کە پەیمانگا بە ناونیشانی (تێفکرین، لێکۆڵینەوەیەکی دەروونڕۆحیی ئیسلامییە) چاپ و بڵاویکردەوە، کە بە ڕاستی نموونەی چۆنیەتیی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ تیۆرە ڕۆژئاواییەکاندا لە دەروونزانیدا، هەروەها دەرخستن و پیشاندانی گەوهەری بەهاداری ئیسلامی لەم زانستەدا، ئەمەیش هەوڵێکی زانستیی گرنگ بوو، کە پەیمانگا پێویستی پێیبوو بۆ تێڕوانینە مەعریفییەکانی گەڵاڵە بکات لە بارەی چۆنیەتیی هەڵسوکەت لەگەڵ بنچینە دامەزرێنەرەکانی کەلەپوور و فیکری ڕۆژئاوایی، ئەوە ئێستایش جارێکی دیکە زانست و بەرهەمی مەعریفیی دکتۆر بەدری ڕەنێودەهێنین بۆ دەرخستنی ڕۆحی بەبەهای ئیسلامی لە ڕوونکردنەوەی دەروونی پێغەمبەران (دروودی خوایان لێبێت) بە گفتوگۆ لەگەڵ فیکری ڕۆژئاواییدا بە ڕەخنەگرتن نەک ڕەتکردنەوە، ئەمەیش لەگەڵ ڕوانگەی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیدا دەگونجێت، کە بریتییە لە گەڕان بە دوای حیکمەتدا لە هەر کوێیەک بێت، چونکە ونبووی کەسی مسوڵمانە، هەروەها تەماشاکردنی زانست و مەعریفە جۆراوجۆرەکان، کە بەرهەمی مرۆڤن لە چوارچێوەی

پێودانگ و تێڕوانینی قورئانی بۆ بوون، که ئەمەیش ڕوانینی گشتی و هەموەکییە.

ئەم کتێبەی پێشکەشی دەکەین لە چەمکێک، یان بیرۆکەیەکی گرنگ دەدوێت کە لە چوارچێوە ئیسلامییەکەدا کەم لە توێژەران لایان بە لایدا کردووەتەوە، ئەویش تێڕامانە، ئێمە دەزانین ئەم چەمکە چەند قووڵە لە دەروونی مرۆڤدا بۆئەوەی لە قۆناغی نادیاری و هێزەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی دەرکەوتن و کردار، تێڕامان لە چەمکی مالیک بەدریدا قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووە لە وردبوونەوە لە ڕەوتی ڕووداوەکان بۆ گەیاندنیان بە ئاکامەکان، بۆ تێپەڕاندنی پرسیارەکانی وەکو (چۆن و بۆچی و لەبەرچی و... هتد)، کە پرسیارگەلێکن پێویست بە هەڵکۆڵینی مەعریفیی زۆر دەکەن، ئەمەیش لەبەرئەوەی تێڕامان کیمیای زانست و شارەزایی و بەخششی خودایە، بەڵام دکتۆر مالیک لە چوارچێوە زانستییە دیارەکە دەرناچێت کاتێک گفتوگۆدەکات لە بارەی تیۆر و شیکردنەوە ڕۆژئاواییەکان لە بارەی ئەم دیاردەیەوە کە لێیدەدوا، بەڵکو لە بنچینەی بیرۆکەکە و پێکهاتن و درێژبوونەوە و ئەنجامەکانی دەکۆڵێتەوە بە ئاگاییەکی تەواوەوە بە گفتوگۆ لەگەڵ خاوەن_تیۆر و وەرگرەکانی لە ڕۆژئاواییەکان و پسپۆڕە مسوڵمانەکان، لەمەوە ڕێبازی دکتۆر مالیک بەدریمان لە شیکردنەوەدا بۆ ڕووندەبێتەوە، ئەو لە نێوان توێژینەوە و تێڕامان لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ژیانی پێغەمبەران و گفتوگۆ و سروشتی کەسییاندایە هەر بەو شێوەیەی قورئان باسیکردوون، ئەمەیش ڕێبازێکی سەرنجڕاکێشە پێویستە لە سەری بوەستین، کە هەوڵدەدات پارسەنگ بدات لە نێوان یاسا و ڕێسا عەقڵییەکان و هەست و تێڕامانەکان بە هەموو دەرکەوتە و بنچینەکانیانەوە، بۆئەوەی ببن بە بەشێک لە سەرچاوەی مەعریفیی مرۆڤ چونکە لایەنی شاراوەی مرۆڤ جیهانێکی تەواو و سەربەخۆیە، پێویستی بە توێژینەوەی فراوان هەیە لە سەر بنەمای

تێڕوانینی هەموەکی (الرؤية الكلية) ئیسلامی.

پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی هەوڵیداوە بەردەوامیی چالاکییە فیکری و زانستییەکانی و توێژینەوەکانی بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمی و زانستییەکاندا بێت، لەبەرئەوەی ئەم دامەزراوانە پەیوەندییەکی دیار و بەرچاویان لەگەڵ توێژینەوەی زانستیدا هەیە، هەر بۆیە پەیمانگا چالاکی و کۆنفرانس و دیدار و وۆرکشۆپی زۆری هەبووە لەگەڵ ژمارەیەک لە زانکۆ تورکییە دیارەکان، بە تایبەتی لە بواری شەریعە و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، ئەوەتا لەم کتێبەیشدا ئەڵقەیەکی دیکەی ئەم پەیوەندی و هاوکارییە زانستییە دەردەکەوێت لە ڕێگای چاپ و بڵاوکردنەوەیەوە، داواکارین لە خودای گەورە یارمەتیمانبدات لە جێبەجێکردنی ئەرکی شارستانیمان بۆ خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی.

ئەوەیشی گرنگە لێرەوە بیڵێین ئەوەیە کە ئەم کتێبە لە بەرچاو و بە سەرپەرشتیی خوالێخۆشبوو (دکتۆر بەدری) خۆیدا بەڕێوەچووە، چونکە لە نێوان ئەو و پەیمانگادا نامەگۆڕینەوە هەبوو، کە وایکرد کتێبەکە بەم شێوە زانستییە بگات، کە سوود بە فێرخوازانی زانست و ئەکادیمیان لە توێژینەوەکانیاندا بگەیەنێت، بەڵام قەدەری خودا وابوو کە هەواڵی وەفاتی دکتۆر مالیک ببیستین لەو کاتەدا کە کتێبەکە دەنێردرا بۆ چاپخانە، بۆیە ئەم ڕوونکردنەوەیەمان بە پێویست زانی. داواکارین خودای گەورە لێی خۆش بێت و ئەم کارەیشی بۆ بخاتە سەر تای تەرازووی چاکەکانی.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

دکتۆرهیشام تاڵیب

سەرۆکی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی

## پێشەکیی زانکۆی (ئەستەمبوڵ سەباحەدین زەعیم)

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على عبده ورسوله وصفيه محمد (صلى الله عليه وسلم) المبعوث بالرسالة الهادية والرتبة العالية وعلى آله الطيبين الميامين وبعد:

دەروونناسیی هاوچەرخ پێشکەوتنی گەورەی بە خۆوە بینیوە، لە قۆناغێکیشدا کاریگەریی قوتابخانەیەکی لە سەر بووە تا دواتر گرنگیی ئەو قوتابخانەیە کەمبووەتەوە و ڕووی لە یەکێکی نوێکردووە، کە پێیوابووە ئەوەی پێشوو پێویستییەکانی پڕناکاتەوە و هەموو ئەو جیهانە نادیار و چڕەی مرۆڤ ناگرێتەوە، هەر لەبەر ئەمەیشە دەروونناسان و توێژەران ڕوویان لە قوتابخانە جۆراوجۆرەکان کردووە، لەوانە قوتابخانەی هەڵسوکەوتخوازەکان کە ناودارترین دامەزرێنەرانی (واتسن و بافلۆف)ن، هەروەها قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی کە (فرۆید) ڕابەرایەتیدەکرد، هەروەها قوتابخانەکانی تری وەکو هاوپەیوەستی و مەبەستگەرایی.

هەر یەکێک لەم قوتابخانانە لە هەوڵی جێبەجێکردنی ڕێبازە ئەزموونییەکان و پێوەرە عەقڵییەکانیاندا بوون لە سەر دەروونی مرۆڤ، بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی بە پێی ڕێبازە جیاوازەکانیان لە شیکردنەوەی دەروون و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، بەڵام ئەم قوتابخانانە ئەگەرچی ڕا و ڕێبازیان جیاوازە، بەڵام هەموویان لەوەدا یەکدەگرنەوە کە تێڕوانینیان بۆ مرۆڤ کورتهەڵاتووە لە سەر لایەنە ماددییەکەی و

بەس، دوور لە چوونەناو جیهانی ڕۆح و پەیوەندییە باڵاکانی.

زۆرێک لە توێژەرە مسوڵمانەکان بەم قوتابخانانە سەرسامبوون، هەرچی چەمک و تیۆرەکانیان هەیە وەکو خۆی وەریانگرتووە، بە تەتەڵەکردن و بنەڕەتدۆزی و ڕەخنە و پێداچوونەوە، هەتا ئێستا زۆرێکیان پەیڕەویاندەکەن، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە کۆمەڵێک هەوڵی گرنگ دەرکەوتن بۆ تێگەیشتن لە دەروونی مرۆڤ بە دیدێکی جیاواز، کە لە سەر بنەمای قورئانی پیرۆز دامەزراوە و سوننەتی بەڕێزی کردووە بە چەتری خۆی، لەگەڵ پێداچوونەوەی ڕەخنەییانەی گشتگیر بە دەروونزانیی هاوچەرخدا، ئەمەیش سەرەتای دەرکەوتنی دەروونناسی بوو بە تێڕوانینی ئیسلامی لە سەر دەستی دەستەبژێرێک لە زانایانی دەروونناسی مسوڵمان، لە پێشەنگی ئەو زانایانەیش پرۆفیسۆر دکتۆر مالیک بەدرییە (ڕەزای خوای لێبێت) کە سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی جیهانیی زانایانی دەروونناسی مسوڵمانی دەکرد، هەروەها ئاڵاهەڵگری گەشەپێدانی دەروونناسی بوو لە میانەیەکی ئیسلامیدا لە زۆربەی زانکۆکانی جیهان، ئەمەیش وایکرد کۆمەڵێک خەڵاتی جیهانی پێببەخشرێت لەو بوارەدا، کە گەواهیدەری هەوڵە گەورەکانی بن، خوالێخۆشبوو سەردەمانێک بنەوبارگەی لە زانکۆی (ئەستەمبوڵ سەباحەدین زەعیم) خستبوو، کە بووبوو بە مەشخەڵێکی دروەوشاوە و شەرەفێکی گەورە بۆ زانکۆکە و سەرچاوەی زانست بۆ مامۆستاکانی پێش خوێندکارەکانی، دکتۆر مالیک لە ناو حەرەمی ئەم زانکۆیەدا تۆوی قوتابخانە تایبەتەکەی خۆی چاند و بیروبۆچوونەکانی بڵاوکردەوە، دۆعاخوازین بەروبومەکەی تا ڕۆژی دوایی بچنێتەوە.

مالیک بەدری ڕەخنەی لەوە دەگرت کە پێوەرە دەروونی و پەروەردەییەکانی بنیاتنراو لە سەر تێڕوانینی ماددی بۆ مرۆڤ کۆپی بکرێن و بە سەر هەمواندا جێبەجێ بکرێن، چونکە ئەو پێوەرانە ناشێن

بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنی سۆزداریی پێغەمبەران (درووودی خوایان لێبێت)، بەمەیش دەیویست تایبەتمەندی بە دەروونناسی لە چوارچێوەیەکی ئیسلامیدا بدات، بە شێوەیەک کە دەکرێت مسوڵمان سوود لەو ئەزموونە ماددیگەراییە وەربگرێت، بەڵام پێویستە ڕەگ و ڕیشە و ژینگەی ئیسلامی بۆ فەراهەمبکرێت وا بەکاربهێنێت کە لەگەڵ ڕوحی ئیسلام و جیهانی وەحیدا بگونجێت.

ئەو –خودا لێی خۆش بێت– وای دەبینێت کە پێویستە دەروونناسی بە پێی تێڕوانینی ئیسلامی بۆ مرۆڤ لێکۆڵینەوەبکات ئەویش بە پەیوەستکردنی هەردوو جیهانی ماددی و ڕۆحی، بەمەیش دەیەوێت پردێک لە نێوان توێژینەوە سایکۆلۆجییەکان دروستبکات، کە گرنگی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەدەن لەگەڵ جیهانی نەفس و پلەکانی لە گوتاری قورئانی و هزری ئیسلامیدا بۆ گەیشتن بە چیەتیی (ماهیەت)ی نەفس و پەیوەندی بە عەقڵی مرۆڤ و بونەوەرەوە، ئەمەیش بۆ دەستخستنی مەعریفەیەکی فراوانتر لە بارەی هەموو ئەو شتانەی کاریگەرییان لە سەر مرۆڤ دەبێت لە ناوەکی و دەرەکی و ماددی و مەعنەوی و ڕۆحی، ئەو (ڕەزای خوای لێبێت) تیشکی خستووەتەسەر کاریگەرییە باشەکانی ئایینداری و ئیمان و ئەزموونی ڕوحی لە سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ و دەروونددروستی.

ئەوەتا ئەمڕۆ بەروبومێکی ئەو هەوڵانەی مامۆستا پێدەگات بە ناونیشانی (لایەنە سۆزدارییەکان لە ژیانی پێغەمبەراندا، دەرخستن و تێڕامانی دەروونی)، کە بە داخەوە مەرگ نۆرەبڕی چاپکردنی لێکرد، ئەو –خودا لێی خۆش بێت– پێی خۆش بوو زاراوەی (سۆز) بۆ پێغەمبەران بەکاربهێنێت نەک (هەڵچوون)، چونکە واتای ئیجابی تێدایە، کە شایستەی پاکی و بەرزیی ئەو بژاردانەی خودایە.

یەکێک لە باسە گرنگەکانی نووسەر پرسی ئاوێتەکردنی مەعریفە و سۆزە بۆ ئیمانی تەواوەتی بە خودا و نزیکبوونەوە لێی، هەروەها چۆن ئەم ئاوێتەبوونە دەرکەوتووە لە جوانترین نموونەیدا لە پێغەمبەراندا (دروودی خوایان لێبێت)، کە ئەوان باشترینی مرۆڤایەتی بوون، ئەمەیش لە گرنگیی وردەکاریی خودای گەورە بووە لە پێکهاتەی ئەم پێغەمبەرانەدا، چونکە تێکەڵەیەک بوون لە ژینگە و ڕەچەڵەک لەگەڵ کارتێکەرە ماددی و مەعنەوی و ڕۆحییەکان، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی بەهێزکردنی سۆزی ئیمانی لە لای پێغەمبەران، کە ئەوان کۆکەرەوەی مرۆڤبوون و پارێزراویی خودایی و نووری ئیمان بوون بۆ هەستان بە ئەرکەکانیان و گەیاندنی پەیامەکانیان لە خودای حەقەوە بە جوانترین شێوە.

بۆیە جێی خۆیەتی بڵێین: ئەم کتێبە بەشدارییەکی بەپێزە لە ناو کتێبخانەی ئیسلامیدا و خشتێکی سەرەکییە لە تەلاری دەروونزانیی ئیسلامیدا و سەرچاوەیەکە توێژەران و خوێندکاران لەم بوارە گرنگەدا ناتوانن خۆیانی لێببوێرن.

لە کۆتاییدا ڕوودەکەمە خودای بەرز و بێهاوتا، کە پاداشتی خێر و نەبڕاوەی مامۆستامان مالیک بەدری بداتەوە لە سەر ئەم هەوڵە گەورەیەی و جێدەستی دیاری لە پەروەردە و دەروونزانیی ئیسلامیدا و بیکاتە مایەی خێری نەبڕاوەی قیامەتی و ئەوانەی دەیخوێننەوە و دوای ئەو دێن سوودی لێوەربگرن.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

پ. د. محەمەد بولۆت

سەرۆکی زانکۆی ئەستەمبوڵ (سەباحەدین زەعیم)

# ڕێخۆشکردن

گرنگیدانم بە بنەڕەتدۆزی (التأصیل) بۆ دەروونناسی دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، یەکەم موحازەرەی گشتییشم لەو بوارەدا ساڵی ١٩٦٣ بوو کاتێک سەرۆکی بەشی دەروونناسی بووم لە زانکۆی ئوردوونی، موحازەرەکە لەلایەن ئامادەبوانەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا، تەنانەت ئەوانەشی کە پسپۆری دەروونناسی و زانستە مرۆڤایەتییەکان نەبوون، بەڵام هاوڕێ مامۆستاکانم ڕەخنەی توندیان لێگرتم لەبەرئەوەی پێیانوابوو دەروونناسی زانستێکی پەتییە و ناچێتە ژێر ڕکێفی فەلسەفە و ئایینەوە.

بیرمە یەکێکیان بە سووکایەتییەوە پێیگوتم: (دەتەوێت بمانگێڕیتەوە بۆ دواوە؟ باشە دەکرێت بڵێی فیزیای مسوڵمان و کیمیای کافر؟ ئەی کەواتە چۆن دەکرێت باسی فرۆید و قوتابخانە شیکارییەکەی بکەیت لە تێڕوانینی ئیسلامییەوە؟) سەرەڕای دووبارەبوونەوەی هەمان دیمەن و قسە جارێکی تر لە زانکۆی ڕیاز لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا دوای پێشکەشکردنی موحازەرەیەک، بەڵام سووربوون و هۆگریم بۆ بنەڕەتدۆزیی ئیسلامی بۆ دەروونناسی هیچ کەمینەکرد، بە تایبەتی دوای پەیوەندیکردنم بە زانکۆی ئیسلامیی جیهانی لە مالیزیا، کە بنەڕەتدۆزی بۆ هەموو زانستە پەتییەکان کردبوو بە ڕێباز و مەنهەجی خوێندن.

من هەمیشە خوێندکارەکانم لە سەر ئەوە ڕادەهێنا کە جیاوازی لە نێوان تێزی دەروونزانیی ڕۆژئاواییدا بکەن، کە تێکەڵەیەکە لە ئەنجام و بەرهەمی زانستی ئەزموونی و مەعریفەی مرۆڤایەتی دروست لەگەڵ بیروبۆچوونی دامەزرێنەرانی قوتابخانەکان، کە تەنها ڕوانگەیەکی

عەلمانی و باوەڕێکی لادەر و نەگونجاوە لەگەڵ سروشت و ژیانی مرۆڤدا، چونکە ئەوان لە تێڕوانینی شارستانیی ماددییەوە دەڕوانن، یان هەندێک جار تەنها تێڕوانینی کەسیی خۆیانە و هیچ پاڵپشتییەکی زانستی نییە، بەردەوام باسی گرنگیی هزری دەروونزانیی ئیسلامیم بۆ دەکردن و نموونەی ژیانی پێغەمبەری پێشەوا (دروودی خوای لێبێت) و ڕەفتارەکانیم بۆ دەهێنانەوە، هەروەها باسی ژیانی هاوەڵە بەڕێزەکانی کە لە کتێبی زانایانی پێشووەوە پێمانگەیشتووە، ئەمەیشم هەموو کورتکردەوە لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (تێفکرین خوێندنەوەیەکی دەروونڕۆحیی ئیسلامییە) کە لە قاهیرە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا چاپکرا[1].

ئەمە بەردەوام بوو تا سەدەی ڕابردوو کۆتاییهات، حەزێکی زۆرم بۆ دروستبوو، کە کتێبێک بنووسم لە بارەی ڕەوشتی خۆشەویستمان (دروودی خوای لێبێت) لە تێڕوانینێکی دەروونیی ئیسلامییەوە، تێیدا جەختبکەمەوە لە سەر لایەنی سۆزداری لە ژیانیدا و ئەو پەند و وانە دەروونی و ڕۆحییانەی لێوەی وەردەگیرێن.

ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشم بۆ دانا: (سۆز و هۆگری لە ژیانی سەرداری پێغەمبەراندا)، کاتێک گرنگترین سەرچاوەکانم کۆکردەوە لە بارەی ژیانی پێغەمبەرەوە و دەستمکرد بە نووسین و چەند باسێکم لێنووسی لە بارەی چیەتیی سۆز و هەڵچوون و چوومەناو کرۆکی بابەتەکەوە، بینیم کەوا پێویستە بیروبۆچوون و تێڕامانەکانم لە سۆزی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بەهێزبکەم بەوەی کە لە بارەی پێغەمبەرانی ترەوە (دروودی خوایان لێبێت) هاتووە و گوتراوە، بە تایبەتی ئەوانەیان کە چیرۆکەکانیان بە وردی لە قورئاندا گێڕدراوەتەوە

---

١. سەنتەری زەهاوی وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی و چاپ و بڵاویکردووەتەوە.

وەکو موسا و یوسف (دروودی خوای لێبێت).

بۆیە بڕیارمدا کە کتێبەکە گشتگیرتر بێت و ژیانی سۆزداریی هەموو پێغەمبەران بگرێتەوە بە شێوەیەکی گشت، بۆئەوەی ببێت بە بەرگی یەکەم، دواتر بەرگی دووەمی تایبەت بێت بە ژیانی سۆزداریی محەمەد پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت). لەبەرئەوەی ئەم کتێبەم بۆ ئەوە نووسیوە ببێتە سەرچاوە و خوێندکارەکانم سوودی لێوەرگرن بۆیە هەوڵمداوە بە شێوازێکی ئاسان بینووسم وەکو دەرسەکانم و دووربکەومەوە لە شێوازی توێژینەوەی ئەکادیمیی وشک و چڕ، بۆیە ڕێگەم بە خۆم داوە کە هەست و تێڕامانی خۆم دەببڕم، ئەمەیشم هەر لە سەرەتاوە بەیانکردووە لە ناونیشانی کتێبەکەوە، بە هیوای ئەوەی ناوەرۆکەکەی بۆ خوێنەری ئاسایی و دەروەی پسپۆڕی دەروونزانییش گونجاو بێت، هەروەها هەوڵمداوە لە باسکردنی ژیاننامەی پێغەمبەراندا هەندێک شت ڕوونبکەمەوە کە بە خەیاڵمدا هاتووە لە حیکمەت و دانایی خودا لە دروستکردنیاندا لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و ڕۆحییەوە هەر لە منداڵییانەوە تا ئامادەبن بۆ داهاتوو، کە بتوانن تاقیکردنەوەی پێغەمبەرایەتی تێبپەڕێنن.

ماوەتەوە لەم ڕێخۆشکردنەدا بڵێم: سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی هەموو ئەوانە دەکەم، کە یارمەتیدەر بوون بۆ سەرپێخستنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەوانە دکتۆر زولەیخا قەمەرەدین سەرۆکی پێشووی زانکۆی ئیسلامیی جیهانی لە مالیزیا، هەروەها ئەنجومەنی زانکۆ کە منیان هەڵبژارد سەرپەرشتیی کورسی ئیبن خەلدون بکەم بۆ توێژینەوەی زانستی، ئەم کارە یارمەتیدام خۆم تەرخانبکەم بۆ نووسینی چەند توێژینەوەیەک، کە گرنگیی زۆریان هەبوو بۆ نووسینی باسەکانی سەرەتای ئەم کتێبە و تێڕوانینی دەروونزانیی ڕۆژئاوایی بۆ هەڵچوون.

هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ پ. د. محەمەد بوڵوت سەرۆکی زانکۆی ئەستەمبوڵ سەباحەدین زەعیم، کە سەردانیکردم لە نووسینگەکەم لە زانکۆی ئیسلامی لە مالیزیا، ئەو کاتە بوو کە خەریک بووم کەلوپەل و کتێبەکانم کۆدەکردەوە کە بگەڕێمەوە بۆ سوودان دوای تەواوبوونی کارەکانم لە زانکۆی ئیسلامی، سوپاسیدەکەم کە داوەتیکردم بچمە زانکۆ بەڕێزەکەی و بەڵێنیدا هەندێک بارم سووکبکات تا ئەم کتێبەی بەردەستتان تەواوبکەم، سوپاس کە بڕیاریدا چاپ و وەرگێڕانەکەی بۆ ئینگلیزی و تورکی لەئەستۆبگرێت. هەروەها سوپاسی پ. د. حەسەن کامیل یەڵماز دەکەم ڕاگری کۆلیجی خوێندنی ئیسلامی لە زانکۆی سەباحەدین زەعیم.

جێگای خۆیەتی لێرەوە زۆر سوپاسی هاوڕێی ئازیزم پ. د. سلێمان دەرین مامۆستای تەسەوف لە زانکۆی مەڕمەڕە کە داوای لێکردم چەند ئەڵقەیەکی ڤیدیۆیی تۆماربکەم لە سەر کتێبەکەم و ئەو ئەرکی وەرگێڕانەکەی بۆ زمانی تورکی لەئەستۆبگرێت و لە ئینتەرنێت بڵاوبکرێتەوە، ئەمە وایکرد کە بیروهۆشم ڕێکبخەم و زمانی نووسینی کتێبەکە ئاسانتربکەم دەوڵەمەندیبکەم بە نموونەهێنانەوە.

بەڵام هاوڕێی ئازیزم د. خالید دەغیم کارەکەی زۆر جێگای دەستخۆشییە، کە پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کرد و هەمیشە ئامۆژگارییەکانی و هاندانی کاریگەریی قووڵیان لە دەروونمدا دروستدەکرد، ئەمەیش زیادەڕۆیی نییە، چونکە سەرەڕای پسپۆڕی لە زمان و ڕەوانبێژیی عەرەبی پسپۆڕیش بوو لە پەروەردەی ئیسلامی و بنەماکانی پەروەردەی ئایینی، کە وایکردبوو لە بواری دەروونزانیی ئیسلامیدا وانەبڵێتەوە، بۆیە ڕێنماییەکانی بۆ من لەم ڕەهەندانەوە بوو. هەروەها سوپاسی یاریدەدەرەکەم لە بەشی دەروونناسی (عیسا شاکر) دەکەم، کە لە بریی من زۆرێک لە کاروبارە کارگێڕیەکانمی دەکرد،

کە بە دڵنیاییەوە کاتێکی زۆری منی دەبرد. لە کۆتاییدا دەستخۆشیی زۆرم بۆ پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی کە بە شێوەیەکی گشتی بەشداریی گەورەیان لە ڕووی زانستی و مەنهەجییەوە لەم کتێبەدا هەیە بە گفتوگۆی مەعریفی و دەوڵەمەندکردنی بە بیر و هزر کە هەر ئەوەیان لێچاوەڕواندەکرێت و خۆشیان لەو بوارەدا کاردەکەن. عوزرخواییشدەکەم لەوانەی یارمەتییانداوم و نەمتوانیوە لێرەدا ناویانبهێنم خودای گەورە پاداشتیانبداتەوە.

ولله الأمر من قبل ومن بعد وصلى الله على سيدنا محمد

**مالیک بەدری**

**ئەستەمبوڵ حوزەیرانی ٢٠٢٠**

# سەرەتـا

ئەگەرچی زاراوەی (هەڵچوون) ئێستا کۆدەنگیی دەروونناسانی لە سەرە لە بەرانبەر وشەی (Emotion)ی ئینگلیزیدا، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو وشەی (سۆز) بەکاربهێنین کاتێک لە بارەی پێغەمبەرانەوە دەدوێین، ئەمەیش لەبەر سێ هۆکار: یەکەمیان ئەوەیە کە وشەی (هەڵچوون) ڕەهەندێکی نەرێنی وەرگرتووە بە هۆی گرنگیدانی دەروونناسیی هاوچەرخەوە بە لایەنەکانی نەخۆشیی مرۆڤ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وشەکە لە ناو خەڵکیدا بووتە نیشانە و هاوواتای توڕەبوون و هەڵچوونێکی توند، کاتێک دەڵێیت (فڵانەکەس هەڵچووە)، خەڵکی وا تێدەگەن کە لە حاڵەتی توڕەبوون و تێکچوونی دەروونیدایە و گوێ لە ئامۆژگاری و دەنگی عەقڵ ناگرێت، کەس وا تێناگات کە مەبەست لەم دەربڕینە هەڵچوونی خۆشەویستی و ڕەحمەت و بەزەییە، یان هەر وەڵامێکی دەروونیی باش کە سۆز دەجووڵێنێت، لەبەرئەوە پێمانوابوو ئەم زاراوەیە ئەگەرچی پەسەندێتیی دەروونناسانی وەرگرتووە، ناکرێت بۆ وەسفکردنی سۆزی پێغەمبەران بە گشتی و گەورەی ناویان محەمەد (دروودی خوای لێبێت) بەکاربهێنرێت.

هۆکاری دووەمیش ئەوەیە زاراوەی (انفعال) لە زمانی عەرەبیدا زۆر ورد و تایبەت نییە بە تەنها ئەو حاڵەتەوە بەڵکو گشتییە، هەر یەکێک لە هەستەکانی ترس و دڵەڕاوکێ و توڕەیی و ئاسودەیی و هەستەکانی تر کۆمەڵێک گۆڕانکاریی جەستەیی و هۆرمۆنی و دەماریی جیاواز لە مرۆڤدا دروستدەکەن، هەڵچوونیش حاڵەتێکی تێکەڵە لە چەند هەستێک کە چەند گۆڕانکارییەکی جەستەیی بە سەر مرۆڤدا دەهێنێت لە ئەنجامی

وەلامدانەوەی وروژێنەرێکی دەرەکی، جا هەیانە هەڵچوونی ئەرێنی و هەیشیانە نەرێنییە، بنەڕەتی وشەی (انفعال)یش کرداری (فَعَلَ)یە ئەویش وەکو ئیبن مەنزور دەڵێت لە (لسان العرب)دا درکە (کنایة)یە بۆ هەموو کارێکی تێپەڕ و تێنەپەڕ، مەرج نییە کارەکە پەیوەندی بە لایەنی سۆزدارییەوە هەبێت، هەر وەکو لە قورئاندا هاتووە لە باسی ئیبراهیم و بنەماڵەکەیدا (دروودی خوای لێبێت): (وَأَوْحَينَا إِلَيهِم فِعْلَ الخَيرَاتِ). واتە: (نیگامان بۆ کردن بۆ ئەنجامدانی کار و کردەوە چاکەکان) [الأنبياء: ٧٣]. هەروەها لە وەسفی بڕواداراندا خودای گەورە دەفەرموێت: [وَالَّذِينَ هَمْ لِلزَّكوةِ فَاعِلُونَ واتە: هەروەها ئەوانەیشی زەکاتی ماڵیان دەردەکەن) [المؤمنون: ٤]. یان لە سەر زمانی فیرعەون بەرانبەر موسادا هاتووە (وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ). واتە: (ئەوەیشت کرد کە کردت) [الشعراء: ١٩].

هەرچی هۆکاری سێیەمە ئەوا ئەوەیە کە کۆمەڵێک واتای جیاوازمان دۆزیوەتەوە بۆ وشەی (العاطفة سۆز) کە وا دەکەن بەرانبەرێکی گونجاو بێت بۆ هەڵچوون لای دەروونناسان، ئەگەرچی ئەم وشەیە گۆڕانکاریی زۆری لە واتادا بەسەرداهاتووە و ئێستا زۆرتر بۆ ڕەحمەت و بەزەیی بەکاردێت، بەڵام ڕاستەخۆ پەیوەندی بە لایەنی ئەرێنیی دەروونی مرۆڤەوە هەیە و ئاوایش لە ناو خەڵکیدا چەسپاوە.

لە ڕاستییشدا هەڵچوون لە تێگەیشتنی دەروونزانیی هاوچەرخدا خواربوونەوە (التواء) و لادانە بە شێوەیەکی گشتی لە هەڵسوکەوتی دەروونی و جەستەیی و کرداریی مرۆڤدا، یەکەم لە ڕووی دەروونییەوە لادانە بەرەو توڕەیی و خەفەت و ترس و دڵەڕاوکێ، دووەم لە ڕووی جەستەییەوە گۆڕانی شێوەی دەموچاو و ئاوسانی دەمارەکانە، سێیەم لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە لادانە بەرەو هاوارکردن و قسەپێگوتن و لێدان، یان ڕاکردن لە کاتی ترسدا، یان گریان لە کاتی خەفەت و ناڕەحەتیدا، بۆیە ئێمە لەم کتێبەدا زاراوەی (سۆز – العاطفة) بەکاردەهێنین بۆ (Emotion)

کاتێک باسی سۆزی پێغەمبەران (دروودی خوایان لێبێت) دەکەین، بەڵام هەر کاتێک لە میانەی دەروونزانیی نوێ لە سۆز دواین، ئەوا زاراوەی هەڵچوون بەکاردەهێنین، یان کاتێک دەمانەوێت قسە بۆ دەروونناسان بکەین، هەروەها دوو وشەی دیکە هەن کە نزیکن لە چەمکی (سۆز)ەوە ئەوانیش (ویژدان – وجدان) و (تاسە – حنین)ن، بەڵام ئەم دوو زاراوەیە تایبەتن بە هەندێک لایەنی دیاریکراوی سۆزەوە، بۆ نموونە وشەی ویژدان زیاتر بۆ توڕەیی و خەم و خۆشەویستی بەکاردێت، هەرچی بیرکردنە ئەوا چەند واتایەک لەخۆدەگرێت کە لە دەوری ڕەحمەت و دڵناسکی و بەتاسەوەبوون و گریانی زۆر و هۆگری دەسوڕێنەوە، ئەمانەیش هەموویان لایەنی ناسک و ئەرێنیی سۆز و هەڵچوونەکانن، بۆ نموونە لە لایەنی ڕەحمەتەوە دەبینین (الحنان) یەکێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خودای گەورە، چونکە ئەو بەزەیی هەیە بۆ بەندەکانی هەر خۆی لە قورئاندا دەفەرموێت (وَحَنَاناً مِنْ لَدُنَّا وَزَكَاةً وَكَانَ تَقِيًّا). واتە: (یەحیا دڵ و دەروونێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و پاکوخاوێنی هەبوو، کە لەلایەن خۆمانەوە پێمانبەخشیبوو و ئەو زۆر خواناس و پارێزگار بوو) [مریم ١٣].

زۆر جار بیرکردن هەندێک دەنگی لەگەڵدا دەبێت کە گوزارشتە لە لە هۆگریی کەسی موشتاق و خاوەن_بەزەیی و دڵناسک، ئەگەر سەیری هۆگری و بیرکردنی ئافرەت بۆ منداڵەکەی، یان حوشتر بۆ بێچووەکەی بکەین دەبینین بە دەنگێک لاواندنەوە دەکەن کە دڵ دەکات بە ئاو، بۆیە بە حوشتر گوتراوە (الحانّة)، گوتراویشە لاواندنەوە لە دەنگی حوشترەوە وەرگیراوە بۆ بێچووەکەی، ئەوەیشمان بیستووە کە کۆتەرەدارەکە نرکەنرک و لاواندنەوەی بۆ پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) کردووە، دوای ئەوەی میمبەری بۆ دروستکراوە کە پێشتر لە سەر ئەو کۆتەرەیە وتاری خوێندووەتەوە بە شێوەیەک کە هاوەڵان نرکە و لاواندنەوەکەیان بیستووە، دواتر تا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە

میمبەرەکەی دانەبەزیوە و لە باوەشی نەگرتووە بێدەنگنەبووە، دوای ئەو ڕووداوە یەک پارچە مزگەوتەکە بووە بە گریان و ناڵەی هاوەڵانی بەڕێز، کەواتە بیرکردن و لاواندنەوە سۆزێکی خوداییە و تایبەتە بە بەزەییان و خاوەن_دڵە ناسکەکان، هیچ تێگەیشتنێکی دیکەی گشتی نییە تا لە شوێنی (هەڵچوونەکان) دابنرێت لە دەروونناسیی نوێدا، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە زاراوەی (سۆز) بەکاردەهێنین، کە هەموو جۆرەکانی هەڵچوون لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.

# شێوازی کتێبەکە

## لە نێوان پرەنسیپەکانی نووسینی توێژینەوەی ئەکادیمی/زانستی و تێڕامانی سۆزداریدا

دوایی ڕوونکردنەوەی هۆکاری هەڵبژاردنی زاراوەی سۆز پێمخۆشە لە سەرەتاوە ئەوە بە خوێنەری خۆشەویست بڵێم، کە لەم کتێبەمدا شێوازێکی جیاوازم گرتووتەبەر لە پەیوەستبوون بە پرەنسیپەکانی نووسینی ئەکادیمی تەنانەت لە نووسینم لە بارەی (بنەڕەتدۆزیی ئیسلامی بۆ دەروونناسی)، کە گوتم پێشتر بابەتی ئەم کتێبەم بووە، جیاوازییەکەیش ئەوەیە بەشێکی زۆری قسەکردن لە سەر بیروبۆچوونەکان هەڵقوڵاوی قووڵایی خودی خۆم و ئەزموونی کەسیمە و هەناسەی تێڕامانمە لە دەق و ڕووداوەکان، ئەمەیش لەبەرئەوەی سروشتی بابەتەکە ئەو هێڵە مەنهەجییەی بۆ دیاریکردووم لە توێژینەوەی بیروبۆچوون و ڕووداوەکان، هەر بەم هۆیەیشەوە بوو دەستەواژەی (تێڕامانی دەروونی)م بۆ ناونیشانی کتێبەکە زیادکرد وەکو هەوڵێک بۆ پارسەنگیی نێوان (خودی و بابەتی) و زانست و دانایی و ڕێسا و تێڕامان.

بەم شێوە توێژینەوەیەیش هەوڵمداوە کە هەندێک چەمک ڕاستبکەمەوە لە پەیوەندیی دەروونناسی بەم پسپۆڕییە ئیسلامییانەوە کە باسی بابەتە بنەڕەتییەکانی ئایین و عەقیدە و ژیانی پێغەمبەران دەکەن، هەر وەکو ئەوەی هەوڵمداوە دانایی خودای گەورە ڕوونبکەمەوە لە هەڵبژاردنی پێغەمبەرانیدا، ئەویش بە هەڵبژاردنی ژینگەیەکی لەبار و ڕەچەڵەکی گونجاو بۆ پەروەردەکردنیان تا بە ئەرکی سەرشانیان هەستن، کە هێندەی کێوەکان قورسبووە، دەروونناسیی هاوچەرخیش یارمەتیدەرێکی

باشە بۆ کەشفکردنی حیکمەتی خودایی لەو هەڵبژاردنەدا، بۆیە هیوادارم ئەم کتێبە بۆ خوێندکارانی دەروونناسی سوودبەخش بێت.

لەبەرئەوەی ئەم باسە پەیوەستە بە تێڕامان لە سۆزی پێغەمبەران لە تێڕوانینی ئیسلامییەوە بۆیە نە باسی حوکمەکانی ئایین دەکات نە باسی بابەتی فیقهی، بەڵکو دەچێتە خانەی خووڕەوشت و کردەوەی چاکە، بۆیە لە پاڵ نموونەهێنانەوە بە فەرموودەی سەحیح نموونەی فەرموودەی لاوازیشی تێدایە، لە ئیمامی ئەحمەدەوە گێڕدراوەتەوە کاتێک ڕەخنەیان لێگرتووە لە سەر پشتبەستن بە فەرموودەی لاواز گوتوویەتی: (کاتێک لە بارەی حەڵاڵ و حەرامەوە ڕیوایەتمان لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێبێت) کردبێت زۆر توندبووین لە سەر سەنەدەکان، بەڵام کاتێک لە بارەی کردەوەی چاک و خووڕەوەشتەوە لێمانگێڕابێتەوە ئەوا هەندێک شلگریمان لە سەنەددا کردووە)[١]. خۆی لە ڕاستییشدا ئەوەی ناونراوە فەرموودەی لاواز ئەوە نییە هیچ بنچینەیەکی ڕاستی نەبێت، یان هەڵبەستراو بێت، بەڵکو تەنها ئەوەیە مەرجە قورس و وردەکانی فەرموودەی سەحیح تێدا نییە کە زانایان دایاننناون.

---

١. سەیری ئەم کتێبە بکە: الخطیب البغدادي، أبوبکر أحمد بن علي بن ثابت (توفي ٤٦٣هـ). الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع. تحقیق الدکتور محمد عجاج الخطیب، بیروت: مؤسسة الرسالة، ط١، ١٩٨٩م، ج٢، ص١٢٢، رقم البقرة ١٣٠١. (ئەم قسەیە بە ناوی ئیمامی ئەحمەد و کەسانی تریشەوە گێڕدراوەتەوە وەکو عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدی و کوڕی موبارەک لێرەدا خەتیبی بەغدادی بە ناوی عەبدولڕەحمانی کوڕی مەهدییەوە هێناویەتی).

# بەشی یەکەم

## ئایا دەروونناسیی نوێ بۆ شیکردنەوەی ڕەوشتی پێغەمبەران گونجاوە؟

هەندێک لە زانایانی دەروونناسیی ڕۆژئاوای سەدەی بیست و یەکیان ناوناوە سەدەی دەروونناسی، چونکە کاریگەریی زۆری هەبووە لە سەر داڕشتنی چەمکە عەلمانییەکانی ڕۆژئاوا و تێڕوانینیان بۆ خودی خۆیان و ژینگە و داهاتووی ژیانیان، هەندێکی دیکەیان دەڵێن: دەروونناسی بووە بە ئایینێکی نوێ بۆ ئەورووپییە ڕۆژئاواییەکان و جێگەی کەنیسەی گرتووەتەوە، زاناکانیشی بوون بە کاهین و پیاوانی ئایینی لە پەرستگا عەلمانییەکاندا و بوونەتە هۆی خودپەرستی[1]. ئەمەیش لەبەرئەوەی دەروونناسی وەکو سەرجەم زانستەکانی تر لە ڕۆژئاوا تێڕوانینی ماددیی عەلمانی بۆ مرۆڤ پەیڕەوکردووە، تەنانەت پێشتر و ئێستایش بەهێزترین زانست بووە بۆ قەناعەتپێکردنیان بۆ قەبووڵکردنی ئەم تێڕوانینە، بە شێوەیەک بوو بە عەقیدە و بیروباوەڕ و ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە، کە کەنیسە پاشەکشەی لێکردبوو و بووبووە هۆی وازهێنان

1. Vitz, P. (1977) Psychology as a religion: The cult of self worship. London: William Eerdmans Publishing).(بول فيتز: علم النفس بوصفه دينا.

لە پەیڕەوکردنی ئایین.

ئیدی دەروونناسی بە هۆی پسپۆڕییەکەی لە شیکردنەوەی ڕەوشتی مرۆڤ و هەڵسوکەوتی بیری عەلمانی تەیارکرد بە هەموو پاساوەکانی بێدینی، لەبەرئەوە مرۆڤناسیی عەلمانی لە دوای ئەوەوە هیچ کۆسپێکی لە بەردەم نەما، بۆئەوەی تاکەکەس بکاتە پاشای خودی خۆی و هەموو دەسەڵاتە ئەخڵقی و یاساییەکانی پێببەخشێت کە پێشتر هیی کەنیسە بوو، بەمەیش (تاک/خود) ئایینی پشتگوێخست و زۆر شتی بۆ خۆی حەڵاڵکرد، کە تەنانەت دژی فیترەتی بوون، ئێستا دەپرسین: ئایا پسپۆڕییەک بەو شێوەیە دەشێت بۆ لێکدانەوەی ڕەوشت و ئاکاری پێغەمبەران؟ دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بە نەخێر، یان بە بەڵێ بدرێتەوە بە پێی ئەو لقەی دەروونناسی کە پرسیارکەر، یان پرسیارلێکراو هەڵیدەبژێرێت.

## گرنگترین ئەو تیۆرانەی دەروونناسی و پەیڕەوکردنیان، کە دەشێن یان ئەوانەی کە پێویستیان بە لەبێژنگدان و هەڵاواردن هەیە پێش ئەوەی سوودیان لێوەربگرێت بۆ لێکدانەوەی سۆزی پێغەمبەران

زانستی دەروونناسیی ڕۆژئاوایی پسپۆڕییەکی ناوازەیە، جیاوازە لە هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکانی دیکە، تەنانەت ئەوانەیشی کە زۆر دیاریکراون وەکو مێژوو، ئەم زانستە تێکەڵەیەکی عەلمانیی تایبەتە لە هەندێک لایەن کە زانستی ئەزموونیی نوێ پشتڕاستیدەکاتەوە لەگەڵ بیروبۆچوون و ڕای جیاواز، کە زۆربەیان پشت بە بەڵگەیەکی زانستی نابەستن، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەندێک ڕاوبۆچوون زیادەڕۆیی و ناڕاستی شاز و ماددییانەی زۆری تێدایە کە ئەمانە زۆرینەی هەرە زۆری ناوەرۆکی ئەم پسپۆڕییە پێکدەهێنن، بۆیە تیۆرەکانی زانستی دەروونناسی و توێژینەوەکان، کە زۆرینەی لاپەڕەکانی کتێبەکانیان پڕکردووەتەوە، بەرهەمی ڕاوبۆچوون و لێکدانەوەی زانایانی بوارەکەن بە قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە.

ئەم زانایانە ئەگەرچی بانگەشەی زانستیبوون دەکەن، بەڵام هیچیان نەچوونەتە تاقیگەی ئەزموونی و مەیدانی و ئەزموون و شیکردنەوەی زانستی بکەن و ئەنجام و دۆزینەوەی تایبەتی بەدەستبهێنن سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ، بەڵکو هەرچی دەیڵێن یان بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیانە، یان کاریگەریی شارستانیەتی و ژیانی تایبەتی خۆیانە، یان ئەنجامی پەروەردەی باوانییانە بۆیان، یان جاری وایە بەرهەمی کێشەیەکی دەروونیی خۆیانە، بەڵام ئەم تێڕوانینانە بۆ سروشتی مرۆڤ کە زۆر دوورن لە لۆجیکی دروست و ڕەوشتی بەرزەوە بوون بە سەرچاوەی سەرەکی زۆر توێژینەوە و لایەنگرانی هەر قوتابخانە و ئاڕاستەیەک هەوڵیانداوە قسە و بیروبۆچوونی ڕابەرەکەیان بسەلمێنن،

بەمەیش هەر یەکێک لەم بیروبۆچوونانە بووە بە بنچنە و بونیاتی تیۆری و پڕاکتیتکیی دەروونی لە سەر کراوە، لەبەرئەوە هەر لادانێک لە سروشتی مرۆڤبوون دەبێتە کێشە بۆ ئەو بونیاتە دەروونییەی لە سەری بیناکراوە، بەمەیش تیۆر و پیادەکردنی ئەمانە بووە بە زانستێکی درۆینە، ئەگەرچی لایەنگرانی زۆر پێداگریبکەن کە زانستێکی ئەزموونیی ڕاستە.

دوای ئەوەی زانستی دەروونناسی سەدەیەکی تەمەنی تێپەڕاند، کۆمەڵەی زانایانی دەروونناسیی ئەمریکی یەکێک لە گەورەترین دەروونناسان و بیرمەندانی ئەمریکای ڕاسپارد، کە ئەم پسپۆڕییە هەڵبسەنگێنن لە ڕووی پێگەی زانستی و بەرهەمی فیکرییەوە، ئەویش پڕۆفیسۆر (سیگمۆند کوخ Sigmund Koch)[1] بوو لە زانکۆی بۆستن، ئەم زانایە بەوە ناسرابوو کە دەروونناسە و شارەزای فەلسەفە و بیری ڕەخنەگرانەیە، ئەویش کارەکەی جێبەجێکرد و ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی نووسی، زۆر پێمخۆشە پوختە ئەم ڕاپۆرتە بە کورتی و گوشراوی وەربگێڕم، ئەو دەڵێت: «سەرەڕای ئەوەی سەد ساڵی تەواو تێدەپەڕێت بە سەر یەکخستنی تواناکان بۆ دامەزراندنی ئەم زانستە، بەڵام تەنها کەمینەیەکی کەم لە ڕاستی و بیری داهێنەرانە دەبینین تێیدا، چونکە ئەم پسپۆڕییە گیرۆدەی چەندین زانیارییە کە بە حساب زانستین، بەڵام لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک زانستی نین، بەڵکو زانیاریی ساختەن Pseudo Knowledge»[2]. ئەم زانیارییە ساختانە کە زاڵبوون بە سەر زانستی دەروونناسیدا کاریگەریی گەورەیان لە سەر خەڵکی هەیە، زانستی دەروونناسی پڕیەتی لە تێڕوانینی کرچوکاڵ لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە، کە تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زۆریان بۆ داڕێژراوە تا

---

1. och, Sigmund in Brown, S.C. ed. (1979) Philosophy of psychology. millan Press Ltd) (فلسفة علم النفس) London: The Mac

٢. هەمان سەرچاوە.

بیانسەلمێنن، بۆ نموونە ئەگەر تیۆرداڕێژەرێک پێیوابێت کە مرۆڤ سیسرکە، یان مشکە، یان سەگە ئەوە بێگومان وادەکات تیۆر و ڕێبازێک دابڕێژرێت کە لەگەڵ ئەم بۆچوونە سەیرەدا یەکبگرێتەوە، هەر بەو شێوەیەیش کاتێک پێشەنگانی قوتابخانە جیاوازەکان بڕوایان بەوە بێت کە مرۆڤ تەنها گۆڕەری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانە (وەکو لایەنگری تێڕوانینی بایۆلۆجی پێانوایە)، یان تینووی پیاهەڵدان و پاداشتکردنە، یان تەنها هێڵ و نیشانەیەکە لە نێوان وروژێنەر و وەڵامدەرەوەیەکدا (وەکو هەڵسوکەوتخوازەکان دەڵێن)، یان کۆمپیوتەرە (بە پێی پەیڕەوانی تیۆری مەعریفی)، یان بریتییە لە یەک پارچە لە توانای سێکسی (بە پێی لایەنگرانی دەروونشیکاری)، ئەوا ئەمانە ڕێخۆشدەکەن بۆ تیۆری ساختە و نادروست و پڕاکتیکی ناڕاست.

ئەم بروبۆچوون و قوتابخانە فیکرییانە و تیۆر و پراکتیکییان کە پڕن لە زانستی ساختە زۆرن، بەڵام ئێمە لەم پێشەکییەدا تەنها باسی سیانیان دەکەین کە زۆرترین کاریگەرییان لە سەر داڕشتنی دەروونناسی هەبووە، هەروەها پشکی شێریان هەیە لە وانەکانی زانکۆی وڵاتانی عەرەبی و ئاسیاییدا، هەوڵیشدەدەین قسەکانمان ڕوون و ئاسانبکەین بۆ ئەوانەی دەرەوەی ئەم پسپۆڕییە، ئەم سێ لقەی دەروونناسییش بریتین لە دەروونشیکاریی فرۆیدی و ڕەفتارگەرایی و دەروونناسیی بایۆلۆجی.

# دەروونشیکاریی فرۆیدی

با بە کۆنترین و گرنگترین ئەم بۆچوونانە دەستپێکەین، کە زۆرترین کاریگەری لە سەر دارشتنی پایەکانی ئەم زانستە هەبووە، ئەویش تێڕوانینی فرۆیدە کە دامەزرێنەر و جێبەجێکەری تیۆری دەروونشیکارییە، لە دیدی فرۆیددا مرۆڤ تەنها ئاژەڵێکی خۆپەسەندە لە سروشتی خۆیدا کە غەریزەکانی سێکسی و دوژمنکارانەی نەست زاڵن بە سەریدا، بەم تێڕوانینەی فرۆید بیروباوەڕی مەسیحی سەرەوژێرکردەوە، چونکە لە ئایینی مەسیحیدا مرۆڤ کە لەدایکدەبێت میراتگری هەڵەی یەکەم جاری ئادەمەکە لە دارە حەرامەکەی خواردووە، بۆیە ئایین فەرمانیپێدەکات کە خۆی پاکبکاتەوە لەو گوناهانەی کە خۆی دەیانکات بە کاری خێر و داوای لێخۆشبوون و پەشیمانی و وا تەماشای سێکس بکات کە هۆکاری گوناهە.

بەڵام فرۆید هات و بە خەڵکی گوت: ئێوە هەر بە سروشتی خۆتان خودپەسەندن، ئارەزووە سێکسی و دوژمنکارانەکانتان هانتاندەدەن، هیچ ڕێگایەکیش نییە بۆ گۆڕینی ئەم سروشتە ئاژەڵییە داروێنییە، ئەگەر بەو شێوەیەی سروشتتان دەیخوازێت سێکستانکرد، ئەوا ئێوە وەڵامی ئاسایی ئەو سروشتەتان داوەتەوە و هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەوەتان نەکرد ئەوا ئەو توانا سێکسییەی سەرکوتتانکردووە کە هەوڵدەدات بێتە دنیای هەستەوە، ئەوا ئێوە بەو ڕەتکردنەوە و سەرکوتکردنە خۆتان دەخەڵەتێنن، ئەو کاتە ئەو توانا سێکسییە بە هەر شێوەیەک بۆی بلوێت و بگونجێت بە ڕێگای جۆراوجۆر و ناڕاستەوخۆ دەتانجووڵێنێت بە ئاگایی و نائاگایی، یان لە خەونەکانتاندا دەردەکەوێت، ئێوەیش بەم سەرکوتکردنە سێکسییە خۆتان گیرۆدەی چەندین تێکچوونی

دەروونی دەکەنەوە، کە چارەسەرەکەی تەنها دەروونشیکاری دەبێت کە ئەوەی دەیشارنەوە لە تاریکاییەکانی نائاگاییدا بیهێننەدەرەوە بۆ ئاگایی هەست[١].

ئەم تێڕوانینە لادەرە بۆ مرۆڤ باڵی بە سەر دەروونناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و هونەر و زۆر بواری دیکەدا کێشا، بەڵام کاریگەریی گەورەی بەجێهێشت لە سەر دەروونشیکاری بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ ماوەی زیاتر لە (شەست) ساڵ، فرۆید و هاوئاوازەکانی بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ ڕکابەر لێکدانەوەی نادروستیان دەکرد بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، هەموو چالاکییەکانی مرۆڤیان هەر لە بێشکەوە تا ناو گۆڕ خستەناو بەرگێکی سێکسی و لێکدانەوەی ڕیزپەڕ و بەزۆر سەپێنراو، فرۆید بە درێژایی ئەو ماوەیە تەنها بەوەوە نەوەستا کە لە سەردەمی خۆیدا ڕوودەدات، بەڵکو کەوتە وێزەی مێژوو و مرۆڤایەتییش چۆن پێی خۆش بوو، هەر بەوەیشەوە نەوەستا، بەڵکو کەوتە ناشیرینکردنی ژیانی پێغەمبەران و ئایینەکانیان، ئەگەر ویستت لەوە زیاتر تێبگەیت کتێبە بەناوبانگەکەی بخوێنەرەوە لە سەر هونەرمەندی دیار لیوناردۆ داڤێنشی خاوەنی مۆنالیزا، یان جیۆکاندا کە بە لای هونەرمەندانەوە بەناوبانگترین تابلۆی هونەرییە لە جیهاندا.

فرۆید لە بارەی شیکردنەوەی دەروونی و پاڵنەرە نەستییەکان (الدوافع اللاشعورية)ی ئەو هونەرمەندەوە لە میانەی خوێندنەوەی کارە هونەرییەکانیەوە دەڵێت: کەوا لە نەستی خۆیدا ئارەزووی هاوڕەگەزبازی

---

١. انظر بنحوه ما جاء في محلة التجديد، المجلد العشرون، العدد التاسع والثلاثون، ٧٣٤١ هـ/ ٦١٠٢م. المقال للمؤلف نفسه، بعنوان: من قضايا التأصيل الإسلامي لمناهج علم النفس في الجامعات الإسلامية ووقفات مع أبي زيد البلخي، وعزاه إلى: – M htebazilE ,notnrohT., duerF dna eniacoC: ehT naiduerF ycallaF (nodnoL: dnolB & (إليزانيت ثورنتون: فرويد والكوكايين: مغالطة فرويد) (sggirB.3891

شاردووەتەوە، هەروەها حەزی بە لای لادانی سێکسییەوە بووە و پێی خۆش بووە پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی نێردا هەبێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو هونەرمەندە (٣٥٠ ساڵ) پێش لەدایکبوونی فرۆید مردووە، هەروەها شیکاریی دەروونی بۆ پێغەمبەران (درووودی خوایان لێبێت) کردووە لە کتێبی (موسا و بیروباوەڕی یەکتاپەرستی Moses and Monotheism)دا، کە لە بارەیانەوە دەڵێت: (موسا ئیسرائیلی نەبووە بەڵکو میسری بووە، بیروباوەڕی یەکتاپەرستییش ئەو نەیهێناوە بەڵکو هیی میسرییە کۆنەکان بووە). ئەم زیادەڕۆییەی لە بەرانبەر ناوداران و پێغەمبەراندا بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی دەروونناسانی عەرەب و مسوڵمان کە وایلێکردن ئەوانیش شوێن ڕایەکانی بکەون.

دوای مردنیشی دەروونشیکارەکان هاتن کە لە ڕواڵەتدا لەو جیاواز بوون و تیۆر و تێڕوانینی خۆیان هەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەگەڵیدا، بۆیە دەروونشیکاریی فرۆیدی بە زاڵی مایەوە بە سەر بیری دەروونناسیدا بە تایبەتی لەو وڵاتانەی پێیاندەگوترێت جیهانی سێیەم، بەڵام لە ڕۆژئاوا و ئەورووپا کاریگەرییەکەی بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشت بە هۆی ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنەی لێکۆڵەران بووەوە بە تایبەتی ئەوانەیان کە تیۆر و شیکارە چارەسەریەکانیان خستەبەر هەڵسەنگاندنی ئەزموونی و کرداری، هەر وەکو دواتر لە باسی شۆڕشی هڵسوکەوتخوازی درێژەیپێدەدەین.

## شۆڕشی ڕەفتارگەرایی

ڕەفتارگەرایی شۆڕشێکی فراوانی دەستپێکرد، کە بۆ ماوەی نیو سەدە دەروونناسیی ڕۆژئاوایی خستەژێر لێکدانەوە و تا ئێستا بەشێکی تیۆر و شیکارییەکانی هەر لە ژێر کاریگەریی ئەودان، ئامانجی ئەوە بوو زانستی دەروونناسی بکاتە پسپۆڕییەکی ئەزموونی، بۆیە بە گاڵتەپێکردنەوە سەیری تیۆری دەروونشیکاریی فرۆیدی دەکرد، کەوا جەختی زۆری کردووەتەوە لە سەر نەست و ئارەزووە سێکسی و دوژمنکارانەکان، بەڵام ئەویش تێڕوانینێکی هێنایەکایە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ کە لە عەلمانیبووندا هیچی کەمتر نییە لەوەی فرۆید بە شێوەیەک کە هەڵسوکەوتخوازەکان پشتگیریی بیروباوەڕی بێدینیی ڕۆژئاوایان کرد بە شێوەیەکی تر، ئەوان گوتیان: مرۆڤ زیندەوەرێکە هیچ سروشتێکی نییە، بەڵکو سروشتی بە هۆی ڕووداوەکانی ئەو ژینگەیەوە دروستدەبێت کە تێیدا دەژی، ئەو وەکو پووشوپەڵاشی دەم ڕەشەبای ژینگەکەیەتی، لای ئەوان فیترەت یان هەڵسوکەوتی بۆماوەیی هیچ ڕۆڵێکی نییە لە دروستبوونی سروشتی مرۆڤدا، ئەخلاقێکی جێگیر نییە، بەڵکو ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەشەیەی کە مرۆڤ لە شوێنێکدا دەیکات، بۆیە لە حوکمدان بە سەر هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵەکاندا ناکرێت پشت بە هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی و ئایینی ببەسترێت، مرۆڤ چاک و خراپی نییە، حەڵاڵ و حەرام نییە، هەر کۆمەڵگایەک یاسا و پێوەرەکانی بەو شێوەیە دادەڕێژێت، کە حەزی لێیەتی یان لەگەڵ شارستانێتییەکەیدا دەگونجێت[١].

بێگومان ئەم تێڕوانینە نائەخلاقییە ناگونجێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سۆزی مرۆڤ چ بگات بە سۆزی پێغەمبەران.

---

١. بۆ نموونە بڕوانە: فلوجل، جون کارل، الإنسان والأخلاق والمجتمع: دراسة نفسية تحليلية، بيروت: دار الكر العربي، ٦٦٩١.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم ڕەفتارگەرانە –سەرەڕای بوونی کێشە لە فەلسەفەکەیاندا- سەرکەوتوو بوون لە گەشەپێدانی چارەسەری ڕەفتاری، کە وەکو شۆڕشێک وابوو دژی دەروونشیکاری و چارەسەر و تیۆرییەکانی کە لە سەر بنەمای پاڵنەری نەستیی سێکسی و دوژمنکارانە دامەزرابوون، ئەمان گەڕانەوە بۆ لۆجیکی ڕاهێنان لە سەر فێربوونی هەڵسوکەوتی دروست و وازهێنان لە خووی ناڕەوا و فێربوونی خووی باش، ئەم شێوازە هەر لە کۆنیشەوە لە لای مرۆڤایەتی ئاشنابووە و جێبەجێکراوە لە پەروەردەکردنی منداڵدا، هەروەها لە ڕاهێنانی سەگ لە سەر ڕاوکردن. با نموونەیەکی ئاسان بهێنمەوە بۆ ئەو خوێنەرانەی پسپۆڕ نین لەم بوارەدا:

چارەسەری ڕەفتارگەرایی لە سەر بنچینەی جێبەجێکردنی تیۆری فێربوون دادەمەزرێت، هەر وەکو ئەوەی کەسێکی ساغ ڕادێت لە سەر بەکارهێنانی ئەسانسۆر بۆ گەیشتن بە نیشتەجێبوونی لە قاتی بیستەم، لەوێیشەوە لەو بەرزییەوە تەماشای جووڵەی خەڵکی و ئۆتۆمبێل دەکات، بەڵام کەسێکی دەروونەخۆش لە شوێنی بەرز دەترسێت و سواری ئەسانسۆر نابێت، بۆئەوەی نەگاتە ئەو شوێنە بەرزە و لەوێوە تەماشای خوارەوە بکات، ئەگەر وایکرد هەست بە هەڕەشە و ترسێکی پەکخەر دەکات.

فرۆید و شوێنکەوتوانی پێیانوایە ئەم ترسە لە شوێنی بەرز بەرئەنجامی ململانێیەکی نەستییە (اللاشعوری) لەوانەیە هۆکارەکانی سێکسی بن، یان ئەوەی لە منداڵیدا شارەزایی پەیداکردبێت، بەڵام لەبیریچووبێتەوە بە هۆی سەرکوتکردنەوە، لەم کاتە نەخۆشەکە دەخرێتە ژێر چارەسەر کە لەوانەیە چەند مانگێک یان چەند ساڵێک بخایەنێت بۆ دەرهێنانی بیرەوەریی منداڵی، یان ئەو ململانێ نەستییە، بەڵام لە چارەسەری ڕەفتارگەراییدا دەڵێت: ئەو ململانێ نەستییە بوونی نییە و هیچ پاڵنەرێکی سێکسییش نییە، بەڵکو ترس لە شوێنی بەرز خودی نەخۆشییەکەیە، چارەسەریشی

بەوە دەبێت نەخۆشەکە هەستی ئارامی و ئیسراحەتی بۆ دروستبکرێت لەگەڵ ڕاهێنانی وردە وردە بۆ سەرکەوتن بۆ شوێنی بەرز تا بە تەواوی بە سەر ئەو ترسەدا زاڵدەبێت، ئەنجامی ئەم چارەسەرەیش زۆر ئەرێنی بوو بە شێوەیەک کە هەموو حاڵەتە هاوشێوەکان چارەسەرکران، کە (ولپی Wlpe) ڕابەری چارەسەری ڕەفتارگەرایی لە چەند هەفتەیەکدا کردی، ئەمە لە کاتێکدا هەندێک لەو نەخۆشانە ساڵانێکیان لە چارەسەری دەروونشیکاریدا بەبێ هوودە بەسەربردبوو[1].

بەم شێوەیە چارەسەری ڕەفتارگەرایی سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا لە چارەی ئەو تێکچوونە دەروونییە سادانەی کە بە شێوەی وروژێنەر و وەڵامدانەوە ڕوویاندەدا لە ژینگەی تاکەکاندا، بۆ نموونە (فۆبیا) کە وردە وردە چارەسەردەکرا، بەڵام نەیتوانی هەمان ئەنجام بەدەستەوەبدات لە چارەسەری کێشە دەروونییە ئاڵۆزەکاندا، کە لە ئەنجامی بیرکردنەوە و تێڕوانینی نادروستی کەسێکەوە دروستدەبوون و دەبوونە هۆی خەمۆکی، بۆ ئەمە چارەسەری مەعریفی داهێنرا، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی بیرکردنەوە و تێڕوانینی کەسەکە لە خۆی و دەوروبەری، بەمەیش بە یارمەتیی شێوازگەرەکان چارەسەری ڕەفتارگەرایی مەعریفی بووە جێگرەوە و ئێستا لە نۆرینگەکانی جیهان و ڕۆژئاوادا بەکارە و هەژموونی دەروونشیکاری کۆتاییپێهێنا.

بەمەیش ڕەفتارگەراکان بەڕەیان لە ژێرپێی دەروونشیکارەکان دەرهێنا و هەڵە و ناتەواویی بۆچوون و چارەسەرەکانیان دەرخست و کاتێک حوشتری فرۆید کەوتە گیانەڵا چەقۆی سەر ملی زۆر بوون، دەروونناسان و مێژوونووسان کەوتنە باسکردنی کەموکورتییەکانی تیۆرەکەی، بۆ

1. (1) Wolpe, J. (1958). Psychotherapy by reciprocal inhibition.Stanford: Stanford Univ. Press(العلاج النفسي عن طريق التثبيط المتبادل).

نموونە دەروونناسی بەریتانیی ناسراو (هانز ئیزینک)، توێژینەوەیەکی کرد لە سەر (٧٠٠٠) نەخۆشی دەروونیی ئەمریکایی، بەراوردێکی لە نێوان ئەوانەی چارەسەریان وەرگرتووە بە ڕێگای دەروونشیکاری لەگەڵ ئەوانەدا کە هیچ چارەسەرێکیان وەرنەگرتووە کرد، بینی کە ئەوانەی هیچیان وەرنەگرتووە بە ڕێژەی (٧٢٪) باشتربوون لە ماوەی ساڵێکدا، بەڵام ئەوانەی چارەسەریان بۆ کراوە تەنها بە ڕێژەی (٤٤٪) باشبوون[١]. ئەم توێژینەوەیە وەکو بۆمبێک وابوو کە بە ڕووی دەروونشیکاریدا تەقییەوە، لانیکەم ئەوەی دەرخست کە ئەو چارەسەرە هیچ سوودێکی نییە، بەڵام دواتر توێژینەوەی دیکە کرا لە سەر ئەوانەی چارەسەری دەروونشیکاری وەردەگرن دەریخست، کە حاڵیان خراپتربووە لە جیاتیی ئەوەی باشببن[٢].

هەروەها لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێک توێژینەوەی وردتر بڵاوکرانەوە، کە گومانیانخستەسەر خودی فرۆید و جەختیان لە سەر بێناوەرۆکیی دەروونشیکاری کردەوە بە شێوە باوەکەی، یەکێک لەو کارە گرنگانە هەوڵی ژنە توێژەری ئەوروویی (Thornton) بوو، کە هەستا بە کۆکردنەوەی ئەو توێژینەوانەی ئەوەیان دەسەلماند کە فرۆید کاتێک تیۆریەکەی دارشتووە لە بارەی چالاکییەکانی مرۆڤەوە، کە هەمووی گێڕاوەتەوە بۆ پاڵنەرە سێکسی و دوژمنکارانە نەستییەکان خۆی لە حاڵەتێکی دەروونیی دروستدا نەبووە، ئەوە لە کاتێکدا بووە کە فرۆید لە ژێر کاریگەریی ماددەی سڕکەری کۆکایندا بووە، کە خووی پێوەگرتووە بە هۆی زۆر بەکارهێنانی بۆ کەمکردنەوەی ئازاری دەمی، کە توشی شێرپەنجەی دەم بووبوو و توانای بەرگەگرتنی ئازارەکەی

1.Eysenck (1952). The effects of psychotherapy: an evaluation. Journal of Consult Psycho16,319-24 (آثار العلاج النفسي: تقويم).

2.Schmiderberg, Melitta. (1970). Psychotherapy with failures of psychoanalysis.British, Journal of psychiat 116.195-200.
العلاج النفسي مع فشل التحليل النفسي

نەمابوو، دواتریش بە هۆی زۆرخواردنی ئەو ماددەیەوە خۆی کوشتبوو.

هەروەها ئەم ژنە توێژەرە هەستا بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەو نەخۆشانەی کە فرۆید بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە چارەسەریکردوون بۆی دەرکەوت کە لە ڕاستیدا چاکنەبوونەتەوە، بەڵکو هەندێکیان توشی نەخۆشیی تری جەستەیی بووبوون، ئەوەیشی دووپاتکردەوە کە هەرچییەکی نووسیوە لە بارەی سەرکەوتنە بەرچاوەکانیەوە لە درۆ و بانگەشەی بێبنەما زیاتر نەبووە، ئەم توێژەرە توێژینەوەکانی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (فرۆید و کۆکاین Freud and Cocain) کۆکردەوە[١].

ئەم چەند دێڕەمان لە بارەی دەروونشیکاریی فرۆیدەوە هێنا، بۆئەوەی بۆ خوێنەری ڕوونبکەینەوە کە دەروونناسی کۆمەڵێک لایەنی هەیە کە ناگونجێن بۆ لێکدانەوەی نەک سۆزی پێغەمبەران، بەڵکو تەنانەت بۆ ڕەفتاری مرۆڤی ئاساییش، هەروەها دەمانەوێت ئەوەیش بە خوێنەر بڵێین کە سەرەڕای ئەم توێژینەوە و بەڵگانە خەڵکانێک هەن لە مسوڵمانان هێشتا دەروونشیکاریی فرۆید بە کەوش و کڵاشیەوە جێبەجێدەکەن لە کردەی دەروونناسیاندا، یان لە نۆرینگەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، دەروونناسەکان لەم شوێنانە قەبوڵیناکەن تاکە ڕەخنەیەکیش لە دەروونشیکاری و فرۆید بگریت، بۆیە پشتیانبەستووە بە تێزەکانی بۆ چارەسەری کۆمەڵایەتیی وڵاتەکانایان، ئەگەر پێتخۆشە برۆ نووسینەکانیان بخوێنەرەوە لە بارەی بەگەورەزانینی فرۆیدەوە، تەنانەت یەکێک لەوانە فرۆید بە یەکێک لەو سێ کەسە دەزانێت، کە تێڕوانینی مرۆڤیان گۆڕیوە بۆ خودی خۆی و ڕوانینی بۆ ئەو جیهانەی تێیدا دەژی، نموونەی ئەمەیش وتارێکی یەکێک لە دەروونناسەکانە کە لە پێگەی ئەلیکترۆنیی گۆڤاری

1. (1) Thornton, Elizabeth M., Freud and Cocaine: The Freudian Fallacy London: Blond & Briggs Publishers, 1983

ڕایەڵی دەروونیی عەرەبی لە ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٨)دا نووسیویەتی بە ناونیشانی (دەروونشیکاری و تاکی عەرەبی: لە تیۆرەوە بۆ کردار)، دکتۆر عەبدولهادی فەقیر لەو وتارەدا بەم شێوەیە دەنووسێت:

(سێ شۆڕشی فیکری مرۆڤایەتییان هەژاند و گورزی کەمەرشکێنیان لە دەسەڵات و خۆبەزلزانی دا، یەکەم: شۆڕی کۆپەرنیکۆس بوو کە زەوی چەند پلەیەک لە پێگەی سێنتراڵی نێوان ئاسمانەکان هێنایەخوارەوە. دووەم: شۆڕشی داروێنیزم کە بالایی درۆینە و بالادەستیی مرۆڤی بە سەر هەموو دروستکراوەکاندا هێنایەخوارەوە. سێیەم: شۆڕشی فرۆیدی کە باوەڕی (منی گەورە و بڵند)ی تێکشکاند، ئەو (من)ەی کە زۆر ڕۆچووبوو لە بانگەشەی سەروەریی ئاگایی و بەرزی بە سەر هەموو بەرهەمە فیکرییەکانەوە، ئەوەتا ئەو خودانە گەورە و بەڕێزە لە ناو مەملەکەتی بیر و هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتیدا بووە بە بەندەی نائاگایی، بە ڕاستی دۆزینەوەی میکانیزمەکانی نائاگایی و ئەو یاسایانەی دەیجووڵێنن و ڕێڕەوی بۆ دیاریدەکەن دەرگا و پەنجەرەیان ئاوەلاکرد بە ڕووی مرۆڤایەتیدا و یارمەتییاندا و دەیدەن بۆ تێڕوانینی وردتر و قووڵتر لە پێکهاتە ئەنترۆپۆلۆجییەکەی مرۆڤ، هەروەها درپێکردنێکی فراوانتری توانا ئەقڵی داهێنەرانەکەی)[١]. دواتر بەردەوامدەبێت بۆئەوەی بڵێت پێویستیی ئێمە لەمرۆدا بە فرۆید زیاترە لە پێویستیی ئەورووپییەکان پێی لە سەردەمی خۆیدا.

هەروەها ئەم جۆرە کەسانە لە نۆرینگەکانیشیان درێغیناکەن لەوەی کە قەناعەت بە گەنجانی مسوڵمان بکەن هۆکاری سەرەکیی شڵەژانی دەروونیان لە نەستی خۆیاندایە بە هۆی سەرکوتکردنی سێکسی، بۆیە چەندین دانیشتنیان لەگەڵدا دەکەن بۆ شیکاری و دەرخستنی پاڵنەرە

١.المجلة الإلكترونية للشبكة النفسية العربية في عددها التاسع عشر، في علم ٨٠٠٢م، للكاتب عبدالهادي الفقير، بعنوان (التحليل النفسي والذات االعربية: من التنظير إلى الممارسات(. انظر موقع : lmth_52.egap-golb/p/moc.topsgolb.sfan-bara-rikafle://ptth

شاراوە سێکسییەکان لە نەستیاندا وەکو ئەوەی خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەمەیش حاڵی هەندێکیان زیاتر خراپدەبێت و دەکەونە قەیرانێکی ڕۆحی و ئایینییەوە، کە خراپتردەبێت لەو شڵەژانە دەروونییەی کە تێیکەوتوون و دەیانەوێت چارەسەرییبکەن، من خۆم ئەزموونی ناخۆشم هەیە لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەم گەنجانەی بە هۆی ئەم جۆرە دەروونشیکارییەوە توشی گرفتی گەورە بوون.

تەنها ئەوەیش نا، بەڵکو هەندێک لەو مسوڵمانانەی کاریگەریی بیری فرۆیدیان لە سەرە بە هەمان ڕێچکەی ئەو و بانگەشەکانیدا ڕۆیشتوون، کتێبیان نووسیوە تێیدا کەسایەتیی کەسە دیارەکانی مێژوو و تونانەت پێغەمبەرانیش شیدەکەنەوە لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە. با نموونەیەکتان بۆ بهێنمەوە بە کتێبی (شیکاریی دەروونیی پێغەمبەران)[1]، لەو کتێبەدا نووسەر فرۆید بە گەورە دادەنێت و هەوڵیداوە هەندێک لە تیۆرەکانی بە سەر پێغەمبەران و گەلەکانیاندا جێبەجێبکات، لە میانەی قسەکردن لە سەر دڵەڕاوکێ هەمان پێناسەی فرۆید دەکات کە پێیوایە دڵەڕاوکێ بابەتییە، هەروەها دڵەڕاوکێی دەمار و مێشک (کاردانەوەی هەڕەشەیەکی غەریزیی دەروونییە)، هەر وەکو فرۆید دەڵێت، بەڵام پێناسەی فرۆیدی ڕووننەکردووەتەوە بۆ خوێنەر بۆ ئەو هەڕەشە غەریزییە ئەگەرچی بەکاریشیهێناوە، فرۆید دەڵێت: ئەو دڵەڕاوکێ دەمارییە لە ئەنجامی ململانێیەکی دەروونیی نەستی دروستدەبێت بە هۆی چەند پاڵنەرێکی سێکسی لە نەست (اللاشعور)دا، کە دەیەوێت تەعبیر لە خۆی بکات و خۆی خاڵیبکاتەوە، هەروەها ئاگایی کەسەکە بەو واقیعەی تێیدا دەژی لەگەڵ خەڵکی و کۆمەڵگا کە ویژدانێکی بۆ دروستکردووە و لێیدەپرسێتەوە لە سەر کارە نائەخلاقییەکانی، باشە ئەگەر ئەو نووسەرە ئەمەی بۆ خوێنەر ڕوونبکردایەتەوە چییان پێدەگوت لە بارەی ئەو ناماقوڵییانەی بەرانبەر بە

---

١. كمال عبدالله، التحليل النفسي للأنبياء،القاهرة: مطبوعات دار الخيال، ٦٩٩١، ص٢١.

پێغەمبەران کە بەوە وەسفیکردوون کە توشی دڵەڕاوکێ بوون؟

یەکێکی تر لە بیڕووبییەکانی بەرانبەر بە پێغەمبەران ئەوەیە دەڵێت: گەلەکانیان بۆیە دژایەتییانکردوون، چونکە ویستوویانە سیستمێکی دیکە دابمەزرێنن، بۆ نموونە دەڵێت: (ئەمەیش وای لە پێغەمبەران کرد کە ببنە سەرکردەی سیاسی و پەیامەکەیان ببێتە پرۆژەیەکی سیاسی، بەڵکو هەندێک لە پێغەمبەران هەوڵیانداوە فێڵ و تاکتیکی سیاسی بەکاربهێنن، دیارترینیان پێغەمبەر ئیبراهیم بووە -سەلامی خودای لێبێت-، کە هەوڵیداوە شتێکی تری پێچەوانەی حەقیقەت بڵێت، یان پێغەمبەر محەمەد (دروودی خوای لێبێت) بڵێت (شەڕ فێڵکردنە)[1].

ئەو بەردەوامدەبێت لە بارەی وەسفی پێغەمبەر ئیبراهیم بەوەی کە یەکەم هەڵگەڕاوە و باوکی هەڵگەڕانەوە بووە، دواتر دەڵێت: (... ئەم باوکە لە بنەڕەتدا هەڵگەڕانەوەکەی دژی باوک بووە...، دژی دەسەڵاتی باوک[2]. بەمەیش دەیەوێت ئاماژە بە تیۆرەکەی فرۆید بکات، کە دەڵێت کوڕ لە منداڵیدا ئارەزووی بە لای دایکیدا دەچێت کە ئارەزوویەکی سێکسییە و ڕقی لە باوکی دەبێت و غیرەی لێدەکات، بەڵام کاتێک چارەسەرێکی دەستناکەوێت بۆ ئەم حاڵە، ئەوا لە کاتی باڵغبوونیدا توشی گرفتی دەروونی دەبێت، بەڵام زۆر سەیرە عەبدوڵڵا کەمال ئەم کتێبەی لەساڵی (١٩٩٦)دا نووسیوە، کە زۆر دوای ئاوابوونی ئەستێرەی فرۆیدە لە ئەورووپا، نازانم ئەم پسپۆڕە دەروونییانە لەم وڵاتانەی ئێمە بۆچی ئاوان؟ تەنها پشت بە وەرگێڕانە عەرەبی و لۆکاڵییەکان دەبەستن، کە زەمانێکە بەسەرچوون و هیچ بە دوای نوێکردنەوەی بوارەکەیان ناکەون، دیارە بە هۆی لاوازییانە لە زمانە ئەورووپییەکان، یان کتێبختنەکانیان سەرچاوەی نوێی تێدا نییە.

---

١. هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

٢. هەمان سەرچاوە، ل ٣٤.

## پەڕگیریی بۆچوونەکانی فیکری بایۆلۆجیی دەروونی
## لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە

پێشتر باسی بۆچوونی دەروونشیکارییەکان و ڕەفتارگەراکانمان کرد لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە لە ڕووی تیۆری و جێبەجێکردنەوە، لێرەیشدا سێیەمی سێکوچکەکە تەواودەکەین کە سروشتی مرۆڤ تەنها لە ڕووە بایۆلۆجییەکەیەوە تەماشادەکات، دامەزرێنەرانی ئەم بۆچوونە تیۆری پەرەسەندنی داروینیان کردە بنەما و وەکو ئایین، یان بیرێک لێیاندەڕوانی کە گومان هەڵناگرێت، هەر لە سەر ئەمەیش بۆچوونیان پەرەپێدا لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە، کە دایانماڵی لە ئازادیی هەڵبژاردن هەر وەکو چۆن پێشتر دەروونشیکار و ڕەفتارگەراکان کردیان، دەروونشیکارەکان پێیانوابوو مرۆڤ کۆیلەی نەستیەتی و ناتوانێت لێیرزگاربێت، ڕەفتارگەراکان مرۆڤیان وەکو کۆیلەی گۆڕانە ژینگەییەکان تەماشادەکرد، لایەنگرانی ئەم بۆچوونی بایۆلۆجییەیش پێیانوابوو مرۆڤ هەر بە سروشتی خۆی بەندە بە کۆئەندامی دەمار و هۆرمۆنی خۆی و ئەو جیناتانەی لە باوانیانەوە وەریانگرتووە لە هۆکارە بایۆلۆجییەکان، بە شێوەیەک یەکێکیان دەڵێت لە پشت هەموو بیرۆکەیەکەوە کە بە مێشکی کەسێکدا دێت گۆڕانێک هەیە لە بەشە بچووکەکانی خانەکانی مێشکیدا بەبێ ویستی خۆی ڕوودەدات.

هەروەها پێیانوابوو کە ئەگەر زانستە بایۆلۆجی و کیمیاییەکان پێشبکەون زانایان دەتوانن کۆنترۆڵی لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بکەن لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی بایۆکیمیایی، ئەوەی وایکرد لەم ئاڕاستەیە کە ئەم هەڵوێستەیان هەبێت بەو شێوە حەتمییە پەڕگیرە و وەکو ئەوانەی پێش خۆیان داکۆکی لە ڕاکانیان بکەن، دۆزینەوە نوێیەکانی بواری پزیشکی بوو کە کاریگەریی جینەکان و کرۆمۆسۆمەکان و پێکهاتە بۆماوەییە بایۆلۆجییەکانیان سەلماند لە سەر هەندێک نەخۆشی

و دواکەوتنی عەقڵی و کەمئەندامیی جەستەیی، بۆ نموونە نەخۆشیی (پارکینسۆن – لەرزین)، هەروەها توێژینەوەکانی بواری تیشکی بۆ مێشکی مرۆڤ ئەنجامی سەسوڕهێنەریان پێشکەشکرد کە گۆڕانێکی گەورەی دروستکرد لە بواری زانستی دەمارناسی و دەروونناسی، بۆیە هەوادارانی ئەم ئاڕاستەیە ئەم پێشکەوتنە بایۆلۆجییە ماددییانەیان گشتاند بە سەر هەموو لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤدا، نووسینەکانی (ولیەم جەیمس) نموونەیەکی دیاری ئەم حاڵەتەن، هەروەها زنجیرەی (عالم المعرفة) کتێبێکی گرنگی لەم بوارەدا چاپکرد بە ناونیشانی (مرۆڤ و دەروونناسی)، کە خوێنەر دەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە و گفتوگۆی زانستیی زۆری تێدایە[١]. لێرەدا ئەوەندە بەسە لە سەر لایەنی بایۆلۆجی، چونکە لە بەشەکانی داهاتوودا چەند لاپەڕەیەکی بۆ تەرخاندەکەم.

## ئەو تیۆر و پراکتیکە دەروونییانەی دەکرێت بۆ لێکدانەوەی لایەنی سۆزداریی پێغەمبەران سوودیان لێوەربگیرێت

پێشتر باسمانکرد کە دەروونناسی تێکەڵەیەکی سیکۆلارە لە پسپۆڕییەکدا چەندین بابەت لە خۆی دەگرێت، کە لە ڕووکاردا هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە، ئەمەیش لەبەرئەوەیە کە پێشەنگانی قوتابخانە جیاوازەکانی و شوێنکەوتوانیان تەنها جەخت لە سەر بابەتێکی دیاریکراو دەکەن، کە جێگای گرنگیپێدانی خۆیانە و هەوڵدەدەن هەموو لایەنەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەوە لێکبدەنەوە، وەکو ئەوەی کەسێک لە بۆرییەکی باریکەوە تەماشای دنیای فراوانی دەوروبەری خۆی بکات، یان وەکو ئەوەی توشی (گلۆکۆما)ی دەروونی بووبێت، ئەمەیش وای لە

١. إبراهيم، عبدالستار، الإنسان وعلم النفس، الكويت، سلسة عالم المعرفة، تصدر عن المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، العدد ٨٦، فبراير ١٩٨٥.

دەروونناسی کرد ببێتە تێکەڵەیەک لە بیروبۆچوون و لێکدانەوە.

ئەمەیش وای لە زانایانی دەروونناسیی ڕۆژئاوایی کردووە کە بڵێن پسپۆڕییەکەمان وەکو زەڵاتە وایە، کە هەموو سەوزەیەک لەخۆیدەگرێت، بەڵام من وەکو بازاڕی گشتی دەیبینم کە تێکەڵوپێکەڵە، لەوانەیە لە زەڵاتەدا هەندێک شتی هاوبەش لە نێوان پێکهاتەکانیدا ببینین وەکو تام و سوود و پڕڤیتامینی، بەڵام لە بازاڕدا شتی وا دەبینی بە تەنیشت یەکەوە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە وەکو سەعات فرۆش و بە تەنیشت قەساب و جلوبەرگ بە تەنیشتی سی دی کۆمپیوتەرەوە.

لەبەر ئەمەیشە جیاوازی لە نێوان نووسەرانی کتێبەکانی دەروونناسی گشتیدا هەیە لە ڕووی ڕێکخستنی بەشەکانەوە، هەندێکیان دوای باسکردنی پسپۆڕییە گشتییەکە یەکسەر دێنەسەر فێربوون دواتر بەشێک لە بارەی سەرژمێرییەوە ئینجا بەشێک لە سەر درککردنی هەستی، بەڵام نووسەری تر هەیە کتێبەکەی بە دەروونناسیی بایۆلۆجی دەستپێدەکات، دواتر دێتەسەر باسی دەروونناسیی منداڵ و بەم شێوەیە، بۆیە خوێنەر دەتوانێت بەشێک لە سەرەتاوە و یەکێک لە کۆتایی بخوێنێتەوە لێیتێبگات بەبێ ئەوەی هیچ کام لە بەشەکان پشت بەوەی پێش خۆی ببەستێت بۆ تێگەیشتن، هەر لەبەر ئەمەیشە مامۆستایانی دەروونناسی خۆیان نابەستنەوە بە ڕیزکردنی بەشەکانی ناو ئەم کتێبانە لە کاتی دەرسگوتنەوەدا، بەڵکو هەر یەکێکیان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەیش لە زانستە ورد و مەنهەجییەکان ناوەشێتەوە، بەڵکو لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی زانیاریی فەیک و نادروستەوە دێت، کە پێشتر لە زمانی (کوخ – Koch )ەوە گواستمانەوە.

لە زانستە تۆکمە و وردەکاندا دەبینیت هەموو بەشێکی کتێبێک پەیوەندی بە پێش خۆیەوە هەیە، بۆ نموونە هەموو ئەو کتێبانەی باسی ئەندامەکانی جەستە دەکەن، یان لایەنی فسیۆلۆجی سەرەتا بە باسی

(خانە) دەستپێدەکەن، دوای ئەو شانە و ئەو پێکهاتانەی کە کۆمەڵێک خانە دروستیاندەکەن، ئینجا ئەندامەکان کە لە شانەی لەیەکچوو پێکدێن، دواتر کۆئەندامەکان وەکو هەرس و دەمار، بەمەیش خوێنەر ناتوانێت لە بەشێک تێبگات تا بەشی پێشووی ڕەواننەکردبێت.

بۆیە فێرخوازی بە توانا کە خاوەنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە بێت دەتوانێت لە کۆی ئەم (زەڵاتە دەروونییە) باڵفتەیەک بهێنێت و تێکەڵی بۆنوبەرامەی (ئیسلامی) بکات تا سوودبەخش بێت، ئەمەیش بۆئەوەی بشێت لێکۆڵینەوەی پێبکات لە لایەنی سۆزداریی مرۆڤ بە گشتی و سۆزی پێغەمبەران بە تایبەتی، چونکە جیاوازیی گەورە لە نێوان پسپۆڕی و بوارە جیاوازەکانی دەروونناسیدا هەیە، چەندێک توێژەر پشتی بە بنەما زانستییە ئەزموونییەکان بەست ئەوەندە ئاسان و سوودبەخش دەبێت و بە پێچەوانەشەوە.

لەوانەیە خوێنەر ئەوەی لە لا دروستبووبێت لەوەی کە باسمانکرد کەوا هیچ لقێکی دەروونناسی پشت بە بەڵگەی زانستی نابەستێت، یان ناچێتەوە سەر بیرێکی زانستیی هەڵێنجراو لە زانستە ئەزموونییەکان، کەواتە ئەگەر وابێت ئایا زانستێکی لەم شێوەیە گونجاوە بۆ توێژینەوەی ڕەوشتی پێغەمبەران؟ بەڵێ دەگونجێت، چونکە ئێمە لە ناو ئەم تێکەڵەیەدا کۆمەڵێک زانای دەروونناس دەبینین کە دوورکەوتوونەتەوە لەو ڕێبازە باریک و تەسکانە و خۆیان تەرخانکردووە بۆ توێژینەوەی ئەزموونی و مەیدانی، کە تێیدا ڕێچکەی پێوان و سەرژمێرییان گرتووە، بۆئەوەی فاکتەر و پاڵنەرەکانی پشت هەڵسوکەوتی مرۆڤیان بۆ ڕوونبکەنەوە لە تەمەنە جیاوازەکانیدا، هەروەها وەڵامی پرسیاری نەوە یەک لە دوای یەکەکان بدەنەوە لە بارەی کاریگەریی ئەو فاکتەر و پاڵنەرانە لە سەر ڕەفتار، بۆ نموونە ئەو توێژینەوە مەیدانییانەی کراون لە بارەی کاریگەریی (بۆماوەیی) و کاریگەریی (ژینگە) و بەراوردکردنیان لە سەر

تاک بۆ توشبوون بە شڵەژانی دەروونی و عەقڵی، لێرەدا نموونە بەم ڕێگا ئاسانە دەهێنمەوە بۆ ئەوانەی پسپۆڕی بوارەکە نین بۆئەوەی مەبەستەکەم ڕوونبکەمەوە:

زانایان بەراوردیانکردووە لە نێوان (دوانەی هاوشێوە) و (دوانەی جیاواز) لە منداڵاندا، بۆئەوەی بە وردی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە چۆن توشی نەخۆشیی (شیزۆفرینیای عەقڵی - الفصام العقلی) دەبن؟

وەکو ئاشکرایە کە هێلکەی ژن دوای پیتانی ئەگەر دابەشبوو بۆ دوو بەش، ئەوا دوانەیەکی هاوشێوەی دەبێت، بەڵام ئەگەر لە یەک کاتدا دوو هێلکە پیتاند، ئەوا دوانەیەکی جیاوازی دەبێت، کە هەمان تایبەتمەندیی بۆماوەییان نابێت و وەکو خوشک و برا جیاوازەکانی تر دەبن، بەڵام ئەوەی یەکەم هەمان سیفەتی بۆماوەییان دەبێت و لەیەکدەچن، پسپۆڕانی بوارەکە ئەم ڕێگا ئەزموونییەیان بەکارهێناوە بۆ ئەگەری توشبوون بەو نەخۆشییە عەقڵییە، بۆیان دەرکەوتووە ئەوانەی دوانەی هاوشێوەن ئەگەری زیاتریان هەیە کە هەردووکیان توشیببن لە چاو ئەوانەی دوانەی جیاوازن، ئەمەیش ڕۆڵی بۆماوەیی دەسەلمێنێت لە توشبوون بەو نەخۆشییە، ئەم توێژینەوەیە و هاوشێوەکانی پشتنابەستن بە بیرێکی فەلسەفی، یان بۆچوونێکی لاڕێ لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە، بۆیە بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە زانستییە نوێیانە و جێبەجێکردنیان بە کرداری ئەم زانایانە توانیویانە باشترین ڕێگاکانی فێربوون و وانەگوتنەوە و لەبەرکردن و دەورکردنەوە و کاریگەریی نێگەتڤی سترێسی دەروونی و ڕێگاکانی چارەسەرمان بۆ ڕوونبکەنەوە، هەروەها بۆ هەر چالاکییەکی تری دەروونی و دەروونساغی و نەخۆشی گونجاون.

هەروەها ئەم زانایانە سوودیان وەرگرتووە –وەکو لە بەشی داهاتوودا باسیدەکەین–، لە تێکەڵکردنی دەروونناسی لەگەڵ زانستە ئەزموونییە وردەکاندا، وەکو کیمیای ئەندامی و توێژینەوەکان لە سەر

مێشك و كۆئەندامی دەمار و بۆماوەزانی و دەرمانسازی و زۆر زانستی تری نوێ تا پەردەلادان لە سەر زۆر ڕاستی، كە چەند سەدەیەكە لێمان ونن، لەو توێژینەوە گرنگانە ئەوەیە كە لە بواری فێربوون و پەیوەندیی چڕی نێوان چالاكیی دەروونی و دەماری لە بیستن و بینین و یادگەدا كراوە، یان ئەو بوارانەی تر كە تێیاندا فاكتەری دەروونی و جەستەیی كارلێكدەكەن، ئەم جۆرە توێژینەوانە وامان لێدەكەن بیر لە دروستكراوەكانی خودای گەورە بكەینەوە (وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلا تُبْصِرُونَ). واتە: (ئایا بۆ سەرنج لە نەفس و دەروونی خۆتان نادەن؟) [الذاريات: ٢١].

ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە سەبارەت بە داهاتووی دەروونناسی ئەوەیە لەم دواییانەدا چاكسازی لە ڕێڕەوە عەلمانییە پەڕگیرەكەیدا كردووە و كەمتر لایەنی ڕۆحی و ئایینی وەلادەنێت دوای ئەوەی كاریگەرییان سەلمێنرا لە كەمكردنەوەی گوشاری دەروونی و چارەسەری شڵەژانەكان، هەروەها دەرگا والاكرا بۆ هێنانەناوەوەی بیر و كرداری ئایینی، كە توێژینەوە ئەزموونییەكان كاریگەرییەكەیان سەلماندووە، وەكو تێرامانی باڵابوون كە لە بوداییەوە وەریانگرت دوای ئەوەی لە ناوەرۆكە ئایینییەكەی بەتاڵیانكردەوە، هەر وەكو لە لای ئەو ئاڕاستەیە دەیبینین كە پێیدەگوترێت (شەپۆلی سێیەم) بۆ چارەسەری (مەعریفی – ڕەفتار) ی سودویان لەم تێفكرینە بوداییە وەرگرت بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی كێشەی ئەوەیان هەیە واقیعی ژیانی خۆیان قەبوڵبكەن mindfulness and acceptance therapy.

بەڵام گەورەترین كاریگەری لە سەر دەروونناسیی ڕۆژئاوایی كە چەمكەكان دەگۆڕێت لە ساڵانی داهاتوودا دروستدەبێت، ئەویش لە لقی (دەروونناسیی ئەرێنی)یەوە سەرچاوەدەگرێت، كە دژی جەختكردنەوەی دەروونناسیی ئێستایە لە سەر لایەنە نەرێنی و نەخۆشییەكانی مرۆڤ و چارەسەریان، بەڵام لایەنی ئەرێنیی تاكی فەرامۆشكردووە، بەڵام ئەم

لقەی دەروونناسی دەیەوێت پشت بەو لایەنە ئەرێنییانە ببەستێت کە لە تاکدا هەیە بۆ زاڵبوون بە سەر کێشە دەروونییەکاندا پێش ڕوودانیان نەک جەختکردنەوە لە سەر چارەسەر دوای دەرکەوتنی نەخۆشی، زۆر جار نەخۆش هەستدەکات کێشە دەروونییەکانی چارەسەربوون، بەڵام هەست بە ئاسودەیی و ڕازیبوون و متمانە بە خۆی ناکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی داهاتووی ژیانی تا وایلێبێت خۆی بتوانێت چارەسەری کێشە و شڵەژانە دەروونییەکان بکات. بە دەرکەوتنی ئەم پسپۆڕییە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی وەکو ئاسودەیی و ڕازیبوون و هاوکاریی ئەوانی ترمان بەرگوێکەوت، کە دەروونناسی پشتگوێیخستبوون، چونکە سێبەری ئاییینیان لە سەرە، یان لەگەڵ تێڕوانینی خودپەسەندیی سروشتی مرۆڤدا ناگونجێن، خۆ ئەگەر تەماشای پێڕستی کتێبەکانی دەروونناسیی نوێ بکەیت، زاراوەی وەکو ئاسودەیی یان قەناعەت نابینیت، بەڵام ئەوەی ئەم فیکرە دەروونناسییە عەلمانییە هەڵدەوەشێنێتەوە ئەوەیە کە دەروونناسیی ئەرێنی دەریخستووە کە درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ هەژاران لەلایەن نەخۆشانی دەروونییەوە کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە سەر کەمکردنەوەی شڵەژانە دەروونییەکانیان، ئەمەیش جەختکردنەوەیە لە سەر گرنگیی بەخشین بۆ دەفعی بەڵا لە لای مسوڵمانان، کەواتە هیچ ڕێگرییەک بۆ ئێمە نییە کە سوود لەم جۆرە توێژینەوە مەیدانییانە وەربگرین، یان سوود لە ئاوێتەکردنی زانستە ئەزموونییە وردەکان وەربگرین بۆ وردبوونەوە لە ژیانی پێغەمبەران و دەرخستنی حیکمەتی خودای گەورە لە تەکلیفکردنیان و هەڵبژاردنی ژینگەیەکی پاک کە ئەوان تێیدا گەورەبوون بۆ گەیاندنی ئەو ئەرکەی لە گەیاندنی پەیامی خوادا پێیانسپێردراوە.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد دەرگایان واڵاکرد بۆ تیۆرە ساختەکانی

دەروونناسی و ئەو بیروبۆچوونە لادەرانەی سروشتی مرۆڤیان شێواندووە، هەروەها بێئەدەبییان بەرانبەر لایەنی دەروونیی پێغەمبەران کردووە، نموونەیشمان هێنایەوە بە کتێبی عەبدوڵڵا کەمال کە ناوینابوو (شیکاریی دەروونیی پێغەمبەران).

ئێستا دەپرسین: ئایا زانایانی مسوڵمان کەسیان پشتیانبەستووە بەو بەشەی تری دەروونناسی کە لە سەر بنەمای زانستی ئەزموونی و سەرژمێری دامەزراوە؟ یان تەنانەت ئەو توێژینەوانەی تەنها پشتیان بە ئەزموونی مرۆڤایەتی بەستووە بە شێوەیەکی گشتی بۆ توێژینەوە لە لایەنی سۆزداریی پێغەمبەران؟ وەڵامی ئەمە بەڵێیە، هەرچەندە زۆربەیان لە پەرەگرافێک زیاتر نییە لە کتێبەکانی تەفسیر و سیرە و ڕەوشتی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)، جگە لە توێژینەوەیەکی بەپێزی (د. ئیبراهیم عەبدولڕەحیم مستەفا) بە ناونیشانی (هەڵچوونە دەروونییەکان لە لای پێغەمبەران)[1]، کە پێشکەشی زانکۆی (النجاح)ی کردووە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا.

ئەم توێژەرە وردبینە توانیویەتی سوود لە توێژینەوەکانی بواری دەروونناسی لە بارەی هەڵچوونەکانەوە لەگەڵ پابەندبوونی بە بنەماکانی ئیسلام و ڕێزگرتنی مەقامی پێغەمبەران وەربگرێت، هەروەها دوورکەوتووەتەوە لە تەئویلە دەروونییە عەلمانییەکان کە زانست و لۆجیک پشتگیرییاننناکەن، دکتۆر ئیبراهیم پابەندبووە بە لێکۆڵینەوە لە هەڵچوونی پێغەمبەران بەو شێوەیەی لە قورئاندا بە ڕوونی باسکراوە، وەکو ترس و توڕەیی و خەم و پەشیمانی و بێئومێدی و خەنین و ڕووگرژی، بەڵام پابەندبوونی زۆری بەو وشە قورئانییانەوە کە بە شێوەیەکی دیار و ڕوون باسی ئەم هەڵچوونانە دەکەن وایکردووە

---

١.مصطفى، إبراهيم عبدالرحيم، الانفعالات النفسية عند الأنبياء في القرآن الكريم، رسالة دكتوراه، قدمت لجامعة النجاح الوطنية، نابلس/فلسطين، عام ٢٠٠٩م.

خوێنەر بێبەشببێت لەو حاڵەتانە کە قورئان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی ئەو هەڵچوونانەی کردووە لە میانەی ئایەتەکانی وەعز و چیرۆکی پێغەمبەران، بۆیە توێژینەوەکەی خاڵییە لە باسی هەندێک لە گرنگترین هەڵچوون و سۆزەکانی وەکو خۆشەویستی و ڕەحمەت و دڵەڕاوکێ. هەروەها لە باسی ملکەچی کە هەردوو هەڵچوونی ترس و خۆشەویستیی خودا و ملکەچی و تەسلیمبوون لەخۆیدەگرێت، ئەمانە هەمووی هەڵچوون و سۆزگەلێکن کە قورئان لە میانەی مەدحی پاکان و لەخواترسییاندا هێناونی.

هەروەها ئەوەیشم تێبینیکرد کە زۆر پابەندە بە دەقی قورئانییەوە کە لە بارەی دەربڕینەکانی دەموچاوەوە هاتووە وەکو زەردەخەنە و ڕووگرژیی، کە ناکرێت ئەمانە ناوبنێین هەڵچوون، بەڵکو دەربڕ و ڕووکاری هەڵچوونن، بۆ نموونە تورەیی دەبێتە هۆی ڕووگرژی و زەردەخەنە واتای دڵخۆشییە، بەڵام زۆر دەستخۆشی لە دکتۆر ئیبراهیم دەکەم لە سەر ئەو هەوڵە بەنرخەی داویەتی بۆ کۆکردنەوەی ئەو فەرمووداناەی پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت)، کە پەیوەستن بە بابەتەکەیەوە و توانای باشی ئەو بۆ دەرهێنانی نموونەی گونجاو لە ژیانی پێغەمبەراندا لە بارەی هەڵچوونەوە.

بەڵام قسەکردن لە سەر هەڵچوونی پێغەمبەران بە تایبەتی سەروەریان (دروودی خوای لێبێت) ناکرێت بەبێ دەربڕینی هەست و سۆز و خۆشەویستی لەلایەن نووسەرەوە، بەڵام پاساوی دکتۆر ئیبراهیم لەو شێوازە وشکەدا بەوە دەبینم کە ئەو تێزەی دکتۆرای نووسیوە کە ڕێوشوێن و مەرجی تایبەتی هەیە و ئەویشمان لە ڕۆژئاوا وەرگرتووە، یەکێک لە مەرجەکانی ئەوەیە دەرخستنی هەست و سۆزی توێژەر لە نووسینەکەیدا واتای بێهێزیی بەڵگەکانیەتی، لەمەدا توێژەرە ڕۆژئاواییەکان سەرکەوتوو بوون لە گەیشتن بە ئامانجەکانی

توێژینەوەکانیان بە شاردنەوەی سۆز و هەڵچوونەکانیان لە پشت ئەوەی ناویاننناوە بێلایەنیی زانستی، بۆیە من لەم کتێبەمدا مەبەستم بوو هەر لە سەرەتاوە بۆ خوێنەری ڕوونبکەمەوە کە تێڕامانی دەروونییە، بەمە ویستوومە خوێنەر هەست بەو هەست و سۆزەم بکات، کە نرخاندنی سۆزی پێغەمبەرانی تێدایە و لە سەرووی هەموویانەوە سەروەری پێغەمبەران (درووودی خوای لێبێت)، هەروەها درک بە بەشێک لە حیکمەتی خودای گەورە بکەن لە هەڵبژاردن و ڕاسپاردنیاندا.

یەکێکی تر لە توێژینەوە ئیسلامییە بڵاوکراوەکان کە لە بارەی دەربڕینی دەروونی و سۆزداری نووسراوە لە دیدێکی ئیسلامییەوە ئەو کتێبە بەنرخەیە کە (دکتۆر سیڕ ئەخمەد سلێمان) دایناوە بە ناونیشانی (ڕەهەندە دەروونییەکانی دەربڕینی دەموچاو لە قورئاندا)[1]. نووسەر شەرەفمەندیکردم بەوەی داوای لێکردم پێشەکی بۆ بنووسم منیش گوتم: ئەم کتێبە (ڕەسەنایەتی و وردی لە توێژینەوەدا و لێکدانەوەی دەروونیی قووڵ بە یەکەوە کۆدەکاتەوە لە ئایەتەکانی قورئاندا)، بۆیە ئومێدم وایە کتێبخانەی هیچ دەروونناسێک خاڵینەبێت لەم کتێبە و توێژینەوەکەی دکتۆر ئیبراهیم عەبدولڕەحمان مستەفا.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بهێنم، دەمەوێت ئەوەیش بڵێم کە قسەکردن لە سەر لایەنی سۆزداریی پێغەمبەران لە ڕووی دەروونییەوە ئەگەرچی کورتیش بووبێت لەلایەن پسپۆڕانی دەروونناسییەوە نەبووە، بەڵکو لەلایەن ئەدیبان و زانایانەوە بووە، کە هیچ زانیاری و پسپۆڕییان لەم زانستە نەبووە، لە میانەی ئەم قسانەدا ئوستاد (سەید قوتب) دەبینین، کە لە پێشەنگی ئەم بوارەدا بووە، ئەو توانیویەتی سوود لە بەهرە ئەدەبییەکەی و قووڵیی ئیمانی وەربگرێت لە داڕشتنی تەفسیرە

---

١. سليمان، السر أحمد، الأبعاد النفسية للتعبير بالوجه في القرآن الكريم، الرياض، مكتبة الرشد، ٢٠١٧م.

بابەتییەکەیدا بۆ قورئان (في ظلال القرآن)، کە خوێنەر تێیدا هەست بە ئاماژەی زۆری لایەنی دەروونی و سۆزی مرۆڤ دەکات، بەڵام ئەم بەهرەیەی زیاتر لە کتێبی (التصوير الفني في القرآن – وێنەی هونەری لە قورئاندا)دا دەردەکەوێت، لە یەکێک لە بەشەکانیدا بە ڕوونی باسی لایەنی دەروونی و سۆزداری لە ژیانی پێغەمبەراندا دەکات وەکو موسا و یوسف و ئیبراهیم –سەلامی خودایان لێبێت–، ئەم پەرەگرافەم هەڵبژارد لێی بە ناونیشانی (وێناکردنی کەسێتییەکان لە چیرۆکدا)[1]، بۆئەوەی بەهرە و توانای ئەو دەربخەم لە گونجاندنی ئایەتە قورئانییەکان لەگەڵ گێڕانەوەکەیدا لە باسی کەسێتیی ئەو پێغەمبەرەدا کە باسیدەکات، ئوستاد سەید قوتب دەڵێت: (ئەو نموونەی سەرکردەیەکی بە هەڵپەی میزاج_توند بوو، ئەو لە کۆشکی فیرعەون و لە ژێر چاودێری و گوێڕایەڵیی ئەودا پەروەردەبووبوو، بۆیە بووە گەنجێکی بەهێز: (وَدَخَلَ الْمَدِينَةَ عَلَى حِينِ غَفْلَةٍ مِنْ أَهْلِهَا فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلانِ هَذَا مِنْ شِيعَتِهِ وَهَذَا مِنْ عَدُوِّهِ فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِى مِنْ شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِى مِنْ عَدُوِّهِ فَوَكَزَهُ مُوسَى فَقَضَى عَلَيْهِ) واتە: (موسا لە کاتی غەفڵەتی خەڵکی شاردا خۆی کرد بە شەقام و بازاڕدا، بینی دوو پیاو شەڕدەکەن، ئەمەیان لە تایفەی خۆیەتی و ئەمەیشیان لە دەستەی دوژمنەکەیەتی –سەربازی فیرعەونە–، ئەوەی خزمی خۆی بوو موسای بینی هاواری لێکرد کە فریاییبکەوێت و زاڵیبکات بە سەر دوژمنەکەیدا، موسایش بە پەلە چوو بە دەمیەوە بۆکزێکی بە کابرای –قبطیدا– ماڵی و کوشتی. موسا پەشیمانبووەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەم کارە شەیتان پێیکردم –من نەمدەویست بیکوژم–. بە ڕاستی شەیتان دوژمنێکی گومڕاو ئاشکرایە) [القصص: ١٥]. لێرەدا دەمارگیریی خێڵایەتی و هەڵچوونی دەروونی دەردەکەوێت، بەڵام هەر زوو ئەم

١. قطب، سيد، خصائص التصور الإسلامي، بيروت، دار الشروق، ط١٩، ٢٠٠٠، ص٢٥ وما بعدها.

دەمارگیرییە خاوەدەبێتەوە و کۆنترۆڵی خۆی وەردەگرێتەوە وەکو هەموو کەسێکی تورە (قَالَ هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ عَدُوٌّ مُضِلٌّ مُبِينٌ﴿١٥﴾ قَالَ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَاغْفِرْ لِي فَغَفَرَ لَهُ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴿١٦﴾ قَالَ رَبِّ بِمَا أَنْعَمْتَ عَلَيَّ فَلَنْ أَكُونَ ظَهِيرًا لِلْمُجْرِمِينَ). واتە: (ئینجا دەستەکانی بەرزکردەوە و گوتی: پەروەردگارە، من بە ڕاستی ستەمم لە خۆم کرد کاتێک لە دەستم دەرچوو ئەو کابرایەم کوشت، لێمببورە و بمبەخشە، جا خودای میهرەبانیش لێیخۆشبوو. بێگومان ئەو زاتێکی لێخۆشبوو و میهرەبانە. موسا هەستیکرد پەروەردگاری نزای گیراکردووە بۆیە گوتی: پەروەردگارە، مادەم ئاوا ناز و نیعمەتی لێخۆشبوونت بە سەردا ڕژاندم، من ئیتر هەرگیز نابمە پشتیوان بۆ تاوانکاران) [القصص:١٥-١٧].

(فَأَصْبَحَ فِي الْمَدِينَةِ خَائِفًا يَتَرَقَّبُ). واتە: (بە هۆی ئەوەوە ترس و بیم دایگرت و بە شاردا دەسوڕایەوە و چاودێریدەکرد) [القصص: ١٨]. ئەم دەربڕینە وێنای شێوەیەکی ناسراوە، شێوەی کەسێکی ترساو کە ئاوڕ بەملاولادا دەداتەوە و لە هەموو جووڵەیەکی دەوروبەری چاوەڕوانی شەڕێک دەکات، با تەماشابکەین چی دەکات؟ ئەو دەبینێت: (فَإِذَا الَّذِي اسْتَنْصَرَهُ بِالْأَمْسِ يَسْتَصْرِخُهُ قَالَ لَهُ مُوسَى إِنَّكَ لَغَوِيٌّ مُبِينٌ). واتە: (کوتوپڕ کابرای کە دوێنێ فریایکەوت، هاواری لێکرد فریامبکەوە! موسا چوو بە هاواریەوە و پێیگوت: بە ڕاستی تۆ کابرایەکی شەڕەنگێز و گێچەڵگێڕی ئاشکرایت) [القصص: ١٨]. جارێکی تر ئەو پیاوەی دوێنێ پشتیوانی لێکرد ئەمرۆیش لەگەڵ کەسێکی تر هەمان داوای هەیە (قَالَ لَهُ مُوسَى إِنَّكَ لَغَوِيٌّ مُبِينٌ). واتە: (پێیگوت: بە ڕاستی تۆ کابرایەکی شەڕەنگێز و گێچەڵگێڕی ئاشکرایت) [القصص: ١٨]، بەڵام دیسانەوە وەکو دوێنێ پشتگیریی ئەو پیاوە دەکاتەوە و دەمارگیری و هەڵپەکەی تۆبە و پەشیمانی و ترس و دڵەڕاوکێکەی لەبیردەباتەوە ئەگەر بیرخستنەوەی ئەو پیاوەی بەرانبەر نەبێت بە کارەکەی دوێنێی موسا، لەو کاتەدا موسایش بیردەکاتەوە و

دەترسێت (فَلَمَّا أَنْ أَرَادَ أَنْ يَبْطِشَ بِالَّذِي هُوَ عَدُوٌّ لَهُمَا قَالَ يَا مُوسَى أَتُرِيدُ أَنْ تَقْتُلَنِي كَمَا قَتَلْتَ نَفْسًا بِالأَمْسِ إِنْ تُرِيدُ إِلا أَنْ تَكُونَ جَبَّارًا فِي الأَرْضِ وَمَا تُرِيدُ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْمُصْلِحِينَ). واتە: (کاتێک موسا ویستی هێرشبکاتەسەر ئەوەی کە دوژمی هەردووکیانە -واتە قبطیەکە، کابرا- گوتی: ئەی موسا، دەتەوێت منیش بکوژیت وەکو ئەو کەسەی دوێنێ کوشتت، دیارە تۆ هەر دەتەوێت ببیتە زۆردار لە زەویدا ناتەوێت بچیتە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە چاکەکارن) [القصص: ١٩][١].

لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ قەڵەمی خاوەنی تەفسیرەکە هەندێک ڕەخنەم لێی هەیە، بە تایبەتی قسەکانی لە بارەی پێغەمبەرانەوە وەکو ئەوەی کەسانی ئاسایی بن، ئەو بە شێوەیەک باسیاندەکات وەکو باسی هاوڕێ و هاونەژادەکانی بکات، بۆ نموونە کاتێک لەم باسەی ڕابردوودا باسی پێغەمبەر موسا –سەلامی خودای لێبێت– دەکات، بەو شێوەیە وەسفیدەکات کە بە هەڵپە و توڕە بووە و دەمارگیریی خێڵایەتی هەبووە، ئەو کاتێک باسی کردەوەکەی موسا دەکات کە بە هانای ئیسرائیلییەکەوە چووە و لە کابرای میسری داوە وا وەسفیدەکات کە تێکەڵەیەکە لە دەمارگیریی نەژادی و هەڵچوونی دەماری، بەڵام قسەکردن لە بارەی پێغەمبەرانەوە وەکو ئەوەی لە بارەی هاوڕێ و کەسانی ئاساییەوە دەدوێین دەچێتە بواری ئەو ڕێگرییەی کە قورئان لە هاوەڵانی پێغەمبەری (درودی خوای لێبێت) کردووە بەرانبەر بە خودی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت)، بەوەی کە وەکو یەکێکی ئاسایی لە خۆیان هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکەن و ڕێگری لێکردوون تەنانەت دەنگیان بەرزبکەنەوە بە سەریدا لە کاتی قسەلەگەڵکردنیدا.

[يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ

١. قطب، سيد، في ظلال القرآن، القاهرة، دار الشروق، تفسير الآيات من (١٥-١٩) من سورة القصص، ج٥، ص٢٨٨٣، وما بعدها.

كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لاتَشْعُرُونَ]. واته: (ئەی ئەوانەی باوەڕتانهێناوە، دەنگتان بە سەر دەنگی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بەرزمەکەنەوە لە کاتی گفتوگۆدا، قسەی بێپەردە مەکەن لە خزمەتیدا، نەوەکو کردەوەکانتان پووچببێتەوە و هەستیپێنەکەن) [الحجرات: ٢]، لەبەرئەوە پێویستە لە سەر موفەسیری قورئان یان هەر کەسێک قسە لە سەر ئەم ڕووداوە بکات، (یان هەر ڕوداوێکی تری هاوشێوەی تایبەت بە پێغەمبەران) کە بپرسێت: ئایا موسا مەبەستی بووە کابرای میسری بکوژێت؟ یان لێدانەکەی لە شوێنێکی کاریگەر بووە کە پێیبمرێت؟ یان ئەو ویستوویەتی دووریبخاتەوە هەر وەکو سەید لە شوێنێکی تری (فی ظلال)دا دەڵێت؟ یان سەرجەمی ڕووداوەکە ڕێکخستنێکی خودایی بووە بۆ دەرهێنانی موسا لە ژیانی ناو کۆشکی فیرعەون بۆ جێگایەک کە خودای گەورە نامەی پەیامبەری پێبسپێرێت و ئەو ئەمانەتە بدات بە سەریدا کە ئاسمان و زەوی خۆیان لێپاراستووە؟ ئایا توڕەیی موسا بەو شێوەیە بە پاڵنەری خێڵایەتی و نەژادی بووە وەکو ئوستاد سەید دەڵێت یان لەبەرئەوە بووە کە ئەو پیاوە ئیسرائیلییە سووکایەتی پێکراوە یان ئازاری جەستەیی دراوە و هانای بۆ موسا هێناوە؟ دواتر چۆن دەکرێت پێغەمبەرێکی خودا بە دەمارگیریی خێڵایەتی تۆمەتباربکرێت لە کاتێکدا قەومەکەی ڕووبەڕووی چەندین تاوانکاری و هەڵسوکەوتی نائەخلاقی بووەتەوە بە تایبەتی کوشتنی منداڵانیان و هەتککردنی ژنەکانیان؟دەکرێت بڵێین پێغەمبەر موسا هەر وەکو لە قورئاندا باسکراوە ئایەتی پیرۆزی (**وَاصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي**): (جا چاک بزانە من تۆم دروستکردووە بۆ خۆم، -تا پەیامی من ڕابگەیەنیت-) [طه ٤٠]. لەلایەن خوداوە هەڵبژێردراوە و خودای گەورە وا دروستیکردووە لە ڕووی دەماری و دەروونییەوە کە نەتوانێت هەروا دەستەوسان دابنیشێت بەرانبەر ستەم و زۆرداری، جا هەر کەسێک بیکات، موسا نەیدەتوانی

ببینێت کەسێک بە بەرچاویەوە ستەمی لێدەکرێت، ئەو هەر وەکو خۆی لە قورئاندا باسی خۆی دەکات دڵی تونددەبوو بە ستەم، بەڵام زمانی گۆینەدەکرد، بەڵام خۆ دەست و پێی لەکارنەکەوتبوون بۆئەوەی بە هێز و بازوو ڕووبەڕووی ستەم ببێتەوە و ستەملێکراو سەربخات، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕووداوە چەند بارەیش ببێتەوە.

لەم بەشەدا باسی لایەنی سۆزداریی پێغەمبەرانم کرد، هەروەها وەڵامدانەوەی ئەوان بۆ ئەو لایەنە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام لە کتێبی داهاتوومدا بە پشتیوانیی خودا باسی لایەنی سۆزداریی پێغەمبەرمان محەمەد (دروودی خوای لێبێت) بە تایبەتی دەکەم، لەبەرئەوەی ئەو تاکەکەسە کە ژیاننامەکەی لە ڕووی سۆزدارییەوە بە وردی تۆمارکراوە، کە بۆ هیچ کەسێکی تر نە پێش خۆی نە دوای خۆی نەکراوە، سەرەڕای ئەوەی ژیاننامەی سۆزداریی ئەو لە گەورەترین موعجیزەکانە بۆ بەڵگەی پێغەمبەرایەتی، بە لای منەوە گنگترە لە موعجیزە ماددییەکان کە نووسەرانی بەڵگەی پێغەمبەرایەتی جەختیان لە سەر کردووەتەوە، ئەمە واتای کەمکردنەوە نییە لە گرنگیی ئەو موعجیزە ماددییانە وەکو هەندێک دەیکەن لەوانەی کاریگەریی بیری موعتەزیلەیان لە سەرە، بەم شێوەیە کۆتایی بەم باسە دەهێنین تا لە باسی داهاتوودا بابەتێک لە بارەی هەڵچوونە دەروونییەکان پێشکەشبکەم لە ڕوانگەی دەروونناسیی هاوچەرخەوە.

# بەشی دووەم

## هەڵچوونی عاتیفە لە توێژینەوە دەروونی و دەمارییە نوێیەکاندا

سەرەڕای جیاوازییە دیارەکان لە نێوان دەروونناساندا سەبارەت بە چیەتیی هەڵچوونەکان و چالاکییان، بەڵام توێژەر کە بە وردی لە توێژینەوەکانیان بڕوانێت بەرهەمێکی ئەرێنی و بەسوودی ئەمانە دەبینێت، لە بەرانبەریشدا تیۆر و ئەنجامی بێواتا و نامۆیش دەبینێت، کە بەرهەمی بیری زاناگەلێکە کە سووربوون لە سەر تێڕوانینی قوتابخانە دەروونییەکانیان و لە بواری هەڵچوونەکانیشدا جێبەجێیانکردوون، یەکێک لەو بەشدارییە گرنگانە ئەوەیە کە توێژینەوە مەیدانییەکان سەلماندوویانە، کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕووکاری دەموچاودا ڕوودەدەن بە هۆی هەڵچوونە جۆراوجۆرەکانەوە گۆڕانکاریی فیتری و بۆماوەن، هەموو تاکێکی مرۆڤ لە هەر وڵات و شارستانیەتێک بێت دەتوانێت بیانناسێتەوە، تەنانەت خێڵە سەرەتاییەکانی ناو دارستانەکان، یان دانیشتوانی ڕەسەنی بیابانەکانی ئوسترالیایش دەتوانن هەڵچوونە جۆراوجۆرەکان جیابکەنەوە لە ناو ئەو وێنە و فیلمانەدا کە پیشانیاندەدرێت.

هەستانی دەماری مل و سوورهەڵگەڕانی چاو لە توڕەییدا و زەرهەڵگەڕانی ڕوو و لەرزینی پەلەکان و تەتەڵەکردنی زمان و گۆڕانی دەنگ لە کاتی ترس و بیمدا، بەرزبوونەوەی برۆ و ئەبڵەقبوون لە کاتی سەرسوڕماندا، خوارکردنەوەی لێوی سەرەوە و توندکردنی و فشکردنی لوت بە شێوەیەک هەردوو چاو بچووکبکاتەوە بەڵگەی هەستکردنە بە بێز و بۆنی ناخۆش و خواردنی خراپ، یان بینینی کارێکی ناپەسەند، یان تەنانەت بیستنی شتێکی لەو شێوانە.

## گرنگترین بەشداریی دەروونناسیی نوێ

لە گرنگترین بەشدارییەکانی دەروونناسی ئەوەیە کە هەموو هەڵچوونەکانی لە یەک ڕیزدا کۆکردەوە –پەسەند و ناپەسەندەکان–، کە پێشتر توێژەرانی بواری سۆزداریی مرۆڤ باسی هەر یەکێک لەو هەڵچوون و سۆزانەیان بە جیا دەکرد، ئەو کۆکردنەوەیەی سۆز و هەڵچوونەکان لە یەک چوارچێوە و ڕیزدا ئەوەی دەرخست کە لەیەکچوونێکی دەروونی و جەستەیی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، کە بریتییە لە وروژانی هەست و تێکچوونی فەسلەجەی جەستە و گۆڕانی هەڵسوکەوت یەک بە دوای یەکدا.

توێژینەوەکان دەریانخست کە هەندێک لە هەڵچوونە جیاوازەکانی وەکو توڕەیی و ترس هەستی مرۆڤ دەجووڵێنن و ڕووکارەکانی دەموچاوی دەگۆڕن و هەندێک جار گۆڕانی مەعریفی و هەستی جیاواز دەخوڵقێنن، بەڵام لەوانەیە هەردووکیان یەک جۆر گۆڕانکاریی جەستەیی دروستبکەن، وەکو زیادبوونی لێدانی دڵ. هەروەها دەروونناسیی نوێ بەشدارییەکی گرنگی کرد لە جەختکردنەوە لە سەر ئەم سیانەیەی چالاکیی هەڵچوونەکان، هەڵچوون هەر وەکو خەڵکی دەیبینن و توێژینەوەکانیش جەختی لە سەر دەکەنەوە سێ شت بە یەکەوە

کۆدەکاتەوە: هەستی کەسی وەکو هەست بە ترس و توڕەیی و دڵخۆشی و هەموو هەستەکانی تر، یەکسەر بە دوایاندا گۆڕانی جەستەیی لە دەرەوە و ناوەوەی جەستەدا دێت وەکو گۆڕانی ڕووکاری دەموچاو و چالاکبوونی دەماری و هۆرمۆنی، دواتر کەسی هەڵچوو بە هۆی ئەم کارتێکەرە دەروونی و جەستەییانەوە وەڵامی کرداری و دەرەکی دەبێت، بۆ نموونە ڕاکردن لەو شتەی لێیترساوە، یان ململانێ و جەنگان لەگەڵ ئەو شتەی توڕەیکردووە، یان لەباوەشکردنی ئەوەی خۆشیدەوێت، یان پێکەنین و کرانەوە بە ڕووی ئەوەی دڵی خۆشکردووە.

## گرنگتری تیۆرەکانی دەروونناسیی نوێ لە بواری هەڵچوونەکاندا

ئەو سێ قۆناغە یەک بە دوای یەکە لەلایەن خەڵکییەوە بە گشتی پەیڕەودەکرێت، لەبەرئەوەی زیاتر لەگەڵ لۆجیکدا دەگونجێت، هەندێک توێژەری وەکو (لازارۆس) پەیڕەویانکردووە و توێژینەوەکانی بواری دەروونناسیی مەعریفییش پشتگیریدەکەن، بەڵام زانا (کانون) هەوڵیداوە ئەوە بسەلمێنێت کە لایەنی هەستیی مەعریفی و وەڵامدانەوەی جەستەیی بە یەکەوە ڕوودەدەن، هەروەها زنای ئەمریکی (ولیەم جەیمس) کە بە گەورەترین دەروونناسەکان دادەنرێت، بۆچوونێکی سەیری هەیە کە زیادەڕۆییدەکات لە لایەنگیریی بیری ڕەفتارگەرایی کە لە گرنگیی بیرکردنەوە و لایەنی مەعریفی کەمدەکاتەوە، ئەو زیاد لە پێویست لایەنی وروژێنەر و وەڵامدانەوە دەگرێت.

جەیمس دەڵێت: خەڵکی پێیانوایە کە سۆز و هەڵچوونەکان کاتێک دەوروژێن کە کەسێک درک بە وروژێنەرێکی دەرەکی دەکات و دواتر ئەوەی ناومانناوە هەڵچوون پەیدادەبێت، بەڵام ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە، واتە ئەگەر کەسێک هەستبکات کەوا شێرێک لێینزیکە یەکسەر هەست بە ترس دەکات کە شێرەکە دەبینێت و دوایی ڕادەکات بۆ ڕزگاربوون

ئەوە ڕاست نییە، بەڵکو بە لای تیۆرەکەی ئەوەوە کە ڕەفتارگەراکانیش بە گەرمی بە پیر ئەو بۆچوونەوە چوون ئەوەیە تۆ یەکەم جار شێرەکە دەبینیت یەکسەر جەستەت وەڵامدەداتەوە بە کرداری جا ڕاکردن بێت یان لەرزین، دواتر گۆڕانە دەماری و کیمیایی و هۆرمۆنییەکان ڕوودەدەن و دڵەکوتێ دروستدەبێت، دوای ئەم گۆڕانکارییانە هەمووی ئینجا هەست بە ترس دەکەیت، بە پێی تیۆرەکەی ئەو نابێت بڵێیت هەواڵی مردنی هاوڕێیەکی خۆشەویستم بیست ئینجا زۆر دڵتەنگ بووم دواتر گریام، بەڵکو دەبێت بڵێت هەواڵە ناخۆشەکەم بیست و گریام ئینجا هەستم بە خەم و پەژارە کرد، نابێت بڵێیت فلانە کەس توڕەیکردم و منیش لێمدا، بەڵکو دەبێت بڵێیت فلانە کەس خراپەی لەگەڵ کردم منیش لێمدا و دوایی توڕەبووم[1].

با پێش ئەوەی باسی هەندێک لایەنی خەتەرناکی هەڵچوونەکان بکەم کە لەم تیۆرەوە سەرچاوەیانگرتووە، باسێکی ئەو توێژینەوانە بکەم کە ئەم تیۆرەیان پووچەڵکردووەتەوە، بڕوا وانەبوو کە ئەم تیۆرەی جەیمس ڕەتبکرێتەوە بە هۆی پێشکەوتن لە بواری توێژینەوەی ئەندامی کە لە بنەڕەتەوە ئەم تیۆرە بۆ پشتگیریی ئەم بوارە دانراوە، باشە ئەگەر گۆڕانکارییەکانی ناوەوەی جەستەی مرۆڤ بە هۆی هەستکردن بە هەڵچوونێکی دیاریکراوەوە ڕوویانبدایە دەبایە بۆ هەر هەڵچوونێک و هەر سۆزێکی دیاریکراو گۆڕانکارییەکی تایبەت بە خۆی هەبایە، بەڵام ئەوەی بە ئەزموون سەلماوە ئەوەیە زیادبوونی لێدانی دڵ بۆ نموونە نەبەستراوەتەوە بە یەک جۆر هەڵچوونەوە، بەڵکو مرۆڤ لە کاتی توڕەیی و ترس و عاشقبووندا هەست بە دڵەکوتێ دەکات، هەروەها

---

1. James, William. The Varieties of Religious Experience: a studyin Human Nature, Penguin American Laibrary, 1982

(أصناف التجربة الدينية: دراسة في الطبيعة البشرية)

کاتێک کەسێک وەرزشدەکات دڵی پەلەپەلی زۆر دەکات، بەڵام خۆ هیچ جۆرە هەڵچوونێک ڕوونادات، ئەوەیش سەلماوە کە چەند هەڵچوونێکی جیاواز هەمان هۆرمۆن و گۆڕانی دەماری دروستدەکەن.

لە کۆتاییدا ئەزموونەکان دەریانخستووە کە ئەگەر کەسانێک –بە بێئاگاداریی خۆیان– هۆرمۆنی ئەدرینالین، یان نۆرئەدرینالینیان لێبدرێت کە جەستەی مرۆڤ لە کاتی هەستکردن بە ترس، یان توڕەیی دەیدەدات، ئەوا ئەو کەسانە نە هەست بە ترس دەکەن نە بە توڕەیی، بەڵکو هەستێکی وروژاوی نادیاری نادیاریان دەبێت، ئەگەر خرانەناو کەسانێکی توڕە ئەوا توڕەدەبن، خۆ ئەگەر ڕووبەڕووی شتێکی ترسناک بوونەوە ئەوا زۆر دەترسن، کەواتە هیچ کام لە گۆڕانی ئەندامەکانی ناوەوەی مرۆڤ و گۆڕانەکانی ڕوخسار و جەستە و گۆڕانە کیمیاییەکان لە خۆیانەوە نابنە هۆی هەستکردن بە هەڵچوون بەبێ بوونی وروژێنەرێکی دەرەکی و درککردنی مرۆڤ بە سروشتی ئەو وروژێنەرە، کاتێک زانی ئەو شتە چییە؟ ئینجا وەڵامی جەستەیی و کیمیایی بۆی دەبێت.

بۆیە ئەم تیۆرەی جەیمس و هاوشێوەکانی تەنها بۆ لێکدانەوەی هەندێک وەڵامدانەوەی لەپڕ و هەڵچوونی توند دەبێت، بۆ نموونە ئەوانەی توشی تۆقین (Panic Attacks) بوون یان وەڵامدانەوەی توندی شۆزدارانە بۆ ئەو وروژێنەرە کتوپڕانەی بۆمان ماوەتەوە کە تێیدا درککردنی مەعریفی و وەڵامدانەوەی فیترییانەی خێرا تێکەڵدەبن وەکو وەڵامدانەوەی ترسی مشک لە پشیلە و مرۆڤ لە بومەلەرزە.

ئەی مەبەستی جەیمس چی بوو لە داڕشتنی ئەم تیۆرە؟ بۆ ئەوە بوو بە بەردێک چوار نیشانە بشکێنێت، یەکەمیان: ئەوەیە بیسەلمێنێت کە وەڵامە سۆزدارییەکان شوێنکەوتەی جەستەن نەک پێچەوانە، لەمەیشدا پشتگیریکردنێکی ڕێبازی مادیگەرایی تێدایە، دووەم: بۆئەوەی هەڵچوونە وەڵامەکانی مرۆڤ ببەستێتەوە بە ئاژەڵەوە کە هیچ توانایەکی عەقڵی و

درککردنی نییە وەکو مرۆڤ، ئەمەیش بۆ ئشتگیریی تیۆرەکەی داروێن لە بارەی هەڵچوونەکانەوە کە لە کۆتا کتێبیدا بە درێژی باسیکردووە بە ناونیشانی (دەربڕینی هەڵچوونەکان لە لای مرۆڤ و ئاژەڵ)[١].

خۆ گومان لەوەدا نییە کە لە زۆر شتدا لەیەکچوون لە نێوان ئێمە و ئاژەڵاندا هەیە وەکو کۆئەندامی دەمار و هەرس و دڵ و سوڕانی خوێن و زۆر ئەندامی تری ناو جەستە و لە هەندێک لایەنی هەڵچوونیشدا، هەر ئەم لەیەکچوونەیش بوو وای لە زانایانی (مەنتیق/لۆژیک)ی کۆن کردووە پێناسەی مرۆڤ بکەن بەوەی (ئاژەڵێکی قسەکەرە، هەروەها گومان لە دیاردەی هەڵبژاردنی سروشتیدا نییە کە بە هۆیەوە مانەوە بۆ گونجاوترینە لە ژیاندا و بەو هۆیەوە دروستکراوەکان لەگەڵ ژینگەکانیاندا دەگونجێن، بەڵام داروێن ئەمەی بۆ مەرامی خۆی بەکارهێناوە).

بەڵام ئەم دانپیانانە بە لەیەکچوون لە نێوان ئێمە و ئاژەڵاندا و قەبوڵکردنی بنەمای گونجان لەگەڵ ژینگەدا وا لە هیچ خاوەن_عەقڵێک ناکات کە بڵێت لە داهاتوودا کیسەڵ دەتوانێت بفڕێت، یان مەیمونێک دەبێت بە مرۆڤ، هەر لەو بارەیەوە پێشکەوتنی بەرچاوی زانستی لە بواری کیمیای ئەندامی و زیندەزانیی ورد (Molecular Biology) و بۆماوەییدا کە لەم پەنجا ساڵەی دواییدا بەدیهاتووە عەرشی تیۆرەکەی داروێنی هەڵتەکاند و عەیبەکانی دەرخست، لێرەدا ناکرێت بە درێژی باسی ئەو بابەتە بکەم، بەڵام دەمانەوێت کۆتایی بەم بابەتە بهێنین بەوەی بڵێین: لەیەکچوونی نێوان ئێمە و ئاژەڵانی باڵا بابەتێکە وامان لێدەکات بیر لە دروستکراوەکانی خودا بکەینەوە، کە ئێمە بە توانا عەقڵی و سۆزدارییەکانمان بووین بە مرۆڤ، هەروەها هانماندەدات بۆ خودا

---

1. Charles Darwin (9 April 1998). The Expression of the Emotions in Man and Animals. Oxford University Press. Retrieved 4 August 2013.

التعبير عن الانفعالات لدى الإنسان والحيوان).

بە یەکناسین، چونکە ئەم لەیەکچوونە بەڵگەی ئەوەیە کە دروستکەری هەموومان یەک خودایە، هەر وەکو چۆن شارەزابوونمان لەوەی کە هەرچی لە بووندایە لەم جیهانەدا لە مرۆڤ و دار و بەرد و ڕووبار لە هەمان گەردیلە و ماددە دروستبووە، کەواتە پاک و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە ئەم شکڵ و شێوە جیاوازانەی پێبەخشیون و مرۆڤیشی هیدایەتداوە.

سێیەم نیشانە کە جەیمس ویستی بە تیۆرەکەی بیپێکێت بریتیبوو لە سەرخستنی تێڕوانینی میکانیکی_ئاسا بۆ سروشتی مرۆڤ، یان ئەوەی بە (وروژێنەر و وەڵامدانەوە)ی ڕەفتار ناسراوە، کە پێشتر باسمانکرد، ئەم تێڕوانینە ڕۆڵی بیرکردنەوەی نێوخۆیی کەمدەکاتەوە و جەخت تەنها لە وروژێنەر و وەڵامدانەوەکان دەکاتەوە، کە دەتوانین بیانبینین و بیانپێوین، ئەمەیش وادەکات گرنگیی زیاتر بە وەڵامە جەستەییەکان بدەین کە ئاسان تێبینیدەکرێن و دەپێورێن.

چوارەم: پشتگیریی ئەو فیکر و فەلسەفەیەی کە دەروونناسیی نوێ پەیڕەویدەکات، کە داننانێت بەوەی مرۆڤ خێر و شەڕ لە دەستی خۆیدایەتی و ئەوەی دەیکات بەرهەمی هەوڵی خۆیەتی، بەڵکو پێیوایە کە مرۆڤ ئاژەڵێکی بێئیرادەیە و ملکەچی ژینگە و بۆماوەیە ئازادییەکی ڕاستەقینەی نییە لەو شتانەدا کە دەیانکات، ئەمەیش ئەو تێڕوانینە کرچوکاڵەیە لە دەروونناسیی نوێ کە دەچێتە خانەی (عەلمانیبوون)ەوە.

# له نێوان عەقڵ و مێشکدا

ئەم تێڕوانینە تێڕوانینی ئایینی بۆ سروشتی مرۆڤ دەخاتە خانەی ململانێیەکی هەمیشەییەوە لەگەڵ پاشخانی فەلسەفیی ماددیی ئیلحادی، کە بونیاتی دەروونیی ڕۆژئاوای لە سەر کراوە، چونکە دین عەقڵ بە هۆکاری تەکلیف دەزانێت کە هانی مرۆڤ دەدات ئەو شتەی سوودی پێدەگەیەنێت هەڵبژێرێت و دوورکەوێتەوە لەوەی زیانی لێدەدات، ئەگەرچی ئەم هەڵبژاردنە پێچەوانەی ئارەزووەکانیشی بێت، بە پێچەوانەی ئاژەڵەوە مرۆڤ هەندێک لە هەڵچوونەکانی کپدەکاتەوە و چێژوەرگرتن لەو شتەی حەزی لێیەتی دوادەخات بۆ کاتێکی گونجاو و لەبار بۆ ئەو چێژە، ئەگەر واینەکرد ئەوا خۆی بەرپرسیاردەبێت لەو زیانەی کە توشیدەبێت.

چی ڕێگری لە مرۆڤ دەکات کە وەکو ئاژەڵ ڕەفتاربکات؟ ئایا مێشکیەتی کە لە مەیمونەوە گەشەیکردووە، یان ئەو عەقڵەی کە سروشتێکی ڕۆحی هەیە و یاسا ماددییەکان بەڕێوەینابەن، ئایا ئە عەقڵەیە کۆنترۆڵیدەکات؟ ئەم جیاوازییە لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە کۆڵەکەی سەرەکیی هەموو بیروبۆچوون و تیۆرە دەروونییەکان و جێبەجێکردنیانە، بۆیە دەبێت تۆزێک لە سەری بوەستین و هەروا بە سانایی بەڕێینەکەین، هەر لەبەر ئەمەیش قسەکانمان سادەدەکەینەوە بۆ ئەوانەی پسپۆڕی بوارەکە نین، ئەوانەیشی پسپۆڕن داوایان لێدەکەم کەمێک ئارامگر بن لەگەڵ ئەو بابەتە سادانەدا کە بە قووڵی شارەزاین.

سەرەتا دەڵێم ئاساییە کە ڕێبازی ماددیی نادینیی عەقڵ و دڵێک قەبوڵنەکات کە ڕەهەندی ڕۆحانی هەبێت و تەواو ملکەچی یاسا ماددییەکان نەبێت، چونکە ئەمە لە بنچینەوە بونیاتی ماددیگەرایی نادینی

و تەلاری داروینی هەڵدەتەکێنێت، چونکە پایەی سەرەکیی ئەم بونیاتە جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا نییە تەنها ئەوە نەبێت مرۆڤ مێشکێکی پێشکەوتووی هەیە، ئەمە ئەو بیروباوەڕەیە کە زانستی ڕۆژئاوایی نوێ بڕوای پێیەتی و وەکو ئایینێکی نێردراو لێیدەڕوانن و دەروونناسیی نوێیش شوێنیکەوتووە.

لەم تێڕوانینەوە لە زیادەڕۆیی (ڕەفتارگەراکان) و ماددیگەراکان تێدەگەین لە بارەی (بەئاژەڵکردن)ی مرۆڤەوە، بۆیە توندڕەوەکانیان قەبوڵی زاراوەی (عەقڵ) ناکەن تەنها ئەو کاتە نەبێت کە مەبەست لێی مێشک بێت بە ڕەهەندە ماددییەکەی کە لە ناو سەرماندا هەڵمانگرتووە، نەفسی مرۆڤ و ڕۆح و دڵ بە واتا ڕۆحییەکەی، یان هەر شتێکی تر کە ماددیی بەرجەستە نییە بە نیسبەت ئەوانەوە بوونێکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو ڕووکار و لێکەوتەیەکی جەستەیە، بەڵگە بۆ ئەم تێگەیشتنە تەسکبینەشیان بەوە دەهێننەوە کە کاتێک جەستەی مرۆڤ توشی ڕووداوێک، یان ڤایرۆسێک دەبێت دەبێت هەموو هەڵچوون و تەواوی کەسێتی دەگۆڕێت، لەوانەیە ڕەفتاری هەڵچوونی بگۆڕێت و میزاجی توند بێت بە هۆی بچووکترین هۆکار تورەببێت کە پێشتر کەسێکی هێمن بووە، یان توشی شەپلە (شلل) بێت، یان توانای قسەکردن لەدەستبدات، یان هەر کێشەیەکی تر، کەواتە ئەم تێڕوانینە ماددییە مێشکی بەو توێژاڵە خۆڵەمێشییەوە کردووە بە پاشایەکی زاڵ بە سەر هەموو چالاکییە جەستەیی و عەقڵییەکانی مرۆڤەوە، کەوا بێت –وەکو ئەوان دەڵێن– چ پێویستییەکمان بە پێکهاتەیەکی دەڵەمەیی، یان ڕۆحانیی تر هەیە کە کۆنترۆڵی چالاکییە دەروونی و جەستەییەکانی مرۆڤ بکات؟

بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشییە توێژینەوە نوێیەکان کە بە هۆی شۆڕشی مەعریفیی هاوچەرخەوە کراون لە بارەی زانستی دەمارناسی لەلایەن زانلگەلێکەوە ڕەتیدەکەنەوە، کە کوێرانە ملکەچی دەکارگیریی فیکری

ئیلحادی بن، سەرەڕای ئەمانەیش توێژینەوە بنچینەییەکانی دەروونناسی (ئەودیو هەستەکان)، یان ئەوەی پێیدەگوترێت (پاراسایکۆلۆژیا) بوونە بەرەبەست لە بەردەم فیکری ماددیی تێڕوانینە تاک_ڕەهەندەکەی بۆ سروشتی مرۆڤ_هەڵچوونەکانی، بۆیە بە هاوکاریی شۆڕشی مەعریفی لە دەروونناسیدا لەگەڵ توێژەرانی زانستی دەمارناسی دووبارە گرنگی بۆ ڕۆڵی عەقڵ و هەست و ئاگایی مرۆڤ گەڕایەوە، لەم بارەیەوە (جۆن ئیکلز John Eccles) زانای دەمارناسی و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ عەقڵێکی نامادی، یان (نەفسێکی درکپێکەری هەیە و ناکرێت کاری کۆئەندامی دەمار و ئاگایی مرۆڤ لێکبدرێتەوە بەبێ هەبوونی عەقڵێک، یان پێکهاتەیەک کە کۆنترۆڵی مێشکی بکات[١]. ئەمەیش ئەو و زاناکانی تری هاوبۆچوونی نزیکدەکاتەوە لە قەبوڵکردنی سروشتی ڕۆحیی مرۆڤ.

ئەم زانایانە مێشک دەچوێنن بە ئامێری تەلەفیزیۆن و عەقڵ بە نووسینگەی پەخش، کاتێک ئامێری تەلەفیزیۆنەکە تێکدەچێت، یان وێنە باش ناگوازێتەوە خاوەنەکەی پەیوەندیناکات بە نووسینگەی پەخشەوە بۆئەوەی گازندەی خۆی پێیانبگەیەنێت، بەڵکو ئامێرەکەی دەبات بۆ لای وەستایەکی شارەزا بۆ چاککردنەوە بۆئەوەی شەپۆلە نێردراوەکان وەربگرێت، بۆیە عەقڵ وەکو ئامێری پەخش کاردەکات، ئەو بڕیاردەدات کە پێویستە مێشک چی بکات لە ڕێگای شەپۆلە نەبینراوەکانیەوە، جا کاتێک مێشک توشی کێشەیەک دەبێت و ئەرکەکانی پەکیدەکەوێت و ناتوانێت شەپۆلە ڕۆحییەکانی عەقڵ وەربگرێت وەکو تەلەفیزیۆنێکی سووتاو وایە، کە توانای وەرگرتنی شەپۆلی نووسینگەی پەخشی نابێت.

کەواتە گۆڕانی حاڵەتەکانی هەڵچوون و جەستەیی مرۆڤ بە هۆی

---

1. Eccles, J. Evolution of the brain, Creation of the self. London: Routledge Publishers, 1991. (تطور الدماغ: خلق الذات)

لەکارکەوتنی مێشکیەوە ناکرێت ببێتە بەڵگە لە سەر نەبوونی کاریگەریی عەقڵ و لایەنی ڕۆحیی ناماددی لە سەر هەڵسوکەوتی، بۆیە نموونەی ئەو کەسانەی ئینکاریی هەبوونی عەقڵ دەکەن و شوێن ئەو فیکرە ماددییە دەکەون، کە پێیوایە دەماغ خاوەنی هەموو شتێکە وەکو ئەو منداڵە ساویلکەیە وایە کە وادەزانێت ئەو کەس و ئاژەڵانەی لە تەلەفیزیۆندا دەیانبینێت بە ڕاستی لە ناو چوارچێوە و ئامێری تەلەفیزیۆنەکەدان، جا ئەگەرچی زانا ئیکلز و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ئەم توێژینەوانەیان بۆ ئەوە نەکردووە پشتگیریی فیکری ئایینی بکەن، بەڵام ئەنجامی توێژینەوەکانیان زیادەڕۆیی ماددیگەراکانی ڕەتکردەوە و جەختی لە سەر هەبوونی لایەنی ڕۆحی لە ناو مرۆڤدا کردەوە، ئەمەیش گرنگیی خۆی دەبێت لە سەر توێژینەوەکانی ئێمە بۆ هەڵچوون و سۆزەکان لە دیدگای ئیسلامییەوە.

ئەم توێژەرانە تەنها بە بەڵگەکانیانەوە نەوەستان، بەڵکو بە توێژینەوەی ئەزموونیش هەوڵی ڕەتکردنەوەی زاڵبوونی ڕەهای مێشکیان دا بە سەر ڕەفتاری مرۆڤەوە، یەکێک لە توێژینەوەکانیان ئەوە بوو کە وروژێنەری کارەباییان بۆ مێشک بەکارهێنا بۆ بەڵگەهێنانەوە لە سەر ئەوەی هەندێک جار دەکرێت مێشک فەرمان بە جووڵەیەک بکات لە لەشی مرۆڤدا وەکو دەستبەرزکردنەوە لە کاتێکدا کەسەکە نایەوێت دەستی بەرزبکاتەوە، واتە مێشک هەیە و ئاگاییەک (وعی)ی مرۆڤیش، یان عەقڵێک هەیە کە نایەوێت فەرمانەکانی دەماغ جێبەجێبکات، کەواتە ئەگەر دەماغ بە تەنها زاڵ بێت بە سەر ڕەفتاری مرۆڤ و بیر و لایەنی سۆزداریدا، ئەوا ئەستەمە فەرمان بە شتێک بکات، بەڵام ئاگایی مرۆڤ بە پێچەوانەی ئەوەوە شتێکی تری بوێت.

بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیەیش ئەزموونێکیان کرد بەوەی تەوژمی کارەباییان بەکارهێنا بۆ وروژاندنی ناوچەیەکی دیاریکراو لە مێشکدا

لە سەر نەخۆشێکی خۆبەخش کە نەشتەرگەریی مێشکی بۆ دەکرا، ئەو کارەیان وایکرد دەستی بە توندی بەرزبکاتەوە، چونکە ئەو ناوچەیەی پەڕەی مێشک بەرپرسە لە جووڵاندنی ماسولکەکانی دەست، بەڵام دواتر بەو کەسەیان گوت: دەستت بەرزمەکەرەوە و ئەویش گوتی: باشە. کاتێک دووبارە ئەو ناوچەیەیان وروژاندەوە دیسانەوە دەستی بەرزبووەوە، کاتێک توێژەرەکە پێیگوت: من نەمگوت دەستت بەرزمەکەرەوە، ئەویش گوتی: ئەوە من نیم دەستم بەرزدەکەمەوە، بەڵکو لە خۆیەوە دەجووڵێت.

کەواتە مێشک بەرزکردنەوەی دەویست و ئاگایی نەخۆشەکەیش، یان عەقڵی ئەوەی نەدەویست، ئەگەر ئەم پرۆسەیە چەندبارە بکرێتەوە، ئەوا ئەو کەسە بە دەستەکەی تری ئەو دەستەی دەگرێت، یان ناهێڵێت بەرزببێتەوە، ئەمەیش واتای ئەوەیە عەقڵ هەوڵدەدات ڕێگری لە مێشک بکات بۆیە مێشک فەرمانداری یەکەم و کۆتایی نییە لە مرۆڤدا.

یەکێکی تر لە بەڵگە بەهێزەکان لە سەر ئەوەی کە مێشک تەنها نییە لە کاریگەری لە سەر بیر و شۆز و کەسێتیی مرۆڤ ئەو دیاردەیەیە کە زۆرێک لە زانایان تەنانەت ئەوانەیشی کە بڕوایان بە زاڵبوونی عەقڵ هەیە بە سەر مێشکدا زۆر نەچوون بە لایدا ئەویش دیاردەی (دوانەی هاوشێوە) و پێکەوەلکاون، چونکە دوانە هاوشێوەکان وەکو پێشتر باسمانکرد لە یەک هێلکەی دایک و یەک سپێرمی باوک دروستبوون و دواتر هێلکەکە بووە بە دوو بەشەوە، ڕاستە هەر بەشێک لەو دوانە بە سەربەخۆ گەشەدەکات بەڵام هەمان سیفەتی جینی و بۆماوەییان هەیە، ئەمەیش وەکو ئەوەیە کە هەردوو منداڵە دوانەکە بە تایبەتمەندیی یەک مێشک بژین.

توێژینەوەکان لە سەر ئەم دوانانە ئەنجامدراون دەریانخستووە کە دوانەکان لە ڕووی ئەندامییەوە وەکو ڕووکاری دەموچاو و درێژی و هەندێک سیفەتی دەروونی وەکو زیرەکی لەیەکدەچن، بەڵام لە ڕووی

کەسێتییەوە زۆر جیاوازن، لەوانەیە یەکێکیان زۆر لەخواترس و ئەوی تر تاوانکار و سەرپێچیکار دەربچێت، بۆیە لەیەکچوونی ژینگە و هاوشێوەیی بۆماوەیی بەس نییە بۆئەوەی لە ڕووی ڕەوشت و کەسێتییەوە لە یەکتر بچن، باشە چۆن دەکرێت دوو مێشکی هاوشێوە ئەم هەموو جیاوازییە بهێنێتەئاراوە؟

بەڵام بەڵگە قەناعەتهێنەر و تەواوەتیمان لەو دوانانەوە دەستدەکەوێت، کە بە دوانەی سیامی ناسراون، ئەوان کاتێک لەدایکدەبن بە یەکەوە نوساون، هەندێک جار پزیشکەکان دەتوانن لەیەکیانجیابکەنەوە هەندێک جار ناتوانن، چونکە لەوانەیە بە هۆی نەشتەرگەرییەکەوە یەکێکیان بمرێت، با نموونە بە حاڵەتێک بهێنینەوە کە زۆر ناسراوە، لە ساڵی (١٩٦١)دا دوانەیەک لە ئەمریکا لەدایکبوون بە دوو لەشی جیا و دوو سەری بەیەکەوەنوساو و دوو مێشکی تێکەڵەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو ئەو دوانە لە ڕووی سیمای کەسێتی و ڕەفتاری سۆزدارانەوە زۆر لەیەکجیابوون، یەکێکیان زۆر کراوە بوو حەزی لە مۆسیقا بوو خەڵاتیشی وەرگرت تێیدا، ئەوی تر زۆر گۆشەگیر بوو لە نەخۆشخانەیەکدا وەکو پاککەرەوە کاریدەکرد، باشە یەک مێشک چۆن ئەم هەموو جیاوازییەی لێکەوتەوە؟ هەروەها لە هیندستانیش منداڵێک لەدایکبوو بە دوو سەر و دوو مێشکەوە، باشە دەبێت کامیان کۆنترۆڵی ڕەفتاری سۆزداری بکات کاتێک گەورەدەبێت؟

هەروەها یەکێکی تر لەو هۆکارانەی بڕوابوون بە لێکدانەوەی ماددی و کاریگەری لە سەر ڕەفتاری هەڵچوونی مرۆڤ لاوازدەکات ئەزموونەکان و توێژینەوەکانی (دەروونناسیی ئەودیو هەستەکان)ە یان ئەوەی پێیدەگوترێت (پاراسایکۆلۆجی Parapsychology)، چونکە ئەگەر مێشک و وروژێنەرەکانی دەوروبەر تاکە ڕێگا بێت بۆ زانینی هەڵچوون، ئەوا هیچ لێکدانەوەیەک نییە بۆ ئەو کەسانەی کە زانیاریی وردیان

دەستدەکەوێت، یان هەست و سۆزیان دەگۆڕێت بە ڕێگاگەلێک کە هیچ لێکدانەوەیەکی ماددی هەڵناگرن، بۆ نموونە گواستنەوەی بیروبۆچوون و سۆز لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر کە سەدان و هەزاران میل لێیەوە دوورە بە دیاردەیەک کە پێیدەگوترێت (بەبیرداهاتنی هاوشێوە Telepathy)، کە زانست بە توێژینەوە ئەزموونییەکانی سەلماندوویەتی لە مرۆڤ و ئاژەڵیشدا بە چەندین ڕێگا، بەڵام لە گرنگیی ئەم ئەنجامانە کەمدەکرێتەوە بە بیانووی ئەکادیمی و کپکردن و بانگەشەبۆنەکردن لە دیدارە زانستییەکاندا، لەبەرئەوەی لەگەڵ فیکری ماددی تێکدەگیرێن.

ئەو دیاردەیەی مێژووی ئیسلامی تۆماریکردووە بۆ ئیمامی عومەر -ڕەزای خودای لێبێت- کاتێک لە مەدینەوە لە کاتی نوێژی هەینیدا هاواریکرد: (ئەی ساریە...، بۆ شاخەکە، ئەی ساریە...، بۆ شاخەکە)، ساریەی موڕی زەنیمی دوئەلیش کە فەرماندەی سوپای ئیسلامی بوو لە وڵاتی فارس گوێی لە دەنگی بوو لە کاتێکدا دوژمن کۆبووبووەوە و ئەوانیش کەوتبوونە بەر هەڕەشەیەکی مەترسیدار، کاتێک گوێی لە دەنگی عومەر بوو پەنایبردەبەر شاخەکە و بە سەر دوژمندا سەرکەوت[١].

هەروەها عەلمانییەکان ناتوانن تەفسیری دیاردەی (چاوتیژی Clairvoyance) بکەن، کە جاری وایە لە هەندێک کەسدا هەیە کە شتێک دەدۆزنەوە لە شوێنی نادیاردا، هەروەها خەوی پێشبینیکار دەچێتە ئەم چوارچێوەیەوە کە لە بەشی داهاتوودا بە درێژی باسیدەکەین، لەو خەوەدا خەونەکە بە هەموو وردەکارییەوە، یان هەندێکی دێتەدی، ژنەزانا (جولیا مۆسبریج) کە مامۆستای دەمارناسییە (Neuroscience) دوای (١٥ ساڵ) لە توێژینەوە لە سەر کۆمەڵێک کەس لە زانکۆی نۆرس وێسترنی ئەمریکی سەلماندی کە توانای خەو بۆ پێشبینیی داهاتوو هیچ

---

١.الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير (توفي ٣١٠هـ)، تأريخ الرسل والملوك، تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم، مصر:دار المعارف، ج٢، ص٥٣٣.

گومانی تێدا نییە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زانا و داهێنەرێکی زۆر ئەوەیان پشتڕاستکردووەتەوە، کە نەیاندەتوانی ئەوەی بەدەستیانهێناوە بیکەن ئەگەر هەندێک ڕێنموونی نەبایە کە لە خەودا بینیویانە، لە سەرووی هەموو ئەوانەوە زانای بەناوبانگی فیزیا (ئەنیشتاین) کە تیۆری ڕێژەییەکەی لە خەوێکیەوە هەڵهێنجاوە کە لە گەنجێتیدا بینویەتی بە کۆمەڵێک مانگاوە کە لە تەلی بارگاوی کارەبا ڕایانکردووە، هەروەها (واتسۆن) کە خەڵاتی نۆبڵی ساڵ ١٩٦٢ی وەرگرتووە لە سەر دۆزینەوەی شێوە لولپێچی کیمیایی ترشی ناوکی (DNA) ئەویش ئەو شێوەیەی (دی ئێن ئەی) لە خەویدا بینیوە، هەروەها (هاو) داهێنەری مەکینەی بەرگدروون شێوەکەی لە خەوێکەوە بۆ هاتووە.

هەروەها عەلمانییەکان هیچ لێکدانەوەیەکی مادییان نییە بۆ دیاردە جووڵاندنی شت لە دوورەوە (Psychokinesis)، کە لە لای هەندێک کەس هەیە، یان دیاردەی هەستتیژی لای کەسێک کە لە سەرەمەرگدایە، یان ئەوانەی توشی نەخۆشییەکی کوشندە بوون تا لێواری مەرگ ڕۆیشتوون و گەڕاونەتەوە بۆ ژیان (near death phenomenon)، کە دیارترینیان لە ژنێک ڕوویداوە کە بە کوێری لەدایکبووە، دواتر دوای باڵغبوونی نەخۆشکەوتووە کە بە هۆیەوە ئاگایی لەدەستداوە و دکتۆرەکەی دوای هەوڵێکی زۆر بە هاوکاریی یاریدەدەرەکانی لێیبێئومێدبووە کە بژی، بەڵام دوایی گەڕاوەتەوە بۆ ژیان و ئەوەی دکتۆرەکە کردوویەتی بە وردی وەسفیکردووە، یان ئەو قسانەی لەگەڵ هاوکارەکانی کردوویەتی لەو کاتی بێئاگاییەی ئەودا، هەروەها بە هەڵچوونەوە باسی خۆی کردووە کاتێک لە سەر جێگەی مردن پاڵکەوتووە و ئەندامانی خێزانەکەی و خەڵکی لە دەوری بوون، ئەو لە کاتی ئەو نەخۆشییە کوشندەیەدا یەکەم جاری بووە ئەم شتانەی بینیوە، بەڵام کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ ژیان دیسانەوە وەکو پێشوو هەر کوێر بووە.

لەوانەیە یەکێک لە دیاردە سەیر و نامۆکان کە پەیوەندیی بەم لقەوە هەبێت قسەکردن بێت بە زمانێک، کە کەسەکە پێشتر نەیزانیوە، بەڵام دوای ئەوەی بە هۆی ڕووداوێکەوە توشی شڵەقانی مێشک دەبێت قسەی پێدەکات، زانایان بە تۆماری دەنگی سەلماندوویانە کە هەندێک لەوانەی توشی ئەم جۆرە ڕووداوانە بوون بە زمانێک قسەیانکردووە نەیانزانیوە تا پێیانگوتوون ئەمە فلان زمانە، یان لە زمانەکەی خۆیاندا بە دیالێکتێکی تر قسەیانکردووە، توێژەران ئەم دیاردەیەیان لە زۆر شوێن بینیوە، لە ئەورووپا و ئەمریکا و کۆریا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بەڵام یەکێک لە هەرە حاڵەتە قەناعەتهێنەکان لە سەر ئەم دیاردەیە ئافرەتێک بوو لە ئەمریکا، کە هەرگیز شارۆچکەکە خۆی بەجێنەهێشتبوو، بەڵام دوای ڕووداوێک تەماشادەکات بە زمانێکی ڕووسیی پاراو قسەدەکات، زانایان ئەم دیاردەیەیان ناونا (نەخۆشیی قسەکردن بە زمانێکی بیانی (Foreigh Accent Syndrome)، بەڵام ناونانی دیاردەیەکی دیاریکراو کە دەروونناسی بە تێڕوانینە ماددییەکەی نەیتوانیوە تەفسیرێکی تەواوی بکات واتای ئەوە نییە کە کێشەکە چارەسەرکراوە، چونکە ئەوە تەنها ناونان و دیاریکردنە.

مێژووی ئسلامیمان پڕیەتی لەو جۆرە دیاردانەی کە تەفسیری ماددی هەڵناگرن، بەڵام وەحیی خوایی و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێبێت) پشتڕاستیاندەکەنەوە، بەڵام کە ئێمە بەڵگە توێژەرە ڕۆژئاواییەکانمان هێنا تەنها لەبەرئەوە بوو کە لە خۆیان شایەتیان بۆ بهێنین، بۆیە پێویستە توێژەری مسوڵمان جیاوازی لە نێوان ئەم دیاردانە و موعجیزەی پێغەمبەراندا بکات، یەکەمیان لە ڕۆحانیەتی مرۆڤ و نەفخی ڕۆحی خواییە، یان پەیوەندیی ڕۆحیی مرۆڤ بە جیهانێکەوە کە نازانین چۆنە، ئەمەیان دەکرێت بۆ مسوڵمان و نامسوڵمان ڕووبدات، بەڵام موعجیزە و کەراماتی پیاوچاکان شتێکی ترە، لەم بوارەدا من

توێژینەوەی مەیدانیم هەیە، کە بۆ (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی) ئەنجامداوە لە ئەسیوپیا و سوودان لە چوارچێوەی چارەسەری دەروونیی تەقلیدیدا، ئەوەم بە ڕوونی بۆ دەرکەوت کە ئێمە تەنها نین لەم جیهانەدا، ئەمە ئەزموونێکە عەقڵی ماددی دانیپێدانانێت کە خۆی لە چوارچێوەی تێڕوانینی ماددی بۆ بونەوەر قەتیسکردووە.

ئەم توێژینەوانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە پێشتر باوەڕمان پێی هەبووە لە نەفخی خوایی لە ڕۆحی خۆی بۆ ئەو قوڕەی لێیدروستبووین، ئەم پێکهاتە ڕۆحییەیە کۆنترۆڵی مێشک و بیروبۆچوون و سۆزەکانمان دەکات، هەر ئەمیشە وا لە مرۆڤ دەکات درکی خۆی بکات، لێرەدا جێگای ئەوە نییە گفتوگۆی چیەتی و پێکهاتەی ئەو شنەبای ڕۆحە بکەین، کە دەستدەگرێت بە سەر هەموو چالاکییە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری و ڕۆحییەکانماندا، هەر ئەوەیە کە قورئان ناویناوە (القلب – ئاوەز) و خەڵکی پێیدەڵێن (عەقڵ)، کە عاقڵمەندی گەورەترین ئەرکەکانیەتی، ئەم جۆرە گفتوگۆیە دوورماندەخاتەوە لە مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەمان، بۆیە کاتێک باسی عەقڵ (Mind) دەکەین، دەمانەوێت بەو چەمکانە قسە لەگەڵ دەروونناساندا بکەین کە خۆیان دایانهێناوە، ئەگەرنا ئێمە بڕوامان بە چەمکە ئایینییەکان هەیە وەکو (القلب – ئاوەز).

دوای ئەوەی قەناعەتمانکرد کە مێشک تاکە ڕۆڵگێڕ نییە لە دیاریکردنی هەڵسوکەوت و چالاکیی جەستەیی و دەروونی و سۆزداری، بەڵکو خزمەتکار و گوێڕایەڵی عەقڵ، یان ئاوەزی ڕۆحییە، ماوەتەوە باسی ئەو چۆنیەتییە بکەین، کە ئەم مێشک و کۆئەندامی دەمارە چۆن ئەو شتانە جێبەجێدەکەن کە عەقڵ و ئاوەز بە شێوەیەکی گشتی فەرمانیان پێدەکەن؟ بە شێوەیەکی تایبەتی بە لایەنی سۆزداریی مرۆڤ، ئەگەرچی میشک و دەمار پێکهاتەی ماددین و دەتوانین هەندێک لایەنی چالاکییان ببینین، بەڵام وەکو دواتر باسیدەکەین ئاڵۆزترین دروستکراوی خودان.

## ئیعجاز لە دروستکردنی مێشک و دەمارەکانیدا

لەم کتێبەدا بوار نییە بە درێژی باسی فسیۆلۆجیای کۆئەندامی دەمار و هۆرمۆنەکان و چالاکبوونیان بکەین لە کاتی هەڵچووندا، بەڵام هەندێک زانیاریی گشتی کورت و پوخت پێشکەشدەکەین تا خوێنەرێک کە پسپۆڕ نییە لە بوارکەدا گەورەیی خودای بۆ دەرکەوێت لە دروستکردنی مێشکی مرۆڤ و دەمارەکانیدا، هەروەها لە چالاکیی هۆرمۆنی لە لەشیدا، چونکە بە ڕاستی ئەم موعجیزە سەرسوڕهێنەی ناوی مێشکە جێگای تێڕامان و وردبوونەوەیە، زانایانی بواری شیکاریی کۆئەندامی دەمار و ئەرکەکانی کۆکن لە سەر ئەوەی کە ئاڵۆزترین و نادیارترین شتێک لەم بونەوەرەدا هەبێت ئەستێرەیەک نییە کە هەزاران ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورە، یان ئەو ڤایرۆسانە نین کە زانستە نەیتوانیوە چارەسەرێک بۆ نەخۆشییەکانیان بدۆزێتەوە، بەڵکو ئاڵۆزترین و تەماویترین دروستکراو لە بونەوەردا ئەم پێکهاتە بچووکەیە کە کێشەکەی (٣ ڕەتڵ) زیاتر نییە، کە هەر یەکێک لە ئێمە لە ناو کەللەی سەریدا لە شوێنێکی مەحکەم هەڵیگرتووە.

دەیڤید ئیگڵمان ((David Eagleman[١] لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (نهێنییەکانی مێشک) کە بووە پڕفرۆشترین کتێبی ساڵی ٢٠١٢ دەڵێت: مێشکی مرۆڤ ئاڵۆزترین بونەوەرە، چونکە دەمارەخانەکانی کە ژمارەیان سەدان بلیۆن دەبێت بە شێوەیەکی موعجیزەئاسا پێکەوەبەستراون، ژمارەی دەمارە پێکەوەبەستراوەکان لە تەنها ملیمەترێکدا لە ناو مێشکدا دەگاتە ژمارەی هەموو ئەستێرەکانی ناو گەلەئەستێرەی کاکێشان (مجرة درب التبانة)، کە سەدان بلیۆن ئەستێرەی تێدایە.

---

1. Eagleman,David.(2012). Incognito: The secret lives of the brain, Amazon.com.

(التخفي: الحياة السرية للدماغ)

بۆیە ئەگەرچی قەبارەی بچووکە، بەڵام سەرپەرشت و جێبەجێکاری هەموو چالاکییەکانی مرۆڤە لە چالاکیی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری و ڕۆحی و ڕێکخستنی جووڵەی لەش و درککردن بە بیستن و بینین، تێفکرین و خەیاڵکردنەوە و توانای چارەسەری کێشەکان، هەڵگرتن و پاراستنی زانیارییەکان لە یادگەدا، بە ڕاستی زانستی سەردەم دەستەوسانە لە تێگەیشتن لێی، چۆن چێژ لە جوانی وەردەگرێت هەڵچوون دروستدەکات لە خۆشەویستی و ترس و تورەیی و دڵخۆشی و هەموو سۆزەکانی تر... بە کورتی هەرچییەک مرۆڤ هەستیپێدەکات و دەیکات لەم دنیایەدا، ئەگەرچی قەبارەکەی ٢٪ی لەشی مرۆڤە، بەڵام وزەیەکی زۆری لەش بەکاردەهێنێت لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە دەیگێڕێت لە ژێر سەرپەرشتیی عەقڵدا، نزیکەی ٢٠٪ی گلوکۆز و ئۆکسجینی لەش بەکاردەهێنێت، خانەکانی هیچ کاتێک لە کار ناوەستن، شەو و ڕۆژیان بۆ نییە، جا خاوەنەکەی بەئاگا بێت یان بێئاگا.

لەگەڵ ئەوەدا کە بڕوامان بە باڵایی عەقڵ هەیە بە سەر مێشکدا، بە تایبەتی لەو چالاکییانەدا کە پەیوەندییان بە ئاگایی و ئازادیی مرۆڤەوە هەیە لە هەڵبژاردنی خێر و شەڕ، بەڵام لەم باسەدا تیشکدەخەینەسەر چالاکییە ماددییەکانی مێشک.

زانایان دوای شۆڕشی کۆمپیوتەر و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان هەوڵیاندا نهێنییەکانی چالاکیی مێشکی مرۆڤ بدۆزنەوە لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە، لەم بارەیەوە (دەیڤید ئۆتۆسۆن)[1] کە یەکێکە لە ناودارانی بواری کۆئەندامی دەمار و ژمێرەی ئەلیکترۆنی، دەڵێت: ئەستەمە زانایانی دەمارناسی پەی بە نهێنییەکانی مێشکی مرۆڤ بەرن بە وردی، نە لە ئێستا

1.Ottoson, David. Challenges and Perspectives in Neuroscience, Pergamon Pr. 1st edition,

(التحديات ووجهات النظر في علم الأعصاب ١٩٩٥).

و نە لە داهاتوودا، چونکە تەنانەت خودی مێشکی مرۆڤ ناتوانێت پەی بە خۆی بەرێت، هەروەها زانایانی بواری کۆمپیوتەریش نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا ناتوانن ئامێرێک دروستبکەن بگاتە ئاستی مێشک، چونکە توانای مێشکی مرۆڤ پێویستی بە ملیۆنێک کۆمپیوتەری پێشکەتوو هەیە لە یەک کاتدا کاربکەن کە نزیکەی سەدهەزار ئەمپێر کارەبا بەکاردەهێنن، بەڵام مێشکی مرۆڤ هەموو ئەم کارە بێوێنەیە دەکات تەنها بە دەیەکی ئەمپێرێک، باشە ئەگەر زانست دەستەوسان بێت لە بەرانبەر مێشکدا ئەی باشە دەبێت بەرانبەر عەقڵ و ئاوەزێک چۆن بێت کە هێزێکی ڕۆحی هەیە و زاڵە بە سەر ئەم مێشکەدا؟ لێرەدا مرۆڤایەتی لە بەرانبەر نهێنییەکدا دەوەستێت کە دەرگاکانی زۆر مەحکەم داخراون: (قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلا قَلِيلا). واتە: (پرسیارت لێدەکەن لە بارەی ڕۆح کە چییە و چۆنە؟ بڵێ: ڕۆح بەشێکە لە فەرمانی پەروەردگارم و بە دەست ئەوە -نازانم چییە و چۆنە- و هیچتان پێنەبەخشراوە لە عیلم و زانست تەنها شتێکی کەم نەبێت) [الإسراء ٨٥]. ئێمە نازانین ئەم پەرییە ڕۆحییە چۆن پەیوەنەدی لەگەڵ مێشکدا دەگرێت؟ نایشزانین ئایا دڵ ڕۆڵی هەیە لەم پەیوەندییەدا؟ بەڵام ڕۆژانە لە بارەی دۆزینەوەی نوێوە دەخوێنینەوە کە زیاتر ئەم موعجیزەیەمان بۆ دەردەکەوێت، توێژینەوەکانی بواری چاندنی ئەندامەکان ئەوەمان بۆ دووپاتدەکەنەوە کە دڵی مرۆڤ تەنها ترومپایەک نییە، بەڵکو کۆئەندامی دەماری تایبەت و یادگەی خۆی هەیە و ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە لە ڕەفتاری سۆزداریدا، بۆیە ئەو نەخۆشەی دڵی کەسێکی تری بۆ دادەنرێت هەڵچوونەکانی کاریگەریی کەسی یەکەمی لە سەر دەبێت، ئەگەر خودای گەورە زانیاری پێنەداوین لە سەر ڕۆح کە زاڵە بە سەر ئاگایی و سۆزەکانماندا لە ڕێگای بەکارهێنانی مێشکەوە، خۆ ڕێگای لێنەگرتووین کە بە دوای نهێنییەکانی مێشکماندا بچین کە سەرسوڕهێنن و قەت تەواونابن، بۆیە با هەندێک باسی ئەو بابەتە

سەرسوڕهێنانە بکەین کە تایبەتن بە بابەتی سۆزداری.

مێشک ملیۆنان بگرە بلیۆنان ئاماژە و هەستی دەماری لە ئەندامە جیاوازەکانی جەستە و هەستەوەرەکان و ژینگە و دەوروبەری مرۆڤەوە پێدەگات، هەروەها لە ناوخۆی و لە خەیاڵدانەوە، ئەم مێشکە موعجیزەئاسا لە مەبەستەکانیان دەگات و ڕێکیاندەخات و فەرمانی پێویستیان لە بارەوە دەردەکات و پارێزگاری لە تەندروستی و بالانسی بایۆکیمیاییان دەکات بە کۆنترۆڵکردنی کۆئەندامە جیاوازەکان وەکو هەرس و هەناسەدان و سوڕی خوێن و خێرایی لێدانی دڵ و دەرهاویشتن، هەروەها ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە چارەسەرکردنی کێشەکانەوە هەیە، یان بیرکردنەوەی ورد بە هۆی ئەزموونی ڕابردووەوە و خەیاڵ والادەکات لە بارەی ئەو ڕووداوانەی دەکریت لە داهاتوودا ڕووبدەن، یان ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە کاردانەوەی خێرای هەڵچوونەکان و بڕیاری کۆتایی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان و بەرپەرچدانەوەی دوژمنان هەیە، یان ڕاکردن یان وروژاندنی سۆزی خۆشەویستی و داڕشتنی لە قاڵبی وتەی جواندا وەکو شیعر.

بێگومان ئەم چالاکییە جۆراوجۆانە دەبێت بەرپرسێکی لێزان و سەرۆکێکی زانایان هەبێت، پێکهێنەرەکانی کۆئەندامی دەماریشی پێویستە لە ناو خۆیاندا ئیش و بەرپرسیارێتی دابەشبکەن لە ژێر فەرمانی ئەم سەرۆکەدا، زانایانی ڕۆژئاوا دەڵێن (مۆخ Cerebrum) کە ٧٠٪ی ڕووبەری مێشک پێکدەهێنێت، ڕێکخەری سەرەکیی هەموو ئەم چالاکیانەیە، بە توێکڵ و پێکهاتە چرچولۆچەکەیەوە کە پێیدەگوترێت ماددەی خۆڵەمێشی (Gray Matter) هەڵدەستێت بە کۆنترۆڵکردنی هەموو چالاکییەکانی مێشک، بە پێی توێژینەوەکانی ئاڕاستەی دیاردەگەرایی ئەو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری چالاکیی کۆئەندامی دەمار و هۆرمۆنییە، فەرمانی ئەو بەڕێوەدەچێت لە هەموو چالاکییەکی جەستەیی و عەقڵیدا،

لە کاتی هەڵچووندا مێشک وەکو فەرماندەیەکی سوپا لە ژووری ئۆپەراسیۆندا بێت و لە هەموو یەکەکانی سوپاوە زانیاری پێبگات، دواتر فەرمانی پێویست دەردەکات بۆ ماسولکەکان کە دەست بە جووڵە بکەن، یان ڕژێنەکان ماددەی کیمیایی بڕێژن، یان هەر ئەندام و بەشێکی تر کە پێویستبکات یەکسەر بەکاری خۆی هەڵبستێت.

لە لایەکی ترەوە وەکو ئوستادێکی بەتوانا کە لە زانکۆدا بێت توانای خوێندنەوە و نووسین و بیری داهێنەرانەمان پێدەبەخشێت بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەم دابەشکردنی پسپۆڕییە لە ناو مێشک و کۆئەندامی دەماردا و ئەم هەماهەنگییە پتەوە لە نێوان بەشەکاندا بە ڕاستی جێگای لەسەروەستانە و وا لە هەموو خاوەن_عەقڵێک دەکات بیر لەم وتەیەی پەروەردگار بکاتەوە، کە دەفەرموێت: (هَذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِنْ دُونِهِ بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلالٍ مُبِينٍ). واتە: (ئەمەیە دروستکراوانی خودا، وەرن نیشانمبدەن بزانم ئەوانی تر جگە لەو زاتە، چییان دروستکردووە، نەخێر هیچیان دروستنەکردووە، بەڵکو ستەمکاران هەمیشە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان) [لقمان: ١١].

توێژینەوەکانی ئەم دوو دەیەی ڕابردوو لایەنێکی ئەم ئیعجازەیان بۆ دەرخستین، کە مرۆڤایەتی هەر لە سەرەتاوە پرسیاری کار و فەرمانی مێشک/زەینی داگیرکردووە، ئەمەیش بەوەی زانایان توانییان بە چاوی سەریان و بۆ یەکەم جار لە مێژووی مررۆڤایەتیدا ببینن چی بە سەر خانەکانی دێت لە کاتی چالاکی بیرکردنەوە و فێربوون و خەیاڵکردنەوەدا، یان لە کاتی ئاگایی مرۆڤ و لە کاتی خەو و لە ئارامی و هەڵچوونە جۆراوجۆرەکانیدا، هەروەها ئەم توێژینەوانە چۆنیەتیی دابەشبوونی وردی پێکهاتەکانی مێشکیان دەرخست لە چالاکییە جەستەیی و ئەقڵی و هونەری و هەڵچوونەکانیدا.

توێژەران توانییان پەی بەم دۆزینەوە سەرسوڕهێنانە بەرن لە ڕێگای

تەکنەلۆژیای سکانی مێشک، یان هێڵکاریی پارچەیی چینەکان وەکو وێنەگرتن بە لەرینەوەی موگناتیسی (MRI)، یان لەرەلەری موگناتیسیی کردارەکی (FMRI)، کە ئەم وێنەگرتنە تیشکییە وردەکاریی مێشکی مرۆڤەکان تۆماردەکات لە کاتێکدا لە ژیاندان، باشترین توێژینەوەی نوێیش لە زانکۆی ئەیوا (Iowa)ی ئەمریکی کراوە، کە توێژەرێک لەرەلەری موگناتیسی بەکارهێناوە بۆ زانینی ئەو شوێنانەی مێشک کە تایبەتن بە هەڵچوونە جۆراوجۆرەکان، هەروەها بینینی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە مێشکی نەخۆشانی خەمۆکییدا ڕوودەدەن کاتێک دەرمانی دژەخەمۆکی دەخۆن و حاڵیان باشدەبێت[١].

لەم باسەماندا دەمانەوێت ئەو توێژینەوە دیاردەگەرایانە تۆماربکەین کە پشت بە تێبینیکردنی ماددییانە دەبەستن، جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە لەم توێژاڵە خۆڵەمێشییەدا گرنگترین ئەرکە عەقڵی و مەعریفییە باڵاکان بەڕێوەدەچن، ئەو ئەرکانەی بە هۆیانەوە بووین بە مرۆڤ کە خودا کردووینی بە جێنشین لە زەویدا، بە دیاریکراوییش جێگای ئەو ئەرکە باڵایانە بەشی پێشەوەی مێشکە کە ڕاستەخۆ دەکەوێتە پشت نێوچاوانەوە (Perforntal cortex)، لەوێدا لێکدانەوە و شیکاری بۆ ئەو زانیارییانە دەکرێت کە لە ژینگەی هەنووکەی ژیان و شارەزایی پێشووی مرۆڤەوە دێن، هەر لەوێدا توانای بیرکردنەوەی لۆجیکییانە و وردی مرۆڤ دەردەکەوێت، بەراورددەکات لە نێوان بژاردەکان و بڕیاری پێویست دەدات جا بەخێر بێت یان بە شەڕ، بۆیە هەندێک لە ڕاڤەکارانی هاوچەرخی قورئان دەڵێن کاتێک خودای گەورە تەوێڵی ئەبوجەهل پەسندەکات بەوەی تەوێڵێکی درۆزن و هەڵەکارە ئیعجازێکی

---

1. Driscoll, David Matthew. (The effects of prefrontal cortex damage on the regulation of emotion. (University of Iowa, 2009. vii, p101.
(دیفید دریسکول: آثار ضرر قشرة الفص الجبهي على تنظيم العاطفة)

زانستیی ڕوونی تێدایە، چونکە بەشی پێشەوەی مێشک کە دەکەوێتە دوای تەوێڵەوە بەرپرسە لەوە، لەم بارەیەوە دکتۆر کیس مۆر (Keith Moore) مامۆستای توێکاری لە زانکۆی تۆرنتۆی کەنەدی دەڵێت: بەڵگە لە سەر ئیعجازی قورئان لەم بابەتەدا ئەوەیە پزیشکەکان هیچیان لە بارەی ئەرکی بەشی پێشەوەی مێشک نەدەزانی تا ساڵی ١٨٤٢ز، کاتێک کرێکارێکی هێڵی شەمەندەفەری ئەمریکی توشی ڕووداوێک بوو، کە ئاسنێک چوو بە نێوچاوانیدا و تەوێڵی بڕی، ئەمەیش کاری کردە سەر توانا عەقڵییەکانی و توانای بڕیاردانی و کەسێتی گۆڕی، بەڵام کاری نەکردە سەر ئەرکە جەستەییەکانی تری و زیانی هەڵسوکەوتی فیتری نەگەیاند[١].

گرنگە بزانین لەم توێژاڵەی مێشکەوە پەیامە خێرا و بە پەلەکان لە بەشێکی کەمی چرکەیەکدا دەگەنە ئەو شوێنانەی بەرپرسن لە کاردانەوە عاتیفییەکان و هەڵچوونەکان، بۆئەوەی جەستە هانبدەن کە هۆرمۆنی ئەدرینالین لە هەردوو ڕژێنە (الغدة) بەرپرسیارەکەوە دەربدات، کە دەکەونە سەروو گورچیلەکانەوە، کاتێک ماددەی ئەدرینالین و نۆرئەدرینالین دەردەدەن یەکسەر حاڵەتی لە ناکاوی هەڵچوون لە جەستەدا ڕادەگەیەندرێت، ئەمەیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شتەی کە کەسەکەی ترساندووە، یان توڕەیکردووە، یان هەر هەڵچوونێکی تری وروژاندووە کە هەڕەشە بێت بۆی، یان ئەو غەریزە سروشتییانەی کە لە کەسەکەدا شاراوە بوون دەیانجووڵێنێت، ئەو کاتەیش شەکری گلوکۆز لە جگەرەوە دەڕژێتە خوێنەوە و ڕێژەی ئۆکسجین زیاددەبێت بە زیادبوونی هەناسەدان و قەبارەی سییەکان گەورەدەبێت، چونکە مرۆڤ پێویستییەکی زۆری بە وزە دەبێت لە کاتی هەڵچوونی سۆزدا.

---

1.http://neurophilosophy.wordpress.com/2006/12/04/the-incredible-case-of-phineas-gage/

ئەم وزەیەیش لە کارلێکی کیمیایی ئۆکسجین و شەکری گلوکۆزەوە بەرهەمدێت لە لەشدا، یان ئەوەی پێیدەگوترێت هەناسەدانی ناوەکی (Internal respiration)، لەم کاتەدا وزەی کۆکراوە لە شەکرەکەوە دەردەپەڕێت بە هۆی ئەم کارلێکەوە کە کەسی هەڵچوو پێویستی بە دەردانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و هەڵمی ئاو دەبێت، ئەمەیش بە هۆی هەناسەدانی خێراوە ڕوودەدات، هەروەها پێڵوی چاوەکان دەکرێنەوە بۆئەوەی چاو باشتر ببینێت، گوێ بەهێزدەبێت، لێدانی دڵ زیاددەکات و خوێن زۆرتر دەچێت بۆ لەش، ئەو وزەیە لە ماسولکەکان و مێشکدا چڕدەبێتەوە، ئەو چالاکییانەی تری لەش کە پەیوەندییان بەم حاڵەتەوە نییە دەوەستن، وەکو هەرسی خواردن، هەروەها هەندێک ماددەی تری کیمیایی دەرژێن کە دەبنە هۆی خێرا خوێنمەیین لە کاتی شەڕدا، بە کورتی مرۆڤی هەڵچوو دەچێتە پلەیەکی بەرزی ئامادەییەوە بۆ شەڕ یان ڕاکردن، یان هەر جۆرێکی تری هەڵچوونی سۆزدارانە.

هەموو ئەم گۆڕانکارییە خۆنەویستانە ڕوودەدەن لە ژێر کۆنترۆڵی کۆئەندامی دەماریی سەربەخۆدا بە تایبەتی ئەو بەشەی پێیدەڵێن بەشی سیمپاتیک (Sympathetic branch)، ئەم بەشە لە کۆئەندامی دەماردا بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکان لە کاتی لە ناکاودا، هەروەها لەم کاتەدا کارەکانی هەرسی خواردن دەوەستێت لەبەرئەوەی کەسەکە لەم حاڵەتەدا پێویستی بەم کارە ماسولکەییە هێواشە نییە، بەڵام دوای نەمانی حاڵەتی لە ناکاو بەشێکی تر کە هاوتای ئەم سیمپاتیکەیە لە کۆئەندامی دەماردا کارادەبێت، کە پێیدەگوترێت پاراسیمپاتیک لەش دەگێڕێتەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی، بە کارلێکی ئەم دوو بەشە دژبەیەکە لە کارەکانیاندا کۆئەندامی دەمار بالآنسی کیمیایی و دەروونی لە لەشدا ڕادەگرێت، هەر وەکو چۆن یەکەی سیمپاتیک لە کاتی ترس و توڕەییدا چالاکدەبێت یەکەی دەماری پاراسیمپاتیک دژی ئەو کارادەبێت لە کاتی

خۆشی و ئارامی و پاڵنەری سێکسی لە مرۆڤدا.

کاتێک ئەم هەڵچوونانە زاڵدەبن بە سەر کەسێکدا ئەم گۆڕانکارییانە بەبێ ویستی خۆی ڕوودەدەن و بە زۆر بە سەریدا دەسەپێن، هەست بە چالاکبوونیان دەکات بەبێ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵیانبکات، هەست بە زیادبوونی لێدانی دڵی دەکات و ئارەقدەکاتەوە و دەلەرزێت، بۆ نموونە کاتێک توشی ئەم وروژێنەرانە دەبێت، کە دەبێتە هۆی هەڵچوونی وەکو ترس و دڵەڕاوکێ و توڕەیی، یان تەنانەت کاتێک عاشق بە خۆشەویستەکەی دەگات، ئەم وەڵامدانەوە هەڵچوونانە کە کەسێک هەستیپێدەکات بەڵام ناتوانێت بیانوەستێنێت زانایان بەکاریاندەهێنن بۆ ئامێری دەرخستنی درۆکردن، کاتێک کەسێک دەهێنرێت کە تاوانێکی کردووە دەروونناسێک دێت و کۆمەڵێک زانیاری دەداتێ کە پەیوەندی بە تاوانەکەوە نییە، بەڵام لە ناویاندا هەندێک زانیاریی ورد دەهێنێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تاوانەکەوە هەیە، لەم کاتەدا تاوانبار لێدانی دڵی زیاددەکات و هەناسەی قووڵ هەڵدەمژێت و هەردوو دەستی ئارەقدەکەنەوە وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە تاوانەکەوە هەیە، لێرەدا دەروونناسەکە بۆی دەردەکەوێت کە ئەو تاوانبارە یان زانیاریی تەواوی هەیە لە بارەی تاوانەکەوە، یان خۆی تاوانەکەی کردووە، خۆ ئامێری دەرخستنی درۆکردن لە ڕاستیدا تەنها پێوەرێکی ئەلیکترۆنیی وردە بۆ زانینی ڕادەی هەڵچوون.

بۆیە کۆئەندامی دەمار وا لە مرۆڤ دەکات چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجامبدات، هەندێک کردەوەی خۆویست هەیە کە بە ئاگایی و ویستی خۆی دەیانکات، بۆیە بەرپرسیارێتیی ئەو بژاردەیە لەئەستۆدەگرێت، جا چاک یان خراپ بێت، ئەم چالاکییانەیش لە ڕێگای بەشی پێشەوەی مێشک (تەوێڵ) دەکرێن، بەڵام هەندێک چالاکیی خۆویست ڕوودەدەن لە کاتی هەڵچووندا وەکو ئەوانەی باسمانکردن، جۆری سێیەمی چالاکییش هەیە

که بەبێ ویست و بەبێ ئاگایی مرۆڤ ڕوودەدەن بە هۆی هەڵچوونەوە نییە، بەڵام کاریگەرییان لە سەر هەڵچوونەکان هەیە، ئەوانەیش ئەو چالاکییە ناوخۆییانەن کە بە هۆی وردیلە دەمارەکانەوە ڕوودەدەن وەکو چالاکییە ئەندامییە ناوخۆییەکانی وەکو هەرسی خواردن و کاری گورچیلەکان، ئەمەیش ڕەحمەتی خودایە بۆ مرۆڤ کە ئەم چالاکییانەی خستووەتە ئەستۆی خۆی و لە ژێر بەرپرسیارێتیی مرۆڤدا نییە، خۆ ئەگەر لە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤ خۆیدا بایە، ئەوا دەمانبیست کەوا فڵانە کەس مردووە، چونکە بیریچووە پێش خەوتن لێدانی دڵی ڕێکبخات، یان ژەهراوی بووە، چونکە بیریچووە دەرچەی گورچیلەکانی بکاتەوە.

من هەمیشە ئەو نموونەیە بۆ خوێندکارەکانم دەهێنمەوە لە بارەی ئەو دوو لایەنەی چالاکیی کۆئەندامی دەمار کەوا مرۆڤ بە ئیزنی خودا،بەڵام بە تەواوی ویستی خۆی ئەنجامیاندەدات بۆیە خودا لێیدەپرسێتەوە، بەڵام ئەوانەی بەبێ ویستی خۆی خودا پێیداوە و لێپرسینەوەی نییە، بۆ نموونە کەسێک خودا بپەرستێت و یارمەتیی هەژاران بدات پاداشتوەردەگرێت، یان خراپەکارییکات سزادەدرێت، بەڵام ئەو شوێنەی تێیدا لەدایکدەبێت و پێکهاتە جەستەیی و دایک و باوکی، ئەمانە شتگەلێکن خودا بۆی دیاریکردووە، لەبەر ئەمە پێویستە زۆر سوپاسی خودا بکەین کە لەم دنیایەدا بەرپرسیاری چالاکییە ناوخۆییەکانی جەستەمانی لە سەر لابردووین و بە باشترین شێوە خۆیان کاردەکەن، لە دواڕۆژیشدا ڕەحم و بەزەیی خودامان زیاتر بۆ دەردەکەوێت لە سەر ئەو شتانەی بەنسیبیکردووین، هەر خودا باشترین بەڵگەبەدەستە.

لەو توێژینەوە نوێیانەی تێگەیشتنی زۆرێک لە چەمکەکانی گۆڕی لە لای زانایانی بایۆلۆجیای هەڵچوون و سۆزەکان ئەوانە بوون کە پەردەیان لادا لە سەر ڕۆڵی سەرەکیی بادامەی مێشک (Amygdala) و شاخی ئاموون (Hippocampus) لە هەستکردنی مرۆڤ بە هەڵچوونەکان و

وەڵامدانەوەیان و تۆمارکردنی ڕوودانیان لە یادگەدا.

زانایانی کۆئەندامی دەمار گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە بادامەی مێشک ئەگەرچی بچووکە و لە شوێنێکی لاچەپدایە لە بەشی خوارەوەی مێشکدا، بەڵام گەورەترین کاریگەری لە وروژاندنی سۆز و هەڵچوونەکان و پاراستنیان لە یادگەی خۆیدا هەیە، زانایان بۆیان دەرکەوتووە کە وروژانی بادامەی مێشک لە ئاژەڵدا کاردانەوەیەکی توندی شەڕانی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە پشیلە لە کاتی وروژاندنیدا هێرشدەکاتەسەر پشیلەیەکی تر، یان تەنانەت خاوەنەکەی کە خواردنیشی دەداتێ و خۆی تێهەڵدەسوێت بۆ دەرخستنی سۆز و هۆگری بۆی، بەڵام ئەگەر بە نەشتەرگەری لە مێشکی ئاژەڵ لابرا ئەوا ئەو ئاژەڵە توانای بەرگری ــ لەخۆکردنی نامێنێت، بەڵکو تەنانەت هەست بە ترس و حەزی سێکسییش لەدەستدەدات، هەر وەکو چۆن ئەو نەشتەرگەرییانەی بۆ مرۆڤ کراوە و تێیاندا ئەو بەشە لابراوە سەلماندوویانە کە ئەو کەسانە توانای گرنگیدان بە کەسانی دەوروبەریان لە هاوڕێ و خزمان لەدەستدەدەن، تەنانەت زۆر جار نایانناسنەوە و حەزیان لە تەنهایی و گۆشەگیرییە سەرەڕای توانای بەهێزی بیرکردنەوەیان.

بەڵام شاخی ئاموون کە دراوسێی بادامەی مێشکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە جێگیرکردنی ئەزموونەکان لە یادگەی کاتیدا (Short-term memory)، واتە بیرکەوتنەوەی ئەو شتانەی کە لە ئێستادا دەیانکەیت، یان بیریان لێدەکەیتەوە، ئەو دەیانگوازێتەوە بۆ یادگەی هەمیشەیی (term memory Long)، چونکە بە هۆی یادگەی هەمیشەییەوە خۆمان و کەسوکارمان و وڵات و هەموو شتێکی گرنگ دەناسینەوە، بەبێ ئەو ژیانمان ڕێکنایەت، بۆیە ئەگەر کەسێک شاخی ئاموونی تێکچوو، یان دەرهێنرا لە مێشکی توانای فێربوونی شتی نوێ لەدەستدەدات، هەر شتێکی نوێ بێتە بەردەمی زوو لەناودەچێت و لە یادگەدا نامێنێت.

بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی نوێی ناسی کە پێشتر نەیناسیوە دواتر لە بەرچاوی نەما –ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت–، دواتر پێیگەیشتەوە نایناسێتەوە و وەکو ئەوە وایە یەکەم جاری بێت بیبینێت لە ژیانیدا.

بۆیە ئەرکی ئەم بەشە بریتییە لە تۆمارکردنێکی وردی ئەزموون و فێربوون لە یادگەی هەمیشەییدا ئەگەر پێویست بوو، بەڵام بادامەی مێشک ناوەڕۆکی سۆزداری و هەڵچوون بەو ئەزموونکردنە دەبەخشێت، بۆیە کاتێک شێرێک دەبینیت دێت و دەچێت شاخی ئاموون ئەمە تۆماردەکات بە هەموو وردەکارییەوە، بەڵام ئەوە بادامەی مێشکە بڕیاردەدات هەست بە ئارامی بکەیت کاتێک دەزانیت کە لە ناو قەفەسێکدایە، یان هەست بە ترس بکەیت و هەوڵی ڕاکردن بدەیت کاتێک دەزانیت لە حەوشەیماڵەکەتاندایە.

زانایانی کۆئەندامی دەمار هەتا ئەم دواییانە وایاندەزانی کە ئەزموون و زانیاریی ئاوێتە بە هەڵچوون لە هەستەوەرەکانەوە دەگوازرێنەوە بۆ پەردەی مێشک لە ڕێگای لانکەوە (Thalamus)، لەوێشەوە بۆ بادامە و بەشەکانی تر کە بەرپرسن لە لایەنی هەڵچوون لە مرۆڤدا، بۆئەوەی بە ئەرکی خۆیان هەستن بەرانبەر بە وروژێنەرەکە، بەڵام توێژینەوە نوێیەکان دەریانخست کە کاتێک کەسێک لەپڕ ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی سۆزداری و هەڵچوونی بەرز دەبێتەوە، ئەوا بادامەی مێشک بە تەنیا هەڵدەستێت بە وروژاندنی ڕژێنەکانی ئەدرینالین و ئامادەکردنی جەستە بۆ وەڵامدانەوەی خێرا، ئەمەیش تەنها لە بەشێکی کەمی چرکەیەکدا، ئەم کاتەیش کەمترە لەوەی ئاماژە بچێت بۆ پەردەی مێشک و بگەڕێتەوە بۆ بادامە.

ئەم بابەتەیش سوودێکی گەورەی هەیە بۆ کاردانەوەی سروشتی بۆماوەیی وەکو ترسی پشیلە لە سەگ و مشک لە پشیلە و مرۆڤ لە

مار[١] و بوومەلەرزە، لەم کاتانەدا کاردانەوەی کەسەکە زۆر خێرادەبێت تەنها لە چاوتروکانێدا دەبێت، ئەمە ئەو حاڵەتە دەگمەنانەیە کە تێیدا جەستە کاردانەوەی دەبێت تەنها بە هەستکردن بە وروژێنەرەکە پێش ئەوەی وێنەکەیش ڕوونببێتەوە و زانیاریی تەواوی دەستبکەوێت، ئەمەیش لەو حاڵەتە لە ناکاوانە دەچێت جەیمس باسیکردوون و پێشتر ئاماژەمانپێداون، قورئانیش باسی هاوەڵانی ئەشکەوت دەکات، کە چۆن خودای گەورە پاراستوونی لە خەڵکی بۆ ماوەی زیاتر لە سێسەد ساڵ، ئەویش بەوە ترسێکی کتوپڕی خستووەتە دڵی ئەوانەوە کە تەماشایانکردوون (لَوِ اطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا) واتە: (تۆ ئەگەر چووبایت بتدیبان، بە قاچاندن بەرەو دوا دەگەڕایەوە و سەرتاپات ترس دایدەگرت) [الكهف: ١٨].

بەڵام ئەم خێرایی و کتوپڕییە بەبێ بیرکردنەوە لە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە دواتر پەشیمانببێتەوە، یان هەست بە خەجاڵەتی بکات لەو هەڵچوونە زۆرە، بۆ نموونە شەرمدەکات لە هەڵشاخان و توڕەبوونەکەی، یان ڕاکردن لە شتێکی ترسێنەر بە بەرچاوی کەسە ناسراوەکانیەوە، یان قاقالێدانی بەرانبەر هاوڕێیەکی کە لە ئەسپ دەکەوێتەخوارەوە، ئیتر کەسەکە دوای ماوەیەکی کورت خۆیشی سەری سوڕدەمێنێت لەو هەڵچوونە دەمودەستە، شتێکی خۆش لەو بارەیەوە ڕوویداوە، دەڵێن پیاوێک منداڵێکی بچووکی بینیوە کەوتووەتە حەوزێکی مەلەکردنەوە، ئەویش یەکسەر بە جلەوە خۆی هەڵداوەتە ناو حەوزەکەوە بە حساب منداڵەکە ڕزگاربکات، دواتر بیریکەوتووەتەوە کە مەلە نازانێت و دەبێت خەڵک ئەو و منداڵەکەیش ڕزگاربکەن.

---

١.هەندێک لە زانایان بڕوایان وایە کە ترسی مرۆڤ لە مار ترسێکی خۆڕسکی بۆماوەییە، بۆ نموونە بڕوانە:

Benson. H. (1996). Timeless Healing. London:Simon & and Schuster

هەروەها توێژەران ئەوەیشیان بۆ دەرکەوتووە کە ئەو گورزە دەمارەی لە هەستەوەرەکانەوە دەچن بۆ پەردەی مێشک، لقێکیان لێدەبێتەوە و ڕاستەخۆ دەچن بۆ بادامەی مێشک، بۆئەوەی ئەو کاردانەوە خێرایەی لێبکەوێتەوە، بەڵام دەمارە سەرەکییەکان دەچن بۆ پەردەی مێشک، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بادامەی مێشک ڕۆڵی لە کردارە کتوپڕەکاندا هەیە بە شێوەیەک کە حاڵەتی لە ناکاو لە ناو جەستەدا ڕادەگەیەنێت، هەروەها هەڵوێستە کتوپڕەکان یەکلاییدەکاتەوە پێش ئەوەی بگوازرێنەوە بۆ توێژاڵی پێشەوەی تەوێڵ و لەوێوە بڕیاریان بۆ بدرێت، بەڵام بابەتە سۆزدارییە ئاساییەکان دەنێردرێن بۆ پەردەی مێشک تا بە هێواشی لێیانبکۆڵدرێتەوە، ئەم بابەتە پەیوەندییەکی گرنگی بە کاردانەوەی سۆزداری و ڕۆحیی پێغەمبەرانەوە هەیە، کە لە بەشی داهاتوودا گفتوگۆی لە بارەوە دەکەین.

ئەم بەشە و بەشی پێشوومان نووسی، بۆئەوەی ڕووی دەممان لە خوێندکارانی دەروونناسی بێت و ئاسانیشمانکرد بۆئەوەی خەڵکی ئاسایی سوودی لێوەرگرن، ئەمەیش بۆئەوەی لە بەشەکانی داهاتوودا ئاماژە بە هەندێک لەو زانیارییانە بکەینەوە کە لێرەدا هاتوون، بۆیە داوای لێبوردن لە پسپۆڕانی بوارەکە دەکەم، کە باسەکەم زۆر سادەکردەوە کە خۆیان بابەتگەلێکن قووڵ و چڕن، هەروەها داوای لێبوردن لەو خوێنەرانەیش دەکەم کە پسپۆڕ نین ئەگەر لە شوێنێکدا ناڕوونییەک ببینێت، لە دوای ئەم دوو بەشەیشەوە تێڕامانەکانمان دەخەینەڕوو لە هەڵسوکەوتی سۆزداریی پێغەمبەران و حیکمەتی خودا لە هەڵبژاردنیاندا، ئەمەیش لە چوار بەشدا، ئێستا بەرەو بەشی سێیەم.

# بەشی سێیەم

## ئایا ئیمانی مسوڵمان تەنها بەوە تەواودەبێت، کە بەندایەتیی خودا بکات لە لایەنی مەعریفییەوە بەبێ بەندایەتیکردن بە هەست و سۆزەکانیەوە؟

لە بەشی پێشوودا هەوڵماندا زانیاریی گشتی پێشکەشبکەین لە بارەی هەڵچوونەوە لە ڕوانگەی توێژینەوە نوێیەکان کە ڕەگ و ڕیشەیەکی ماددیی عەلمانییان هەبوو بە بەراورد بە تێڕوانینی ئیسلامی، ئەم بەشەیش تایبەتدەکەین بە باسوخواسی گرنگیی لایەنی سۆزداری لە تەواوکردنی ئیمان و قووڵکردنەوەی پەیوەندی بە خوداوە، چونکە بەبێ سۆز ئیمان وشک و لاوازدەبێت، بۆیە لایەنی هەڵچوون و سۆزداری سێیەمی سێ تەوەرە، تەوەری چوارەمیشی لایەنی ڕۆحییە کە دەروونناسیی ماددیی هاوچەرخ نکۆڵی لێدەکات، یان پەراوێزیدەخات، تەنها سێ تەوەرەکەی تر بەهەندوەردەگرێت.

تەوەری یەکەم: لایەنی مەعریفییە (Cognitive) کە لێیەوە مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاریی نوێ دەدات، کە لەوانەیە تێڕوانینی بگۆڕێت بەرانبەر خۆی و ژینگەی دەوروبەری، یان لەوانەیە بیروباوەڕی بگۆڕێت.

تەوەری دووەم: لایەنی ڕەفتارکردن (Behavioral)، یان لایەنی کرداری، کە تێیدا مرۆڤ ڕەفتارگەلێک دەکات کە زادەی ئەو زانیارییانەیە کە بەدەستیهێناون.

تەوەری سێیەم: لایەنی هەڵچوون و سۆزداری (Emotional) وەکو هەستکردنی بە دڵخۆشی و پێشەنگی کە ئەو کردارەی ئەنجامداوە، دەروونناسی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو چالاکییە دەروونی و دەروون_جەستەییەکانی مرۆڤ و پەیوەندی و کاریگەرییان لە سەر یەکتری تەنها لە دەوری ئەم سێ تەوەرەیە دەخولێنەوە.

بۆیە ڕیزکردنی لۆجیکییانەی ئەم سێ کارتێکەرە بە لایەنی مەعریفی دەستپێدەکات، دواتر ڕەفتار و ئینجا هەڵچوونی سۆزداری، بەڵام لە ڕاستیدا هەندێک جار ئەم کارتێکەرانە تێکەڵدەبن و ڕیزبەندییەکەیان دەگۆڕێت بە شێوەیەک جیاکردنەوەیان قورسدەبێت، هەندێک جار کاریگەریی مەعریفی لە سەرەتاوە دێت، بەڵام شەپۆلێکی توندی لایەنی سۆزداری لەگەڵدایە کە خۆی بە سەر بیر و ئاگایی مرۆڤدا دەسەپێنێت، بەمەیش لایەنی ڕەفتار و کردار دوادەخات، یان بەهێزیدەکات، یان دەبێتە دەستپێکی ڕەفتار، وەکو ئەوەی کەسێک خۆی لە بارودۆخێکدا دەبینێتەوە کە ناچاردەبێت کۆمەڵێک کار و چالاکی بکات کە بە خەیاڵیدا نەهاتووە بیکات، ئەمە مەعریفەیەکی نوێی پێدەبەخشێت لە بارەی توانا و ئارەزووکانی خۆیەوە کە پێشتر نەیزانیوە، بەمەیش تێڕوانینی بۆ خودی خۆی و ژینگەکەی و هەستی سۆزدارانەی لە بارەی ئەو کارەوە دەگۆڕێت، ئەمە کورتەی ئەو سێ فاکتەرەیە لە دەروونناسیی نوێدا، ئێستایش با بزانین تێڕوانینی ئیسلامی بۆ ئەم چالاکی و تەوەرانە و پەیوەندیی نێوانیان چۆنە؟

بەو فەرموودە پیرۆزە مەشهورە دەستپێدەکەم کە موسلیم گێڕاویەتیەوە لە عومەری کوڕی خەتابەوە (ڕەزای خوای لێبێت) کە

دەڵێت: ڕۆژێک کە ئێمە لە لای پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێبێت) دانیشتبووین، لەوێدا پیاوێک دەرکەوت کە جلێکی زۆر سپی لەبەردابوو و قژێکی ڕەشی قەترانی هەبوو، هیچ ڕەنگ و ڕووی سەفەری پێوە دیارنەبوو، کەسیش لە ئێمە نەیدەناسی، هات تا لای پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت) دانیشت، ئەژنۆی نا بە ئەژنۆیەوە و هەردوو دەستی لە سەر ڕانەکانی خۆی دانا، گوتی: ئەی محەمەد (درووودی خوای لێبێت)، لە بارەی ئیسلامەوە بۆم بدوێ، ئەویش فەرمووی: ئیسلام ئەوەیە کە شایەتیبدەیت کە جگە لە خودا هیچ پەرستراوێکی دیکە نییە و محەمەدیش پێغەمبەری خودایە، نوێژبکەیت و ڕۆژووبگریت و زەکاتبدەیت و ئەگەر توانای چوونت هەبوو حەجی ماڵی خودا بکەیت، ئەویش گوتی: ڕاستدەکەیت، پێمان سەیر بوو پرسیاریشی لێدەکات و پێشیدەڵێت ڕاستدەکەیت، دواتر گوتی: لە بارەی ئیمانەوە بۆم بدوێ، فەرمووی: ئەوەیە بڕوابهێنتت بە خودا و فریشتەکانی و پەیامەکانی و پێغەبەرانی و بە ڕۆژی دوایی و ئیمانت بە قەدەر هەبێت بە هەردوو باری خێر و شەڕیدا، گوتی: ڕاستدەکەیت، ئینجا گوتی: دە لە بارەی چاکەکردنەوە بۆم بدوێ، فەرمووی: چاکە ئەوەیە کە خودا بەو شێوەیە بپەرستیت وەکو ئەوەی چاوت لێیبێت خۆ ئەگەر تۆیش چاوت لەو نەبێت ئەو تۆ دەبینێت، دواتر پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت) فەرمووی: ئەرێ عومەر، دەزانی ئەم پرسیارکەرە کێیە؟ گوتم: خودا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی ئەوە جوبرائیل بوو هاتبوو دینەکەتان فێربکات[١]. لە گێڕانەوەیەکی تری موسلیمدا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە کە جوبرائیل دەستیکردووە بە پرسیار لە پێغەمبەر (درووودی خوای لێبێت) لە بارەی

---

١.مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج القشيري (توفي ٢٦١هـ)، صحيح مسلم، اعتنى به أبو صهيب الكرمي، الرياض: بيت الأفكار الدولية، ط١، ١٩٩٨م، كتاب الإيمان، باب بيان أن الإيمان والإسلام والإحسان ووجوب الإيمان بإثبات قدر الله سبحانه وتعالى، حديث رقم (٨)، ص٣٦.

ئیمانەوە دواتر لە بارەی ئیسلامەوە ئینجا چاکەکردن.

لەم فەرموودانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بڕوابوون بە خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لێبێت) و فریشتەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی بناغەی مەعریفیی ئیمانێکی پتەوە، کە دواتر بونیاتی کرداری عیبادەتەکانی لە سەر دەکرێت وەکو نوێژ و ڕۆژوو و حەج، بەڵام فاکتەری سێیەم کە ئەم فەرموودەیە جەختی لێدەکاتەوە هەستی سۆزدارانەیە، ئەوەی کە خودای گەورە بە بەرزی و بڵندیی خۆیەوە ئاگاداری بەندەکەیەتی لە کاتێکدا سەرقاڵی عیبادەتکردنە بۆی، لەم کاتەدا حاڵەتێک بە سەر مرۆڤدا زاڵدەبێت کە تێکەڵەیەکە لە سۆز و ڕۆچوونی ڕۆحی، ئەمەیش واتای ئەوەیە کە خودا تەنیا بەندایەتی بە مەعریفە و ئیمانی عەقڵی و عیبادەتەکان قەبوڵ نییە، بەڵکو بەندایەتیکردنی بە لایەنی هەڵچوونی سۆزدارانەیشەوە دەوێت کە لە ئیمانەوە هەڵقوڵابێت، بۆیە گوتمان تێڕوانینی ئیسلامی بۆ لایەنی دەروونی چوار ڕەگەزی هەیە، کە بریتین لە: مەعریفی (ناسەیی) و ڕەفتاری و سۆزدارانە و ڕۆحی.

گۆنگە بە لامەوە کە جەخت لە گرنگیی ئەم لایەنە سۆزدارییە ئیسلامییە بکەمەوە کە بەبێ ئەو لەوانەیە ئیمان لاواز بێت، یان هەر نەمێنێت، لە نموونەی تری ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە ئیمانی مسوڵمان تەواونابێت بەبێ سۆزی خۆشویستنی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)، خۆشەویستییەک باڵاتر بێت لە خۆشویستنی خود و منداڵ و هەموو خەڵکی، لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە گێڕدراوەتەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: (هیچ کامتان ئیمانتان تەواونابێت تاکو منی لە خۆی و منداڵ و دایک و باوک و هەموو خەڵکی خۆشترنەوێت)[١].

---

١. البخاري، أبو عبدالله محمد بن إسماعيل (توفي ٢٥٦هـ) صحيح البخاري، اعتنى به أبو صهيب الكرمي، الرياض: بيت الأفكار الدولية،ط١، ١٩٩٨م، كتاب الإيمان، باب حب الرسول من الإيمان، حديث رقم (١٥) ص٢٦.

له سەحیحی بوخارییشدا هاتووە کە عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێت) بەو ڕاشکاوییەی پێناسراوە گوتوویەتی: (ئەی پێغەمبەری خودا، تۆم لە هەموو کەس خۆشتردەوێت تەنها لە خۆم نەبێت)، پێغەمبەریش (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (نەخێر، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، نابێت تا منت لە خۆشت خۆشترنەوێت). عومەرش گوتوویەتی: (دە سوێند بە خودا، ئێستا لە خۆمم خۆشتردەوێیت). پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (ئێستا تەواوە عومەر)[1].

هەر لەبەرئەمە متمانەپێکراوانی گێڕانەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) جوانترین نموونەی ئەم خۆشەویستییەیان بۆ گێڕاوینەتەوە، کە لە ژیانی خەڵکی تردا نییە، ئەوە ئەبوبەکری سدیقە خۆی دەکاتە قوربانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) و دەچێتە ئەشکەوتی (سەور)ەوە پێش ئەو، بۆئەوەی تەماشابکات نەوەکو ئاژەڵێکی دڕندە، یان مارێکی کوشندەی لێبێت، دوای ئەوەی دڵنیادەبێت لەوەی ئەشکەوتەکە ئارامە دەڕۆنە ژوورەوە، بەڵام مارێکی نادیدە پێوەیدەدات لە کاتێکدا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە سەر ڕانی نوستووە، ئەبوبەکر هەوڵدەدات لە سەر ئازاری پێوەدانەکەی ئارامبگرێت بۆئەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) خەبەرینەبێتەوە تا ئازار زۆری بۆ دەهێنێت و دڵۆپێک فرمێسکی دەکەوێتە سەر ڕوومەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) و خەبەریدەکاتەوە[2]. یان سەبارەت بە سەوادی کوڕی غیزیە کاتێک پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) دارێک بە سکی دەکێشێت تا

---

١. المرجع السابق، كتاب الإيمان والنذور، باب كيف كانت يمين النبي(د. خ) حديث رقم (٦٦٣٢) ص١٢٦٧.

٢. تەماشای درێژەی ئەم چیرۆکە بکە لای ژیاننامەنووسان، بۆ نموونە: ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل ابن كثير القرشي (توفي ٧٧٤هـ) في البداية والنهاية، بيروت، دار المعرفة، ١٩٩٧م، ج٤، ص٤٨.

لە ناو ڕیزەکەدا ڕێک بوەستێت لەگەڵ سەحابەکان لە کاتی ئامادەکاری بۆ جەنگی ئوحود و پێیدەفەرمویێت: ڕێک بوەستە سەواد، بەڵام ئەو وا خۆی پیشاندەدات کە لێدانەکە ئازاری پێگەیاندووە و داوای ئەوە دەکات پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) سکی ڕووتبکات بۆ تۆڵەکردنەوە، کاتێک پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) وادەکات ئەویش باوەشی پێدادەکات و سکی موبارەکی ماچدەکات.[١] ئەم نواندنەی کرد تا کۆتا کاری لە دنیادا -لە شەڕەکەدا شەهیدبوو- ئەوە بێت پێستی بەر پێستی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بکەوێت.

هەروەها خوبەیبی کوڕی عەدی کاتێک کافرەکانی قوەڕەیش لەخاچیاندابوو بۆئەوەی بیکوژن یەکێک لە سەرانی قوڕەیش لێیدەپرسێت: پێتخۆشە ئێستا محەمەد لە شوێنەکەی تۆ بایە؟ تۆیش ساغ و سەڵمەت لە ناو کەسوکارت بوویتایە؟ ئەویش بە ناڕەزاییەوە دەڵێت: سوێند بە خودا، قەت حەزم لەوە نییە من لە ناو کەسوکارم بم و لە خۆشیی دنیادا بم تەنانەت درکێکیش بچێت بە پێی پێغەمبەردا (دروودی خوای لێبێت)[٢].

کاتێک عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول سەرۆکی دووڕووەکان ناماقوڵیکرد بەرانبەر پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) کە گوتی: کە گەڕاینەوە بۆ مەدینە دەبێت سەرەبزەکان سەرشۆڕەکان وەدەرنێن، حەبابی کوڕی شمشێرەکەی هەڵکێشا لێی و ڕێگای لێگرت بچێتەناو مەدینە، تا پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) ئیزنی هاتنەژوورەوەی دا و بۆی دەرخست کە خۆی سەرشۆڕە و مسوڵمانان

---

١. البيهقي، أبوبكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي (توفي ٤٥٨هـ)، السنن الكبرى، تحقيق عبدالله عبدالمحسن التركي، مركز هجر للبحوث والدراسات العربية والإسلامية، ط١، ٢٠١١م، ج٨، ص٤٨.

٢. ابن كثير، البداية والنهاية، مرجع سابق، ج٤، ص٤٤٥.

سەربڵندن[١].

ئەم خۆشویستنەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) تەنها تایبەتنەبووە بە سەحابە پیاوەکان، بەڵکو ئافرەتانی سەحابەیش هەروا بوون، ئەوەتا (ئافرەتێک لە ئەنسار کە لە خێڵی بەنودینار بوو لە غەزای ئوحود مێردەکەی و برایەکی بریندارببوون، بەڵام ئەو بە دوای پێغەمبەردا (دروودی خوای لێبێت) دەگەڕا و دەیگوت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) چی بەسەرهاتووە؟ ئەوانیش گوتیان: سەلامەتە، گوتی: کوا پیشانمبدەن با خۆم ببینم، کاتێک بردیانەلای بینی سەلامەتە گوتی: هەموو موسیبەتێک دوای تۆ بچووکە)[٢].

ئەم سۆزی خۆشەویستییە کە وێنەی نییە هۆکاری سەرەکی بووە بۆئەوەی خاوەنەکەی بە کافر لەقەڵەمنەدرێت ئەگەرچی گوناهی گەورەیشی کردبێت، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) ڕێگریکردووە لەوەی لەعنەتی لێبکرێت و داوای لێخۆشبوونی بۆ کردووە، ئەوەتا ئەو سەحابەیەی ناوی عەبدوڵڵا بووە و بە (گوێدرێژ) ناسراوە، کە شۆخی لەگەڵ پێغەمبەر خودا (دروودی خوای لێبێت) دەکرد و دەیخستە پێکەنین خووی بە مەیخواردنەوەوە گرتبوو، چەند جارێک حەدی لێدەرکرابوو، لە یەکێک لە جارەکاندا هێنایانە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بۆئەوەی حەدی لێدەربکات، لەو کاتەدا پیاوێک گوتی: لەعنەتی خودای لێبێت ئەمە چەند جار بیهێنن، پێغەمبەر(دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: لەعنەتی لێمەکەن، سوێند بە خودا دەزانم خودا و پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لێبێت) خۆشدەوێت، مەبنە هاوکاری شەیتان لە دژی براکەی خۆتان، بەڵکو بڵێن: خودایە لێیخۆشبە، ئەم فەرموودەیەمان لە عومەری کوڕی خەتابەوە پێگەیشتووە و بوخارییش

١. المرجع السابق، ج٤، ص٥٤٥.

٢. الطبري، تأريخ الرسل والملوك، مرجع سابق، ج٢، ص٥٣٣.

له سەحیحەکەیدا هێناویەتی[1].

دیارە ئەم عەبدوڵڵایە بە ڕادەیەکی زۆر ئالوودەی مەیخواردنەوە بووە، ئەمەیشمان لەوەوە بۆ دەردەکەوێت کە توانای بە سەر خۆیدا نەشکاوە بەرانبەر مەی تەنانەت لە ناو سەحابەکانیشدا، ئەو کاتەی فەتحی قەڵای خەیبەر کراوە ئەو لەگەڵ سەحابەکاندا بووە کاتێک مەی و عارەقێکی زۆری لێبووە سەحابەکانیش ڕشتوویانە، بەڵام ئەو خۆی بۆ نەگیراوە و تێری لێخواردووەتەوە، دوایی بردوویانە بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرمانیکردووە داری حەدی لێبدەن، دیارە ئەم ئالوودەبوونەی لە کاتی ژیانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بووە تا سەردەمی خەلافەتی عومەریش درێژەیکێشاوە، چونکە ئیبن حەجەر لە کتێبی (الاصابة)دا هێناویەتی کە لە سەردەمی عومەریشدا خواردوویەتیەوە و ئەویش حەدی لێدەرکردووە[2].

نموونەیەکی تری ئەم ڕەحمەتە بۆ ئەوانەی توشی گوناهی گەورە بوون ئەو سەحابەیە بوو کە هات بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) و گوتی: تیاچووم پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت)، لەبەرئەوە بوو کە چووبووە لای ژنەکەی لە ڕۆژی ڕەمەزاندا، پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) پرسیاری لێکرد کە ئایا پارەی هەیە تا بەندەیەک ئازادبکات؟ گوتی: نەخێر، لێیپرسی کە دەتوانیت دوو مانگ بەسەریەکەوە بەڕۆژوو بیت؟ گوتی: نەخێر، لێیپرسی کە دەتوانێت خواردنی شەست هەژار بدات؟ هەر وەڵامی نەخێر بوو، لەو کاتەدا کەسێک هات بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) و سەبەتەیەک خورمای پێبوو،

---

١. البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب الحدود، باب ما يكره من لعن شارب الخمر، حديث رقم (٦٧٨٠)، ص١٢٩٤.

٢. ابن حجر، أبو الفضل أحمد علي بن حجر العسقلاني (توفي ٨٥٢هـ)الإصابة في تمييز الصحابة، تحقيق علي محمد البجاوي، بريوت: دار الجيل، ط١، ١٤١٢هـ ج٢، ص١١٧.

پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لێیوەرگرت و بەو سەحابەیەی فەرموو برۆ ئەمە دابەشبکە بە سەر هەژاراندا، پیاوەکە گوتی: خۆ لە مەدینەدا لە من هەژارتری تێدا نییە، پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بە شێوەیەک پێکەنی کە کاکیلەکانی دەرکەوتن، دوایی پێیفەرموو: برۆ بیدە بە ماڵ و منداڵەکەت، ئیتر پیاوەکە بە لێخۆشبوون و سەبەتەیەک خورمایشەوە گەڕایەوە[١].

ئەم سۆز و خۆشەویستییە چەند جوانە کەچی کەسانێک دێن و لە بەهای کەمدەکەنەوە، کە دەڵێن تەنها بە شوێنکەوتنی سوننەت دەبێت بە پێی ئەم ئایەتە [قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ]. واتە: (بێژە: دەبێت بە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بن. جا ئەگەر لە فەرمان دەرچوون، ئیتر خودا لە خوانەناسان حەزناکات) [آل عمران: ٣٢]، کە تەبەری لە بارەیەوە دەڵێت ئەمە لە بارەی قەومێکەوە دابەزیوە کە بانگەشەی خۆشویستنی خودایان دەکرد، بەڵام لەوە دەچوو درۆبکەن، بۆیە پێیانگوترا ئەگەر ڕاستدەکەن شوێنی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بکەون با خودا خۆشیبوێن، تەبەری زیاتر ئەوەی بە لاوە پەسەندە کە ئەم ئایەتە لە بارەی نەسرانییەکانەوە دابەزیبێت کاتێک هاتن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)دا، دەیانگوت گوایە خودایان خۆشدەوێت، ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی[٢].

بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کەسانێک لە گرنگیی ئەم خۆشەویستییە کەمدەکەنەوە و دەیانەوێت ئەم تێڕوانینەیشیان بە سەر خەڵکیدا بگشتێنن، بۆیە دەبینیت شوێنکەوتوانیان بە لاقرتێوە بەوانە کە باسی خۆشەویستیی

---

١. مسلم، صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب الصيام، باب تغليظ تحريم الجماع في نهار رمضان، حديث رقم (١١١١)، ص٤٣٠.

٢. الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير (توفي ٣١٠)، جامع البيان في تفسير القرآن، دارهجر، ط١، تفسير الآية رقم ٣١ من سورة آل عمران.

پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) دەکەن دەڵێن: خۆشەویستی چی؟ ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟ خۆشویستن تەنها بە شوێنکەوتنە، ئەم جیاکردنەوەیەی خۆشویستن لە شوێنکەوتنە بەڵگەیەکی ڕوونە لە سەر وشک و برینگی دڵی ئەو کەسانە و خاڵیبوونی لەم سۆزە ناسکە کە ئیسلام هێناویەتی و پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بەرجەستەیکردووە، باشە ئەگەر ئیمان تێر و تەواو نەبێت تا ئیماندار پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)ی لە خۆی و کەسوکاری و هەموو خەڵکی خۆشترنەوێت وەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە، کەواتە شوێنکەوتن فەرمانپێکراوە و ناکرێت لە یەکیان جیابکەینەوە.

لێرەدا دەمەوێت زیاتر لەم بابەتە بدوێم لەبەر گرنگییەکەی بە تایەبەتی بۆ تازەپێگەیشتوان، یان ئەو گەورانەی قەناعەتیان بەو بابەتە هەیە کە چۆن کێشەی دەروونییان بۆ دروستدەبێت، بەڵێ پەیوەندی هەیە لە نێوان خۆشەویستی و شوێنکەوتندا، بەڵام دوو سیفەتی پێکەوەلکاو نین، بەڵکو وەکو هەردوو سیفەتی (کێش) و (باڵا)یە لە مرۆڤدا، ئەگەر کێش و باڵای کۆمەڵێکت پێوە دەبینی پەیوەندی هەیە لە نێوانیاندا، کێشی ئاسایی باڵابەرزێک زیاترە لە هیی باڵاکورتێک، بەڵام ناتوانین ئەم ئەنجامە بگشتێنین بە سەر هەمواندا، چونکە خەڵکی باڵابەرز هەیە لاواز و کێش کەمە، هەیشە باڵاکورت و خرپنە و کێشی زۆرە، خۆشویستن و شوێکەوتنیش هەر وایە.

هەندێک جار کەسێک دەبینیت پێغەمبەری (دروودی خوای لێبێت) خۆشدەوێت، بەڵام عیبادەتی کەمترە لە عابیدێک کە شەو و ڕۆژ بەندایەتی و کاری چاکەیە، بەڵام لە لایەنی ڕۆحی و سۆزداری و ئیمانییەوە کەمترە لە هاوڕێکەی، هەر وەکو پێغەمبەر فەرموویەتی و دایکی ئیمانداران عائیشە دەیگێڕێتەوە: (ئەبوبەکر بە نوێژ و ڕۆژوو پێش ئێوە نەکەوتووە،

بەڵکو بە شتێکی ترە کە لە سنگیدایە)[1]. بۆیە پێمانوایە پەروەردەکردنی تازەلاوان لە سەر گاڵتەکردن بە سۆزی خۆشەویستی و ڕەحمەت دڵیان ڕەقدەکات بە شێوەیەک ئێستا وایانلێهاتووە ببنە پاروویەکی ئاسانی بانگەشەکارانی تەکفیر و هاوشێوەکانی خەواریج.

من پێمسەیرە خەڵکانێک عەلامە ئیبن قەییمی جەوزی بە ئیمامی خۆیان دەزانن، بەڵام خۆیان گێلدەکەن لەو ڕۆڵە گەورە و زۆرەی ئەو زانایان دەیدات بە خۆشەویستی لە ئاییندا، گوێبگرە لەو نووسینە پڕ لە خۆشەویستییەی کە لە پێشەکیی کتێبی (روضة المحبين ونزهة المشتاقين)، کە دەڵێت: (زەوی و ئاسمان لە پێناو خۆشەویستی دروستکراون، دروستکراوەکانیش لە سەری بەدیهێنراون، بەرەو خۆشەویستی ئەستێرە و خولگەکان دەڕۆن، بە هۆی ئەوەوە جووڵە بەرەو ئامانجەکان دەکرێت و سەرەتا و کۆتاییەکان بەیەکدەگەن، بە خۆشەویستی نەفسەکان ویستەکانیان بەدەستدەهێنن، بەمرادیاندەگەن و لە ناڕەحەتییەکانیان ڕزگاریاندەبێت، هەر بە خۆشەویستی دەگەن بە خودا و بەبێ ئەو ڕوو لە ڕێگا و ئامانجی تر دەکەن، نەفسەکان هەر بە خۆشەویستی ژیانێکی خۆش بەدەستدەهێنن و تامی ئیمان دەکەن، کاتێک ڕازیدەبن بە خوایەتیی خودا و ئیسلام وەکو ئایین..)[2].

ئەمەیش لەبەرئەوەیە ئەو کەسانە ئەو بابەتانە ناخوێننەوە کە باسی خۆشەویستی و ڕەحمەت و سۆزی ناسک و زوهد و لەخواترسی دەکەن، بەڵکو تەنها ئەو شتانە دەخوێننەوە کە توڕەیی و ڕق زیاددەکەن بەرانبەر

---

١. أورده صاحب المنار المنيف في الصحيح والضعيف، انظر: ابن قيم الجوزية، أبو عبدالله محمد بن أبي بكر الدمشقي (توفي ٧٥١هـ)، المنار المنيف في الصحيح والضعيف، تحقيق عبدالفتاح أبو غدة، حلب، مكتب المطبوعات الإسلامية، ط١، ١٤٠٣هـ ص١١٥، رقم (٢٤٦).

٢. ابن قيم الجوزية، أبو عبدالله محمد بن أبوبكر الدمشقي (توفي ٧٥١هـ)، روضة المحبين ونزهة المشتاقين، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٢، ص٣.

ئەوانەی لە شوێنکەوتن کەمێک تەمبەڵن ئەگەرچی بڵێن مسوڵمانن و خودا و پێغەمبەریشیان (دروودی خوای لێبێت) خۆشدەوێت.

سەرەڕای ئەم بابەتە لایەنێکی پەروەردەیی تر هەیە کە وەکو ئەمە وایە، بەڵکو بەربڵاوتریشە لە وڵاتی مسوڵمانان‌دا، ئەویش داڕشتنی تێڕوانینی منداڵانە لە بارەی خودای گەورە بەوەی لێیبترسن لە ئازاردانیان و کەمکردنەوەی لایەنی ڕەحمەت، ئێمە هەر لە منداڵییەوە نەوەکانمان وا پەروەردەدەکەین کە خودا وا بێتە پێشچاویان کە ترسێنەرە و ئەگەر هەڵەیانکرد سزای دنیا و دواڕۆژیان دەدات، بەڵام جەختناکەینەوە لە ڕەحمەت و خۆشەویستی بۆ بەندەکانی و لێبوردەیی و لە گوناح_ خۆشبوونیان، زۆر جار دایکان بۆ تەربێتدانی منداڵەکانیان بە جنۆکە و دێو و درنج دەیانترسێنن، دوایی منداڵەکە ترس لەم شتانە و ترسی لە خودا و سزای دۆزەخ تێکەڵدەکات لە مێشکی خۆیدا.

زۆر جار دایک بە منداڵە هارەکەی دەڵێت: ئەگەر بە قسەی من نەکەیت خودا غەزەبت لێدەگرێت و دەتخاتە دۆزەخەوە، ئەو نازانێت کە لای منداڵان هێزێکی گەورەی خەیاڵکردنەوە هەیە کە لای گەورەکان نییە، هەروەها کاریگەرییە گەورەکەی ئەم قسەیە هەستپێناکات، لەوانەیە ئەو وێنەیەی لە خەیاڵی منداڵەکەدا دروستدەبێت داهاتووی دیارییبکات لە ڕووی سۆز و لایەنی ڕۆحییەوە، وێنەیەکی ترسێنەر لە سزا و توڕەیی بە ئازاری تێدایە، منداڵ لە تەمەنی سەرەتادا ناتوانێت لە شتە ئەبستراکتەکان (الأشياء المجردة) تێبگات، کە بە زەین لێیتێدەگەین نەک بە هەستەکان، لەوانەیە خودای گەورەی وەکو مرۆڤێکی گەورەی بەهێز بێتە پێشچاو کە بە قەدەر منارەی مزگەوتێک ببێت و ئاگرێکی گەورەی لە بەردەمدا بێت.

لەوانەیە بێتە پێشچاوی ئەو کەسە زەبەلاحە (بێگەردی و گەورەیی بۆ خودا) دەیگرێت و دەیخاتە ناو ئەو ئاگرەوە لەبەرئەوەی بە قسەی

دایک و باوکی نەکردووە، یان لە خوشکە بچووکەکەی داوە، کاتێک ئەم منداڵە گەورەدەبێت لە ڕووی عەقڵییەوە و لە شتە نەبیرناوەکان تێدەگات بەم هەستە منداڵانەیەی پێدەکەنێت لە بارەی خودای گەورەوە، بەڵام ناتوانێت لەو هەستە ناخۆشە ڕزگارییبێت لە بارەی ترسی سزادان لە دنیا و دواڕۆژدا، بەمەیش لە ڕەحمەت و خۆشەویستی بۆ بەندەکانی کەمدەبێتەوە.

بەڵێ، وێنەکەی منداڵی دەڕوات و نامێنێت، بەڵام کاریگەرییەکەی بەردەوامدەبێت بە درێژایی ژیانی، ئەگەرچی ڕۆژانە (١٧) جار ئەم پەروەردەیە بەر سیفەتی ڕەحمان و ڕەحیمی خودای گەورە دەکەوێت، تەنها لە نوێژە فەرزەکاندا بەبێ شەونوێژ و سوننەتەکان، یان سەرەڕای گوێگرتن لە وتار لە بارەی خۆشەویستیی خودای گەورە بۆ بەندەکانی و نزیکەکانی بەڵام ئەوەی لە منداڵییەوە لە دڵیدا جێگیربووە بەم پەرستشانە ناسڕدرێتەوە.

ئیتر ئەم پەروەردەبوونە لە سەر ترس لە سزای خودای گەورە بەبێ باسکردنی ڕەحمەت و لێخۆشبوونی یەکدەگرن لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە گاڵتەی بە خۆشەویستی و ناسکیی هەڵچوونەکان دێت، نەوەیەک لە گەنج و پیر پەروەردەدەکات کە حەزیان لە گرووپە پەڕگیر و توندەکان بێت و ئەگەر توانییان دەسەڵات بگرنەدەست لە وڵاتەکانیاندا ئەوا دەستدەکەن بە جێبەجێکردنی قورسترین سزا بەبێ ئامادەکاری و پەروەردە و بە بێڕەحمی، لەمەیشدا قورسترینی سزاکان هەڵدەبژێرن و بە چەندین شێوە جێبەجێیاندەکەن.

بەڵام ئەوانەیشی بڕوایان بە چوونەپاڵ ئەو گرووپ و تاقمانە نییە زۆر جار سەلامەتنابن لە کاریگەرییەکان ئەم تێکەڵەیە لە پەروەردەی خراپ، چونکە عیبادەتکردن و ناسینی خودا بە ترسان لێی بەبێ ئومێدی ڕەحمەت دەبێتە هۆی بێئومێدبوون، هەروەها بێبەشبوون لە سۆزی

خۆشەویستی و بەزەیی دەبێتە هۆی لەدەستدانی چێژی ملکەچی و دڵنیایی، ئەم حاڵەتی بێبەشبوونە سەردەکێشێت بۆ تێکچوونی دەروونی ئەگەر گوشارەکانی ژیانی سەردەم لە سەری زیاتربێن.

زیاتر لە کاریگەریی ئەم دیاردەیە تێگەیشتم لە سەر ڕەفتاری تاکەکان دوای دانیشتنی بەردەوامی چارەسەری دەروونی لەگەڵ نەخۆشەکانم، کە بوونەتە نێچیری حاڵەتی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، زۆرینەی ئەو کەسانە لە سەر ئەم تێڕوانینە ناهاوسەنگە پەروەردەبوون، هەندێکیان توشی گوناهێکی گەورە بوون بۆیە بێئومێدبوون لە ڕەحمەت و لێخۆشبوونی خودا و توشی دڵەڕاوکێ و تێکچوونی دەروونی بوون، چاوەڕوانی ئەوەن لە هەر کات و ساتێکدا سزای خودا و تۆڵەی بباریێت بە سەریاندا، هەندێکی تریان توشی بێئومێدی بوون و دانیشتوون دەستەوئەژنۆ و خۆیان بە هەموو شتێک تاوانباردەکەن و بیروبۆچوونی ڕەشبینی باڵی بە سەریاندا کێشاوە، هەست بە تاوانباری دەکەن لە سەر شتانێک لە ڕابردووی نزیک و دووردا کە کردوویانە، یان پێیانوایە ئەوان هۆکاری ڕوودانیان بوون بە هۆی هەستی خۆبەکەمزانینەوە.

زۆرێک لەم حاڵەتە نەخۆشییانەی نێردراون بۆ لام نەیانتوانیوە چارەسەری حاڵەتەکەیان بە خواردنی حەب و دەرمان بکەن، هەروەها بە چارەسەری دەروونیی عەلمانییش باشبوونێکیان بە خۆیانەوە نەبینیوە تا تێڕوانینیان نەگۆڕاوە بۆ خۆیان و دەوروبەریان، من بۆم دەرکەوتووە لە پشتی زۆرێک لەم دیاردانەوە تێڕوانینی دەروونیی لادەر و بێئومێدبوون هەیە لە ڕەحمەت و خۆشەویست خودای گەورە و ئاسانیی لێخۆشبوونی هەرچەند گوناهەکە گەورەیش بێت، لەم کاتەدا من چارەسەری دەروونیی مەعریفی و ڕەفتاری و مرۆڤانەم ئاراستەی لایەنی ڕۆحی و سۆزداریی ئەوان کردووە، بینیومە کە تاریکیی بێئومێدی و دڵەڕاوکێ ڕەویوەتەوە و مژدەی گەشبینی لە ڕوخساری زۆرێکیاندا

دەرکەوتووە، هەروەها کاردانەوەی باشیان هەبووە بۆ چارەسەری دەروونی و چارەسەرەکانی تریش کە پێشتر تێیدا سەرکەوتوو نەبوون، ئەمەیش بە زۆری لە کاتێکی کەمدا ڕوویداوە، بە ڕوونی هەندێکیانم لەبیرە کە چۆن دەروونیان هەڵچووە و فرمێسکیان ڕشتووە بەرانبەر خۆشەویستیی خودا و دەربڕینی هەستی دۆستایەتی و نزیکیی خودا کە یەکەم جار بووە لە ژیانیاندا هەستیپێبکەن، ئەو ژیانە تاڵەی تێیدا خۆیان دابڕیوە لە دەروونێکی ئارام سەرەڕای ئەوەی خودای گەورە ماڵ و پلەوپایەیشی پێداون.

## پەیوەندیی نێوان سۆزی وروژاو و پەیدابوونی تامەزرۆیی ڕۆحی

لەو باسەی ڕابردوو و لە ناونیشانی بەشەکەوە ئەوە دەردەکەوێت کە سۆز ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە تەواکاریی لایەنی ڕۆحیدا، کە زاڵدەبێت بە سەر مسوڵماندا لە کاتێکدا پەرستشی خودا دەکات وەکو ئەوەی چاوی لێیبێت، ئەمەیش واملێدەکات بپرسم لە پەیوەندیی شاراوە نێوان سۆزی وروژاو و پاکیی ڕۆح، بێڕووی نییە ئەگەر بڵێم سەرەتای بابەتەکە بە سۆزێک دەستپێدەکات وەکو سۆزی خۆشویستنی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)، یان هەڵچوونی ترس لە خودا و هەستکردن بە ئاگاداربوونی لە بەندەکەی، ئەم سۆزە حاڵەتی دەروونی و جەستەیی مسوڵمان دەگۆڕێت، بە دوای خۆیدا هەستێکی ڕۆحیی پڕ لەم بەرزبوونەوە ڕۆحییە دەهێنێت، ئەویش ئەم سۆزە زیاتر دەوروژێنێت تا تێکەڵ بە پاکی و ڕوونی ڕۆح دەبێت، ئەو کاتە هەر یەکەیان ئەوی تر تەواودەکات.

تەنها هەر ئەمەش نا، بەڵکو وروژاندنی سۆز بە هەڵچوونێکی خۆڕسک لە سروشتی مرۆڤەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نییە بە لایەنی ئاینییەوە، بۆ نموونە گوێگرتن لە شیعرێکی کاریگەر، یان سرودێک کەسێکی دەنگخۆش بیڵێت دەکرێت ویژدانی مسوڵمان

بجوولێنێت بەرەو ئەو شوێنەی تێیدا ئەم سۆزە ئاوێنەی لایەنی ڕۆحی دەبێت، ئەوسا هەستکردن بەو سۆزە لە کاتی گوێگرتن لە شیعرەکە دەگۆڕێت بۆ وێناکردنی گەورەیی خودا و دەسەڵاتی بە سەر هەموو بچووک و گەورەیەکدا لەم دنیا فانییەدا، بۆیە لە بارەی گرنگیی سۆزەوە کە ملکەچی بە دوای خۆیدا دەهێنێت گوتراوە: خوێنەری قورئان ئەگەر نەگری پێویستە خۆی بگرییێنێت، چونکە لەوانەیە ئەم زۆرلەخۆکردنە ببێتە گریانی ڕاستەقینە، ئەمەیش ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) جەختی لێدەکاتەوە کە تەبەرانی گێڕاویەتیەوە و ئەلبانی بە حەسەنی داناوە (بێگومان زانست بە فێربوون دەبێت و نەرمونیانیش بە خۆڕاهێنان لە سەری – إنما العلم بالتعلم وإنما الحلم بالتحلم)[١].

بەڵام هەندێک جار کارەکە بەو شێوەیە دەبێت کە سەرەتاکەی بە حاڵەتێکی ڕۆحیی لە ناکاو دەبێت بە گوێگرتن لە چەند ئایەتێکی قورئان، یان بیستنی وتارێکی ئایینی لەلایەن مرۆڤی مسوڵمانەوە، ئینجا دڵی نەرمدەبێت و تەسلیم بە خودا دەبێت و ملکەچیدەبێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی وروژاندنی خۆشەویستی بۆی، دواتر ئەم سۆزی خۆشەویستییە لایەنە ڕۆحییەکە بەهێزدەکات، لەم حاڵەتەدا ملکەچی پێش وروژاندنی سۆز دەکەوێت.

کاتێک سۆزیش دەوروژێت ملکەچی زیاددەکات، دیارە ئەم کارلێکە لە نێوان ئەم دوانەدا ئەوەیە کە ئایەتی ژمارە (١٠٩)ی سورەتی ئیسڕا ئاماژەی بۆ دەکات (وَيَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا). (دەمەوڕوو خۆ تخێڵ دەکەن و دەگرین و ئەمەیش خۆبەکەمزانینیان پتردەکات). واتە: کاتێک ئەم کارلێککردنە لە نێوان سۆز و لایەنی ڕۆحیدا دەگاتە لوتکە دڵ و عەقڵ و پەلەکانی بەندە دەکەوێتە لەرزین، بە دوایدا حاڵەتێک لە ملکەچی

---

١.الطبراني، أبو القاسم سليمان بن أحمد (توفي ٣٦٠هـ)، المعجم الأوسط، تحقيق: طارق عوض الله، القاهرة، دار الحرمين، ج٣، ص١١٨، حديث رقم (٢٦٦٣).

و سوکنایی و لەخواترسانێکی هێمن دێت، وەکو ئەوەیە کە ئەم سوکنایی و ملکەچییە وەکو خۆرێک وا بێت کە بەرەو ئاوابوونە دوای ڕۆژێکی زۆر گەرم لەبەر گەورەیی و دەسەڵات و زاڵبوونی خودای گەورە: (اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُتَشَابِهًا مَثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ). واتە: (خودا چاکترین قسەی هەناردۆتەخوارێ: کتێبێ کە] قسەکانی لە جوانیدا [وەکو یەکن و هەر دووپاتیشدەکرێنەوە. ئەو کەسانەی ترسی پەروەرندەی خۆیان لە دڵدایە، لە بیستنی مچورکیان بە لەشیدا دێت و پاشان دڵ و کەلەخیان -بە یادی خودا- ئۆقرەدەگرێت. ئەمە ڕێنوێنیی خودایە. کێی پێ خۆش بێت، بەرەو خۆی شارەزایدەکات؛ هەر کەسیش خودا گومڕاییکات، کەسی تر شارەزایناکات) [الزمر: ٢٣].

بە داوی ئەم حاڵە لە سوکنایی و دڵنیایی دەروونی و ڕۆحی و جەستەییەدا هەستێکی خۆش و ئاسودە دروستدەبێت، کە وشە ناتوانێت وەسفیبکات، لەوانەیە ئوستاد محەمەد غەزالی باشترین کەس بێت کە وەسفی ئەم حاڵەتە سۆزدارییە ڕۆحییەی کردبێت لە کاتی وروژانیدا کە جەستە تێیدا ئارامدەگرێت، ئوستاد غەزالی لە کتێبەکەیدا (لایەنە سۆزدارییەکەی ئیسلام - الجانب العاطفی من الاسلام) بەم شێوەیە دەنووسێت: (کەسانێک لە پیاوچاکان هەن کە نیەتیان پاکدەبێتەوە و دەروونیان بێگەرددەبێت و پەیوەندییان بە خوداوە بەهێزدەبێت، خۆشەویستیی خودا لە پەڕەی دڵیاندا جێگیردەبێت، هەستێکی یادکرنەوە لە نەفسیاندا کڵپەدەستێنێت بە هۆی بروسکەیەکەوە کە لەوپەڕی بڵندیی ئاسمانەوە دێت، هەر وەکو تروسکەی ئاگرێک کە پشووەبایەک لێیبدات و بیکاتە بڵێسەی ئاگر، ئەمانە بە چرکەساتێکدا تێدەپەڕن کە هیچی لە ژیانی خەڵکی تر ناچێت، شاگەشکەدەبن و لەگەڵ خودای خۆیاندا ئاوێتەدەبن بۆ ماوەیەک جا کەم بێت یان زۆر، ئەمە چی تێدایە جێگای سەرسوڕمان

بێت؟ ئیمان زیاددەکات و شەپۆلدەدات وەکو دەریا دوایی بە هێمنی دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی وەکو ئەوەی هیچ ڕووینەدابێت)[1].

هەندێک جار هەڵچوونی سۆزداری هەر لە سەرەتاوە تێکەڵی یادی خودا و هەستی ڕۆحی دەبێت و هەردووکیان دەچنە یەک چوارچێوەی ڕۆحییەوە، بۆ نموونە تاکی مسوڵمان کەمەندکێشدەبێت بۆ بیستنی دەنگی کەسێکی دەنگخۆش کە ئایەتەکانی قورئان دەخوێنێتەوە، دەنگی خۆش و لاواندنەوە بە تەرتیلێکی جوان سۆز دەوروژێنێن و واتای ئایەتەکانی قورئان دڵ دەهێنێتەجۆش، ئەم تێکەڵە پیرۆزە لەوانەیە لە ناغافڵ کەسەکە بگوازێتەوە بۆ بەرزترین پلەکانی ملکەچی، خودای گەورە نیعمەتی دەنگێکی خۆشی بە پێغەمبەر داود -سەلامی خودای لێبێت- بەخشیبوو، کاتێک دەنگی تەسبیحاتی هەڵدەبڕی شاخ و باڵندەکان لەگەڵیدا دەنگیاندەدایەوە بە ملکەچییەکی قووڵەوە (وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ وَكُنَّا فَاعِلِينَ). واتە: (کێوەکان و مەلانیشمان کەویکرد کە وێڕای داود، هەر پەسندی خودا بدەن؛ ئەم کارەیش لە ئێمە ڕابوو) [الأنبياء ٧٩].

لە هەندێک حاڵەتی دەگمەنیشدا لایەنی سۆزداری تێکەڵی تاسەی نیشتمان، یان ئەو لادێیەی کەسێک تێیدا لەدایکبووە دەبێت بە تایبەتی کە لەوێدا خۆشترین ساڵەکانی ژیانی بەسەربردبێت و لە سەرەتای ژیانیدا چەمکە سەرەتاییەکانی ئایین لەوێدا فێربووبێت، ئەمە وایلێدەکات بە تاسەوە بێت بۆ ژیانی لادێ و تێکەڵی سۆزی ڕۆحی بکات.

ئەم نموونەیەیشم لە خۆمەوە نەهێناوەتەوە، بەڵکو بەرمەبنای ئەزموونێکی ڕاستەقینەیە، یەکێک لە هاوڕێکانم دەیگوت هەر کاتێک بیر لە لادێکەمان و خەڵکەکەی دەکەمەوە هەستێکی ڕۆحیی خۆش

---

١. الغزالي، محمد، الجانب العطفي من الإسلام، بحث في الخلق والسلوك والتصوف، الإسكندرية: دار الدعوة، ط١، ١٩٩٠م، ص٨٧.

دامدەگریێت، کە دڵم نەرمدەکات و ملکەچی و سوکناییم پێدەبەخشێت، هەروەها هەر کاتێک لە نوێژەکانمدا ملکەچی زیاتر دەنوێنم یادگاریی منداڵیم بیردەکەوێتەوە لە لادێ، ئەو دەڵێت خۆمم سەرکۆنەدەکرد و دەمگوت: (پێویستە کە ویستت دڵت نەرم بێت بیر لە کاتی حەجکردن و کەعبە و مەدینەی پیرۆز بکەیتەوە کە گۆڕی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)ی لێیە، نەک یادگاریی منداڵیت کە لە لادێیەکی دوورەدەستە لەو بیابانە وشکەی سوودان)، بەڵام ئەم خەیاڵە سۆزدارییانە لە بارەی منداڵییەوە بە زەینی مرۆڤدا دەمێنێت بە بەهێزی و زیندوویی، هەر کاتێک ڕووبەڕووی ئەزموون و حاڵەتێک بووەوە کە شۆزێکی لەو شێوەیەی وروژاند دووبارە دەوروژێتەوە.

برایەکی بەڕێزم هەبوو (ڕەزای خوای لێبێت) سەرەتای منداڵی لە دێیەک بوو لە باکووری سوودان لە سەر کەناری نیل، باخێکی گەورە و سەوزایی لێبوو، کاتێک خستیانە مەکتەب لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لەگەڵ منداڵانی دێ مامۆستا بە شێوەیەکی کاریگەر باسی شەڕی بەدری بۆ کردبوون، ئەم هاوڕێیەم وا بە خەیاڵیدا هاتبوو کە ئەم شەڕە لە شوێنێکی ئاوا سەوزدا ڕوویداوە، ئەم تێڕوانینەی لکاندبوو بە خۆشەویستیی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) و هاوەڵانی، ئەمە هەر لە خەیاڵیدا بوو تا چووبوو بۆ عەرەبستانی سعودیە و بە چاوی خۆی ئەو بیابانەی بینیبوو کە شەڕی بەدر تێیدا ڕوویدابوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش هەر دەیگوت هەر کاتێک سۆزی ئایینی زیاددەبێت وێنەی شەڕی بەدر هەر لەو باخ و سەوزاییەدا دێتە بەرچاوی.

ئیتر ئەم پەیوەندییە بە ڕێگایەکی شاراوە و لە دەرەوەی نەستەوە لە لای زۆربەی خەڵکی دروستدەبێت لە کاتێکدا سۆز و خۆشەویستی و سوکنایی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا تێکەڵی ڕۆحانیەتی ئایینی دەبێت، مەرد ئەوەیە ئەو وروژانە سۆزدارییە بکاتە مایەی ملکەچیی

خودای گەورە و ستایشی لە سەر بەخششەکانی و دوورخستنەوەی وەسوەسەی شەیتان لە دەروونی لەو یادگارییانەی ڕێگری لێدەکەن لە یادکردنەوەی ڕاستەقینە.

ئەو گەردنکەچییەی (خشوع) باسیدەکەین زاراوەیەکی ئیسلامیی ناوازەیە، ژمارەیەک سۆزی تێکەڵ بە هەستی ڕۆحیی ئاسمانی ملکەچ بۆ خودای گەورە کۆدەکاتەوە، بۆیە لە زمانەکانی دیکەدا هاوتایەکی گونجاوی نییە، تۆ سەیری وەرگێڕانی وشەی (خشوع) بکە لە فەرهەنگە ئەورووپیەکاندا دەبینی بە تەسلیمبوون و ملکەچی (Humbleness and Submission) وەریدەگێڕن، بەڵام تەسلیمبوون تەنها یەک بەشی گەردنکەچییە نەک پڕبەپێستی بێت، دەکرێت کەسێک فەرمانبەردار و تەسلیمی سەرۆکی کارەکەی بێت، بەڵام ڕقیشی لێیبێت، هەرکات بارودۆخ گۆڕا و داشی سوار بوو لێیهەڵدەگەڕێتەوە و ملکەچییەکە دەبێتە هەڵگەڕانەوە، بەڵام بەندەی گەردنکەچ بۆ خودای گەورە ملکەچی و ترس و شەرم لە خودا بە یەکەوە کۆدەکاتەوە، لە بەرانبەردا خۆشەویستی و تاسە و هەستکردن بە کەمتەرخەمیی بەرانبەر بە خودا لە دڵیدا زیاددەکات، هەموو ئەم سۆزانە دەبینی تێکەڵی هەستکردن بە چێژێکی ڕۆحی دەبن، هێزێکی زۆر زاڵدەبێت بە سەر ئەم هەموو سۆزە جۆراوجۆرانەدا کە ناتوانین پێناسەیەکی وردی تەنانەت لە زمانی عەرەبییشدا بۆ بکەین، کەواتە ئەمە (کاری خودایە)، ئەمەیە کە هەموو حاڵەتە دەروونی و جەستەیی و هەڵچوونەکان دەگۆڕێت بە شێوەیەک کە دەروونناسێکی ڕۆژئاوایی بینی وادەزانێت توشی خەمۆکییەکی زۆر بووە و دەرمانی دژەخەمۆکی بۆ دەنووسێت، لەوانەیە لە خەستەخانە بیخەوێنێت نەبادا خۆی بکوژێت، ئەم داماوە نازانێت کە ئەو کەسە لەو چرکەیەدا هەست بە ئاسودەییەکی بێکۆتا دەکات.

لەم بارەیەوە گوی لە شێخولئیسلام ئەحمەد بن تەیمیە بگرە باسی

ئاسودەیی سۆزداری و ڕۆحیی هەندێک لە شێخەکانی ئەهلی زیکر و فیکر دەکات، لە یەکێکیانەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (بە ڕاستی لە حاڵێکدا بووم دەمگوت ئەگەر ئەهلی بەهەشت لەم حاڵەتەدا بژین بە ڕاستی ژیانێکی خۆشە)[1]. یەکێکی تریان دەیگوت: (کاتگەلێک بە سەر دڵدا تێدەپەڕن کە دڵ سەمادەکات تێیاندا)[2]. یەکێکی تر دەیگوت: (بۆ ئەهلی شەو لە شەوگاردا چێژی زیاتر هەیە وەکو لە ڕابواردن بۆ ئەهلی کەیف و سەفا)[3].

ئەوەی گوتمان لە بارەی سۆزی خۆشەویستییەوە بە سەر هەموو جۆرەکانی تری سۆزدا جێبەجێدەبێت، نەبوونی کاردانەوە بە سۆزی توڕەیی و بەگژداچوونەوە بەرانبەر ئەوانەی سنوورەکانی خودا دەشکێنن لەوانەیە مرۆڤ بەرەو لەدەستدانی ئیمانەکەی بەرێت بە تەواوی، ئەوەتا لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە، کە موسلیم گێڕاویەتییەوە لە ئیبن مەسعوود کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (هەر پێغەمبەرێک پێش من کە خودا ناردوویەتی لە ئوممەتان کۆمەڵێک هاوبەند و هاوەڵ لە دەوری هەبوون شوێنیکەوتوون و سوننەتی ئەویان جێبەجێکردووە، دواتر لە دوای ئەوان کەسانێک هاتوون وتە و کرداریان یەک نەبووە، ئەوەی گوتوویانە نەیانکردووە و شتانێکیان کردووە مە فەرمانیانپێنەکراوە، هەر کەسێک بە پەلەکانی دژیان وەستابێت ئەوە مسوڵمان بووە، ئەوەی بە زمان لە دژیان بووبێت ئەوە مسوڵمان بووە، ئەوەی بە دڵ دژیان بووبێت ئەوە مسوڵمان بووە، بەڵام لە دوای ئەمەوە

---

١.ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس، أحمد بن عبدالحليم الحراني (توفي ٧٢٨هـ)، مجموع الفتاوى، تحقيق : أنور الباز وعامر الجزار، ط٣، ٢٠٠٥م، دار الوفاء، ج١٠، ص٦٤٧.

٢. من كتابي بعنوان (التفكر من المشاهدة إلى الشهود)، طبعة المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط٤، ١٩٩٥م.

٣. ابن تيمية، مجموع الفتاوى، مرجع سابق، ج١٠، ص٦٤٧.

به قەدەر دەنکە خەرتەلەیەک ئیمان نییە)[١]. ئەمە واتا ئەگەر سۆزی ڕقلێبوونەوە لەبەر خودا و دژایەتیی خراپە لە دڵدا نەبوو ئەوا ئیمانیشی تێدا نییە، هەر بۆ زیاتر جەختکردنەوە لەمە فەرموودەیەکی تر هەیە کە تەبەڕانی لە جابرەوە گێڕاویەتییەوە دەڵێت: پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (خودای گەورە وەحی بۆ فریشتەیەک لە فریشتەکان ناردووە، کە فڵانە شار و فیسار شار ژێرەوژووربکەرەوە بە سەر خەڵکەکەیدا، ئەویش گوتوویەتی: بەڵام فڵانە بەندەتی لێیە کە بۆ چاوتروکانێکیش بێفەرمانیی تۆی نەکردووە، ئەویش پێیفەرمووە: ژێرەوژووریبکە بە سەر ئەو و ئەوانی دیکەیشدا، خۆ بۆ سەعاتێکیش لەبەر من ڕەنگی سوورهەڵنەگەڕاوە)[٢].

بەم شێوەیە کۆتایی بەم بەشە دەهێنین لە بارەی گرنگیی سۆز لە تەاوکردنی ئیماندا، ئەگەرچی زۆرتر جەختمان لە سۆزی خۆشەویستی کردەوە لەبەر گرنگییەکەی لە ژیانی ئێمەدا و کەمێکیش لە بارەی ترس و توڕەییەوە دواین، بەڵام هەموو سۆز و هەڵچوونەکانی تر کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە وەکو ڕق و کینە و دڵگەرمی و تاسە و خۆشی و ئیرەیی و هەموو هەڵچوونەکانی تر ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە بەهێزکردنی لایەنی مەعریفی و ئیمانیی مرۆڤدا و ئەو کردارانەی بە دوایاندا دێن لە پەلەکاندا.

---

١.مسلم، صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب الإيمان، باب بيان كون النهي عن المنكر من الإيمان وأن الإيمان يزيد وينقص، حديث رقم (٥٠)، ص٥١.

٢. الطبراني، المعجم الأوسط، مرجع سابق، ج٧، ص٣٣٦، حديث رقم (٧٦٦١).

# بەشی چوارەم

## تێڕامانی دەروونی سەبارەت بە کاردانەوە عاتیفییەکانی پێغەمبەران لە ڕووی مرۆڤبوونەوە، یان لە دیدی ئامانجە بەرزەکەیانەوە بەو پێیەی پێغەمبەرانێکی مەعسومن

بە تێڕامانم لەو پرسانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا جۆشخواردن و عاتیفەی مرۆڤ دەوروژێنن و توشی هەڵچوونی دەکەن، پێم باش بوو بە چوار جۆر پۆلێنیانبکەم. چەندان بابەتی وروژێنەریش هەن کە بە شێوەیەکی خێرا و خۆنەویست (اللإرادي) وەڵامیاندەدەینەوە؛ ئەوەش لەبەرئەوەیە کە مرۆڤین و ئەو بابەتانەیش لە ئامێرەکانی مێشک و دەماردا ڕەگیانداکوتاوە و هەن؛ بۆ نموونە ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ بۆ دڕەندەیەک، یان هەر شتێکی بەسام و تۆقێنەر لە سروشتی مرۆییدا، یان ئەو شتە وروژێنەرانەی بە هۆی هێز و توانستەکەیەوە زەفەر بە مرۆڤ دەهێنێت، وەکو دەنگی بەرز، یان ئەو شتەی توشی هەڵوێستێکی ناساز و شەرمەندەیی ئەوتۆمان دەکات، کە بەبێ بیرکردنەوەیەکی هۆشیار ناچارماندەکات خێرا وەڵامیبدەینەوە، وەکو ئەوەی زانایانی مێشک و دەمار دەڵێن لە بادامەی مێشک (لوزة الدماغ)ـەوە سەرچاوەیگرتووە؛ کە

خودی مرۆڤ تیایدا دەکەوێتە تەڵزگەوە و دەبێت دەستبەجێ بەدەمیەوە بچێت، یان دەبێت وەڵامگۆکەی پەرچەکردارێکی وەها بێت شتە پەرجوو و لەناکاوەکانی ژینگەکەی بگۆڕێت.

لەوەیە سەرجەم ئەو وەڵامگۆ[1] خۆنەویستانە چەند پەرچەکردارێکی ڕەنگدانەرەوەمان (ردود الأفعال المنعكسة) وەبیربهێنێتەوە کە لە ئامێرە دەمارییەکەماندا هەیە، وەکو خێرا دەستکێشانەوە لە شتێکی زۆر گەرم، یان داخستنی چاو لە کاتی بوونی وروژمی هەوایەکی لە ناکاو، یان ڕۆشناییەکی لەڕادەبەدەر، [یان چەمینەوە لە کاتی بیستنی دەنگێکی بەرزی لە پڕتاو].

لەم حاڵەتانەدا وەڵامگۆی پێغەمبەریش وەکو تێکڕای وەڵامگۆی مرۆڤە. نموونەکەیشی بە ڕوونی سبارەت بە ترسە بەسامەکەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) داود لە سوورەتی (ص)دا دەبینین، کاتێک دوو کەس، یان دوو دادبەر (خصمان) کە کێشەیەکیان هەبوو بە دیواردا سەرکەوتن و خۆیان گەیاندە ئەو میحرابەی کە هیچ کەس نەدەبوو بچێتە ئەو میحرابەی کە داودی تێدا بێت، وەکو خودا دەفەرموێت: (وَهَلْ أَتَاكَ نَبَأُ الْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا الْمِحْرَابَ ۝ إِذْ دَخَلُوا عَلَى دَاوُودَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ قَالُوا لَا تَخَفْ خَصْمَانِ بَغَى بَعْضُنَا عَلَى بَعْضٍ فَاحْكُمْ بَيْنَنَا بِالْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ وَاهْدِنَا إِلَى سَوَاءِ الصِّرَاطِ ۝ إِنَّ هَذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِي فِي الْخِطَابِ ۝ قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَى نِعَاجِهِ وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَا هُمْ وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ ۝ فَغَفَرْنَا لَهُ ذَلِكَ وَإِنَّ لَهُ عِنْدَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ ۝ يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَنْ

---

١ لە هەر شوێنێکی ئەم کتێبەدا ببینیت وشەی (وەڵامگۆ) پاتبوویەوە، بزانە مەبەست لێی پەرچەکردار، یان هەڵوێست، یان ڕووداو و واقیعێکە. وەرگێڕ

سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ) واتە: (ئەتۆ دەنگوباسی ئەو دادبەرانەت بیست، کە لە شوورەی نوێژگەکەیەوە سەرکەوتن؛ کە لە داود وەژوورکەوتن، لێانترسا. گوتیان: نیگەرانیت نەبێت، دوو دادبەرین؛ یەک لە ئێمە غەدری لەوی تر کردووە؛ چۆن ڕەوایە ئاوا بە ناومان ڕابگە و لە دەستووری خودا لامەدە و ڕاستەڕێمان پیشانبدە. ئەم برایەم نەوەدونۆ پەزی هەیە و من تەنیا پەزێکم هەیە. گوتی: بە منی بسپێرە و لە کێشەدا من دەرۆستی ئەو نەهاتم. گوتی: ئەو کە پەزەکەی تۆ دەخاتە ناو پەزەکانی، غەدردەکات. زۆر شەریکەماڵی تریش فێڵ لە یەکتری دەکەن؛ مەگین ئەوی باوەڕیان بە خودا هەیە و ئاکارچاکن؛ ئەویش کەمن. داود زانی ئەزموومانە؛ ئیتر توشی پەشیمانی هات؛ سوژدەی برد و لە پەروەرندەی پاڕاوە کە بیبەخشێت. ئێمە لەو هەڵەی بەخشیمان؛ لە نزیکانی خۆمانە و گەڕانەوەی چاکی هەیە. ئەی داود، جێنشینیمان لە سەر زەمین داوە بە تۆ؛ بە تەرزێکی خوداپەسند، بە کاری مەردم ڕابگە و شوێن ئارەزووی خۆت مەکەوە؛ کە لە ڕێی خودا لاتبدات. ئەو کەسانەی لە ڕێی خودا دەردەکەون، چونکە قیامەتیان لەبیرچوو، جەزرەبەی توندوتیژیان هەس) [ص: ٢١_٢٦]. بە هەمان چەشن پێغەمبەریش (دروودی خوای لێبێت) لە ئانوساتی دیتنی جبریل لە شێوەی مەلائیکەی خۆیدا ترسا. لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا، لە جابری کوڕی عەبدوڵلاوە دەیگێڕنەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (هەر کە جبریلم دی بەو چەشنە خۆم پێڕاگیرنەکرا و کەوتمە سەر ئەژنۆ و بە زەویدا کەوتم)[١]. هەمان دیاردە لە ترسی موسا پێغەمبەردا (دروودی خوای لێبێت) دەبینین، کاتێک بینی گۆچانەکەی دەلەرێتەوە و وەکو مار

١ بروانە: صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب بدء الخلق، باب إذا قال أحدكم أمين، حديث رقم ٣٢٣٨ (ص ٦٢١.. مسلم، صحيح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، كتاب الإيمان، باب بدء الوحي، حديث رقم ١٦١، ص ٨٩.

پێچدەخوات. ترس لەم کاتانەدا، یان لە ناکاو و پڕتاو پەیدادەبێت، یان لە دیتنی شتێکی ترسناک و غەریب و عەجیب.

هاوکات وێنەی ئەم وەڵامگۆ خۆنەویستانەی عاتیفەکانی دیکەیش بەدیدەکەین وەکو توڕەیی و دڵخۆشی، یان ئەوانەی دەبنە هۆی ئازارێکی ئێشگەیەن ئەگەر بێت و لە ناوکاو، یان زۆر توند بێت. بە ڕوونی شوێنەواری ئەم هەڵچوونانە لە لای پێغەمبەران دەبینین کە پەرچەکردار و وەڵامی ئەوان (دروودی خوایان لێبێت) هەمان وەڵامی مرۆڤەکانە، بەڵام لەوەیە لە لای پێغەمبەران کاریگەریی کەمتر بێت و خێرا خامۆشببێت و هێوربببێتەوە. دەسا ڕابمێنە لە هەڵوێستی توڕەییەی پاش جەنگی ئوحود توشی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بوو، کە لە ناکاو دیمەنی مامی خۆشەویست و برا شیرییەکەی حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبی بینی، کە شەهیدکراوە و جەستەیشی شێوێنراوە و سکی هەڵدڕاوە و جگەری دەرکراوە، لەو کاتەدا بە دەستەواژەیەکی سەرنجڕاکێش گوزارشتی لە توڕەییەکەی کرد و فەرمووی: (هیچ هەڵوێستێکم توشنەهاتووە هێندەی ئەم هەڵوێستە ناهەموارتر). دواتر فەرمووی: (مامە گیان، خودا ڕەحمت پێبکات. لە ڕاستیدا تۆ سیلەی ڕەحمت بەکاردەهێنا، زۆر چاکەکار بوویت، ئەمە سوێندی بێت ئەگەر دەستم پێیانبگات لە بریی تۆ حەق لە حەفتایان دەکەمەوە، بەڵام ئارامدەگرین [هەتا بزانین خودا چ دەکات])[١]. لەوەیە ئەم وەڵامە دەسودەمە توڕەئامێزە لە سروشتی مرۆڤێتیی حەزرەتەوە (دروودی خوای لێبێت) سەرچاوەیگرتبێت، وەلێ خودا کە بە باشترین ئاکار و ڕەوشت ئەدەبیداوە هێندەی نەبردووە ئەم سروشتە مرۆڤێتییەی

---

١ الطبراني، المعجم الأوسط، سەرچاوەی پێشوو، ج ٣، ص ٢٣٣، حديث رقم ٢٨٦٨. (وهذا إسناد ضعيف بسبب صالح بن بشير المري، القاص العابد، قال ابن المديني : ضعيف جدا. وقال ابن معين : ليس بشيء. وقال البخاري: منكر الحديث. وقال النسائي: ضعيف الحديث، له أحاديث مناكير. وقال ابن عدي: عامة أحاديثه منكرات. وهكذا كان عامة المحدثين على ضعف حديثه ونكارته. تهذيب التهذيب (٣٨٣/٤). وەرگێڕ

گەڕاندووەتەوە بۆ مەقامی پێغەمبەرێتیی بەرز، هەتا قورئان دابەزی ئەویش (دروودی خوای لێبێت) لە شوێنی خۆی وەستابوو و هێشتا جووڵەینەکردبوو، (وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُمْ بِهِ وَلَئِنْ صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِلصَّابِرِينَ) واتە: (ئەگەر تۆڵەدەستێننەوە، داربەدار بێت و پترنەبێت؛ خۆ ئەگەر خۆڕاگریش بن، دیارە بۆ خۆڕاگرەکان زۆر باشترە) [النحل: ١٢٦]. پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) دەستبەجێ ملکەچ بوو، بە هەڵبژاردنی سەختترینی هەڵوێست لە نێوان دوو هەڵوێستدا دانی بە خۆیدا گرت، کە ئارامگرتنە و فەرمووی: (بەڵکو ئارامدەگرین) و نەهیکرد لە شێواندنی جەستەی مرۆڤ.

نموونەیەکی دیکەی لێکچووی ئەمە لە جەنگی ئوحوددا دەبینین، کە جیاوازیی سروشتی مرۆڤێتیی سۆزداریی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بەراورد بە عاتیفە و سۆزی وەکو پێغەمبەرێک بەڵکو وەکو گەورەی پێغەمبەران بۆ بەیاندەکات، کاتێک ئەو جەنگە کۆتاییهات کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) ڕوخساری پیرۆزی بریندار بوو، ددانە چوارینەکانی شکا، دوو ئەڵقەی کڵاوپۆشەکەی چوو بە ڕوومەتی پیرۆزیدا، بێباوەڕان ئەوەندە سەنگبارانیانکرد هەتا کەوتە بە لادا، تەبەرانی دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بە تورەیی فەرموویەتی: (تورەیی خودا دەبارێت بە سەر ئەو قەومەی کە ڕوخساری پێغەمبەرەکەیان برینداركردووە)، بەڵام دوای ئەوەی ساتێک لە شوێنی خۆی مایەوە فەرمووی: (خودایە، تۆ لە قەومەکەم خۆشببە، چونکە نازانن)[١]. وەکو ئەوەی فەرمایشت و وەڵامگۆی یەکەمی بە عاتیفە مرۆڤێتییەکەوە مامەڵەیکردووە، دواتر بە هاتنەپێشی عاتیفە پێغەمبەرێتییەکە بەڕزەکە، کاریگەریی وەڵامگۆی یەکەمی پووچەڵکردەوە.

---

١ الطبراني، أبو القاسم سليمان بن أحمد (ت ٣٦٠ هـ) المعجم الكبير، تحقيق: حمدي بن عبدالمجيد، القاهرة: مكتبة ابن تيمية، ج ٥، ص ٤٤٦، حديث رقم. ٢٥٢٩.

هەرچی پەرچەکردارێکی خۆنەویستی ئێشێکی توندوتیژیشە، نموونەکەی لەو ئازارە زۆرەی قاچی پێغەمبەردایە (دروودی خوای لێبێت)، کە پاش سەرکەوتنی مسوڵمانان لە حونەین و کێشمەکێشی لەشکرە سەرکەوتووەکانیان؛ بەر لێواری پێڵاوی یەکێک لە هاوەڵەکان کەوت. ئیبن کەسیر لە کتێبی سیرەکەیدا و لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکرەوە دەیگێڕێتەوە، کە ئەو هاوەڵەی پێڵاوەکەی بەر قاچی پیرۆزی حەزرەت کەوت گوتی: (سوێند بە خودا، من لە سەر پشتی حوشترەکەم بە لای پێغەمبەردا (دروودی خوای لێبێت) ڕێمدەکرد، جووتێک پێڵاوی قایمم لە پێدا بوو؛ حوشترەکەم تەنگی بە حوشترەکەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) هەڵچنی، لێواری پێڵاوەکەم بەر لاقی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) کەوت و ئازاریدا، ئەویش قامچییەکی کێشا بە قاچمدا، فەرمووی: ئازارت پێگەیاندم، دووربکەوە لێم. (ئیدی پشتمهەڵکرد و ڕۆیشتم، بۆ بەیانییەکەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) هات و داوایلێکردم. گوتی: ئەمە سوێندی بێت کاتێک ئەو ڕۆژە ئەو ئازارەم بە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) گەیاند، ڕۆیشتمە لای و چاوەڕێمکرد بزانم چ دەفەرموێت. پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: (تۆ ئەو ڕۆژە کێشات بە قاچمدا و ئازارت پێگەیاندم و منیش بە قامچی کێشام بە قاچتدا، ئێستا بۆ ئەوە بانگمکردوویت بۆئەوەی بۆت قەرەبووبکەمەوە). ئەو هاوەڵە دەڵێت: لە بریی ئەوە لێدانەدا هەشتا پەزی پێدام[1].

بە هەمان چەشن زۆر جاریش مرۆڤ هەمان پەرچەکرداری خۆنەویستی هاوشێوەی دەکات. تەنانەت ئەگەر بگاتە عاتیفەی کەیف و خۆشییش، ئەگەر بێت و ئەو (قومە) خۆشییەیش لە ناکاو بێت، یان لە سەرووی شیانی (احتمال)یش بێت. هەندێک کات لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا

١ ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن كثير القرشي (توفي ٧٧٤ هـ) السيرة النبوية، بيروت: دار المعرفة للطباعة والنشر، ١٩٧٦ م، ص. ٤٦٦.

مرۆڤ دووچاری ترپەیەکی عاتیفی، یان جووڵەیەکی جەستەیی و قسەیەکی ناهاوسەنگ دەبێتەوە، کە لە ورێنەوە نزیکە. بەڕائی کوڕی عازیب ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێبێت) بۆ دەگێڕێتەوە، کە بە جەعفەری کوڕی ئەبوتالیبی فەرمووە: (لە ڕەفتار و ڕوخساردا لە من دەچیت)[١]. هێندە دڵخۆش بوو خۆی بۆ ڕانەگیرا هەتا هەڵگەشەلێیکرد (حجل)؛ واتە وەکو حەبەشییەکان لە سەر یەک قاچ هەڵبەزودابەزی بوو. ئەمەیش ئەو فەرموودەیەم وەبیردەهێنێتەوە کە لە بارەی ئەو پیاوەیە لە زەوییەکی چۆڵی کاکی بە کاکییدا وڵاخەکەی لێگمبووە و هەرچی پێخۆر و شتومەکیەتی بە سەر وڵاخەکەوەیە، زۆیش بە دویدا وێڵدەبێت و هەرچی دەکۆشێت نایدۆزێتەوە و نائومێددەبێت، دەڵێت: دەگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوە هاتووم، دەخەوم هەتا دەمرم، سەری لە سەر قۆڵی دادەنێت بۆئەوەی بخەوێت، هەر کە خەبەریدەبێتەوە دەبینێت وا وڵاخەکە بە پیتاک و خواردن و خواردنەوەوە لە بەردەمیدا ڕاوەستاوە، ئەویش لە خۆشییاندا دەڵێت: (خودایە، تۆ بەندەی منیت و منیش خودای تۆم). [لە خۆشییاندا بەهەڵەدادەچێت، ئەمیش هەر حاڵە و جیاوازییەکی نییە]. موسلیم گێڕاویەتییەوە. پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) هەر بە خۆی تێچێن لە سەر ئەم چیرۆکە دەدات کە گەشبینی و خۆشەویستیی زیاترمان لە هەمبەر خودا پێدەبەخشێت، دەفەرموێت: (خودا زۆر لەم بەندەیەی وڵاخەکەی دۆزیوەتەوە، بە تۆبە و گەڕانەوەی بەندەکانی دڵخۆشترە)[٢].

ئەمە چەند نموونەیەکن بۆ گرووپی یەکەمی ئەو پەرچەکردارە

١ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب الصلح، باب كيف يكتب هذا ما صالح فلان بن فلان، حديث رقم (٢٦٩٩) ص ٥١٤.

٢ مسلم، صحيح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، كتاب التوبة، باب في الحض على التوبة، حديث رقم (٢٧٤٤) ص ١٠٩٨.

خۆنەویستانەی کە لەو سروشتە مرۆڤێتییەی لە سەری بەدیهێنراوین، دەیوروژێنێت و ئیسارەیدەکات. بەو پێیەی پێغەمبەران سەرباری مرۆڤێتییان کەچی خودا چەندین تایبەتمەندی و جیاوازی لە خەڵکی پێبەخشیون، کە بە هێز و توانستە بێسەروحسابەکەیان دەتوانن هەم بەرگری لەو هێزە جووڵێنەرە، یان وروژێنەرە بکەن، هەمیش زۆر بە خێرایی بگەڕێنەوە بۆ خاترجەمی و هێوربوونەوە و هاتنەسەرخۆ. بۆ نموونە لە جەنگی حونەیندا ١٢ هەزار مسوڵمان لە مەککەوە بەڕێکەوتن بۆ جەنگی هەوازن، مسوڵمانان متمانەیەکی زۆریان بەسەرکەوتن هەبوو، چونکە ئەوە جاری یەکەم بوو مسوڵمانان دارای وەها هێز و ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەری جەنگاوەر بن و دیمەنی سوپاکەیش زیاتر خاترجەمی و متمانەی بە سەرکەوتنێکی زۆر ئاسان پێبەخشین. کاتێک سوپاکە کەوتنە تاریکایی ئەنگوستەچاوی کۆتایی شەو لەو وادی حونەینەی کە هەوازن بۆسەیان بۆ دانابوون، لە ناکاو زەفەریان پێهێنان و دارژان بە سەر مسوڵماناندا و تیربارانیانکردن و دایاننەبەر شیر. ئەو غافڵگیرییە زۆر لەوە سەختتر و گەورەتر بوو، کە بەرگەیبگیرێت، کۆمەڵی مسوڵمانان وەکو وەڵامگۆی سروشتە مرۆڤێتییەکەیان تێیانقووچان و ڕایانکرد، جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێت کەسێکی وا بە دەوری پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێبێت)، نەما. پێغەمبەر بە سەنگینی مایەوە، ئەو جۆرە هێرشە غافڵگیرانە جگە لە پەرچەکردارێکی سروشتی لە سەرەتای ڕوودانیدا هیچ شوێنەوارێکی دی نەبوو، بەڵام هێندەی نەبرد هێمنی و ئارامی باڵی بە سەردا کێشان و خودی ڕووداوەکە بوو بە هۆی پەرۆشی و متمانەی زیاتر بە یارمەتی و نەسری خودا.

پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بە سواری قاترە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکەیەوە دەچوو بە قورگی دوژمندا، بە ناوە پیرۆزەکەی ئاگاداری دەچریکاند و داوایکرد مسوڵمانان بگەڕێنەوە و ڕانەکەن، ئیدی

سەرجەمیان گەڕانەوە و بێباوەڕانیان تێکشکاند. قورئان ئەم وێنەیەمان بۆ دۆکیۆمێنت دەکات، ڕووداو و شڵەژانەی جەنگەکە بە چەند ئایەتێک دەخاتەڕوو: (لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنْكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُمْ مُدْبِرِينَ ثُمَّ أَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَنْزَلَ جُنُودًا لَمْ تَرَوْهَا وَعَذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَذَلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ) واتە: (خودا لە گەلێک شوێناندا دەهاناو هات؛ ڕۆژی حونەینیش هەروەها؛ کە هەرچەندە بە زۆری خۆتان دەنازین، کە چی هیچ بەهرەی بۆ نەدان؛ ئەم زەمینە گوشادەتان لێتەنگهەڵات. لە دواییدا هەموو پاشەکشەتانکرد و بەرەودوا گەڕانەوە. پاشان خودا دڵنیایی بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی و بڕواداران بەڕێکرد و زۆر پێشمەرگەیشی دابەزاند کە نەودەدین. خوانەناسانی سزادا و سزای خودانەناسەکان هەر ئەمەیە) [التوبة: ٢٥_٢٦].

هەرچی گرووپی دووەمی وەڵامگۆ شڵەژاوییەکانە، گرووپ و تاقمێکن ئەو هەڵوێستانە دەیانبزوێنن کە مرۆ بۆئەوەی ڕەدیبداتەوە، ئاتاجی بە بڕیاری گونجاو هەیە، لە بەشی پێشوویشدا قسەمان لە بارەی ئەم کار و گوتارە خۆویستانە کرد، گوتمان مرۆڤ تەنها بە ئارەزوو و ئیختیاری خۆی هەرچی بیەوێت دەیکات و دەیڵێت، دواتریش بەرپرسیارێتی و دەرئەنجامی ئەو ئارەزوومەندییەیش لەئەستۆدەگرێت، ئیدی دواجار بە خێر بشکێتەوە یان بە شەڕ و دۆڕان. زانستی نوێیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە توێکڵی پێشەوە، یان تەوێڵی مێشکی مرۆڤ بەرپرسە لەو وەڵامگۆیانە، بەڵام ئەوەیش دەزانین -وەکو لە پێشدا باسمانکرد-، کە زانست بە سروشتە ماددییە نوێیەکەی زیادەڕەویدەکات لە بەستنەوەی سەرجەم ئەو چالاکییە مرۆڤێتییانە بە مێشکەوە، ئیدی هەر خودا دەزانێت لە داهاتوودا زانست چ زانیارییەکی دی کەشفدەکات لە بارەی موعجیزە و دەراسای مێشکی مرۆڤ و ئەم یەقینەی ئێستامان دەگۆڕێت، یان

دەرکەوتنە زانستییەکان لایەنداری و پاڵپشتی لە بڕوای ئەوە زانایانەی وەکو ئیکڵیز Eccles و پێرساڵ Pearsall دەکەن، کە پێیانوایە عەقڵ بە سروشتە نامادد‌ییەکەی چالاکییەکانی مێشک بەڕێوەدەبات. ئەم تەسەور و بیرکردنەوەیە وەکو باسمانکرد فیکری ئەو زانایانە لە بیروباوەڕی ئیسلامیمان زیاتر نزیکدەخاتەوە بەوەی دڵ دارای سروشتێکی ڕۆحییە و هەر ئەویشە مێشکمان بەڕێوەدەبات و بەرپرسیارێتیی هەڵبژاردن و ئیختیارەکانیشمان هەڵدەگرێت و نیعمەتی هۆشمەندی و وشیاری و هەستکردن بەوەی لە ژیانماندا ڕوودەدات consciouness، پێدەبەخشێت.

کەواتە ئەگەر تاقمی یەکەم ئەو پەرچەکردارانە دەوروژێنێت کە ئێمە وەکو مرۆڤ هیچ دەستێکمان تێیدا نییە لە وەرگرتن، یان وەڵامدانەوەمان بۆی پاشبکەویت، یان دانوسان لە پێناو سانا و ئاسانکردنیدا، ئەوا تاقمی دووەم نوێنەرایەتیی سەرجەم وەڵامگۆ خۆویستەکان دەکات، بە ڕادەیەک بابای وروژاو دەبێتە کەسێکی جۆشخوراوی پەیبەر (مدرک) بەو هەڵوێستە عاتیفییەی ڕووبەڕوویدەبێتەوە، ئەوە وەڵامگۆ و ئیستیجابە و بەدەمەوەهاتنە هەڵدەبژێرێت، کە لەگەڵ ئاستی شیددەتی وروژێنەرە جۆشخوراو و حاڵەتە دەروونی و ڕۆحی و بیروباوەڕییەکانی و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتنی کەسایەتیدا دێتەوە. لەم بارە عاتیفییەدا دەبینین لایەنەکە لە نێوان وەڵامگۆی پێغەمبەران و ئیستیجابەی سەرجەمی خەڵکدا، فراوانتردەبێت هەر بەو گوێرەیەیش بەرپرسیارێتییەکەیان جیاوازدەبێت. بۆ زیاتر بەیانکردن و سادەکردنەوەی ئەم قسەیە نموونە بە عاتیفەی ترس دەهێنینەوە؛ چونکە لە پێشترینی ئەو عاتیفانەیە کە ئەم بابەتە ڕۆشندەکاتەوە، لە هەمان کاتدا سەخترینی ئەو هەڵوێستانەیش هەڵدەبژێرین کە وروژێنەری ترسن، کە ئەویش ترسە لە کوشتن[١].

---

١ لە ڕاستیدا خۆی ترس لە کوشتن، مردن، ترسێکی وجودی و بوونگەراییە و

قورئانی پیرۆز پەرچەکردارە عاتفییەکانی پێغەمبەرانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە چییان کردووە لەگەڵ ئەوانەی هەڕەشە و گوڕەشەی کوشتن، یان سزادانیان لێکردوون، کەچی ملکەچنەبوون، گاڵتەیان بە مەرگ دەکرد، چونکە زۆر باش دەیانزانی ئەم گەردوونە لە بچووکترین گەردیلەوە هەتا کەشکەشەکان لە دەستی توانستی خودایە و چۆنی بوێت وەها هەڵیدەسوڕێنێت، ئەوەی بیەوێت دەیمرێنێت و ئەوەیشی بیەوێت زیندوویدەکاتەوە، هەر ئەویشە بە سەر سەرجەم شتەکاندا بەتوانایە. نموونەی ئەم بێباوەڕانە لە چاو پێغەمبەراندا چەشنی شێتێکە دەیەوێت لە باخچەیەکی ئاژەڵاندا لە هێرشی شێرێک ئاگادارتبکاتەوە. تۆ خەنینت لەم ئاگادارییەی وی دێت، چونکە باش دەزانیت شێرەکە لە قەفەزەکەیدا دەرگای لە سەر حەڵقەڕێز کراوە و توانای دەرچوونی نییە [ئەدی ئاگادارکردنەوە یان نا، هیچ سوودێکی نییە].

پێغەمبەران گوێ لە هەڕەشەی بێباوەڕان دەگرن و گاڵتەیان بە قسەکانیان دێت، متمانەیان بە سەرکەوتنی خودایی هەیە؛ گوێ لە فەرمایشتی نوح (دروودی خوای لێبێت) بگرە لە سورەتی یونسدا، کە گەمەی بە هەڕەشەی قەومەکەی دێت و بەرەوڕوویان دەوستێتەوە و پێیاندەڵێت: ئەگەر ئازان با هەموویان بە هاوبەشەکانیشیانەوە کۆببنەوە و بە ڕوونی بڕیاری خۆیان بدەن، دواتر ئەوەی پێیاندەکرێت لە کوشتن و شاربەدەرکردنی با دریغینەکەن، ئەوە ئەوپەڕی متمانەی بە خودایە و پشتییپێبەستووە، کە ناهێڵێت هیچ ڕێگەیەک بۆ لەناوبردنی نوح دەستگیربخەن: (وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نُوحٍ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنْ كَانَ كَبُرَ عَلَيْكُمْ مَقَامِي وَتَذْكِيرِي بِآيَاتِ اللَّهِ فَعَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْتُ فَأَجْمِعُوا أَمْرَكُمْ وَشُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُنْ أَمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً ثُمَّ اقْضُوا إِلَيَّ وَلَا تُنْظِرُونِ فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُمْ

---

ئەستەمە مرۆڤ لە ڕووە وجودییەکەیەوە دەستبەرداربێت و پەیجوورینەبێت. وەرگێڕ

مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ ۝ فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَمَنْ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ وَجَعَلْنَاهُمْ خَلَائِفَ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُنْذَرِينَ) واتە: (تۆ بەسەرهاتەکەی نوحیان بۆ وەخوێنە، کە بە هۆزەکەی خۆی گوت: گەلۆ، ئەگەر مانەوەم و بیرهێنانی پیشانانی خودا لە منڕا لاتانگرانە، من خۆم بە خودا سپارد و ئێوەیش دەگەڵ شەریکانتان کاری خۆتان بکەنە یەک و کارسازییەکی وەها بکەن هیچ دوودڵی تێدا نەبێت. ئەوسا پەلامارمبدەن و ماوەم مەدەن. ئەگەر نەیشهاتنە ڕەدایە، من داوای هیچ پاداشتێکم لێنەکردوون؛ پاداشتم لە خوداڕایە. من فەرمانم پێدراوە ملکەچی بەر بارەگای بم. هەر بە درۆزنیان دەرێنا، ئەوسا خۆی و ئەوانەی کە دەگەڵیدا بوون لە گەمیەدا نەجاتماندان و کردمانن بە جێنشین لە سەر زەمین. ئەوانەیشمان ژێرئاوخست کە نیشانانی ئێمەیان باوەڕنەکرد. دە بڕوانە ئەوانەی ترسێندرابوون، چییان بەسەرهات) [یونس: ٧١_٧٣].

هەروەها قورئان باسی هودمان بۆ دەکات؛ کە بە ئاشکرا بە هەموو ئەوانەی کۆکبوون لە سەر کوشتنی ڕایگەیاند، کە ئەو لە فێڵ و تەڵەکە و گوڕەشەی ئەوان ناترسێت، لەبەرئەوەی هەر زیندەوەرێک لە عەرزدا تەڤگەڕیەتی و هەر مەلێک بە باڵان دەفڕێت، یان ئەوەی بە چوارپێ دەڕوات، هەموویان کۆمەڵانێکن وەکو بەنی ئادەم، ملکەچی ژێردەستی توانستی خودان، جڵەوی سەرجەم بونەوەرانیش بە دەستی ئەوە و تەوێڵیاندەگرێت وەکو بۆ خۆی دەفەرموێت: (إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمْ مَا مِنْ دَابَّةٍ إِلَّا هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ) واتە: (من خۆم سپارد بەو خودایە کە منی پەروەراندووە و پەروەرندەی ئێوەیش ئەوە. هەر شتێک دەجووڵێتەوە، ژین و ژیاری لە سەر ئەوە و دیارە ڕێگەی پەروەرندەم ڕاستەڕێیە) [هود: ٥٦].

هەر دوور نەڕۆین، ئەوە پێغەمبەری پێشەوامانە (دروودی خوای

لێبێت) کە لە ئەشکەوتی (ثەور) لەگەڵ پێشەوا ئەبوبەکردا خۆیان لەو بێباوەڕانەی مەککە کە دەیانویست بیکوژن حەشاردا، ئەبوبەکر بە ترس و لەرزێکەوە کە بێباوەڕانی لە بەردەم ئەشکەوتەکەدا بینی، گوتی: (ئەی پێغەمبەری خودا، (دروودی خوای لێبێت) ئەگەر یەکێکیان سەیری پێی بکات، ئێمە دەبینێت)، پێغەمبەری خودایش (دروودی خوای لێبێت) بەوپەڕی هێمنی و ئۆقرەیی و خاترجەمییەوە فەرمووی: (گومانت چییە بە دوو کەس کە خودا سێیەمیانە)[١]. قورئانی پیرۆزیش جەخت لە هەمان ڕووداو دەکاتەوە: (إِلَّا تَنْصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) واتە: (ئەگەر ئێوە یاریدەینادەن، خودا بۆ خۆی دەهانایدێت: وەختێک خودانەناسەکان ئەویان دەرکرد، ئەو دەمەیش کە لە ئەشکەوتەکەدا بوون و هەر یەکێک بوو لە دوو کەسان، ئەوێ کاتیش بە هاوەڵەکەی خۆی دەگوت: خەمت نەبێت، ئێمە خودامان دەگەڵە؛ ئۆقرەی لە خوداوە بۆ هات و چەندین پێشمەرگەیشی بۆ نارد یاریبکەن؛ کە ئێوە نەتاندەدیتن. قسەی خودانەناسەکان وەبنکەوت و هەر قسەی خودا لە سەرە. خودا خاوەن_دەسەڵات و لەکارزانە) [التوبة: ٤٠].

لەم ڕووداوەوە ئەو جیاوازییە ڕوونەی نێوان کاردانەوەی پێغەمبەران و مرۆڤمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەم جۆرە هەڵوێستە هەڵچوونیانەدا بەدیدەکرێن، تەنانەت با لە ڕووی ئیمان و پشتبەستن بە خوداوە لە ئاستی کەسێکی وەکو حەزرەتی ئەبوبەکریشدا (ڕەزای خوای لێبێت) بێت [دواجار مرۆڤ؛ مرۆڤە ئیدی]. دەبینیت ئەبوبەکر -با ترسەکەیشی بە هۆکاری ژیانی پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لێبێت) بووبێت-،

---

١ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب فضائل الصحابة، باب مناقب المهاجرين وفضلهم، حديث رقم ٣٦٥٣، ص ٦٩٨.

له بەرانبەریەوە خاترجەمیی پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێبێت) هەیە، کە هەر دوابەدوای هاتنەژووورەوەیان بۆ ئەشکەوتی ثەور سەری پیرۆزی لە سەر ڕانی ئەو (ڕەزای خوای لێبێت) دانا، خودایە ئەوە دەبێت چ ئارامی و خاترجەمییەک بووبێت؟ پێغەمبەرێک قەومەکەی بە گاوبارەوە گەمارۆیاندابێت و بیانەوێت بیکوژن، ئەویش چووبێتە خەوێکی قووڵ قووڵەوە!

کەوابوو کاتێک پاڵنەری هەڵچوون ئاتاجی بە بڕیاردانێکی بەئیرادە هەیە، ئەوا ناکرێت و نابێت پێغەمبەران تیایدا نە بترسن و نە دڵخورتێشیان هەبێت، وەلێ بڕوادارێکی ئاسایی ڕێگەپێدراوە خۆی لەو کەسە قوتاربکات کە دەیەوێت بە هەر فرتوفێڵێک بووە بیکوژێت، ئانێ موشریکەکانی قوڕەیش ئامادەنەبوون دەست لە سزادانی عەمماری کوڕی یاسر (ڕەزای خوای لێبێت) هەڵبگرن هەتا لە بڕواهێنان بە محەمەد (درووودی خوای لێبێت) پاشگەزدەبێتەوە، بە زۆر ڕەزامەندیدەربڕی، دواتر هات و داوای لێبوردنی لە کن پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێبێت) کرد: ((إن عادوا، فعد))[1]. واتە: ئەگەر جارێکی دی ویستیان هەمان سزاتبدەن، تۆیش هەوڵبدە هەرچییەک دەبێتە هۆی دەربازبوونت ئەوە بکە). دەسودەم ئەم ئایەتە دابەزی کە دەفەرموێت: (مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ) واتە: (هەر کەس بڕوای بە خودا بووبێت و لە پاشان حاشای لێبکات، [سزادەدرێت]، مەگین کەسێک ناچاربکرێت و لە باوەڕی دڵنیا بێت، بەڵام کەسێک بە حاشاکەی دڵی خۆش بێت، بەر توڕەیی خودا کەوتووە و ئازاری زۆر دژوار دەدرێت)

---

١ البيهقي، السنن الكبرى، سەرچاوەی پێشوو، ج ١٧، ص ١٤٠، رقم ١٦٩٧٩. (ئەم فەرموودەیە و ئایەتەکەی سورەتی نەحلیش، ئەو یاسا ئوسولییەی لە سەر دامەزراوە، کە دەڵێت: (الضروريات تبيح المحظورات). وەرگێڕ

[النحل: ١٠٦].

بەڵام مێژووی گەورەی ئیسلام و تەنانەت هەندێک لە نموونە دەگمەنەکانی ئەم سەردەمەیش، چەندین گەواهی و نموونەی بەرزی کەڵەزانایان و پیاوباشان و ژنچاکانی تێدایە، کە سزا و مەرگیان بە سەر سازشکردن لە بیروباوەڕیان هەڵبژاردووە، لەوانە پێشەوا ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئەوزاعی، پێشەوای شەهید سەعیدی کوڕی جوبەیر کە حەجاجی کوڕی یوسف کوشتی، ئیبن تەیمییە، سەعیدی نەورەسی و چەندینی دیکەیش، کە کتێبەکانی مێژووی ئیسلامی سیخناخ و تژییە لە باسوخواسی ئەو جۆرە مەردانە.

وەبیر خوێنەری بەڕێز دەهێنینەوە کە ئێمە لەم بەشەدا باس لە تەسەوری خۆمان دەکەین سەبارەت بە چوار شێوەی وروژێنەرەکانی هەڵچوون و عاتیفە لە ژیانماندا و هاوکات کاردانەوەی پێغەمبەران لە هەمبەریان. ئەوەمان ڕوونکردەوە کە تاقمی یەکەمی ئەم وروژێنەرانە تیایدا کاردانەوەی پێغەمبەران چەشنی مرۆڤن و جیاوازییەکەی ئەوتۆیان نییە؛ چونکە لەو ڕووەوە ئەوانیش مرۆڤن ئەوا هەمان شتیش لە ئامێری مێشک و دەماریانەوە هەیە و خودا بەدیهێناوە.

هەرچی تاقمی دووەمی ئەم وەڵامگۆ، یان کاردانەوە هەڵچوونیانەیە کە گفتوگۆمان لە سەر کرد، ئەو هەڵوێستانە دەیانبزوێنن کە مرۆڤ بۆئەوەی ڕەدیانبداتەوە، ئاتاجی بە بڕیاری گونجاو هەیە و بەو کار و گوتارە خۆویستانە هەڵدەستێت کە مرۆڤ تەنها بە ئارەزوو و ئیختیاری خۆی هەرچی بیەوێت دەیکات و دەیڵێت، دواتریش بەرپرسیارێتی و دەرئەنجامی ئەو ئارەزوومەندییەیش لەئەستۆدەگرێت، ئیدی دواجار بە خێر بشکێتەوە یان بە شەڕ. بۆ سادەکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە پشتمان بە هێنانەوەی چەند نموونەیەکی کرداری بەستووە و خۆمان بواردووە لە گێڕانەوەی ئەو تیۆرییە هەڵچوونییانەی پسپۆڕانی

دەروونناسی بایەخیان پێداوە.

وەلیٚ تاقمی سێیەم وروژێنەرانی عاتیفە، کاردانەوە هەڵچوونییەکانی دەروونی خراپەکارمان و وەسوەسەی شەیتان و هاوەڵانی جنۆکە و مرۆڤ، نوێنەرایەتیدەکەن. ئەم وروژانە خراپەکارانە ئەگەر کەسەکە بە چاکی زانی، لە کۆتاییدا مرۆڤ دووچاری خراپترین نەریتە هەڵچوونییەکان دەکەن وەکو ئیرەییبردن و کینەلەدڵی و لەخۆباییبوون، کە ئەمانە چەندین هەستن لە ناو دەروونی هەموو بابایەکی مسوڵماندا هەیە، بەڵام پێغەمبەران لەم شتانە بەری و مەعصومن، لەو بارەوە ئیبن مەسعوود بۆمان دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (هیچ کەسێکتان نییە کە هاوەڵێکی جنۆکەی نەبێت و فەرمانیپێنەکات بە خراپە، (گوتیان تەنانەت جەنابیشت؟ فەرمووی: (بەڵێ؛ وەلیٚ خودا یارمەتیدام و سەرکەوتم بە سەریدا و مسوڵمان بوو، هەر فەرمانی چاکەیشم پێدەکات)[١]. دواتر و لە پەڕەکانی پاشتری ئەم بەشەدا بە شێوەیەکی دوورودرێژ باس لە بابەتی پارێزبەندیی (عصمة) پێغەمبەران دەکەین.

ماوەتەوە هەندێک سەرنجی خۆمان لە بارەی بەشی چوارەمی وروژێنەرانی عاتیفە بخەینەڕوو بە گوێرەی ئەوەی لە پۆلێنە چوارینەکەکاندا پێشنیازمانکرد، خوازیارین تیشکبخەینەسەر هەندێک لەو تایبەتمەندییانەی پێغەمبەران کە لە خەڵکی دیکەیان جیادەکاتەوە.

ئەوەیش کۆمەڵێک عاتیفەن کە ئەو هەڵچوونانە دەیوروژێنن کە داخوازیی ئاکار و ئەخلاقی چاک و هەست و سۆزی زۆر باشن وەکو بەزەیی و میهر و ئارامگرتن و نەبەردی و کپکردنی هەوا و ئارەزوو. هەندێک لەو عاتیفە زۆر باشانەی کە تیاماندا وەکو مرۆڤ بەدیهێنراوە بە

١ مسلم، صحیح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، کتاب الجنة والنار، باب تحریش الشیطان وبعثه سرایاه لفتنه الناس، وإن مع کل إنسان قرینا، حدیث رقم (٢٨١٤) ص ١١٣٢.

هەمان جۆر لە ڕەفتاری گیاندارانیشدا هەیە. سۆز و بەزەیی و قوربانیدان لە پێناو بێچووەکانیان؛ فیترەتێکە و خودا لە ڕەفتاری ئەوانیشدا خوڵقاندوویەتی ئەویش لەبەر گرنگیی پارێزگاریکردن لە مانەوەیان. لەو بارەیەوە ئەبوهورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لێبێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (خودا سۆز و بەزەیی خۆی کردووە بە سەد بەشەوە، نەوەدونۆی لای خۆی هێشتووەتەوە و یەک بەشی خستووەتەسەر زەوی، هەر لەوە بەشەوەیە کە سەرجەمی بونەواران وێکڕا سۆز و میهر و بەزەیی کەوتووەتە نێوانیان، تەنانەت گیاندارێک بۆئەوەی بێچووەکەی شیرتێربکات هەردوو لاقەکانی پاندەکاتەوە بۆئەوەی لە کاتی خواردنەوەی شیرەکەدا ئازاری پێنەگات)[١].

کاتێک سەرنج لەم بابەتە دەدەین جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان دەروونزانیی خۆرئاوایی عیلمانی بەدیدەکەین، کە ڕەچاوی بێلایەنیی ئەخلقی، یان تەنانەت ئەوەی پێیدەڵێت لایەنی نەرێنی لە مرۆڤدا دەکات؛ ئەویش لەو پێناوەدا کە خۆی لە ڕیزی پسپۆڕییەکانی پزیشکی چارەسەریی نوێدا حساببکات ئەوەیش وەکو پەیڕەوێک لە دیراسەکانی لە بارەی ڕەفتار، کە وا گوماندەبات بەم کارەی وردە وردە نزیکدەبێتەوە لەو زانستە ئەزموونییانەی دارای هەڵوێستێکی ئەخلاقی بێلایەنن. بەراورد لە نێوان ئەم تەسەورە و ئاڕاستە ئیسلامییەکەی دەروونناسی بکە، کە زۆر بە ڕوونی جیاوازی لە نێوان خێر و شەڕ دەکات لە ڕەفتاری مرۆڤدا و پەی بە گرنگیی سوودوەرگرتن لە زانستە دەروونییەکان دەبات لە پێناو هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەنجامدانی کاری خێر و ڕاهێنانیان لە سەر ئەخلاقی جوان و خۆقوتارکردن لە خراپە.

---

١ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب الأدب، باب جعل الله الرحمة مائة جزء، حديث رقم ٦٠٠٠ (ص: ١١٦٣).

ئاشکرایە کە بڕوابوون، یان بێباوەڕی بەوەی عاتیفە زۆر چاکەکان کراوە بە مۆرکی مرۆڤە، ئەوە بابەتێکە و لە کن زانایانی ئایین و فەلسەفە کارێکی فرە مەزنە، بە تایبەت لەوەدا کە پەیوەستە بە تەسەورکردنیان بۆ سروشتی مرۆڤ. واتە ئایا مرۆڤ بە سروشتی خۆی چاکەکارە و دواتر لە میانەی پەروەردە و ژینگەکەیەوە شەڕ یەخەیدەگرێت، یان خێر و شەڕ لە بونیاتیدا چێندراوە، یان وەکو ئەوەی کەنیسەی کاثۆلیکی دەڵێت هەر بە سروشتی خۆی خراپەکارە؛ چونکە میراتگری گوناهی ئادەم و حەوایە کە لەو درەختەی خودانەهیلێکردن، خواردیان؟

ڕوونە کە ڕۆشتنە ناو دالآن (دهلیز)ێکی تاریک و تونەک و سەرلێشێوێنەری وەها بابەتێکی فەلسەفی، یان دالآنی زانستی کەلام/ثیۆلۆجیا، بەم کتێبەی ئێمە ناشێت و ئەو بابەتانە لەگەڵیدا نایەنەوە، با تەنها بایی لەو بیرکردنەوە و تەسەورە ڕوونە ئیسلامییە بکەین کە پشتئەستوورە بە سەنەد و فەرموودەی دروست.

لە ڕاستیدا ئەو بڕوابوونەی لەگەڵ دەقە ئایینییە چەسپاوەکاندا دێتەوە، وامانلێدەکات بگەینە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤ هەر بە سروشتی خۆی بە کەسێکی چاکەکار و چاکەخواز لەدایکبووە؛ واتە بەو فیترەتە پاکەی کە خودا هەر ئەو دەمەی لە پشتی باوکدا بووە، هێناویەتیەبوون و دوابەدوای ئەو پەیمانە مەزنەی خودا لێیوەرگرتن شایەتییاندا، کە (أَلله) خودایانە: (وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ) واتە: (ئەوسایش کە پەروەرندەی تۆ لە پشتی عەولادی ئادەم زاروزیچی بەرهەمهێنا، لە سەر خۆیان شایەتی هەر بە خۆیان دا. گوتی: من پەروەرێنتان نیم؟ گوتیان: بەڵێ، ئێمە لەوە ئاگادارین. نەکا ڕۆژی سەڵا بێژن: نەمانزانی) [الأعراف: ١٧٢]. هەر ئەو فیترەتەیە بانگهێشتماندەکات بۆ بڕوابوون بە خودای مەزن، وەکو چۆن داخوازی ئەنجامدانی باشترین

و جوانترین ئەخلاقە لێمان. پاشان لەم ئایەتە پیرۆزە وردبەرەوە: (فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ) واتە: (تۆ هەر ڕوو لەم دینە بکە و هەر بەرەو هەق هەنگاوبنێ؛ دینێکی بنەڕەتییە و لە سروشتدا خودا ئەو خەڵکەی هەر بۆ یەکتاپەرستی وەدیهێناوە. کاری خودایش گۆڕانی بەسەردانایەت. دینی پتەو و پایەدار هەر ئەمەیە؛ بەڵام زۆربەی ئاپۆرەی مەردم نەزانن) [الروم: ٣٠]. پاشان ڕابمێنە لەم فەرموودە شیرینەیش: (هەموو منداڵێک لە سەر فیترەتی پاکی خۆی لەدایکدەبێت، ئیدی دواتر ئەوە باوک و دایکە دەیکەن بە جوو، گاور[١]، یان ئاورپەرست، وەکو

١ پێمباشە لێرەدا ڕوونکردنەوە لەسەر ڕیشەی هەردوو وشەی گاور و فەل بدەم، کە زۆر جار لە دەقەکاندا بەرچاومان دەکەوێت، ڕیشەی (گاور)، مشتومڕی زۆری لەسەرە. ئێستە لە کوردیدا (گاور) بە واتای ‹مەسیحی› بەکاردێت و وەکوو ڕیشەناسییەکی تەقلیدی وا لێکدەدرێتەوە کە لە (کافر)ی عەرەبییەوە هاتووە. ڕیشەناسیی تری کوردیانەی دەستکرد هەیە کە هەوڵدەدات بڵێت بەشی یەکەمی وشەکە (گا( یان (گاو(ە، کە شتێکی بێبەڵگە و نەگونجاوە؛ بەڵام بنچینەی وشەکە (گەور) یان (گەڤر) و کۆنتر (گەبر) بووە و، بە زەردەشتی وتراوە. یەکەم جار لە فارسیی (دەری)دا دەرکەوتووە. و دوایی (گور) |گەڤر| هەر لە فارسیدا شێوەی (گاور( |گاڤور=گاڤەر|ی لێ دەرکەوتووە. ئیتر ئەمەیش لێکۆڵینەوەی زیاتر دەریخستووە کە دەچێتەوە سەر (گبرء( |گەبرا|ی ئارامی، بە واتای ‹پیاو›، کە وشەیەکی سامیی هاوبەشە و لە عەرەبییشدا هەیە، وەکوو وشەی (جبر) |جەبڕ-|ی عەرەبی بە واتای ‹پیاو› و ‹پیاوی کۆیلە›. جا چۆن ئەم وشەیە کە بە واتای ‹پیاو› بێت؛ واتای ‹زەردەشتی›ی گەیاندووە؟ توێژەرەکان دەڵێن: مەسەلەکە ئەوەیە ئەم وشەیە سەرەتا بۆ ئاماژەکردن بۆ کەسانێکی زەردەشتی بەکارهاتووە لە عێراقی (پێش ئیسلام)دا، یانی لە کۆمەڵگایەکدا کە زمانی ئارامیی بەسەردا زاڵە و ئارامی یان ئاخێوەری ئارامیی زۆری لێ بوون. یانی ئاماژە بووە بۆ ‹پیاو›انێکی زەردەشتی لە ژینگەیەکی زمانیی ئارامیدا، بۆیە ئەو وشە ئارامیە بەکارهاتووە کە بە واتای ‹پیاو›ە. جا وشەی پەهلەوی (مەرد) بە واتای ‹پیاو›، هەر بەو چەند پیتە نووسراوە، کە پێشتر لە ئارامیدا وشەی (گەبرا)ی پێنووسراوە، واتە پیتەکانی (گبرء)، کە ئەم جۆرە نووسینەی لە بنەڕەتدا ڕێک نووسینی وشەیەکی ئارامییە و وەکو خۆی ماوەتەوە بۆ نووسینی پەهلەوی؛ پێیدەگوترێت (هوزواریش). (د. مەنصوور شەکی) (١٩١٩–٢٠٠٠)، لە ماددەی GABR لە (ئیرانیکا)، (٢٠٠٠). لێرەوە هەندێک لە توێژەرەکان (لە هەوڵێکدا بۆ دۆزینەوەی بنچینەی پەهلەوی بۆ وشەکە، گریمانەی ئەوەیان کردووە کە دەستەواژەیەکی

چۆن گیانلەبەر هەر گیانلەبەرێکی ساغ و سەلامەت بەرهەمدەهێنێت، کە هەست بە هیچ ناساغی و کەموکوورِییەکی تێدا ناکەیت)[١]. لەم لێکچواندنە پێغەمبەرێتییەدا دەبینین ئەو فیترەتە لە بونیاتی مرۆڤدا هەر لە دەمی لەدایکبوونیەوە و بە شێوەیەکی تەواو و بێکەموکوورِی چێندراوە وەکو ئەوەی منداڵێکی لەشساغ بێت، بەڵام دواتر باوک و دایک و ژینگەکەی و شەیتانەکان، کار لە سەر شێواندن و لاوازکردنی شوێنەواری ئەو لەشساغییە دەکەن.

خودا لەوپەڕی دانستی خۆی ڕێگەی بەو هێزی شەڕانە داوە لە میانەی بیروباوەڕی لادەر و ئارەزووبازییەوە، کێبەرکێی فیترەتی مرۆڤ بکەن و دڵیان داگیربکەن؛ چونکە خودا ئەم دانیایەی کردووە بە مەڵبەندی تاقیکردنەوە و تلانەوە بە ئازارەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ناسینەوەی جاڕ و بانگەوازی فیترەتی خێری بە گوێی دەروونی مرۆڤدا داوە و ئازادیی ئیختیاریشی پێبەخشیون تەنانەت لەوەیشدا کە ئەگەر یاخی بوون و

---

پەهلەوی بە شێوەی بیناکراوەی (مۆغ-مەرد) لە پشتی وشەکەوە هەیە، کە ئەمەیش بە واتای (پیاوی موغ)ـە، واتە پیاوێک کە موغی زەردەشتییە. ئەم دەستەواژەیەیش چاوەڕێدەکرێت بە پیتەکانی (مگو-گبرء) نووسرابێت، واتە بەشی دووەمی دەستەواژەکە، واتە وشەی (مەرد)، وەکو گوتم بە هوزواریشی (گبرء) نووسراوە، بۆیە وشەکە دوایی کورتبووەتەوە بۆ (گەبر) و بەم شێوەیە ڕۆشتووە و بە پیاوانێکی زەردەشتی گوتراوە.

هەرچی ڕیشەی وشەی (فەل)یشە، وادیارە لە هەمان وشەی (پالەح) و (پەللاح) و (پوللاح) ی ئارامییەوە هاتووە، بە واتای ‹ئیشکەر› و ‹ڕەنجبەر›، کە بە شێوەی (پاڵە)یش هاتووەتە کوردییەوە. یان (فەلە) لە ڕێگەی (فلاح) |فەللاح|ی عەرەبییەوە هاتووە، کە سەرەتا بووەتە (فەلاح) و (فەلەح)، ئینجا (فەلەھـ) و (فەلە). ئەویش بەو پێیەی ئەمانە لە چینی جووتیار و ڕەنجبەر بوون، یان خاوەنی زەویوزار نەبوون و بە ڕەنجبەری کاریانکردووە، یان ئیشکەر بوون و سەرمایەدار نەبوون. یان ڕەنگە لە واتای ‹پەرستشکار›ی وشە ئارامییەکەوە هاتبێت، کە ئەمەیش جۆرێکە لە خزمەتی دینی و خزمەتکاریی پەرستگا و سەرەتا وشەکە بە ڕەبەنەکانیان گوترابێت کە خۆیان تەرخانکردووە بۆ پەرستش. وەرگێڕ

١ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب الجنائز، باب ما قيل في أولاد المشركين، حديث رقم ١٣٨٥ (ص ٢٦٨).

ویستیان بۆ شەڕ هەبوو: (وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا   فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا) واتە: (بە گیانی مرۆ سوێندەکەو بەوەیش کە ڕێکیخستووە، ئەوسا هەموو تاوانباری و پارێزگاری دە ویژدانی گەیاندووە) [الشمس: ٧-٨]، یان ئەوەیە کە کەسەکە وەڵامی بانگەوازی فیترەت بداتەوە، یان پێشێلیدەکات و لە خۆی دەشارێتەوە. وەلێ سەرباری خراپە و یاخیبوونی، یان تەنانەت بێباوەڕییشی، فیترەتە چاکەخوازەکەی لە بونیاتە ڕۆحی و دەروونییەکەیدا بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، ئەگەر تۆبەیکرد و گەڕایەوە، ئەوا فیترەتە پاکەکەی کتومت وەکو ئەو نوورەی تاریکی و نوتەک لەناودەبات، دەگەڕێتەوە. لە ڕووی زمانەوانییشەوە بێباوەڕیی، یان کوفر بریتییە لە داپۆشینی شتێک، ئەگەر بابایەک گوتی: (کفرت الإناء). واتە: دەفرەکە، یان قاپوقاچاخەکەی داپۆشیوە، کافریش ئەو کەسەیە دڵی لە نووری فیترەت داپۆشراوە و بەربەستە لە بەردەم دەرکەوتنی ئەوە نوورەدا، بۆیە لە تاریکستاندا دەژی: (اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُمْ مِنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ) واتە: (خودا یاری گەلی خاوەن_باوەڕانە و لە ناو تاریکستانەوە دەیانبات بەرەو ڕووناکی. دۆستی خودانەناسانیش هەر تاغووتە؛ لە ڕۆشنی دەریاندەخەن؛ بەرەو ڕووی تاریکستانیان بەڕێدەکەن. دەبێت بچنە ناو ئاگر و هەتا سەر هەر دەوێدا بن) [البقرة: ٢٥٧].

دەمەوێت بەم بێنەوبگرە پوختە دووبارە جەخت لەوە بکەمەوە کە خودا بەهرەیەکی بۆماوەیی بە مروڤ بەخشیوە، کە دەتوانێت خێر و شەڕ لە لایەک و عاتیفەی باش و هەڵچوونی خراپ لە لایەکی دیکە لە یەکتر جیابکاتەوە. خێر لە ناخی مرۆڤدا چێنراوە و شەڕیش بەریدەکەوێت. تەنانەت پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) باسی ئەو هەستە هەڵچوو و دەروونە وشیارانەمان بۆ دەکات، کە مرۆڤ

له ناخیدا کاریگەریی فیترەتەکەی لە بونیاتە ڕۆحی و دەروونییەکەیدا بەدیدەکات.

هاوەڵی بەڕێز، وابیسەی کوڕی مەعبەد (ڕەزای خوای لێبێت) لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لێبێت) بۆمان دەیگێڕیتە و دەڵێت: (ڕۆشتمە خزمەتی (دروودی خوای لێبێت)، فەرمووی: هاتوویت لە بارەی چاکە لێمبپرسیت؟ گوتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت)، فەرمووی: ڕاوێژ بە دڵت بکە، چاکە ئەوەیە دەروون و دڵی مەردم خاترجەمبکات، گوناهیش ئەوەیە کە لە نەفس و سینەدا عارنایگرێت و هاتوچۆیەتی، ئەدی با خەڵکی دەرهەقی لێتبپرسن و ڕاوێژت پێبکەن)[1]. نەواسی کوڕی سەمعان (ڕەزای خوای لێبێت) لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لێبێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (چاکەکردن بریتییە لە ئاکاری جوان، گوناهـ ئەوەیە کە دڵخورتێتە و لە دەرووندا دێتودەچێت و پێت خۆش نییە خەڵکی پێتبزانێت)[2]. کەواتە فیترەتی مرۆڤ بەو هەستە بۆماوەییەی جیاوازی لە نێوان شتەکاندا دەکات، ڕامکراوە بە پەیبردنی بە جیاوازیکردن لە نێوان خێر و شەڕدا.

سینەی مرۆ بەم تەسەورە گوشاددەبێت؛ چونکە لەگەڵ فەزڵ و کەرەمی خودای مەزندا دێتەوە. خودا مرۆڤ هێندە فەرامۆشناکات هەتا وەچەبخاتەوە و پاڵنەرەکانی خێر و شەڕیش لە بونیاتە دەروونی و ڕۆحییەکەیدا هاوتا بێت، وەکو چۆن بازێک لە ڕاڤیارە دێرین و نوێیەکان لە ڕاڤەی ئایەتی (وَهَدَيْنَـٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ: ڕێگەی هات و نەهاتیشمان پیشاندا) [البلد: ١٠] و ئایەتی (وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا) واتە: (بە

---

١ ابن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد (توفي ٢٤١ هـ). مسند الإمام أحمد، تحقيق شعيب الأرنؤوط وآخرون، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط ١، ٢٠٠١ م، حديث رقم ) ١٨٠٠١ (، ج ٢٩، ص ٥٢٨.

٢ مسلم، صحيح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، كتاب البر والصلة والآداب، باب تفسير البر والإثم، حديث رقم ٢٥٥٣ ص ١٠٣٢..

گیانی مرۆ سوێند بەوەیش کە ڕێکیخستووە، ئەوسا هەموو تاوانباری و پارێزگاری دە ویژدانی گەیاندووە) [الشمس: ٧_٨]دا؛ دەڵێن: وەکو ئەوەیە پاڵنەرەکانی خێر و شەڕ هاوتا بن (٥٠٪ بەرانبەر بە ٥٠٪) بێت، بەڵام هەمیشە ئێمەمانان دەڵێین خودای مەزن فیترەتێکی ئەوتۆی بە مرۆڤ بەخشیوە هەم خۆدای پێدەناسێنێت هەمیش ئەو عاتیفە و کردەوە چاکانەی کە لە خودای نزیکدەکاتەوە. خودای پاک و چاک هەردەم ڕەند و فەزڵی بە سەر بەندەکانەوەیە، چاکەیەک بە دە هێندەیە و خراپەش یەک بە یەکە، یان هەر لێیخۆشدەبێت. ئەگەر لەم بەخششە خوداییە تەرا و یاخی بوو، خۆ هەر وەها فەرامۆشیناکات و وازیلێناهێنێت، بەڵکو توشی چەندین گرێوگۆڵ و چەرمەسەری و کۆژانی دەکات سا بەڵکە بگەڕێتەوە: (وَلَنُذِيقَنَّهُمْ مِنَ الْعَذَابِ الْأَدْنَىٰ دُونَ الْعَذَابِ الْأَكْبَرِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ) واتە: (بێگومانە ئێمە بە جگە ئازارە هەرە گەورەکە، ئازاری ئەم دنیایەشیان پێدەچێژین؛ شایەت بگەڕێنەوە) [السجدة: ٢١].

ئەگەر هەر نەگەڕانەوە و سڵیاننەکرد، ئەوا چەندین پێغەمبەریان بۆ ڕەوانەدەکات و ئەوە فیترەتە خوداییەیان بیریاندەخاتەوە و بێداریاندەکاتەوە کە نکۆڵییان لێدەکرد و لە بیری خۆیان دەبردەوە. ئەم تەسەورە لە ڕاڤەکاری زۆر نزیکترە لە پاکوبێگەرددانانی خودای مەزن هەتا شەڕ، بۆیە ئەوەی جنۆکە گوتی ئێمەیش دەیڵێین: (وَأَنَّا لَا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَنْ فِي الْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا) واتە: (تێنەگەیوین ئاخۆ لە بارەی ئەوانەی لە زەمیندان، بڕیاری خراپ دراوە، یان پەروەرێنیان ویستوویە ڕاستەڕێیان پیشانبدات) [الجن: ١٠]. ئەوان شەڕیان دایەپاڵ نادیارێک، خێر و چاکەیشیان دایەپاڵ خودای مەزن. لە قورئانی پیرۆزدا چەندین نموونەی بەرز هەن لە بارەی پاکوبێگەردیی خودا لە شەڕ و ئەوەیشی دووچاری خەڵکی دەبێتەوە لە ئازار و ئێشونێش و بێباوەڕی.

لەمەوە دەگەین بەو دەرئەنجامەی کە کاردانەوەمان بۆ میراتی

ئەو عاتیفانەی بانگهێشتماندەکات بۆ ئیمان و ئەخلاق و ئاکاری چاک، هەوڵە بێوچانەکانمان لە کپکردنەوەی ئەو ئارەزووە خراپانەمان، دەبێتە هۆی ئاکاری نابەجێ و خراپ، هەموو ئەوانەیش لە سەرەتاوە لەو فیترەتەوە سەرچاوەیانگرتووە کە خودا لە سەری بەدیهێناوین، وەلێ بازێک جار شوێنەوار، یان کاریگەریی ئەو فیترەتە وەکو ئەوەی پێشتر پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێبێت) لەو فەرموودەدا ئاگاداریکردینەوە و پێشتر ئاماژەمانپێدا، لاوازە یان هەر بە گشتی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە، ئەوەیش لە کاتێکدایە کە ئەو فیترەتە لەلایەن ژینگە خراپەکەوە، یان هەژموونی دایک و باوک و خاوەندەسەڵاتەکانەوە، ڕووبەڕووی شێواندن و گۆڕین بوویەوە، بە تایبەت لە قۆناغی منداڵییدا. وەکو چۆن شوێنەواری ئەو فیترەتە بە هۆی تێکەڵبوون بە کەسانی خراپ و هاوەڵی خراپەکار و خووگرتن بە تەماشاکردنی کارە ناپەسەند و خراپەکارییەکانی وەکو ئەو فیلم و ڤیدیۆیانەی لەم سەرمەدەدا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێتەوە، لاوازدەبێت.

کەواتە؛ شوێنەوار و کارگەری باشی فیترەت لە سەر ڕەفتاری مسوڵمان و دەستگرتنی بە ئایینەکەیەوە، بەرهەمی ئەو کارلێکەی نێوان هاندەرە خێرەکان و خاوکەرەوە (مثبط) خراپەکانی ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا دەژی، هاوڕێ لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە کەسییە بۆماوەیی و بەدەستهاتووەکانی، کە چەشنی پلەی هەڵچوون و مەیلە چەتەیی و توانستەکەیەتی بە سەر بەرگەگرتنی هەواوئارەزووییدا، لە سەرووی هەر هەموویەوە ئیمانەکەی. لە دنیادا هیچ ژینگەیەک نییە لە هەموو ڕوویەکەوە گونجاو بێت، هاوکات لە ناو خەڵکە ئاساییەکەیشدا کەسێک نابینیتەوە دارای سەرجەم ئامادەگییە بۆماوەیی و بەدەستهاتووی ئەوتۆ بێت، کە بە تەواوی ملکەچی ئەو فیترەتەی بێت کە لە سەری بەدیهاتووە، بۆیە دەبوو هەرگیز دەستبەرداری داوای لێخۆشبوون لە خودا نەبین؛

چونکە خودا وەکو مرۆڤێکی هەڵەکار بەدیهێناوین بۆئەوەی کاتێک داوای لێخۆشبوونمان لێکرد دەسودەم لێمانخۆشببێت، ئەو لە خۆمان زاناتر بە دەروونمان، هەروەها زانایشە بەو جەنگە جاویدانییەیش لە نێوان ئەو فیترەتە باشەی لە سەری دروستکراوین و ئەوەیشی کە لە کاروباری دنیادا توشماندەبێت، ئەبوهورەیرە لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لێبێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە بە هەندێک لە هاوەڵەکانی فەرمووە: (ئەگەر ئەنگۆ هەڵەتاننەکردبا؛ ئەوا خودا قەومێکی دیکەی دەهێنا کە هەڵەبکەن و داوای لێخۆشبوون بکەن و ئەویش بیانبورێت)[1].

ئەگەر شوێنەواری ئەو خێرە بۆماوەییەی فیترەت بەرهەمی ئەو کارلێکەی نێوان ئەو کەسە و ژینگەکەی بێت، ئەوا شوێنەوار و کاریگەریی ئەو فیترەتە بە گوێرەی تایبەتمەندیی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی، زیادوکەمدەکات. هەرگا ژینگەکە گونجاو بوو ئەوا کاریگەریی فیترەتەکە زیاتر و باشتردەبێت، بە پێچەوانەیشەوە. لەوەیە ئەم کارلێکە لە نێوان جەنگی خێر و شەڕ لە دڵی بڕواداراندا کارێکی ڕوون و ئاشکرا بێت و ئاسان پەی بە ڕەهەندەکانی ببردرێت، هەر لەبەرئەمەیشە بازێک لە گەوجە پسپۆڕەکانی دەروونناسی لەم سەروەختەدا، ڕێگە بە خۆیان دەدەن و هەوڵدەدەن چەند پێوەرێکی لێدەربهێنن و بە قیاسی دەروونی بپێون و قیاسیبکەن؛ وەلێ لە حەقیقەتدا ئەمە بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە و خودا نەبێت کەس پەیپێنابات، با بۆ ئەم قسەیەیش نموونەیەک بهێنمەوە:

دوو کەس لە مزگەوتی گوندەکەی خۆیاندا بە یەک مەودای دووری لە مزگەوتەکەیانەوە نیشتجێبوون، هەردووکیش مکوڕن لە سەر ئەوەی نوێژ لە مزگەوتدا بکەن، وەلێ کەسێکیان بە ڕێگایەکی تەختەڵانی

---

١ الحاكم النيسابوري، أبو عبدالله محمد بن عبدالله (توفي ٤٠٥ هـ). المستدرک على الصحيحين، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية، ط ١، ١٩٩٠ م، رقم الحديث (٧٦٢٢)، ج ٤، ص ٢٧٤.

بێهەڵبەزودابەزدا دەچێت و ئەوی دی دەبێت بە سەر تەپۆڵکەیەکدا بڕوات و ڕێگەکەی هەڵبەزودابەزی تێدایە، وەکو چۆن یەکێکیشیان بە ئازاری پێیەکانیەوە دەناڵێنێت، سەرباری ئەوەیش یەکێکیان هەڵچووە و زوو تووڕەدەبێت و بە ناڕەحەت هێوردەبێتەوە، ئەگەر تووڕەیش بوو بە ئەستەم بیری لە لای نوێژەکەی دەمێنێت بۆئەوەی تیایدا بیر لە هەموو ئەو ڕازە جوانانە بکاتەوە، کە خودا تیایدا بەدیهێناوە و خوڵقاندوویەتی. ئەدی کێ هەیە بتوانێت بەراورد لە نێوانیاندا بکات و هەریەکەیان بە گوێرەی چاکەکانی پاداشتیانبداتەوە؟ کامەیان براوەی ئەم کێبەرکێ و پێشبڕکێ گریمانەیە لە چاکەکاری و چاکەخوازیدا؟ زانینی ئەمە زۆر ئەستەمە مرۆڤ دەرکیبکات! بە تایبەت ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی بە پرسێکی ڕۆحییەوە هەبێت وەکو زانینی پلەی ئیمانیی هەر یەکەیان. ئەو خودایەی هەمیشە چاوە ناپاکەکان دەناسێت و دەزانێت چی لە دڵ و دەروون و سینەکاندا حەشاردراوە، خۆی بەم توانستە مەزنە جیاکردووەتەوە کاتێک لە کتێبە پیرۆزەکەیدا دەفەرموێت: (وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ) واتە: (ڕۆژی قیامەت چەندین تەرازووی بەرانبەر وەکاردەخەین، ئەوسا بە قەد سەنگی تۆمی وردیلەی دانە خەردەلیش دەخەینەڕوو، ناهەقی لە کەس ناکرێت، ئەوسا بەسە کە هەر خۆمان پێڕادەگەین) [الأنبياء: ٤٧].

لەم سەروەختەدا لە ژینگەیەکدا دەژین کە باش بووە بە خراپ و خراپیش بە باشە، هەرچییش لە چواردەورمان هەیە بۆ ئەوە تێڕاماندەچنێت بۆئەوەی ئەو فیترەتە جوانەی خودا تێیدا خەلقیکردووە لەبێخیبهێنین. کەواتە بەرەنگاربوونەوەی ئەم تەوژمە زۆر خراپە پاداشتێکی گەلێک مەزنی لە کن خودا هەیە بەراورد بە ژیان لە ژینگەیەکی باش و تەندروستدا. هەر لێرەوەیە دەرک بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (دروودی

خوای لێبێت) دەکەین کە بە هەندێک لە هاوەڵانی فەرمووە: (ڕۆژێک دێت، ئارامگرتن تیایدا وەکو ئەوەیە سکڵ/ژیلەمۆت لە مشتدا بێت، کەسی چاکەکار لەو دەمەدا هێندەی پەنجای وەکو ئێوە پاداشتیدەدرێتەوە گوترا: (ئەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت)، پاداشتی پەنجا لە ئێمە، یان خودی ئەوان، فەرمووی: (بەڵکو پەنجای وەکو ئێوە)[1]. لە فەرموودەکەدا زیادەیەکی بەربڵاویش هەیە: (ئێوە بۆ کردنی کاری چاکە چەندین هاریکار و یارمەتیدەرتان هەیە، کەچی ئەوان بە پێچەوانەوە)[2].

لە ئێستا بە دوا دێینە سەر باسێکی گرنگی ئەم بەشە، ئەویش فەزڵدانی پێغەمبەرانە بە سەر مسوڵمانانی دیکەدا، هاوکات چۆنچۆنییش وەڵامی ئەو وروژێنەرە باشە عاتیفییانە دەدەنەوە کە فیترەتی ناو دەروونی مرۆڤ دەیبزوێنێت؟ دەڵێین خودا بەهرەیەکی بۆماوەیی بەخشیوە بە مرۆڤی بڕوادار، بە هۆیەوە جیاوازیدەکات لە نێوان ئەو وروژێنەرە ژینگەیانەی داخوازی خێر و چاکەن و یارمەتیدەدەن پشت لە هەست و ئارەزووە خراپەکان بکات، ئەگەر بۆ مرۆیەکی ئیماندار وەها بێت، دەبێت بۆ پێغەمبەرانی خودا کە هەڵبژێردرا و صەفوەی بونەوەرانن چۆن بێت! کە ئەوان دارای پاکترین دڵ و کامڵترین عەقڵ و جوانترین ئاکار و قەشەنگترین شێوەن، ئەوان بۆیە هەڵبژێردراون؛ بۆئەوەی خەڵکی لە تێکڕای وتە و کردار و ئەوەیشی بە مۆڵەتی خودا بە دروستی دادەنێن، یان حەرامیدەکەن، شوێنیانبکەون و بیانکەن بە سەرمەشقی خۆیان. ئەوان بەرگەی قورسیی سرووش و ناڕەحەتی و گرێوگۆڵی بانگەواز دەگرن.

---

١ الترمذي، أبو عيسى محمد بن عيسى بن سورة الترمذي (ت٢٧٩ هـ). جامع الترمذي، الرياض: بيت الأفكار الدولية، ط ١، ١٩٩٩ م، كتاب تفسير القرآن، باب ومن سورة المائدة، حديث رقم ٣٠٥٨ ص ٤٨٧..

٢ ئەم زیادەیە ئیبن ئەلعەرەبی مالیکی هێناویەتی، القاضي أبو بكر محمد بن عبدالله العربي المعافري الإشبيلي المالكي (توفي ٥٤٣ هـ)،. أحكام القرآن، علق عليه: محمد عبد القادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٣ م، ج ٣، ص ٣٨٨.

ئەو عاتیفە و خرۆشانەی لە بونیاتە دەروونی و ڕۆحییەکەیاندا چێنراوە، بۆسەی خێر و چاکە دەوروژێنن و بەبێ وشیاری و زۆرلەخۆکردن کاردانەوەیان لە هەمبەریدا هەیە، بەڵام ئەو فیترەت و زکماکییەی کە خودا مرۆڤی لە سەر بەدیهێناوە، بەس نییە بۆ بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی قورسی ئەو پێغەمبەرێتییەی خراوەتە سەر شانیان.

بۆیە خودا دووربوون لە گوناهـ داوێنپاکی (العصمة)ی پێبەخشیون، عیصمەتیش لە زماندا واتە: داوێنپاکی و پارێزگاری و پاراستن و ڕێگەگرتن لە ئەنجاندانی گوناح. زانایان یەکدەنگن لە سەر ئەوەی پێغەمبەران پارێزراون لە گەیاندنی ئاییندا، هیچ شتێک لە وەحی/سرووش ناشارنەوە، ئەوەیشی لە سرووش بۆیان هاتووە لەبیریانناچێتەوە و لە خۆیانەوە هیچیشی لێ زیادوکەم ناکەن. (لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ فَمَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ وَإِنَّهُ لَتَذْكِرَةٌ لِلْمُتَّقِينَ) واتە: (ئەگەر هێندێک لە قسەکانی بە دەم ئێوەوە کردبا، گومان نییە، بە هەموو توانا دەمانگرت. ئەوسا ڕەگی لاملیشیمان هەڵدەبڕی. کەسیش لە ئەنگۆ نەیدەتوانی لەمپەری بێت) [الحاقة: ٤٤_٤٧]، بە هەمان چەشن ئەوان لە کردنی تاوانە گەورە، پارێزراون.

وەلێ پاش ئەوە ڕاجیایی هەیە لە سەر کردنی گوناهی بچووک. زۆرینەیان دەڵێن گوناهی بچووک ناچێتە ژێر ڕکێفی بابەتی عیصمەتەوە، لەوەیە پێغەمبەران، یان هەندێکیان بکەونە ناو ئەو گوناهەوە، ئەوا تۆبەدەکەن، خودایش سەرباری لێخۆشبوونیان پتر چاکەیان لە بارەوە دەکات، بەڵگەی ئەم قسەیەیش لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، وەکو دەرچوونی ئادەم (دروودی خوای لێبێت) لە فەرمانی خودا، (ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَى قَالَ اهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَى) واتە: (ئەوسا هەر دووک لەبەری دارەکەیان خوارد. شەرمی خۆیان

بۆ دەرکەوت؛ خەریکبوون بە گەڵای بەهەشت خۆ داپۆشن. ئادەم لە فەرمانی پەروەرندەی لایدا و لەڕێدەرچوو، پاشان پەروەرندەی، ئەوی هەڵبژارد و پەژیوانی قەبوڵکرد و ڕێی پیشاندا) [طه: ١٢١_١٢٢]. هەروەها ئەوەیشی لە بارەی موسا (دروودی خوای لێبێت) هاتووە کاتێک دانینا بە گوناهەکەیدا و داوای لێخۆشبوونی لە خودا کرد، ئەوەیش دوابەدوای کوشتنی پیاگە میسرییەکە. لە بەرانبەردا بەشێک لە زانایان و زۆرێک لە زانایانی مەغرییبیش لە پێشی هەموویانەوە قازیی عیاز خاوەنی کتێبی (الشفا)، پێیانوایە پێغەمبەران لە گوناهی بچووک پارێزراون، وەلێ لەم بارەوە تێکڕای قسەکانیان لە عیصمەتی پێغەمبەردا (درووودی خوای لێبێت) لە پێش و پاش بوونی بە پێغەمبەر، قەتیسکردووە.

چلۆن دەکرێت سازان (التوفيق) لە نێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا بکرێت؟ بە بێ ترس و بە دوورودرێژی تێچین لە سەر ئەم بابەتە لە بارەی تێڕامان و سەرنجمان سەبارەت بە پێغەمبەران، دەدەین و دەپرسین: ئایا ئەوەی دەرهەق بە کاریگەریی ئاڵوگۆڕی نێوان ژینگە و بۆماوەیی و کەسێتیی تاک باسمانکردووە و هاوڕێ لەگەڵ کارلێکی ئەم تێکەڵکردنە دەروونییەی کە لەگەڵ فیترەتدا هەوڵدەدات ئارەزووی مسوڵمانی ئاسایی لە کردنی تاوانە گەورەکاندا کپبکاتەوە، جێبەجێنابێت بە سەر کاریگەری و شوێنەواری عیصمەت لە ڕووی ڕێگەگرتن لە کردنی گوناهی بچووک لە لای پێغەمبەران؟ بۆ خوێنەری پاتدەکەینەوە کە ئێمەمانان دەرک بە ڕادەی نەزانی و وەستانمان دەکەین لە بەردەم کەناری دەریای بێسەروحسابی ئەو زانستە لەدوننی و ڕۆحییەی خودا بە پێغەمبەرانی خۆی بەخشیوە، وەلێ لە بەرانبەریشدا لە پەسەندکردنی دلێری و ئازایەتیماندا پاڵپشتێک بەدیدەکەین لەوەی کە قورئانی مەزن ئەوەمان بۆ باسدەکات، کە خودا فەزڵی هەندێکیانی داوە بە سەر هەندێکی دیکەیاندا: (وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِمَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ

النَّبِيِّينَ عَلَى بَعْضٍ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا) واتە: (پەروەرندەت بەو شتانەی لە ئاسمانان و زەمیندان زاناترە. لە ناو پێغەمبەرەکانیش هێندێکمان لە هێندێکی دی بەڕێزتر گرت، زەبووریشمان دا بە داود) [الإسراء: ٥٥]. هەروەها دەفەرموێت: (تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِنْهُمْ مَنْ كَلَّمَ اللَّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلَ الَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَلَكِنِ اخْتَلَفُوا فَمِنْهُمْ مَنْ آمَنَ وَمِنْهُمْ مَنْ كَفَرَ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا اقْتَتَلُوا وَلَكِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ) واتە: (ئێمە لە ناو پێغەمبەرانی خۆماندا هێندێکیانمان لە هێندێکان بەڕێزتر گرت؛ جا لەواندا هیی وا هەبووە کە خودا ئەوی دواندووە؛ پلەوپایەی بڕێکیشی بردووەتەسەر. چەند نیشانەی بە عیسای کوڕی مەریەم دا؛ بە گیانی پیرۆزی خۆیشمان یاریدەمدا. ئەم خەڵکانە لە دوای ئەمەی ئەو گشت پێغەمبەرە هاتن، سەرەڕای ئەو نیشانانەی بۆ ئەوان هات ئەگەر خودا مەیلی لێبا شەڕی یەکتریان نەدەکرد؛ بەڵام ئەوان لە ناوخۆدا پێکنەهاتن؛ بازێک بوونە خاوەن_باوەڕ، بازێکی تر کەوتنەسەر باری خوانەناسی. ئەگەر خودا مەیلی لێبا، نەیدەهێشت دەگژ یەک ڕاچن؛ بەڵام خودا بە خواستی خۆی کاران دەکات) [البقرة: ٢٥٣].

لەوەیە لە پشت ئەم فەزڵدانە جیاوازی هەبێت لە نێوان پێغەنبەراندا لە ڕووی هەژموونی عیصمەت بە سەر ڕەفتار و سلوکیاندا. پێغەمبەرمان محەمەد (دروودی خوای لێبێت) خودا فەزڵیداوە بە سەر تێکڕای پێغەمبەراندا، تەنانەت بە سەر سەرجەم بونەوەران لە ئینسان و جنۆکە و فریشتەکان، ئەوەیشی کە ئێمە نایزانین سەبارەت بە بونەوەران کە دەمانگەیەنێت بەو بڕوایەی لەگەڵ زانایانی دێرینی خۆرئاوادا یەکدەنگ بین لە سەر ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)، فەزڵی دراوە بە سەر پێغەمبەراندا لەوەی لە کردنی گوناهە گەورەکان پارێزراوە، هاوکات لە میانەی چەندین ئایەتی میعراجەوە دارای بەخششی ڕۆحییشە

وەکو پێشەوایەتیکردنی سەرجەم پێغەمبەران لە شەوڕەوییەکەیدا، کە هیچ کام لەوان و فریشتەکانیش نەدەگەشتن بەو فەزڵ و مەقامەی وی، لەوەیشە دارای چەندین بەهرە و بەخششی دیکەیش بێت و ئێمە دەرکماننەکردبێت، ئەگەر بمانەوێت مافی خۆی بدەین بەم توێژینەوەیە ئەوا لە بابەتی توێژینەوەکەمان دەردەچین، بۆیە تەنها بەسە ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بهێنینەوە، کە باسی لە ڕەند و فەزڵی هەندێک لەو گوفتار و ڕەفتارانەی پێغەمبەرانی پێش خۆی کردووە و ئەگەر ئەویش (دروودی خوای لێبێت) لە شوێن ئەوان با ئەوەی نەدەگوت ئەوان گوتوویانە و ئەوەی نەدەکرد کە ئەوان کردوویانە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە عیصمەت و پارێزبەندی لە گوناهە بچووکەکان ڕێگرنەبووە لەوەی گوتوویانە، یان کردوویانە.

کاتێک قەومی لوت هوروژمیان کردە سەر پێغەمبەر لوت (دروودی خوای لێبێت) و داوای کاری بێشەرمی و نابەجێیان لە میوانەکانی دەکرد، ئەویش بێئومێد بوو لە کاردانەوەی هەموو ئەو پێشهاتانەی ڕووبەڕووی ئەویان (دروودی خوای لێبێت) دەکردەوە، بۆیە فەرمووی: (قَالَ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ) واتە: (گوتی: بریا هێزم بە ئێوە بشکایە؛ یاخۆ پەنامببردایە بە جێپەنایەکی حەستەم) [هود: ٨٠] واتە ئاواتەخواز بوو کە تیرە/هۆزێکی بەهێزی هەبا و لە دەستی ئەوان بیپارێزێت، پێغەمبەری مەزن (دروودی خوای لێبێت) تێچێنی لە سەر ئەم پەناگرییەی لوت کردووە و فەرموویەتی: (خودا ڕوحم بە لوت بکات، پەنایبردە بەر گۆشەیەکی بەهێز [هەتا تۆڵەیان لێبکاتەوە و تەمبێیانبکات])[١]. بۆچی پەنایبرد؟ پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) باسی موسای کردووە (دروودی خوای لێبێت) کە نەیتوانیوە

١ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب أحاديث الأنبياء، باب قول الله عز وجل: ونبئهم عن ضيف إبراهيم، حديث رقم (٣٣٧٢) ص٦٤٦.

لەگەڵ حەزرەتی خدری زیندەدا دان بە خۆیدا بگرێت و ئارامبگرێت، وەکو لە سورەتی کەهفدا باسکراوە، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: (ڕەحمەتی خودا لە من و موسا، بریا ئارامیبگرتایە هەتا چیرۆکی زیاتریان بۆ گێڕابایەنەوە). نائارامگرتنی و بێسەبرییەکەی، بێبەشیکردین لە موعجیزەکانی خدری زیندە، وەکو ئەوەی لە سورەتی کەهفدا هاتووە. ئەگەر پێغەمبەرەکەمان لە بریی ئەو با ئارامیدەگرت و داني بە خۆیدا دەنا. هەروەها پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) باس لە وەڵامنەدانەوەی یوسف پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) دەکات کە قەبوڵینەکرد بە دەم داواکاریی پاشای میسرەوە بڕوات و قوتارییبێت لە بەندیخانە؛ بۆیە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: (هێندەی یوسف لە بەندیخانەدا بام، ئەوا بە دەم داوای قوتاربوون لە زیندانەوە دەچووم)[1]. واتە ئەوە دەرچوون لە بەندیخانەی پەسەنددەکرد و کاری پاکداوێنی و پاکێتییەکەی دەدایە دەست ئەو خودایەی ساڵانێک بە بەندیخانە تاقیکردەوە و دواتر بەخششی دەربازبوونیشی پێبەخشی.

بەدەر لەو سەرنجانە دەڵێین: کردنی تاوانی بچووک لەلایەن هەندێک لە پێغەمبەرانەوە، سەرباری ئەوەی خودا چەند بەهرە و بەخششی ڕۆحییشی پێڕەوابینیون، لە ڕاستیدا بە هۆی کاریگەریی هۆکارە ژینگەیی و بۆماوەیی تایبەتمەندییانەوە بووە وەکو مرۆڤێک، کە هەم دارای هێزە هەمیش لاوازی، ئەم بابەتەیش زیاتر لە میانەی ئەو ئایەتانەوە ڕووندەبێتەوە، کە خودا تیایدا لە سەر هەندێک کار و ڕەفتار گلەیی[2] لە پێغەمبەران دەکات، بابای خوێنەریش دەتوانێت زیاتر قووڵبێتەوە و

---

١ سەرچاوەی پێشوو.

٢ پێم باشتر بوو لە بەرانبەر وشەی (تأنیب و عتاب)، وشەی گلەیی لە بریی سەرزەنشت لە کوردییەکەدا بەکاربهێنین، بە هۆی پلەوپایە و مەقامی بەرزی پێغەمبەران، چونکە لە ڕووی سیمانتیکەوە بەکارهێنانی سەرزەنشت، دەرخەری کاری نادروست و شتی زۆر خراپە، پێم وا نییە بۆ ئێرەکانی گونجاو بێت، بۆیە گلەییەکە دروستترە. وەرگێڕ

بەراوردی لە نێوان گوفتاری ئەوان (دروودی خوای لێبێت) و پێغەمبەری خۆمان (دروودی خوای لێبێت) بکات.

ئەوە نوحە و لە کەشتییەکەیدا و بڕواداران بە ناو شەپۆلی سەرکێشی چەشنی چیا ڕێدەکات، گاز لە کوڕەکە بێگوێیەکەی دەکات هەتا دەگەڵیان سەربکەوێت و بێتە ڕیزی بڕوادارانەوە، کەچی هەتا بە بێباوەڕی و کافری نەمرد وازینەهێنا. سۆز و بەزەیی و عاتیفەی باوکایەتی کارەساتبار بە سەر نوح پێغەمبەردا (دروودی خوای لێبێت)، زاڵبوو، لە خودا لالآیەوە: (وَنَادَى نُوحٌ رَبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنْتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ) واتە: (نوحیش لەبەر پەروەرندەی پاڕایەوە، گوتی: ئەی پەروەرێنی من، کوڕم کەسوکاری منە؛ بەڵێنی تۆیش هەر دێتەجێ و تۆ لە گشت فەرمانڕەوایەک لێزانتریت) [هود: ٤٥]، کەچی بەرپەچی خودای توندئاژۆ؛ دەسودەم بوو وەکو ئەوەی هەڕشە و گلەیی لێبکات: (قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلَا تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ) واتە: (گوتی: ئەی نوح، ئەم کوڕەت کەسی تۆ نییە؛ ئاکاری ناپەسندی هەس؛ هەر شتێک چی لێنەزانی، داوامەکە؛ من ئامۆژگاریت لێدەکەم کە نەچیە ڕێزەی نەزانان) [هود: ٤٦]. ئیدی نوح پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) هەستی بە ئاستی مەترسیی نزا و پاڕانەوەکەی لە خودا کرد و پەناییگرت: (وَنَادَى نُوحٌ رَبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنْتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلَا تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ قَالَ رَبِّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَإِلَّا تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُنْ مِنَ الْخَاسِرِينَ) واتە: (گوتی: ئەی پەروەرندەکەم، هەر خۆ بە تۆ دەپارێزم؛ داوای شتێکت لێبکەم کە نایزانم؛ ئەگەر بەزەت پێمدا نەیە و لێمنەبوریت، یەکێکم لە زیانباران) [هود: ٤٥_٤٧].

ئەمە بەراوردبکە بە هەڵوێستی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای

لێبێت) لەگەڵ ئەو خزمانەی بە کافری مرد وەکو ئەبولەهەبی مامی، تەنانەت سەبارەت بە هەندێک باسوخواس و ڕووداو کە لەو بارەوە هەبوون، وەکو توڕەبوونی لە ئوسامەی کوڕی زەید کە هاتبوو تکا بۆ ئافرەتە مەخزوومییەکە بکات؛ هەتاوەکو حەددی دزینی کە بە سەریدا ساغبوویەوە، جێبەجێی نەکات [واتە واسیتەی بۆ بکات]، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: (تکا لە حەددێک لە حەددەکانی خودا دەکەیت؟ ئەمە سوێندی بێت فاتیمەی کچم دزیبکات دەستی دەبڕم)[1].

شایەت بابەتی فەزڵدانی پێغەمبەرمان بە سەر تێکڕای پێغەمبەرانی دیکەدا بە باشی ڕوونبووبێتەوە، ئەو دەمەی قورئانی خاوەن_ئیعجازی مەزن باسی هەندێک گوفتار و ڕەفتار و هەست و نەستی ئەوانمان بۆ دەکات، کە لە سەر کردنیان خودا تانوتی لێداون، دواتر لەبەر ڕۆشنایی ژیاننامە و سیفاتە بەرزەکانی؛ بەراوردی ئەو تانوت و گلەییانەی ڕووبەڕووی ئەوان و ئەم (دروودی خوای لێبێت) کراونەتەوە، دەکەین. دەبینین پێغەمبەر یونس/زوننون (دروودی خوای لێبێت) کە بە توڕەییەوە قەومەکەی جێهێشت و فەرامۆشیکردن، ئەوەیش دوابەدوای ئەوەی خودا پەیمانی سزای سەختی بە سەردا دان، کەچی ئەو بەجێیهێشتن پێش ئەوەی مۆڵەتی جێهێشتنیان لە خودا بخوازێت، تەبەری لە ڕاڤەکەیدا پێماندەڵێت پێغەمبەر یونس (دروودی خوای لێبێت) جۆرێک سیفەتی وەڕەسی و تەنگی لە ئەخلاقیدا هەبوو، شایەت هەر ئەو سیفەتەیش بووبێتە هۆی زووتووڕەبوون و شپرزەییەکەی [ئەگەر دروست بێت وابڵێم و بێئەدەبی نەبێت]. دواتر تۆ بیر لە گوناهەکەی پێغەمبەر داود (دروودی خوای لێبێت) بکەرەوە، کە خێرا حوکمیدا بۆ ئەو کەسەی گوتی

---

١ بڕوانە: صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب أحاديث الأنبياء، باب، حديث رقم (٣٤٧٥) ص ٦٦٩.

– مسلم، صحيح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، كتاب الحدود، باب قطع السارق الشريف، رقم ) ١٦٨٨ (، ص ٧٠٠.

براکەی پارێنەکەی بردووە ئیدی بەبێ ئەوەی گوێ لە بەڵگەی براکەی تری بگرێت، بۆیە داوای لێخۆشبوونی لە خودا کرد و کڕنووشیبرد و تۆبەیکرد.

بەراوردی ئەم گلەییە خوداییە بۆ پێغەمبەران بکە بەو بابەت و پرسانەی کە تیایدا گلەییشی لە پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێبێت) کردووە. دەبینیت گلەیی خودا لە پێغەمبەر بە کورتی و کرمانجی تەنێ بە هۆی هەوڵی بێوچانی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێبێت) بووە بۆ ڕێنوێنیکردنی زیاتری قەومەکەی، حەرص و بە تەنگەوەهاتنێک کە کاریگەری لە سەر جەستەی پیرۆزی دانابوو، لە سەرووی هەموو بیرکردنەوەکانی بەشەرەوە بوو لە ڕووی سۆز و میهر و ئەوین و شەفەقەتەوە، تەنانەت خودا هەر بە خۆی بە چەندین ئایەت دڵیدەدایەوە: (فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِنْ لَمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفًا) واتە: (ڕەنگە تۆ بۆ ئەو کەسانەی بڕوا بەم کتێبە ناکەن، خەمێ وا بخۆیت، تێبچیت [باخع، واتە: هێندە خەمێ بخۆیت زیانی بۆ تەندروستیت هەبێت، نەک ئەوەی خۆت لە ناو ببەیت، یان خۆت بکوژیت]) [الكهف: ٦]. هاوکات دەفەرموێت: (أَفَمَنْ زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ) واتە: (ئاخۆ کەسێک خراپەی بۆ جوانکراوە و بۆ خۆی پەسندیکردووە [وەکو کەسێکە وا نەبێت؟] خودا حەزبکات هەر کەسێک گومڕادەکات و حەزیشبکات شارەزای بەرەو خۆی دەکات. نەکا لەبەر خەمی ئەوان، تێدابچیت؛ خودا دەزانێت ئەوانە چ کارێک دەکەن) [فاطر: ٨]. هەروەها دەفەرموێت: (لَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ أَلَّا يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ) واتە: (لەوانەیە بەو خەمە خۆت لەبەینبەریت [زیان بە خۆت بگەیەنیت]، کە ئەوانە نایانەوێت بڕوابهێنن) [الشعراء: ٣].

لەم ئایەتانەدا خودا بە خۆی گوزارشت لە شەفەقەت و میهر و

خوشەویستییەکەی بۆ پێغەمبەری ئەکرەم (دروودی خوای لێبێت) دەکات، بەزەیی پێیدادێتەوە لەوەی هێندە خۆی بێتاقەتدەکات بۆ کەسانێک کە ئەسڵەن شیاوی ئەو عاتیفە بەرزانەی نین، بە ڕادەیەک خەریکە تەواو کاریگەری لە سەر باری تەندروستییەکەی بکات، تەنانەت لە ژیاننامەی گوڵاوڕێژەکەیدا ئەوە بەدیدەکەین کە سۆز و میهریشی بۆ ئەو کەسانەی قەومەکەیشی بەوەی بڕواینەهێناوە و دووچاری گومڕایی بووە جووڵاوە، لە کاتێکدا هەر خودی ئەو کەسە ئازاریداوە.

زۆر جار سەبارەت بە توانای پێغەمبەری مەزن (دروودی خوای لێبێت) پرسیومە لە ڕووی شیانی و بوونی ئەم عاتیفە خوداییە ناسک و نیانانەوە، پێشتر دیمان کە چۆن عاتیفەی هاوەڵی بەرزی پێغەمبەر جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب فڕی، ئەو دەمەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) پێیفەرموو: (لە ڕەفتار و ڕوخساردا لە من دەچیت)[١]، هێندە دڵخۆش بوو خۆی بۆ ڕانەگیرا و هەڵگەشە لێیکرد؛ واتە وەکو حەبەشییەکان لە سەر یەک قاچ هەڵبەز و دابەزی بوو، ئەدی دەبێت چی لێبێت کە خودایەکی مەزن بەو سەرەوە وەها فەرمایشتێک کە شیاوی سام و جەلالی و مەزنێتیی وی بێت وەها شتێکی پێبڵێت؟ سا بڕوانە چلۆن هاوەڵێکی دی بە تەنها (سووکەقومێک (جرعة مخففة) (لە بابەتێکی هاوشێوەی ئەوەی جەعفەر (ڕەزای خوای لێبێت)، کاردانەوەی دەبێت؟ ئوبەی کوڕی کەعب (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا هەواڵیدا بە هاوەڵێکی بەڕێز کە خودا فەرمانیکردووە قورئانی بە سەردا بخوێنێتەوە، هاوەڵەکەیش فەرمووی: (ئەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) واتە خودا باسیکردم و ناوی هێنام؟ فەرمووی: (بەڵێ)[٢].

---

١ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب الصلح، باب كيف يكتب هذا ما صالح فلان بن فلان، حديث رقم ٢٦٩٩ ص ٥١٤.

٢ سەرچاوەی پێشوو، كتاب مناقب الأنصار، باب مناقب أبي بن كعب حديث رقم ٣٨٠٩ ص ٧٢٤.

دەسودەم هاوەڵەکە خۆی پێڕانەگیرا و عاتیفەی جۆشدرا، وایلێهات وەکو ئەوەی عەقڵی لە سەر خۆی نەمابێت، لە یەک کاتدا هەم دەگریا و هەمیش پێدەکەنی. [خۆمان دەڵێین: کەوتە حاڵەوە].

ئەم گواستنەوە لە ناکاوە مەزن بە سەختترین حاڵەتەکانی خەم و پەژارە دادەنرێت بۆ کەسێک بڕوای پێینەبێت، کە کەسەکە توشی خەم و ناسۆری دەکات، کەچی بە هۆی دڵنەوایی خودای مەزنەوە بۆ بەرزترین پلەی هەستکردن بە خۆشی و بزواویی ڕۆحی بڵنددەبێتەوە، ئەدی چۆن پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بەرگەی ئەم گۆڕانە عاتفییەی گرتووە؟ بێگومان هەر خودا بە خۆی دەزانێت چۆن پەیامی خۆی بڵاودەکاتەوە بەرزەفتیدەکات. لە ڕاستیدا ئەوەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) باسیدەکات لە توانستە عاتفی و ڕۆحییەکەی و شیانیکردنی ئەوەیشی کردووە کە ئێمە لێینازانین، دەخرێتە ڕیزی ئەو جۆرە ئەرکانەوە کە لە ئێمە شاراوەیە و لەویش ئاشکرا، وەکو دەفەرموێت: (ئەوەی من دەیزانم ئێوە بتانزانیبا، زۆر دەگریان و کەم پێدەکەنین)[١]. لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا لە لای تورموزی دەفەرموێت: (سوێند بێت بە خودا، ئەوەی من دەیزانم ئێوە بتانزانیبا، زۆر دەگریان و کەم پێدەکەنین و هەرگیزیش بۆ چێژ سەرجێییتان لەگەڵ ئافرەتاندا نەدەکرد، دەچوونە بەرزاییەکان و پەناتان بە خودا دەدا)[٢].

تەنانەت ئەو گلەییە توندەی ڕووبەڕووی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) کرا لە سورەی (عبس)دا، هەندێک لەوانەیش کە گوتوویانە کردنی گوناهی بچووکی لەلایەن پێغەمبەرانەوە بەڵگەیە لە سەر

١ سەرچاوەی پێشوو، کتاب التفسير، باب قوله: [لا تسألوا عن أشياء إن تبد لكم تسؤكم: لە شتانێک مەپرسن کە زانیتان زیانتان پێدەگەیەنێت] حديث رقم ٤٦٢١ ص ٨٧٩.

٢ الترمذي، جامع الترمذي، سەرچاوی پێشوو، کتاب الزهد، باب في قول النبي: لو تعلمون ما أعلم لضحكتم قليلا، حديث رقم ٢٣١٢ ص ٣٨٢.

ئەوەی پێغەمبەری خودایش (دروودی خوای لێبێت) کردوویەتی، ئەم ئایەتەی سورەتی (عبس)ـە دەکەن بە بەڵگە، ناوکۆی ئەمەیش بەڵگەی پەرۆشی و سووربوونی پێغەمبەری خودایە (دروودی خوای لێبێت) بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی لە میانەی پیادەکردنی ئاکار و ئەخلاقی بەرزیەوە کە هیچ کەس جگە لە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) ناتوانێت بەو چەشنە بە ئاکاری بەرز خۆی بڕازێنێتەوە. پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) هەموو بایەخێکی دابوو بە وەلیدی کوڕی موغیرە و سەرانی قورەیش بەو ئومێدەی مسوڵمانببێت، هاوەڵی بەرزیش عەبدوڵلای کوڕی ئوم مەکتومی هەژار و نابینا هات و قسەکەی بە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بڕی و دووبارە و سێبارەی کردەوە و وەها سوور بوو لە سەر پرسیارکردنەکەی، کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بێزار بوو و داوای لێکرد ئەوەی خودا فێریکردووە ئەویش فێربکات، بۆیە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) ڕووی گرژکرد و پشتیتێکرد، دەسودەم سورەتی (عبس) دابەزی، لە سەر ئەو ڕەفتارە گلەیی لە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) کرد. خوێنەری هێژا لەم جۆرە هەڵوێستان وردبەرەوە کە ئێمە کاردانەوەمان چ دەبێت، بۆ نموونە تۆ هەموو بایەخێکی فیکری و عاتفیت بخەیتە سەر پرس و بابەتێکی زۆر گەورەی ئەوتۆ کە بزانیت گرنگی و سەرئەنجامێکی زۆر باشی بۆ تۆ دەبێت، ئەو پرسەیش لەگەڵ خاوەن_بڕیاردا گەنگەشەبکەیت، لەم ئانوساتەدا کەسێکی لاواز بێت و قسەکەت پێببڕێت و داوای کارێکی زۆر بە پەلەت لێبکات، کە دەکرێت دوای ئەوەی لە قسە گرنگەکەت بوویتەوە یارەمەتیبدەیت، بەڵام ئەو هەر سوورە لە سەر داواکەی، ئەدی دوای ئەوەی ئەو کەسانەی گفتوگۆت لەگەڵدا کردن ڕۆشتن، دەبێت چ بکەیت؟ توڕەیی و هاوارکردن بە سەر ئەو کەسەدا شایەت لە داخاندا هەر بێبەشیبکەیت لەوەیشی داوایکردووە،

زۆر جار هەموو ئەمانە لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا وەکو کاردانەوەیەکی پەسەند قەبوڵدەکرێت و لە هەمبەر ئەو کەسە لاوازەدا ماف بە تۆ دەدەن. ئەدی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) چی کرد؟ تەنها پشتی لێهەڵکرد و ڕووی گرژکرد لە بەردەم کەسێک کە ئەسڵەن هەر نازانێت کە بەرانبەرەکەی وەها شتێکی کردووە، چونکە نابینایە! پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) هیچ وشەیەک، یان دەنگێکی بێزاری لە بەرانبەر سووربوونی عەبدوڵڵای کوڕی ئوم مەکتوم دەرنەبڕی، چونکە کەڕ نەبوو، هەر وشەیەکی ناساز و شەرمەندە کرابایە گوێی لێدەبوو، نایشکرێت وەها کارێک لە پێغەمبەری بەسۆز و میهرەبانەوە (دروودی خوای لێبێت)، بکرێت.

ئەوە بە بیر خوێنەر دەهێنینەوە کە ئێمە پێش ئەم هەمگە بێنەوبگرەیە (الاستطراد)، سەبارەت بە تاقمی سێیەم کە باسکردنە لەو وروژێنەرە عاتفییانەی داخوازیی ئاکار و ڕەفتاری پەسەند و نیانن دواوین و گوتمان ئەم جۆرە عاتیفانە بەبێ هیچ گرێوگۆڵ و ناسۆرێک لە ناو بونیاتی پێغەمبەراندا هەیە، وەلێ سەبارەت بە تێکڕای مسوڵمانان جگە لە بەرهەڵستیی فیسقوفجور و خۆبەزلزانینی ئەو نەفسە نەبێت کە خودا تێیدا خوڵقاندوویەتی، هیچ دەرچەیەکی دیکەیان نییە، ئەوەیش لەبەرئەوەیە تاقیانبکاتەوە کە کامەیان کاری باشتر ئەنجامدەدات. بۆیە وایدەبینم کەمێک هەڵوێستە لەم گرووپ/تاقمەی وروژێنەری عاتیفەکاندا بکەم، لەبەرئەوەی گرنگییەکی زۆری لە سەر ڕەفتاری ئەخلاقی جیهانە مادییە نوێیەکەمان هەیە، چونکە ئاشی ئاکارە جوانەکانی مرۆڤ ناگەڕێت هەتا جڵەوی شڵەژان و هەڵچوونەکانی نەکات؛ ئەویش بە کپکردنەوەی هەوا و ئارەزوو و لایەنە خراپەکانی هەڵچوون وەکو: توڕەیی و لەچەری/ئیرەیی و ترس و خۆبەزلزانین، خۆڕازاندنەوە بەو ئاکارانەی عەقڵ و شەرع پێیان جوان و نیانە، وەکو: سۆز و میهر و شەفەقەت و سەخاوەتمەندی

و ڕێز و قوربانیدان و ئازایەتی/دلێری و خۆخواردنەوە لە تووڕەیی، ئەم سیفەتانە ئەو پێوەرانەن کە کانگاکانی پیاوی پێدەپێوڕێن، هەتا لەو وڵات و شوێنەی ڕێزی مرۆڤی تێدا پارێزراوە، جڵەوی سەرمەشقی و سەرکردەیی بگرێتەدەست.

چ کەسێک هێندەی عومەری کوڕی خەتاب پێگە و ڕێزی مرۆڤی لە لایە؟ هەرگا بیویستایە ئەرکی ویلایەت بە هاوەڵێک بسپێرێت، پەرۆش و سوور بوو لە سەر ئەوەی بە سەرجەم سیفاتە بەرزە جوانەکان خۆی برازێنێتەوە و بتوانێت بە سەر ئارەزووەکانی زاڵببێت و تووڕەیی خۆی بخواتەوە، لە بارەی ئەو کەسە لە خەڵکانێک کە گومانی چاکی پێیان هەبوو و باشیش ئەو کەسەی دەناسی، دەیپرسی هەتا بزانێت چۆنە، کاتێک بە ئەرێنی وەڵامیدەدایەوە، ئەمجا عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لە دراوسێکانی دەپرسی، یان ئایا لە مامەڵەی دینار و دراودا چۆنە، یان ئایا ئەو کەسە گەشت و سەفەرەی لەگەڵدا کردووە. کاتێک پرسیارلێکراوەکە بە نەرێ وەڵامیدەدایەوە، عومەر پێیدەفەرموو: (برۆ، تۆ نایناسیت)، پێیدەگوت: (شایەت لە مزگەوتدا دیبێتت، ئەویش سەرێکی بۆ دەلەقاند)، عومەر بە جووڵەی کڕنووش/چەمانەوەی دەکرد. واتە ئەو دیویەتی نوێژیکردووە و لە سەر نوێژەکەیشی حوکمدەدات بە ویلایەتکردنەکەی[1]. ئەم چیرۆکە بەڵگەی ڕادەی مەعریفەی فیتری و قووڵیی عومەر دەگەیەنێت، کە چەند ئەو سیفاتی خرۆشان و هەڵچوونانە گرنگی هەیە لە ناسینی جەوهەر و کانگای مرۆڤەکان، ئەو (ڕەزای خوای لێبێت) وەکو پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) وەسفیکردبوو، کە قسەکەرێکی باش و بەخشندە بوو.

---

١ حەکیمی تیرمزی ئەم چیرۆکەی گێڕاوەتەوە، الترمذي، أبو عبدالله محمد بن علي بن الحسن بن بشر ت ٣٢٠ هـ أدب النفس، تحقيق: أحمد عبدالرحيم السائح، مصر: الدار المصرية اللبنانية، ط ١، ١٩٩٣ م، ص ٧٩.

لەبەرئەوە مرۆڤ ئەگەر توانی ئەم لایەنە عاتفییەی کەسایەتیی خۆی جڵەوبکات، ئەوە دەبێتە سەنگی مەحەک بۆ ناسینی، ئەوەیش تەنها بە لەگەڵبوون و هاوڕێیەتیکردنی نەبێت دەرناکەوێت، بۆ نموونە بە دراوسێتیکردنی ئەو سیفەتەت بۆ دەردەکەوێت بەوەی کاتێک تۆ لە ماڵەکەتدایت گوێت لە هاتوهاواری خۆی و خێزانی و ماڵ و منداڵی دەبێت، یان هەندێک قسەی پاراو و شیرینی لێوە دەبیستیت، لە مامەڵەی جوانی ئەوەوە لەگەڵ خاوخێزان و منداڵەکانتدا باشتر دەیناسیت و زۆر جاریش لە ڕەفتاری جوانی ئەوەوە کاری باش فێردەبیت. هەروەها لە گەشتی دووردودرێژدا کە لە سەردەمانی زوو زیاتر مرۆڤ توشی تەنگوچەڵەمە و کۆژان دەبوویەوە، سیفەتی ڕادەی تورەیی و ئارامگرییەکەیت دەزانی و ئاشنادەبوویت بە سەخاوەتمەندی و ترسی لەو مەترسییە ڕاستەقینە، یان گوماناوییانەی لە میانەی گەشتەکە توشتاندەبوون. چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ پارە و دراوە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە ئایا ئەو پارە_خۆشەویستە یان نا، هەر وەکو دەرک بەوەیش دەکەیت هەتا چەند زیرەک و وریایە بەوەی پارەکان ساختەن، یان نا. بێگومان مامەڵەی ڕاستگۆیانە بە ماڵ و سامانەوە بە شێوەیەکی سروشتی پشت بە توانای کەسەکە دەبەستێت لە کپکردن و دامرکاندنەوەی عاتیفە و هەڵچوونە پیس و خراپەکانیدا.

لە ڕاستیدا ناکرێت هەڵچوون، یان خرۆشان و عاتیفە قێزەونەکان لەو کەسانە بشارێنەوە، کە لەگەڵ ئەم بێنەوایی و بەدبەختییانەدا دەژین. ئەمە هەر بە تەنێ بە ڕقلێبونی خەڵک لە دنیا و سزای لە دوارۆژ نییە بەوەی خەیاڵدەکات ئەو جۆرە سیفەتانە بەختەوەری و خۆشی و چێژی بۆ دەهێنن، چونکە ئارەزووە خۆبەزلزانییەکانی کە لە سەر گۆشکراوە و ئەسپی شەهوەتیشی داوەتەدەستی، وردە وردە لەگەڵ تێپەڕیبوونی کاتدا زیاددەکات، وەلێ جڵەوی دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی هێندە

لاوازدەبێت هەتا دەبێتە بەندی داخوازی و مەترسیگەلێکی ئەوتۆ کە ئەستەمە وەدەستبێن و خۆتی لێبپارێزیت، ئیدی هەرچەندە دەسەڵاتیشت بە سەر کەسانی هەژار و لاوازیشدا بشکێت و دارای سەروەت و سامانێکی زۆریش بیت، بەڵکو هەر خودی ماڵ و دەسەڵات دەبنە ئاگری بەدبەختی و شرۆکییەکەی: (فَلَا تُعْجِبْكَ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُمْ إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ بِهَا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَتَزْهَقَ أَنْفُسُهُمْ وَهُمْ كَافِرُونَ) واتە: (سەیرت نەیە لە دارایی و زاروزیچێک کە هەیانە؛ خودا دەیەوێت لە دنیادا بەمانە ئازاریانبدات و هەر بە خوانەناسی بمرن) [التوبة: ٥٥].

بۆیە هەمیشە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) پەنای بە خودا دەگرت لەم سیفەتە قێزەون و خراپانە و نزایەکی گشتگیری دەکرد، وەکو ئەنەس بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی (دروودی خوای لێبێت): (خودایە پانات پێدەگرم لە خەم و خەفەت، کلۆلی و تەمبەڵی، ترس و ڕەزیلی، قەرزباری و تەنگپێهەڵچنین و دەسەڵاتی ناهەقی پیاوان)[١].

بێگومان وتەی واتاکێش (جوامع الکلم)[٢] بە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بەخشراوە، لە میانەی ئەم چەند وشە کەمەی نزاکەیەوە، گرنگترین ئەو عاتیفە و هەڵچوونە خراپانەی کورتکردووەتەوە کە زاڵدەبێت بە سەر مرۆڤدا ئەگەر ئەو زاڵنەبێت بە سەریدا. لە زمانی دەروونیی نوێماندا، دەڵێت: پەژارە (الهم)؛ زاراوەی دوودڵی/خوتخوتەیان Anxiety بە سەردا سەپاندووە، کە بریتییە لە هەستکردن بە ترس و

---

١ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب الدعوات، باب التعوذ من المأثم والمغرم، حديث رقم ٦٣٦٧ ص ١٢٢٣.

٢ وشەی جوامع الکلم: واتایەکی تێدایە کە شتی دیکە لەخۆیدەگرێت، واتە واتای کۆکەرەوەی لەخۆگرتووە وەکو موگناتیس، بەو واتایەی ئەم وشەیە یان سیفەتی ڕاکێشانی تێدایە، یان هەر خۆی قووڵە و زۆر دەکێشێت، وەکو چۆن دەگوترێت ئەم قسە ئاو زۆر دەکێشێت، واتە قسەکە قووڵە. وەرگێڕ

شڵەژانێکی ئەوتۆ لە داهاتوودا گرفت و کارەسات بە دوای خۆیدا بهێنێت، بەڵام سوێ، خەفەت (الحزن)؛ بریتییە لە هەستکردن بە دادوبێدادی، بێهومێدی و دژوارییە لەوەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە، ئەویش بە هۆی لەدەستدانی ئازیزێک، یان خۆشەویستێکیەوە بێت، دیارترینی ئەو نالەباری و بارقورسییەی پەژارە و خەفەت و خەمۆکی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، هەستکردنی مرۆڤە بە کلۆڵی و سستییە Retardation، کە پزیشکە دەروونییەکان بە یەکێک لە گرنگترین نیشانەکانی خەمۆکی هەژماردەکەن.

شایەنی باسە زۆریەنەی هەرەزۆری ئەوانەی لەمڕۆدا سەردانی دیدەنگە (العیادة) دەروونییەکان دەکەن بە دەست ئەم دوو نیشانەوە دەناڵێنن: پەژارە و خەفەت. واتە یان دوودڵی و خوتخوتەیە بۆ داهاتوو، یان پەژارە و خەمۆکییە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو، وەلێ ئەوە بڕوادارەی کە لە زاڵبوونی ئەم دوو نیشانەیە و نیشانەکانی دیکەیش پشت بە خودا دەبەستێت، ئەوا بڕوابوونی بە قەدەر ئازارە دەروونییەکانی لەوەی لە ڕابردوودا لەدەستیداوە کەمدەبێتەوە و دەڕەوێتەوە، وەکو چۆن ئەوپەڕی یەقینیشی هەیە کە داهاتوو بە دەستی خودایە و خۆی هیچ توانایەکی بە سەر گۆڕینیدا نییە، بۆیە ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە زیاتر دەیحەوێنێتەوە لەوەی باری خەم و خەفەت و پەژارە باڵبکێشێت بە سەر فیکر و بیر و دڵیدا، وەکو گوتراوە: (ئەوەی ڕابورد نەما، ئەوەیشی ئومێدی بۆ دەخوازیت ونە، بۆیە هەموو غەمێکت ئێستا بێت و بیر لە ئێستای خۆت بکەرەوە)

بۆیە دەبینین چارەسەری دەروونی بۆ ئەو بڕوادارانەی توشی شڵەژانی دەروونی بوون لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەرئەنجامێکی باشی دەبێت، ئەگەر چارەسەرکارەکە توانی بە تێڕوانینێکی ئیسلامییانە

چارەسەرییەکەی بۆ داڕێژێت. بە پێی شارەزایی و ئەزموونی کەسیی خۆم کە لە ماوەی شەست و ئەوەندە ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئەو نەخۆشە مسوڵمانانەی توشی شڵەژانی دەروونی و خوتخوتێ و خەمۆکی بووبوون، قایلیکردم بە سەرپێیی و سادەیی چارەسەری دەروونیی خۆرئاوایی، بەراورد بە چارەسەرە ئیسلامییە مەعریفییەکە Behavior Cognitive Therapy Islamic سوودە بەردەوامەکەی کەمترە، چەندین توێژینەوەی بڵاوکراوەیشم سەبارەت بەو بابەتە لە خولەکانی دەروونناسی و پزیشکیی دەروونیی خۆرئاوا و عەرەبیدا هەیە، کە لەم کتێبەدا بواری ئەوە نییە درێژەی پێبدرێت.

هەرچی ترس و چرووکییشە دوو سیفەتی پەیوەستن بە یەکەوە و دوو ڕووی یەک دراون، ترسنۆک کەسێکە ئامادە نییە سوود بە خەڵک بگەیەنێت بە بەخشینی نەفسی خۆی، وەلێ چرووک کەسێکە ئامادە نییە سوود بە خەڵک بگەیەنێت بە بەخشینی پارەی خۆی. هەردووکیان نەخۆشییەکە لە نەخۆشییەکانی زاڵبوونی خودخۆشەویستی و لەخۆڕازیبوونی ئەو کەسەی کە ئەم دوو سیفەتەی (ترس و چرووکی) تێدایە، بەڵام زاڵبوون و تۆپزی مرۆڤ/پیاو بە هۆی کەڵەکەبوونی قەرز، یان هەر شتێکی دیکەوە، شڵەژانی ترسم لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان وەبیردەهێنێتەوە، بە تایبەت ئەو کەسە لاوازانەی چوارپەلیان وەکو بیی ناو ئاو دەلەرزێت، یان ئەوانەی لە بەردەم پیاوانێکی دەسەڵاتدار و ستەمکاردا گرگنی و لاوازی قەبوڵدەکەن. ئەو ترسە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان بەربڵاوترین شڵەژانی دەروونییە لەمرۆماندا.

وەلێ ئەوانەی خاوەنی عاتیفەی باشن، کەسانێکن ئاکار و ئەخلاقی بەرزیان پێبەخشراوە. ئەوانهیشی دوای ویرد و زیکری خودا گەشتوون بە ڕیزی پیاوباشان، تەنها بە هۆی سووربوون و خۆڕاهێنانیان

بووە لە سەر عاتیفە و هەڵچوونە باشەکان و کپکردنەوەی سیفەتە خراپەکانی وەکو شەهوەت و ئارەزواتی نەفسی فەرمانکەر بە خراپە و بەخۆدانازین، بە شێوەک هێندە زاڵبوون بە سەر نەفسیاندا وەکو گیاندارێکی دەستەمۆیان لێکردووە، تورەیی خۆیشیان دەخۆنەوە و لە خەڵکی خۆشدەبن و سۆز و بەزەییان بەرانبەر خەڵکانی نەدار و منداڵانی بێدەسەڵات دەنوێنن، یارمەتیی ئەوانە دەدەن کە ئاتاج و پێویستییان بە یارمەتی هەیە و یارمەتیی کەسی ستەمدیدە دەدەن. سەبارەت بەم بابەتە گوێ لە قسەی دایکمان خاتوو خەدیجەی کچی خوەیلید بگرە، کە پاش یەکەم دیتنی سامناکی جبریلی ئەمین دڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) دەداتەوە و خۆڕاگری پێدەبەخشێت؛ کە هەردەم پێیدەفەرمووە: (نەخێر ئەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)، سوێند بە خودا هەرگیز خودا شەرمەزارتناکات و دەستت لێبەرنادات؛ چونکە تۆ سیلەی ڕەحمت بەکاردەخەیت و قسەی ڕاست دەکەیت و دەستی ماندوو دەگریت و لە ماڵی خۆت یارمەتی نەبوو دەدەیت و ڕێز لە میوان دەگریت و بەڵا و کارەسات خێر بێت، یان شەڕ بە دەم خەڵکییەوەیت)[١].

ئەمانە سیفات و ڕەفتاری پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بوون پێش ئەوەی ببێتە پێغەمبەر، بەڵام پاش ئەوەی بوو بە پێغەمبەر؛ هەموو ئاکار و ڕەفتارەکانی وەکو قورئان بوو، خۆشنوودی و تورەییەکەی لە هەر ساتێکدا با، لەبەر خودا بوو، کاتێک سەبارەت بە ئەخلاقی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە خاتوو عائیشەیان پرسی؟ گوتی: سورەتی (المؤمنون)تان خوێندووەتەوە؟ گوترا: بەڵێ. گوتی: بیخوێننەوە، بە سەریدا لە (قد أفلح المؤمنون) خوێندرا بە سەریدا، هەتا گەیشتن بە

---

١ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، کتاب بدء الوحي، باب، حدي، رقم ٣، ص ٢١.

ئایەتی (یحافظون)[1]، کە واتای ئایەتەکە بەم چەشنەیە: (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُون وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ) واتە: (بێگومانە باوەڕداران، ڕزگارانن. ئەو کەسانەی لە نوێژاندا خۆیان بە گەورە نازانن؛ ئەوانەیش کە لە قسەی پووچ دووریدەکەن؛ ئەوانەیش کە زەکاتدەدەن؛ هەر ئەوانەیش کە شەرمی خۆ دەپارێزن) [المؤمنون: ١-٥].

---

١ القرطبي، أبو عبدالله محمد بن أحمد (ت ٦٧١هـ) الجامع لاحكام القرآن، تحقيق سمري البخاري، الرياض: دار عامل الكتب، ط١،٢٠٠٣م، ج١٢، ص١٠٢.

# بەشی پێنجەم

## تێڕامانێک سەبارەت بە خواستی خودا بۆ ژینگە و بۆماوەیی گونجاوی هەر پێغەمبەرێک

### پێشەکی

ئەم بەشە باس لە بابەتێکی گرنگ و ئاڵۆز دەکات، ساڵانێکی زۆرە زانایانی دەروونناسی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە، ئەمێستایشی لەگەڵ بێت چەندین توێژینەوەی مەیدانی و ژمێریاری سەبارەت بەم بابەتە ئەنجامدراوە و ئەوپەڕی هەوڵیان خستووەتەگەڕ بۆ کەشفکردنی هەندێک لە ڕوخسارەکانی، ئەوەیش بریتییە لە باسی کاریگەریی ژینگە و بۆماوەیی لە بونیاتنانی تایبەتمەندیی کەسێتی و دەرهاویشتە عاتیفەکانی.

لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەم بابەتە کرد، لەم بەشەیشدا سەرنج لە حیکمەتی خودایی دەکەین سەبارەت بە خواستی ژینگە و بۆماوەیی گونجاو لە بارەی ئەو پێغەمبەرانەی بۆ گەیاندنی پەیامەکەی هەڵیبژاردوون، هەموو هەوڵێکمان دەخەینەگەڕ بۆ ئاسانکردنی لایەنی زانستیی ئەم مەیدانە و بە شێوەیەکی سادەی ڕوونیش دەیانخەینەڕوو، چونکە ئەم بابەتە چەندین قسەی هەڵیتوپەڵیت و زیادەڕەویی ئەوتۆی لەخۆگرتووە، کە پشت بە چەسپاندنی حەقیقی نابەستێت. تەنانەت

لە دەروونناسیی نوێدا ئەم جۆرە زیادەڕەوییەی کە سنووری واقعی تێپەڕاندووە بەدیدەکەین، بە تایبەت لە کتێبەکانی ئەوانەی بۆ قوتابخانەکانیان پەرۆشن، کە یان پایەی ژینگە بەرزڕادەگرێت، یان کاریگەریی بۆماوەیی شکۆمەنددەکات.

واتسۆن Watson وەکو دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕەفتاریی مەعریفی؛ بە هۆی دەمارگیری بۆ ژینگە، شانازیدەکرد و دەیگوت: ئەگەر منداڵێکی جەستەساغی پێبدرێت، بەبێ خوتخوتە و یەقینی هەیە کە دەتوانێت هەموو توانا ڕەفتارییە ژینگەییەکانی بەکاربهێنێت، بۆئەوەی پەروەردەیبکات و ببێت بە پزیشک، یان پارێزەر، یان هونەرمەند، یان بازرگان، یان تەنانەت دەرۆزەکە،ر یان تاوانکاریش. ئەمە سەرباری بەهرە و تواناکانی، یان بنەما ڕیشەییەکەی. ئەم بانگەشەیەیش لە کتێبەکەیدا لە بارەی ڕەفتارێتی Behaviorism بەدیدەکەیت[1]. لە بەرانبەردا؛ نموونەی ئەم زێدەڕەوییانە لە نووسینی ئەوانەی دەمارگیرن بۆ لایەنی بۆماوەیی لە بونیاتی ڕەفتاری مرۆڤایەتیدا بەدیدەکەین، چونکە لە خول و گۆڤارە خۆرئاواییەکان پوختەیەکی ناساز سەبارەت بە توێژینەوەی ئەو دەمارگیرانە دەخوێنینەوە، کە گوایە جینێک، یان میراتێکیان بۆ بەختەوەری، یان ڕەفتاری تاوانکاری، یان وێنە و شێوازەکانی دیکەی ڕەفتاری مرۆڤایەتی کەشفکردووە، کە توێژینەوە زانستییەکان ئەوەیان پشتڕاستکردووەتەوە کە ئەو ژینگەیەی نکوڵی لێدەکەن پشکی شێری لە بونیات و هاتنەکایەیدا بەردەکەوێت، لەم بابەتەیشدا بۆماوەیی ڕۆڵی دواناوەندی هەیە. ئەو خوێنەرەیشی کەمتازۆر مژووڵی وەها بابەتێکە دەتوانێت چاوێک بە کتێبەکانی زانستی بایۆلۆجیای کۆمەڵایەتی و Sociobiology زانستی لێکۆڵینەوەی ڕەفتاریی گیانداران لە ژینگە سروشتییەکەیدا و Ethology دەروونناسیی پەرەسەندنی بخشێنێت، کە

---

1 Weston Chicago of University,Behaviorism) 2..P – 1930 ,Press ,1930

ئەمانە تژی و سیخناخن لەم جۆرە زێدەڕەوییانە و قەبەکردنی ڕۆڵی بۆماوەیی، زانایانی ئەم تاقمە لە زیندەوەرناسانیش قوتابیی داروینی مامۆستا و گەوەرەکەیانن، کە هەردەم لە ڕوانین بۆ دەرئەنجامی لیکۆڵینەوەکانی لە سەر گیانداران، ڕاڤەی ڕەفتاری مرۆڤایەتییشی دەکرد.

تاقم و گرۆهێکی دی لەو زیدەڕەوانە هەن کە ئەو دەمارگیرانە ڕابەرایەتیدەکەن، کە بڕوایان بە سەرکەوتنی بۆماوەیی جیناتی ڕەگەزی ئەورووپی هەیە، بە بەراورد بە کۆی مرۆڤایەتی لە ئەفریقییەکان و ئاسیاییەکان. بە گوێرەی بیرکردنەوەی ئەوان پیاوی سپیپێست لە ڕەشپێستێک لە پێشترە، یان لە سەرووی ئەوەوەیە؛ نە لەبەرئەوەی لە ژینگەیەکدا دەژی لە سەر بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی زانستە ئەزموونی و تەکنەلۆژیاکان هانیدەدات؛ نا، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دارای جیناتێکی پەرەسەندووی ئەوتۆیە کە ئەفریقە ڕەشپێستەکان لێیبێبەشن! دەبینیت هەرچی شێوە و شکڵی فیڵوفرتە زیرەکییەکان هەیە بەکاردەهێنن، بۆئەوەی ئەوە لە لای ئەو کەسەی شارەزای فێڵوفڕەکەیانە بسەلمێنن کە درۆودەلەسەکەیان لە سەر بنەمایەکی زانستی بەندە.

ئەگەر لە زێدەڕەوی و فێڵوفرتی بۆماوەیی و ژینگەییەکان دووربکەوینەوە و زانستیانە و ورد لە بابەتەکە بکۆڵینەوە، ئەودەم دەبینین کە کاریگەریی بۆماوەیی یەکلاکەرەوەی ڕاستەخۆ لە سەر ڕەفتاری مرۆڤ، بە شێوەیەکی گشتی لە لایەنە ئەندامییەکاندا قەتیسبووە، نموونەی ناسیستەمی و شلەژانی ئەو کرۆسۆماتانەی دەبێتە هۆی توشبوون بە دواکەوتوویی عەقڵی کە بە سێندرۆمی داون[١] Dawn's Syndrome. وەلێ جگە لەوە دەبینین هەر یەک لە ژینگە و بۆماوەیی ڕۆڵیان لە بونیاتی ڕەفتاردا هەیە و زۆر جاریش ئەم ڕۆڵانە لێکئالاون هەتا ئەستەم بێت

---

١ سێندرۆم واتە: کۆمەڵە نیشانەیەکی هاوکات یان نیشانەکانی بارودۆخ یاخوود ڕووداوێکی نالەبار و ناپەسەند. وەرگێڕ

بابای توێژەر/لێکۆڵەر لەوە دڵنیاببێتەوە کە ئەو سیفەتەی لێیدەکۆڵێتەوە لەو ژینگەیەوە هاتووە کە تاکەکان تێیدا دەژین، یان لە باووباپیرانەوە بۆیانماوەتەوە. لەبەرئەوە زانایان چەندین شێواز و فرتوفێڵی سەیریان ڕێکخستووە هەتا ئاشنا بن بە ڕادەی کاریگەریی ژینگە، یان بۆماوەیی لە سەر ئەو تایبەتمەندییە دەروونییانەی لێیدەکۆڵنەوە. لەوانە ئەوە بوو کە لە پێشتر باسمانکرد لە بارەی ئەو لێکۆڵینەوە ئەزموونییانەی کە دەروونناسەکان تیایدا بەراوردی جمکی چونیەک و جمکی ناچونیەک دەکەن، ئەوەیش لە پێناو پەردەلادان لە سەر کاریگەریی بۆماوەیی لە توشبوون بە نەخۆشیی شیزۆفرینیای عەقڵی، وەکو زانایانی تەکنەلۆژیای نوێ و وێنەگرتن و ئامێرەکانی کۆمپیوتەر لە لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانیاندا بەکاریدەهێنن، بە تایبەت ئەوانەی کە لە سەر منداڵە تازەبووەکان پراکتیز و جێبەجێیدەکەن.

ئەو لێکۆڵینەوانە ئەوەیان پشتڕاستکردووەتەوە ئەو دەمەی بۆماوەیی بەر ژینگە دەکەوێت، ڕۆڵێکی گرنگی –کەم بێت، یان زۆر– دەبێت لە بونیاتنانی زیرەکیی گشتی و چەمینەوە و ڕەفتاری هەڵچوونی مرۆڤ.

## تێڕامان سەبارەت بە بۆماوەیی و ژینگە لە پێکهاتنی سیفەتی پێغەمبەراندا

سەربارى ئەوەی بابەتی بەراوردی نێوان ژینگە و بۆماوەیی وەها دیارە کە زانستی نوێ وروژاندوویەتی، وەلێ ئەوەندە هەیە ئەم باسە ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویی ئیسلامیی دێرینی هەیە. گوێڕادێرە لە سەرگوزەشتەی هاوەڵی بەڕێز ئەشجی کوڕی عەبدقەیس کاتێک لەگەڵ هەندێک هاوەڵدا چووە مەدینە بۆئەوەی سەلام لە پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێبێت) بکەن. کاتێگ گەیشتن هەموان کێبەرکێیاندەکرد لە سڵاوکردن لە پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێبێت)، بەڵام ئەشج چاوەڕێیکرد هەتا خۆی تەکاند و لە خۆڵی ڕێگای لەخۆیکردەوە

و پۆشاکەکەی داکەند و خستیەناو تورەکەکەیەوە و پۆشاکێکی پاکی دەرهێنا و لەبەریکرد، دواتر زۆر لەسەرخۆی چووە خزمەتی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت). پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) هەر سەرنجی ئەم کارەی ئەشجی دەدا و خەندە بە سەر ڕوخساری پیرۆزیەوە نمایانبووبوو، فەرمووی: (لە ڕاستیدا تۆ دوو ڕەوشتت تێدایە کە خودا خۆشیدەوێت: ئارامی و هێمنی/لەسەرخۆیی)[1]. ئەشجیش گوتی: (ئەو دوو ڕەوشتە خۆم لە سەر ڕاهێناوە و بووە بە ئەخلاق تیامدا، یان هەر خودا وەهای بەدیهێناوم؟ پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: بەڵکو خودا هەر بە خۆی تێیدا خوڵقاندوویەتی). گوتی: سوپاس بۆ ئەو خودایەی دوو ڕەوشتی وەها تێدا دروستکردووم کە خودا و پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) خۆشیاندەوێت)[2]. دیقەت لەو پرسیارە بدە: ئەو دوو ڕەوشتە خۆم لە سەر ڕاهێناوە و بووە بە ئەخلاق تیامدا، یان هەر خودا وەهای بەدیهێناوم؟) بە زمانی ئەمڕۆ ئەشج گوتوویەتی: ئایا من ئەو دوو ڕەوشت و ئەخلاقەم لە میانەی وەکو میرات بۆم ماوەتەوە/بۆماوەیی، یان لە ڕێگەی ژینگەوە؟

پاش ئەم پێشەکییە دەگەڕێینەوە بۆ سەرنجمان سەبارەت بە ویستی خودای کارساز دەرهەق بە ژینگەی گونجاو و بۆماوەیی شیاو، بە مەبەستی پەروەردەی ئەوانەی هەڵیبژاردوون بۆئەوەی ببنە پێغەمبەر و فروستادەی خۆی بۆ لای تەواوی خەڵکی، بۆئەوەی تێڕامانەکانیشمان ڕوون و ڕەوان بێت خۆمان لە بەکارهێنانی زمانی وشک و ڕووت و پسپۆڕیی ئاوکێش بواردووە. سەربارى جیاوازیی جەستەیی و دەروونی

---

١ مسلم، صحيح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، كتاب اإليامن، باب األمر باإليامن باهلل تعاىل ورسوله، حديث رقم (١٧) ص.٤١

٢ أبو داود، سليامن بن الأشعث السجستاني (تويف ٢٧٥ه). سنن أيب داود، الرياض: بيت األفكار الدولية، ط١، ١٩٩٩م، كتاب الأدب، باب قبلة الرجل، حديث رقم ٥٢٢٥، ص٥٦١

لە نێوان پێغەمبەرانی خودا وەکو مرۆڤ، بەڵام ئەوەندە هەیە دارای چەندین ڕەوشت و ئەخلاقی ئەوتۆن کە خودا پێیڕەوابینیون و زانایانیش لە چوار سیفەتدا کورتیانکردووەتەوە، کە هەر لە تاوی منداڵیمانەوە لە قوتابخانە پاتماندەکردنەوە، ئەوانیش بریتین لە: ڕاستگۆیی و ئەمانەتپارێزی و پێگەیاندن (التبليغ) و زرنگی. ئەگەر تۆزێک لەم سیفەتانە وردبببینەوە و هەوڵی شیکاریکردنیان بدەین، دەبینین یەکەم: چەندین بەخششی خودایی چەسپاوی تێدایە، وەکو عیصمەت و توانا لە سەر بەرگەگرتنی قورسیی پەیامی خودا، دووەم: بەخششی بۆماوەییش وەکو شێوە و لەشولار و هەندێک لایەنی کەسایەتییە بۆماوەییەکەیان، سێیەم: بەخششێکی ئەوتۆن کە کاریگەریی بۆماوەیی هاوڕێ لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تێدا تێکەڵبووە، کە خودای تاقانە بۆ پەروەردەی پێغەمبەران هەڵیبژاردوون.

لە ڕووی بۆماوەییەوە ئەستەمە پێغەمبەرانی خودا سیفاتی سروشتی/ زکماکی و دەروونیی پاسفندە و ناجۆریان هەبێت وەکو بەڵەکی و شێتی و پاسفندەیی ڕوخسار و کوڵەبنەیی، یان قووچ/درێژییان هەبێت، هاوکات دەبێت پێغەمبەران دەنگ و ڕوخسارێکی جوانیان هەبێت. دواتر گفتوگۆدەکەین لە سەر گرنگترین ئەو بەخششە گشتییە خوداییانەی بەخشیویەتی بە سەرجەم پێغەمبەرەکانی، کە بە شێوەیەکی سادە و بە چەند چەمک و زاراوەیەکی نوێوە خستوومانەتەڕوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو سیفاتە نیان و جوانانەی پشتاوپشت لە پێغەمبەراندا هەیە، بە لامانەوە باشتربوو قسە لە سەر بەخششی ڕۆحی و هێزی جەستەیی و زیرەکی و بیرکردنەوەی داهێنەرانە (الخلاق) و گەورەیی نەسەبی بنەڕەتی بکەین، ئەوەیش وەکو پێشەکییەک بۆ تێڕامانەکانمان -بە شێوەیەکی دوورودرێژتر لە بارەی ژیاننامەی دوو پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)- لە بەشی پێشوودا سەبارەت بە حیکمەت و دانستی خودا لە هەڵبژاردنی دانستانەی ژینگە و بۆماوەی، ئەو دوانەیش: پێغەمبەر موسا

و یوسفن (دروودی خوای لێبێت)، لەبەرئەوەی بە درێژی لە قورئانی پیرۆزدا باسی ژیانیان کراوە، لەوەیە ئەو بابەتە وامانلێبکات زیاتر لە حیکمەتی خودا قووڵببینەوە و لە هەموو ئەوانەی دیتەڕێمان و خۆی ئەندازەگیری بۆ کردووە، گومانی باشی پێبەرین.

**بۆماوەیی ڕۆحی**

کاتێک فەرموودەی خودا دەخوێنینەوە، کە دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ ۝ ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) واتە: (ئادەم و نوح و نەتەوەی ئیبراهیم و بەرەی عیمران، لە خوداوە لە ناو خەڵکی هەموو جیهان هەڵبژاردەن؛ خودا پتر ڕێزی لەوان نا. هەموو لا هەر سەر بە یەکن و خودا بیسەر و ئاگادارە) [آل عمران: ٣٣, ٣٤]. هەروەها فەرمایشتی دەرهەق بە گەورەمان ئیبراهیم (دروودی خوای لێبێت): (وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِنْ قَبْلُ وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ۝ وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِنَ الصَّالِحِينَ ۝ وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ ۝ وَمِنْ آبَائِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَإِخْوَانِهِمْ وَاجْتَبَيْنَاهُمْ وَهَدَيْنَاهُمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ۝ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ۝ أُولَئِكَ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ فَإِنْ يَكْفُرْ بِهَا هَؤُلَاءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَيْسُوا بِهَا بِكَافِرِينَ) واتە: (ئێمە ئیسحاق و یەعقووبمان هەر بەو بەخشی و هەموو لامان شارەزای ڕای خۆمان کرد و لە پێش ئەواندا نوحیشمان بەرەو خۆمان ڕێنیشاندا و لە ناو زاروزێچی ئەودا داود و سولەیمانیش و ئەیوب و یوسف و موسا و هاروونمان خستەسەر ڕێگا. ئێمە ئاوا پاداشتی باش بە کارچاکان دەدەینەوە. هەروەها زەکەریایش و یەحیا و عیسا وێڕای ئەلیاس؛ هەموویان لە مێرخاسان بوون. ئیسماعیل و یەسەع و یونس و لوتیش هەروەها؛ سەرلەبەریانمان لە خەڵکی سەر زەمینێ زێدەتر قەدر لێناوە.

له باب و کاڵ و عەوڵد و برایانیان، برێکیانمان سەرخستن و شارەزای ڕێی ڕاستمان کردن؛ ئەم شارەزاییکردنە لە لای خودایە. لە هەر کەسێک لە عەبدانی مەیلی لێبێت، بەرەو خۆی ڕێی پیشاندەدات. خۆ ئەگەر شەریکیان بۆ خودا پەیداکردبا، کردەوەیان سەرپاکی بەفیڕۆدەچوو) [الأنعام: ٨٤-٨٨]. ئەوا تێڕامانگەلێک دەستمدەگرێت بۆ پرسیارکردن لە بارەی شیاویی هەبوونی بۆماوەیی (جینات) ڕۆحی، وەکو جیناتی بایەلۆژی کە سیفەتە جەستییەکان و بازێک سیفەتی دەروونیشمان بۆ دەگوازێتەوە، ئەو جیناتە ڕۆحییانەیش لە بەدیهێنان و خەلق و پێکهاتەی پێغەمبەراندا چێنراوە و سیفەتی بۆماوەییشیان بۆ نەوەکانیان هەیە، ئەگەر وا نەبا ئەدی حیکمەت لەم هەڵبژاردنەی چییە؟

جیناتە بایەلۆژییەکان لە دایک و باوک و پێشینە و باپیرانمانەوە سەرچاوەیگرتووە، سەبارەت بە ئێمە سیفاتی جەستەیی وەکو درێژی و شێوەی ڕوخسار و ڕەنگی پێست و تایبەتمەندییە ماددییەکانی دیکەیش بۆماوەیین، وەکو چۆن ژینگە کارلێکدەکات بۆئەوەی هەندێک تایبەتمەندیی دەروونی وەکو زیرەکی و چەمینەوە و زووهەڵچوونمان تێدا بهێڵێتەوە، کە زۆر جار گوزارشت لە بۆماوەیی ئەو کاردانەوە توندەی ئامێرە دەمارییە سەربەخۆکانمان دەکات وەکو ئەوەی لە بەشی پێشوودا ڕوونمانکردەوە. ئەسڵ وایە تێکڕای ئەم سیفەتە بۆماوەییانە زانستی نوێ بۆمان ڕاڤەبکەن.

بەڵام پێتوایە خودا خانەی بۆماوەی و جیناتی ڕۆحی کە لە باوک و دایکەوە بۆ زارۆک دەگوازرێنەوە بە هەر کەسی بیەوێت دەیبەخشێت، بەشی شەیتان لە دڵیدا دەردەهێنرێت و ئامادەیاندەکات بۆ وەرگرتنی وەحی و بەرگەگرتنی کۆژان و ناهەموارییەکان، کە بە سروشتە ڕۆحییەکەی زۆر دوورە لەوەی ماددە و هەستپێکراوە و توێژینەوەی زانستیی ماددییش هیچ ڕێگەیەکی پێشکنایەت هەتا پەی بە حەقیقەتەکەی

ببات؟ ئایا پێتوایە ئەم جیناتانە ڕۆڵیان هەیە لە فەزڵ و ڕەندی پێغەمبەرێک بە سەر ئەوی دیکەدا؟ ئایا لاتوایە وەکو ئەو جیناتە ئاوێتە ماددییەن کە درێژی و ڕەنگی پێست، بەرهەمدێنێت تەوریسدەکات و بە چەندێتییەکی جیاجیا لە هەموو خەڵکدا هەیە، بە ڕادەیەک هەر کات ژمارەکەی زیادیکرد کاریگەرییە جەستەییەکەیشی بەدیاردەکەوێت، هەر بە گوێرەی ئەم بیرکردنەوەیە هەر گاهـ ژمارەی جیناتە ڕۆحییەکانی مرۆڤ پتر بوو، زیاتر نیانتر و ڕۆحانیتر دەبێت؟ یان ئایا ئەم تیۆرە جیاوازی خەڵکیمان لە ڕووی توانستە تێلپاسیکییەوە[١] (دلڕاز/التخاطر) وەکو خەولێخستنی پێشبینکراو بۆ دەخاتەڕوو، کە کەسی خەوتوو دەیبینێت، دواتر کتومت لە داهاتوودا هەمان ئەو شتە بۆ کەسی خوداپێداو (موهوب)، ڕوودەدات وەکو ئەوەی لە خەوەکەدا دیویەتی، یان خێراحاڵیبوون (حدس) و ئیلهام، یان ڕووکەشزانی (فراسة) و توانستە ناماددییەکانی دیکەی، وەڕاستدەگەڕێت؟ ئایا ئەم توانستانەیش سەرباری ئەوەی بەخششن و خودا بە چەندین ئەندازەی جیاجیا دەیبەخشێت بە سەرجەم خەڵکی، بە پەرستش و بیرکدنەوە زیاددەکات؟

ئەم بۆماوەییە گریمانکراوانە بە گرنگترین سیفەتەکانی پێغەمبەران دێتەهەژمار، کە توانای وەرگرتنی وەحییان پێدەبەخشێت، لەبەرئەوە هەندێک پاڵپشتیی ئەم بیرکردنەوەیە لە ژیانی پێغەمبەری خودایدا (دروودی خوای لێبێت) بەدیدەکەم، کە لە بارەی عومەر فەرموویەتی.

---

١ بیر، هزرخوێندنەوە، پەیوەندیی بیر و هەست لە دوورەوە، دڵخەبەردان، پەیوەندیی نێوان دوو کەس و ڕاگەیاندنی بیروڕا لە نێوانیاندا لە میانەی نادیار و هەستی ئاساییبەدەر. یان باشترە بڵێین وشەی دلڕاز (التخاطر) پرۆسەی گەیاندنی هزر و فیکرەکانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لە میانەی بەکارهێنانی پەیپێبردنی (الإدراک) دەرەکییەوە، بەبێ بەکارهێنانی ڕێگا هەستەکییەکانی پەیوەندیی نێوان کەسەکان. ئەم تایبەتمەندییەیش زۆرینەی مرۆڤ هەیانە، بە ڕادەیەک مرۆڤ دەتوانێت پەیامەکەی بۆ کەسێکی تر بنێرێت جگە لە عەقڵ ناتوانێت هیچ نێوەندگیرێکی (وسیط) دی بەکاربهێنێت. وەرگێڕ

بیرکردنەوە و تەسەوری من بۆ بوونی بۆماوەییە ڕۆحییەکان وەهایە کە ئەو بۆماوەییانە بەخششێکی خودایە و زەروور نییە پەیوەندی بە قووڵایی ئایینداری و بەرزیی پلەی ئایینییەوە هەبێت، ئەمە سەرباری ئەوەی پەرستش و بەردەوامی دەم بە یاد و زیکری خودا کاریگەرییە ڕۆحییەکە هەتا بێت زیاتردەکات.

ئەو مسوڵمانەی ڕێژەیەکی زۆری لەم جیناتە ڕۆحییە بۆ ماوەتەوە، یان لە میانەی بەخششی خوداوە بەدەستیهێناوە، چەشنی (ڕادار)ی ڕۆحی توانای بە سەر وەرگرتن و بەدەمەوەچوونی چالاکییە ڕۆحییەکان زیاتردەبێت، ئەوەیش زاراوەی ئیلهامدار (المُحدَّث)[1] بە سەردا دابڕاوە. پاش ئەمە گوێڕادێرە بۆ ئەو فەرمایشتە شیرینەی حەزرەت (دروودی خوای لێبێت) کە وەسف و پەسنی توانا ڕۆحییەکانی عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێت) دەکات: (لە ئوممەتە پێشووەکاندا کاسانی ئیلهامدار هەبوون، ئەگەر کەسێک هەبێت لە ناو ئوممەتی مندا ئەوە عومەرە)[2]. لە فەرموودەیەکی دیکەدا کە ئەبوهورەیرە لە پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لێبێت) گێراویەتیەوە باس لە ئیلهامدارانی بەنی ئیسرائیل دەکات بەوەی پیاوانێکن (ئیلهامیان بۆ دێت بەبێ ئەوەی پێغەمبەریش بن)[3]. هەر ئەوە نا، بەڵکو ئیمامی ئەحمەد و تورموزی لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەیگێڕێتەوە کە گوێی لە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بووە فەرموویەتی: (ئەگەر

---

١ کەسێکە ڕایەکی پێشوەختەی لە شتێکدا هەیە، یان گومان و زەنێکی باش لە بارەی شتێک دەخاتەڕوو، دواتر کتومت ڕا یان زەننەکەی وی دەردەچێت، کە دەکرێت لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی ئیلهامدار، وشەی خاوەن_پێشگویی یان خاوەن_پێشبینی بۆی دەبێت. وەرگێڕ

٢ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب أحاديث األنبياء، باب، حديث رقم (٣٤٦٩) ص ٦٦٨

٣ سەرچاوەی پێشوو، كتاب فضائل الصحابة، باب مناقب عمر بن اخلطاب، حديث رقم (٣٦٨٩) ص.٧٠٤

پاش من پێغەمبەر هەبا ئەوا عومەر دەبوو)[1]. ئەم فەرمووده پیرۆزانه زۆرینەی زانایان و تێکڕای توێژەرانیان وروژاند، به ئەندازەیەک هەوان دەیانپرسی: چۆن دەبێت عومەری کوڕی خەتاب لەو پایەدا بێت کەچی ئەبوبەکری صدیقی تێدا نەبێت، سەرباری ئەوەی زۆربەی فەرموودەکان باسی فەزڵی ئەبوبەکریان کردووه به سەر عومەر و سەرجەم هاوەڵاندا (ڕەزای خوای لێبێت)، وەکو ئەو فەرمووده پیرۆزەی که پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: (ئەمیندارترین کەس له لای من له هاوەڵێتی و ماڵدا ئەبوبەکره، ئەگەر من جگه له خودا خۆشەویست/دۆستێکی دیم هەڵبژاردایه ئەوا ئەبوبەکر بوو)[2].

هەر وەکو خودی حەزرەتی عومەر (دروودی خوای لێبێت) جەخت لەم فەزڵدانه دەکاتەوه و دەڵێت: (ئەبوبەکر گەوره و باشترین و خۆشەویسترینمانه له پێغەمبەری خوداوه (دروودی خوای لێبێت))[3]. کاتێک نەخۆشیی سەرەمەرگ له سەر پێغەمبەری خودا هێنده گران بوو که نەیدەتوانی بڕوات بۆ مزگەوت، فەرمووی: (به ئەبوبەکر بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵکی بکات)[4]. ئەمه واتای ئەوەسانێ که فەزڵێدراوه به سەر عومەر و تێکڕای هاوەڵانیشدا (ڕەزای خوای لێبێت).

له ڕاستیدا زۆریی بەڵگەی بەرزیی پێگەی ئەبوبەکر -که هاوەڵی پێغەمبەر بووه له غاردا و یەکەمین پیاوەکانیشه که مسوڵمانبووه- وەکو حەقیقەتێکی ئایینیی چەسپاو و بەڵگەنەویستی لێهاتووه. هەر

---

١ الترمذي، جامع الترمذي، سەرچاوەی پێشوو، كتاب املناقب، باب، حديث رقم (٣٦٨٦) ص.٥٧٧

٢ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب فضائل الصحابة، باب سدوا الأبواب إلا باب أبی بكر، حديث رقم (٣٦٥٤) ص.٦٩٨

٣ الترمذي، جامع الرتمذي، سەرچاوەی پێشوو، كتاب املناقب، باب مناقب أيب بكر الصديق، حديث رقم (٣٦٥٦) ص.٥٧٣

٤ صحيح البخاري، سەرچاوەی پێشوو، كتاب األذان، باب أهل العلم والفضل أحق باإلمامة، حديث رقم (٦٧٨) ص.١٤٤

بۆیە پرسیار لە بارەی ئەم بابەتە وروژێنراوە، تەنانەت لە لای هەندێک وەکو لەیەکنەچووی مەعریفی Cognative Dissonanceی لێهاتووە، کە پرسێکە و وەختی خۆی لە لە دەروونناسیدا دەمانخوێند، ئەوەیش بریتییە لەو شلەژانەی دووچاری تاک دەبێتەوە ئەو دەمەی ناچار و سەرگەردانە لە نێوان دوو هەڵوێستی هاودژدا. لەم حاڵەتەدا کەسەکە هەوڵدەدات نکۆڵی لە دروستی و یەکلاکردنەوەی یەکێکیان کەمێک شڵەژانەکەی کەمبکاتەوە، یان تانە لە ڕاستی و دروستییەکەی بدات، یان چەند فرتوفێڵێکی دەروونیی ئەوتۆ بەکاربهێنێت کە هاوزێیی/هاوسکی (التواؤم) لە نێوانیاندا بهێنیتەئاراوە.

بۆیە دەبینین هەندێک تانە لە دروستی، یان لاوازیی ئیسنادی فەرموودە دەدەن، سەرباری ئەوەی دروستییەکەی لە پێگەی ڕاوییەکانی وەکو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و تورموزییەوە سەرچاوەیگرتووە، وەکو چۆن (گەورەزانایانی فەرموودەی وەکو ئەلبانییش بە سەحیحیان دانابێت. هەندێکی وەکو ئیبن حەجەر هەوڵیانداوە (شڵەژانەکە سووک/ئاسان) بکەن ئەوەیش بە دۆزینەوەی چەند بیانوویەک لە هەڵبژاردنی عومەردا، سەرباری فەزڵی ئەبوبەکریش کە لێرەدا عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لە چەسپاندن و بەدیهێنانی حەقدا بەهێز و پیتۆڵ و لێوەشاوە بووە، بە ڕادەیەک جاری وا هەبووە ڕای لە سەر ڕووداوێک دەربڕیوە دەسودەم لە سەر ڕایەکەی ئەو ئایەت دابەزیوە. ئیبن عومەر وتەیەکی باوکی دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (خودا لە سێ هەڵوێستدا ڕای پەسەندکردم: لە ئایەتی حیجاب، لە دیلەکانی بەدر، لە مەقامی ئیبراهیم)[١].

لێرەوەیە کە دنیابینیی ئێمە لە مەڕ جیناتی ڕۆحی بایی ئەوەیە، کە ڕاڤەی هەڵبژاردنی پێغەمبەری (دروودی خوای لێبێت) بۆ عومەر

---

١ مسلم، صحیح مسلم، مرجع سابق، كتاب فضائل الصحابة، باب من فضائل عمر، حديث رقم (٢٣٩٩) ص.٩٧٦

سەرباری فەزڵی ئەبوبەکریش بە سەریدا. عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بە هۆی ئەو جیناتە ڕۆحییەی خودا تیایدا خولقاندووە و بەخششێکی خودایی بووە بۆ ئەو، بووە بە کەسێکی ئیلهامدار، هەر وەکو باڵابەرزی و جەستەی بەهێزیشی پێبەخشیوە. ئەم بەخششە خودایییە بەڵگە نییە لە سەر پێگە ئایینییەکەی، چونکە هەمان شتیش لەوانە دەبینیت کە ئایینداریکی نەرمن و توند دینیان نەگرتووە، کە ئەوەیش لە توانستە هەستەوەرەکانیدا کتومت چەشنی ڕاداری ڕۆحی کاردەکات. خۆ ئێمە تەنها زیندەوەری سەر ئەم زەوییە نین، ئەم گەردوونە مەوجەدات بە فریشتە و جنۆکە هەزاران بونەوەری دیکەی ڕۆحی کە ئێمە پێیاننازانین. بوونی بونەوەرانی ڕۆحیی ئەوتۆ کە لەگەڵ ئێمەدا بژین لە هەموو دنیا و لە کن زۆرێک لە زانایان و بیرمەندان، پەسەند و جێی قەبوڵە.

ئەو بەخششە خودایییەی درا بە عومەر هەر ئەوەیش بوو توانی پەردەکانی شوێن و کات/زەمان، بدڕێنێت، ئەو (ڕەزای خوای لێبێت) هێندە ئیلهامدار بوو بە ڕادەیەک هەرچی گوتبا وەڕاستدەگەڕا، وەکو ئەوەی فریشتەکان لەگەڵی دواین. هەر لە بارەی ئەو بابەتە چیرۆکە بەناوبانگەکەی دەرهەق بە ساریەی کوڕی زەنیم هەیە، کە ئەمیری سوپای ئەو مسوڵمانانە بوو کە لەگەڵ موشریکەکانی فارس دەجەنگان، کە لێرەدا بە کورتی تیشکیدەخەینەسەر. فارسەکان زۆریان بە مسوڵمانان هێنابوو و لە زەوییەکی نزماییدا گەمارۆیاندابوون، لەگەڵ ئەوەیشدا فارسەکان لە سەر لوتکەی شاخەکە قەڵایەکی بەهێزیان هەبوو. کاتێک ساریە دڵنیابوو لە لاوازیی خۆی و هیچ پلانێکی بۆ دەربازبوون پێشکنەدەهات و سوپاکەیشی لەم هەڵوێستە ناهەموارەدا بوو، لەو کاتەدا ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب لە مزگەوتی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) لە مەدینەی مونەوەرە وتاری هەینی دەدا، دەسودەم هاواریکرد و بە دەنگی بەرز فەرمووی: (ئەی

ساریەی کوڕی زەنیم، ئاگات لە کێوەکە بێت، ئەی ساریە ئاگاداری شاخەکە بە). ساریە گوێی لە هاوارەکەی عومەر بوو، سەربازەکانی ڕووکردە سەر کێوەکە و بەو هۆیەوە سەرکەوتن. هاواری عومەر لە ساریە دەکرێت بەوە لێکبدرێتەوە کە کەسێکی ئیلهامبۆهاتووە و پێشگویی ڕووداوەکەی کردووە، وەلێ گواستنەوەی دەنگی بۆ ساریە [لەو دووری دوورەوە] بریتییە لە ڕێزلێنانێکی خودایی بۆ هەر یەکەیان بە سوپای مسوڵمانانیشەوە[١].

تێڕامانەکانمان لەم بەشەدا بەپایاندەهێنین بەوەی پێمانوایە بەبێ زۆریی ئەم جیناتە ڕۆحییانەی لە لای پێغەمبەران هەیە، ئەوا ئەستەم بوو وەحییان بۆ بێت. دەکرێت ئەو بۆماوەییانەیش کە دارای تایبەتمەندیی جیناتی ڕۆحین بۆ نەوەکانیشیان وەکو میراتێک سیفەتی بۆماوەیی هەبێت، لەبەرئەوە لەوانەیە ئەوە هۆکارێک بێت بۆ قەتیسبوونی پێغەمبەرێتی لە ئالی عیمران و ئیبراهیم و نەوەکانیدا. خودای پاک و چاک دەفەرموێت: (وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِنْ قَبْلُ وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ۝ وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِنَ الصَّالِحِينَ ۝ وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ ۝ وَمِنْ آبَائِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَإِخْوَانِهِمْ وَاجْتَبَيْنَاهُمْ وَهَدَيْنَاهُمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ۝ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ۝ أُولَئِكَ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ فَإِنْ يَكْفُرْ بِهَا هَؤُلَاءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَيْسُوا بِهَا بِكَافِرِينَ) واتە: (ئێمە ئیسحاق و یەعقوبمان هەر بەو بەخشی و هەموو لامان شارەزای ڕای خۆمان کرد و لە پێش ئەواندا نوحیشمان بەرەو خۆمان ڕێنیشاندا و لە ناو زاروزێچی ئەودا داود و سولەیمانیش و ئەیوب و یوسف و موسا و هاروونمان خستەسەر ڕێگا. ئێمە ئاوا پاداشتی

---

١ پێشتر دۆکیۆمێنتکرا، ص٤٩

باش بە کارچاکان دەدەینەوە. هەروەها زەکەریایش و یەحیا و عیسا، وێڕای ئەلیاس؛ هەموویان لە مێرخاسان بوون. ئیسماعیل و یەسەع و یونس و لوتیش هەروەها؛ سەرلەبەریانمان لە خەڵکی سەر زەمینێ، زیاتر قەدر لێناوە. لە باب و کاڵ و عەولاد و برایانیان، بڕێکیانمان سەرخستن و شارەزای ڕای ڕاستمان کردن؛ ئەم شارەزاییکردنە لە لای خودایە. لە هەر کەسێک لە عەبدانی مەیلی لێبێت، بەرەو خۆی ڕێی پیشاندەدات. خۆ ئەگەر شەریکیان بۆ خودا پەیداکردبا، کردەوەیان سەرپاکی بەفیڕۆدەچوو) [الأنعام: ٨٤-٨٨].

هەروەها زۆرێک لە پێغەمبەران هەم بە تێبینیکردن و پەیوەیستبوون/ هاودەمیی نەوەکان دەگەڵیان؛ هەندێک کاروباریان لە باووباپیرانەوە کەسبکردووە و بۆ ماوەتەوە، سەرباری ئەو توانست و ئامادەسازییە خوداییەی بۆ بەرگەگرتنی کاری پێغەمبەرێتی و گەیاندنی پەیامەکەی پێیبەخشیون، وێنە قورئانییەکانیش سیخناخن لەم بابەتە، هەر وەکو لە هەردوو کەسێتیی ئیبراهیم و ئیسماعیل، یەعقوب و یوسف، موسا و هاروون، هاوکات داود و سولەیماندا (دروودی خوای لێبێت)، بەدیدەکەین.

## گرنگیی هێزی جەستەیی پێغەمبەران

هێزی جەستەی بۆماوەیی لە پێغەمبەراندا گرنگیی خۆی هەیە لە بابەتی گەیاندنی پەیامی خودا و ئارامگرتن بەرانبەر ئەو ئازار و کۆژانانەی لەلایەن قەوماکانیانەوە ڕووبەڕوویاندەبێتەوە، وەکو چۆن لە ڕووی ماددی و مەعنەوەییەوە زەرورەتی خۆی هەیە لە بەرگەگرتنی قورسیی وەحی: (إِنَّا سَنُلْقِي عَلَيْكَ قَوْلًا ثَقِيلًا) واتە: (بەم زوانە ئێمە وتارێک/قەولێک گرانت دەخەینەسەر) [المزمل: ٥]. لەو بارەوە ژیاننامەی پێغەبەری خودا (درودی خوای لێبێت) بۆمان باسدەکات کە کاتێک وەحی بۆ دابەزیوە کێشی بە شێوەکی بەرچاو زیادیکردووە، بوخاری دەیگێڕێتەوە کە ڕۆژێک پێغەبەری خودا (درودی خوای لێبێت) وەحی بۆ دابەزی، ڕانی پیرۆزی لە سەر ڕانی هاوەڵی بەڕێز زەیدی کوڕی ثابت بوو، زەید گوتی: ڕانی پێغەبەری خودا (درودی خوای لێبێت) هێندە قورسبوو لە سەر ڕانم ترسام بیهاڕێت[1]. وەکو لە چەندین سەرچاوەوە هاتووە کە کاتێک وەحی بۆ دابەزیوە و لە سەر وشترەکەی بووە، خۆی بە پێوە نەدەگرت و یخیدەدا و ملی بە زەوییەکەدا دادەژەند، تەنانەت هێندە دابەزینی وەحییەکە قورسبوو دەمی وشترەکە کەفی دەکرد[2].

یەکێک لەو بەڵگانەی نیشانەی هێزی پێغەمبەری خودان (درودی خوای لێبێت) هەڵکشان و داکشانی چەندبارەی بووە بۆ غاری حیرا لە سەر کێوی نوور، کە نزیکەی ٦٥٠ مەتر بەرزە، بۆئەوەی مرۆڤ پێببگات ئەوە پێویستی بە بەرزبوونەوەی ستوونی هەیە بەرەو کێوەکە! ئەمە

١ صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب الصالة، باب ما يذكر يف الفخذ، قبل حديث رقم (٣٧١)ص.٩٤

٢ البيهقي، أبو بكر أحمد بن الحسين (توفي ٤٥٨هـ دلائل النبوة، تحقيق: عبد المعطي قلعجي، بيروت: دار الكتب العلمية ودار الريان، ط ١، ١٩٨٨م، ج ٧، ص ٥٣. عائیشەی دایکی ئیمانداران دەفەرموێت: هەرگا وەحی بۆ پێغەمبەری خودا (د. خ) بهاتبا و بە سەر وشترەوە با، هێندە لە سەری قورسبوو لە حەیبەتا دەیکێشا بە بێچووەکەیدا.

وایکرد دەسەڵاتدارانی سعودییە ڕێگە بە کۆمپانیاکانی حەج و عومرە نەدەن خەڵک ببنە ئەشکەوتەکە، وەکو خۆپارێزییەک لە هەر مەترسییەک ڕووبەڕوویانببێتەوە، لە سەرکەوتن و هەڵنووتان و ماندوبوونیان و کەمیی ئۆکسجین. وەکو خۆم ئەزموونێکم لەو بارەوە هەیە و بۆ خوێنەری دەگێڕمەوە.

خودا ڕێزیلێنام و توانیم ساڵی (١٩٥٩ی عیسایی) سەردانی ئەشکەوتەکە بکەم و ئەودەم تەمەنم ٢٧ ساڵ بوو، لاوێکی بەخۆوە بووم و چەندن وەرزشی جۆراوجۆرم دەکرد، زۆریش پەرۆشبووم بۆ سەرکەوتن بۆ غاری حیرای پیرۆز، بۆئەوەی پێیەکانم بنێم بەو خاکەدا کە باشترینی مرۆڤایەتی پێی پێداناوە. ئەوپەڕی متمانەم بە توانا جەستەییەکەم هەبوو کە سەردەکەوم بۆ غارەکە، وەلێ لە پڕتاو هەستم بە لاوازی کرد و ناچار چەند جارێک دانیشتم، بۆئەوەی هەناسەیەک هەڵبمژم و بحەوێمەوە بۆئەوەی هەرچی هێزم هەیە کۆیبکەمەوە بۆئەوەی بەردەوام بم لە سەرکەوتن بۆ غارەکە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەودەم ڕێگای سەرکەوتن بۆ لوتکەی کێوەکە فراوانتر و ئاسانتر کرابوو، بە ڕادەیەک بە ئاسانی و بە هۆی دروستکردنی پلیکانەوە دەچوویە ناو هەڵدێر و سەرەوژێرەکانەوە. ئەو کات هێزی جەستەیی پێغەمبەری خودام (درورودی خوای لێبێت) بۆ دەرکەوت، کە ڕۆژانە و چەندین جار بە سەریدا هەڵدەکشا و دادەکشا کە ئاتاجی بەو خواردن و پیتاکە هەبایە کە دایکمان خاتوو خەدیجە بۆی ئامادەدەکرد.

ژمارەی حاجییەکان لە پەنجاکاندا بەراورد بە حاجییەکانی ئەمڕۆ کەم بوو، هیچ بینا و باڵەخانە و تەلارێکی ئەوتۆیش نەبوو ڕێ لە دیتنی کەعبەی پیرۆز بگرێت لە ناو غارەکەوە. وەها لەو غاری یارەوە [وەکو نالی دەڵێت] کەعبەم لێوە دیاربوو، وەکو ئەوەی لە فڕۆکەیەکەوە تەماشاییبکەم، سەرمسوڕما لەوەی چلۆن پێغەمبەری خودا (درورودی خوای لێبێت) ئەو ئەشکەوت و کێوەی ئیختیارکردووە، کە خودا بە

سەردانی جبریل و دابەزینی یەکەم ئایەتی قورئان پیرۆزیکردووە.

یەکێکی تر لە بەڵگەکانی بەهێزیی جەستەی پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێبێت)، ئەو ڕووداوەی ڕەکانەی کوڕی عەبدیەزید بوو، کە لە ناو مەککەدا بە بەهێزییە لەڕادەبەدەر جەستەیی و کەتەییەکەی بەناوبانگ بوو، هیچ کات زۆرانی لەگەڵ کەس نەگرتووە و نەیدابێت بە زەوییدا، نەک ئەوە تەنانەت هیچ کەس لە ژیانیدا نەیبەزاندووە. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: کە ئەم کەسە کە ئەو دەم بێباوەڕ بوو، پێش کۆچ ڕۆژێک پێغەمبەری خودای (درووودی خوای لێبێت) لە یەکێک لە شیوەکانی مەککە دیوە، لە ناوکۆی جیاوازی گێڕانەوەکانەوە وام بۆ دەرکەوت کە ڕەکانە دڵی پێیگوتووە زۆرانێک لەگەڵ پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێبێت) بگرێت و بیدات بە زەویدا، بەوەیش لە پێگەی پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێبێت) بهێنێتەخوارەوە و دڵی سەرانی قوڕەیش خۆشبکات. وەلێ پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێبێت) زۆرانی لەگەڵ گرتووە و داویەتی بە زەویدا. ڕەکانە زۆر سەری بەمە سوڕماوە و بڕواینەکردووە کە چی ڕوویداوە، شایەت لە دەروونیدا گوتبێتی: (لەوەیە بۆی هەڵکەوتبێت و ئەوە نەبێت کە زۆرانبازێکی باش بووبێت)، بە پێغەمبەری خودای (درووودی خوای لێبێت) گوتووە: (ئادەی ئەی محەمەد، با زۆرانیکی دی بگرینەوە)، ئەم جارەیان پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لێبێت) زۆر بە قورسی کێشای بە زەویدا و جەزرەبەیدا، دەگوترێت: سێ جاریان دووبارەکردەوە. ڕەکانە هەرچی دەکرد بڕوای بە وەها شتێک نەدەکرد! بۆیە وەکو جادوو لەقەڵەمیدا[1].

قورئانی پیرۆز ئەم هێزە جەستەییەی ژمارەیەک پێغەمبەرانمان بۆ وێنادەکات، لەوانە موسا (درووودی خوای لێبێت)، کە ئایەتەکان سەرباری

---

[1] ابن إسحاق، محمد بن إسحاق بن يسار ( توفي ١٥١هـ سيرة ابن إسحاق، تحقيق: محمد حميد الله، المغرب: معهد الدراسات والأبحاث والتعريب، ١٩٧٦م، ج ٥، ص ٢٥٦.

وێنای هێزی حەقویستییەکەی گوزارشتیش لە هێزە جەستەییەکەی دەکەن، ئەوە موسا پێغەمبەرە (دروودی خوای لێبێت) و بە یەک زللە (مشتەکوڵەی بێچەک) یەکێک لە شەڕکەران تەختی زەوی دەکات: (وَدَخَلَ الْمَدِينَةَ عَلَى حِينِ غَفْلَةٍ مِنْ أَهْلِهَا فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَذَا مِنْ شِيعَتِهِ وَهَذَا مِنْ عَدُوِّهِ فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِنْ شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ فَوَكَزَهُ مُوسَى فَقَضَى عَلَيْهِ قَالَ هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ عَدُوٌّ مُضِلٌّ مُبِينٌ) واتە: ([جارێک] ڕوویکردە شار و بەبێ ئەوەی خەڵکەکەی ئاگایان لێبێت. لەوێ توشی دوو پیاوان هات، پێکەوە مشتومڕیان بوو؛ یەکیان لە ڕەگەزی خۆی و ئەوی تریان سەر بە دوژمنەکانی بوو. ئەوی هاوڕەگەزی خۆی بوو، دژی کاورا نەیارەکە هاناییبرد؛ موسا مستێکی تێسرەواند و مرخەی بڕی. گوتی: ئەو کارە دیارە شەیتان پێمیکرد؛ کە ئاشکرا دوژمنە و ڕێگادەگۆڕێت) [القصص: ١٥]. ئەوەیش کچەکەی شوعەیبە (دروودی خوای لێبێت)، کە لە دێڕێکی تژی لە ڕەوانبێژیدا؛ هێز و بازووی موسا بۆ باوکی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ) واتە: (یەکێک لەوان گوتی: باوە، بە کرێی بگرە؛ چاترین ڕەنجبەر ئەوەیە بەتاقەت و جێ_باوەڕ بێت) [القصص: ٢٦]. لە ڕووی بەرگریکردن لە بیروباوەڕ و یەکتاپەرستییشەوە، هێزی ڕۆحی لەگەڵ هێزی جەستەیی؛ لە گوتاری موسا بۆ ئەو سامیرییەی گوێرەکەیەکی دروستکرد هەتا قەومەکەی موسا بیپەرستن یەکدەگرن: (قَالَ بَصُرْتُ بِمَا لَمْ يَبْصُرُوا بِهِ فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِنْ أَثَرِ الرَّسُولِ فَنَبَذْتُهَا وَكَذَلِكَ سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي) واتە: (... دە بیشڕوانە، ئەو شتەی تۆ دەتپەرست و دەتگوت: قەت بەجێیناهێڵم، دەبێت ئاگری تێبەربدەین و خۆڵەکەیشی لە دەریا دەپڕژێنین، بە پڕژاندن) [طە: ٩٦]. لەوەیە نیشانەکانی ئەم هێزە جەستەییە لە کتێبە مێژوویی و ئایینییەکاندا، گەشتبێتە حەدی تەواتور، ئەوەیشی لەگەڵ ئەم وێنەیەدا هاوتەریبە، ئەو پەیکەرەی مایکل ئانجلۆیە؛ کە یەکێک لە بەناوبانگترین نیگارکێشەکانی چەرخی ڕێنسانسە؛

که بۆ پێغەمبەر موسا (دروودی خوای لێبێت) کێشاویەتی، کە نیشانەی هێز و بازووی بە شێوەیەکی بەرچاو دەرخستووە. قسە لە سەر هێزی جەستەیی پێغەمبەران ئاوکێشە، توێژەران دەتوانن بە شوێنیدا بڕۆن و گرنگییەکەی لە ڕووی بانگەوازەوە وەدیبخەن، ئەگەر وابکەن ئەوا لە کن توێژەران/لێکۆڵەران چەندین کاشی و مەڕمەڕی ڕەنگاڵە و جۆراوجۆر لە چۆنیەتیی دروستکردنی کەشتییەکەی نوحدا (دروودی خوای لێبێت)، نمایاندەبێت، کە کارێکی وەها ئاتاجی بە توانایەکی جەستەییە بە تایبەت لە هەردوو دەستیدا، هاوکات دروستکردنی بینای کەعبەیش لەلایەن ئیبراهیم و ئیسماعیل پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێبێت)، کە داخوازی توانایەکی جەستەیی زۆرە، هەروەها داود (دروودی خوای لێبێت) ئاسنگەر بووە و قەڵغانی دروستکردووە، کە دروستکردنی وەها ئامێرێکیش داخوازی هێزی جەستەییە، سەرباری زەکەریا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) کە دارتاش بووە و... هتد.

## زیرەکی و بیرکردنەوەی داهێنەرانە

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی تیایدا بۆماوەیی لەگەڵ ژینگەدا هاوبەشە، توانستە عەقڵییەکانی پێغەمبەرانن کە بریتین لە سیفەتە پەیوەستەکانی زرنگی، چونکە خودا پێغەمبەرێکی بۆ هەر نەتەوەیەک ناردبێت بەبێ چەندوچوون ئەو لە قەومەکە زیرەکتر و بەتواناتر بووە لە ڕووی بیرکردنەوی داهێنەرانە و چارەسەرکردنی گرفتەکان، ئەگەر توانستە عەقڵییەکانیان بە گوێرەی ئەم زەمەنەی ئێمە بپێورێت، ئەوا بەرزترین نمرەیان وەردەگرت. نموونەیش لە قورئاندا لە بارەی زیرەکی و توانستە عەقڵی و داهێنکارییانەی پێغەمبەران بێسەروحسابن، بە تایبەت دەرهەق بە ڕەخنەگرتن لە هزری موشریکەکان و گێڕانەوەی بەڵگە و گەواهییە بەهێزەکانی گومڕابوونیان.

سەرنج لە زیرەکی و توانستە داهێنکارییەکانی گەورەمان پێغەمبەر ئیبراهیم (دروودی خوای لێبێت) بدە، کە بەڵگە و بەڵگەکاریدەکات لەگەڵ بت و ئەستێرە و هەسارەپەرستان و تەنانەت بەڵگە بۆ باوکی بێباوەڕیشی دەهێنێتەوە، دواتر هەر لە قورئاندا تەماشابکە چلۆن بیانووی نەمروودی پاشای بڕی و بەڵگەی بۆ هێنایەوە، نەمروودێک کە بانگەشەی خوایەتی دەکرد. قورئان هەواڵی ئەوەمان پێدەدات کە کاتێک نەمروود بانگەشەی ئەوەی کرد، کە ئەو چەشنی خودا مرۆ دەمرێنێت و زیندوویشیدەکاتەوە، ئیبراهیم پێغەمبەر دەمکوتیکرد، وەکو خودا دەفەرموێت: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) واتە: (تۆ ئەو کابرایەت نەدیبوو کە چۆن خودا هێز و دەستەڵاتی پێدا، جوابەجەنگی دەگەڵ ئیبراهیمدا دەکرد، سەبارەت بە پەروەرندەی؟ ئەو دەمە ئیبراهیم گوتی: پەروەرندەی من کەسێکە ژینێ دەدات و دەیشمرێنێت. گوتی: منیش زیندوو دەهێڵمەوە و دەمرێنم. ئیبراهیم گوتی: پەروەرندەم خۆر لە خۆرهەڵات ڕادێنێت، [دادەی] ئەتۆ لە خۆرنشینەوەی بیهێنە. کاورای خوانەناس حەپەسا. خودا دەستەی ناهەقیکاران لە ڕێگە شارەزاناکات) [البقرة: ٢٥٨]. نەمروود دەمی قوفڵ بوو، توانای وەڵامدانەوەی نەبوو. دواتر بە زیرەکی و بیرکردنەوە داهێنەرانەکەی بیریکردەوە لەوەی چۆن پلانەکەی بۆ قایلکردنی قەومەکەی خستەڕوو بەوەی بتەکانیان خودا نین؛ هات و دەستیکرد بە شکاندنی سەرلەبەریان جگە لە بتەگەورەکەیان نەبێت. کاتێک هێنایانە بەرچاوی خەڵکەکە، دەستبەجێ بە لاقرتێوە گوتی ئەها، دیارە گەورەکەیان بتەکانی دیکەی تێکشکاندووە، دەسا لێیبپرسن ئەگەر توانای قسەیان هەیە. ئیبراهیم بەم کارە دەراسایەی سەرکەوتوو بوو لە لەرزاندنی باوەڕی قەومەکەی بەرانبەر بتەکان، ئیدی هاتنەوە سەر عەقڵ

و بیروهۆش و فیترەتەکەیان، وەلێ هێندەی نەبرد گەڕانەوە بۆ بێباوەڕی و نکۆڵییان. قورئانیش ئەم دیمەنەی بۆ تۆمارکردووین و دەفەرموێت: (قَالُوا أَأَنْتَ فَعَلْتَ هَذَا بِآلِهَتِنَا يَا إِبْرَاهِيمُ   قَالَ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِنْ كَانُوا يَنْطِقُونَ   فَرَجَعُوا إِلَى أَنْفُسِهِمْ فَقَالُوا إِنَّكُمْ أَنْتُمُ الظَّالِمُونَ   ثُمَّ نُكِسُوا عَلَى رُءُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَؤُلَاءِ يَنْطِقُونَ   قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكُمْ شَيْئًا وَلَا يَضُرُّكُمْ   أُفٍّ لَكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ   قَالُوا حَرِّقُوهُ وَانْصُرُوا آلِهَتَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ) واتە: (گوتیان: بیهێنن با خەڵکییش چاویان لێبێت، شایەت ئەوانیش شایەت بن. گوتیان: ئاخۆ ئەی ئیبراهیم، تۆ ئەم کارەت لە بارەی بتەکانمان کرد؟ گوتی: نەخێر، گەورەکەیان ئەو کارەی کرد؛ دە ئەوەتانێ لێیپرسن، ئەگەر دەتوانن پەرسڤتانبدەنەوە. زۆر بە خۆدا شکانەوە و ئەوسا گوتیان: دیارە خۆتان ستەمکارن. پاشان سەری خۆیان داخست: خۆت دەتزانی کە ئەمانە قسەناکەن. گوتی: ئاخۆ -غەیرەز خودا- ئێوە شتێک دەپەرستن کە نە هیچ بەهرەتان پێدەدەن، نە زیانیشتان لێدەدەن! بێزم لە ئێوە هەستاوە و لەو شتانەیش کە بەغەیرەز خودان و دەیانپەرستن. بۆ تێناگەن؟) [الأنبياء: ٦١-٦٧].

نامەوێت ئەم باسە بەبێ قسەکردن لە بارەی زرنگییە عەقڵییەکەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت)، بەکۆتابێنم، ئەدی چۆن توانی تەنانەت پێش بوون بە پێغەمبەریش بە زیرەکییە لە ڕادەبەدەر و بیرکردنەوە داهێنەرانەکەی، کێشمەکێشی نێوان هۆزەکانی قوڕەیش هێوربکاتەوە و چارەسەریانبکات! کە هێندەی نەمابوو بتەقێتەوە و جەنگێکی خوێناوی بە دوای خۆیدا بهێنێت. دواتر دەستیانکرد بە دووبارە بنیاتنانەوەی کەعبەی پیرۆز، هەر کە بیناکە گەیشتە شوێنی بەردە ڕەشەکە، هەمدیس گرفت کەوتە نێوانیانەوە، تەنانەت پیاوە ژیرەکانیان دەترسان هەمان دەستوور جەنگی بەسوس کە لەبەر هۆکارێکی پووچ بەرپابوو پاتببێتەوە، کە ئەو جەنگە بۆ ماوەی چل ساڵ لە نێوان هەردوو هۆزی بەکر و تەغلەبدا

بەردەوامبوو، سەرباری ئەوەی هەردوو لایش برازای یەکتر بوون.

کاتێک بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک و بەبێ چارەسەر ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، یەکێک لە ژیرەکانیان پێشنیازی ئەوەی کرد کە هەر کەس یەکەم جار لە دەرگای مزگەوتی حەرامەوە هاتەژووری، ئەو دادوەری لە نێوانیاندا بکات، خودا کردی و ئەو کەسە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بوو، ئەوانیش بە حوکمی وی (دروودی خوای لێبێت) گەشانەوە و پێی خۆشنوود بوون. جبە/ڕۆبێکی لە زەوییەکەدا ڕاخست و بەردە ڕەشەکەی لە ناوەڕاستیدا دانا و داوای لە گەورەی هۆزە دژبەرەکان (الخصم) کرد کە هەر کەسەیان چمکێکی جبەکە هەڵبگرن و تێکڕا بەرزیبکەنەوە هەتا شوێنی مەبەستی خۆی، هەر بە خۆی (دروودی خوای لێبێت) هەڵیگرت و لە شوێنی خۆیدا داینا، ئەوەیش چارەسەرکێک بوو کە هەموان پێی ڕازی بوون[1].

ئەو ڕووداوە پێنج ساڵ پێش بوونی بە پێغەمبەر بوو، کە ئەمە بە وەحی دانانرێت، بەڵکو بە زیرەکی و توانستە داهێنەراکەی هەژماردەکرێت، کە خودا سەرکەوتوویکرد لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی زیرەکییەکەیدا. ژیاننامەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەندێک ڕووداو و پێشهاتدا پشتی بە زیرەکی و زرنگییەکەی بەستووە لە چۆنیەتیی بڕیاردانی دروست سەبارەت بەو ڕووداوە. لەوانە حەڵاڵکردنی (غیلة)، پاش ئەوەی نیازی بوو نەهی لێبکات، (غیلهة) ش بریتییە لە سەرجێییکردن لەگەڵ ئافرەت لە کاتی شیرداندا، ئەوەیش وەکو دوورەپەرێزییەک لەوەی نەوەک زیان بە منداڵە شیرخۆرەکە بگات. پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: (وا نیازم بوو نەهی لە (غیلة) بکەم، هەتا وەبیرهاتەوە کە فارس و ڕۆمیش وەها شتێکیان کردووە و هیچ زیانیکیش بە نەوەکانیان نەگەیشتووە)[2].

---

١ ابن كثير، البداية والنهاية، مرجع سابق، ج ٢، ص ٧٠٥.

٢ مسلم، صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب النكاح باب جواز الغيلة وهي وطء المرضع وكراهة

### وەجاخزادەیی/ئەسڵزادەیی (نبل النسب)

زیرەکی و بیرکردنەوی داهێنەرانە و هێزی جەستە لەو سیفاتە بۆماوەیی، یان سیفاتگەلێکن کە تیایدا بۆماوەیی لەگەل ژینگەدا تێکڵاودەبن، تێکڕایشی لە دیدی دەروونناسییەوە لە دەوری ئەو دوو پێکهاتەوە دەخولێتەوە، وەلێ چەندین لایەنی کۆمەڵایەتی و ژیاریی دیکە هەیە کاریگەری لە پێکهاتەی کەسایەتیی پێغەمبەراندا دەکات، گرنگترینیان ڕێزی وەجاخزادەیی و ئەسڵزادەییە، کە بریتین لەو سیفاتە کۆمەڵایەتی و ژیارییانەی ئەوتۆ کە خودا لە پێگەشتنی پێغەمبەراندا هەڵیبژاردووە. سەرجەم پێغەمبەران لە هۆزێکی بەرز و بەڕێز و گەورە و خانەوادەگەلێکی مەزن لە ڕووی نەسەبەوە سەریانهەڵداوە، چونکە ئەستەمە کەسێک لە بریی خودا ڕەهنومایی و ئاگاداری بە گوێی خەڵکیدا بدات لەولایشەوە خەڵکی بە چاوی سووکەوە تەماشاییکەن! یان ئەو پەڕی زەحمەتبکێشێت و لە ناوەوەی دەروونیدا تێبکۆشێت تەنها لەبەرئەوەی لە کن نەیارەکانی هەست بە سووکسەیرکردن نەکات!

سەرنج لە نەسەبی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) و ڕێز و پلەوپایەی لە ناو قەومەکەی بدە، ئەو لە قورەیشە، کە بەرزترین هۆزی ناو عەرەبە و بەڕێزترینی ماڵەکانی ئەو هۆزەیش ماڵی نەوەی هاشمن، وەکو ئەوەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) فەرمووی: (خودا کینانەی لە نەوەی ئیسماعیل هەڵبژارد، قورەیشیش لە کینانە و لە قورەیشیش بەنی هاشم و منیشی لە بەنی هاشم هەڵبژارد)[1]. توێژەر ئەم جۆرە هەڵبژاردن و پاڵفتەکردنە لە نەسەبی سەرجەم پێغەمبەران و فروستادانی خودا بەدیدەکات، ئەوانەی لە سەدەهایەکدا ژیان کە

---

العزل، حديث رقم (١٤٤٢) ص ٥٧٣.

١ المرجع السابق، كتاب الفضائل، باب فضل نسب النبي (د. خ) وتسليم الحجر عليه قبل النبوة، حديث رقم (٢٢٧٦)، ص ٩٣٥.

مێژوو سەرلەبەری ژیانیانی تۆمارکردووە، وەلێ ئەو پێغەمبەرانەی پاش ئیبراهیم (درووودی خوای لێبێت) هاتوون و ناسناوی گەورەی پێغەمبەرانی لێنراوە: (ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ: هەموو لا هەر سەر بە یەکن) [آل عمران: ٣٤].

وەکو تۆزێک لەمەوبەر باسمانکرد کە تێڕامانەکانمان و هەموو ئەو بنەما دەروونی و دەقە ئیسلامییانە، هەر لە دەمی منداڵییەوە ئاتاجیان بە بەرجەستەکردن و پاڵپشتیکردنی دوورودرێژ و خوێندنەوەی زۆر هەیە لە ژیانی پێغەمبەراندا، بۆئەوەی لە چۆنیەتیی گەشەکردنیاندا هەتا دەگەنە تەمەنی بوون بە پێغەمبەر؛ تیشکبخەینەسەر هەندێک لەو دانستانەی خودا کە لە ماوەی گەشەکردنەکانیاندا شاراوە بووە. کاریگەریی سالانی منداڵی و گرنگیی چاودێریی دایک و باوک –دایک بە شێوەیەکی تایبەت– گرنگترین کاریگەری هەیە لە پێکهاتەی کەسایەتیی مرۆڤدا. بۆیە هەر یەک لە پێغەمبەر موسا و یوسفمان (درووودی خوای لێبێت) هەڵبژارد، لەبەرەئەوەی قورئانی پیرۆز بە دوورودرێژی باس لە گەشەکردنی ژیانیان دەکات، شایەت بەو هۆیەوە پەی بە بەشێکی کەم لە دانستی مەزنیی خودا بەرین، چونکە خودا چەندین سیفاتی جەستەیی و پەروەردەیی ژینگەیی پێبەخشیون. دەسا فەرموون ئێوە و بەشی شەشەم و حەوتەم لە ژیانی ئەو دوو پێغەمبەرە (درووودی خوای لێبێت).

# بەشی شەشەم

## تێڕامانمان سەبارەت بە وردەکاریی دانایی خودا لە ڕێکخستنی ژینگە و بۆماوەیی لە ژیانی پێغەمبەر موسا (دروودی خوای لێبێت)

بیرکردنەوە لەو کارسازی و دانستانەی خودا، کە لە قورئاندا بە درێژی سەبارەت بە پێگەیاندن و سەرپێخستنی گەورەمان موسا (دروودی خوای لێبێت) لە جێبەجێکردنی ئەرکی بوون بە پێغەمبەر، باسکراوە و تیشکیخراوەتەسەر، ڕوونترینی نموونەکانی قورئانن سەبارەت بە وردەکاریی ئەم ئیختیارە خوداییە بۆ ژینگەی و بۆماوەیی گونجاو؛ هەتاوەکو پێغەمبەرەکانی بەو شێوەیەی دەیەوێت و پێیڕازییە پێبگەیەنێت، بۆئەوەی هێندە پێیگەن و سەرپێبکەون هەتا بتوانن بە باشی ئەو پابەندی و وتە قورسەی -کە خودی پەیامە خوداییەکەیە- جێبەجێبکەن. ئەرکی موسا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە جۆری قورسترینی ئەرکی پێغەمبەرانی لێبڕاو و نەبەز (أولو العزم) بوو؛ چونکە ئەم ڕاسپێردراوە ڕووبەڕووی فیرعەونێکی ئەوتۆ ببێتەوە، کە گەردوون و مرۆڤایەتی وەها ستەمکار و بێباوەڕ و نکۆڵیکاریان بە خۆوە نەدیتووە. قورئانی پیرۆز هەموو ئەو سیفاتە خراپانەی گوفتار و ڕەوتاریمان بۆ تۆماردەکا، دەبینین گاز لە قەومەکەی دەکات و دەڵێت: (فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ: گوتی

من خودا هەرە مەزنی ئێوەم) [النازعات: ٢٤] لە سورەتی قەصەصدا بە دەنگی بروسکەئاسا ڕایدەگەیاند و دەیگوت: (وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِي فَأَوْقِدْ لِي يَا هَامَانُ عَلَى الطِّينِ فَاجْعَل لِّي صَرْحًا لَّعَلِّي أَطَّلِعُ إِلَىٰ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ مِنَ الْكَاذِبِينَ) واتە: (هۆ دیوەخاننشینەکان/گەلۆ، وانازانم غەیر لە من خودایەکتان هەبێت؛ سا هامان، تۆ خشتی کاڵم لە کڵدا بۆ بخارێنە، قەڵایەکم بۆ دروستبکە، تا لەوێڕا بڕوانمە خوداکەی موسا؛ کە من تەواو لە ڤڕ بێژانی دەزانم) [القصص: ٣٨]. وەلێ ئەوە ستەم و چەوساندنەوەکەی هەر باسمەکە؛ چونکە ئەوە نییە قورئان بۆی تۆمارکردووین کە منداڵی بەنی ئیسرائیلی دەکوشت و ئافرەتەکانیشی حەلاڵدەکردن: (إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِّنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ: بێسۆ فیرعەون لە زەمیندا باڵادەس بوو؛ خەڵکی ئەوێی کردبوونە چەند دەستەیەک؛ هێندێکی هەر زەبووندەکرد، کوڕەکانی سەردەبڕین و ژنەکانی ڕادەگرتن. لە بەدفەڕ و بەزەڕان بوو) [القصص: ٤].

با بە ئەندێشەمان مەلەبکەین و خۆمان بخەینە ئەو دەمەوە و بێژین؛ چ دەبوو ئەگەر بکرابا و موسا وەکو کەسانی بەنی ئیسرائیل و بە چەوساوە و زەبوونییەوە ژیابا؟ دەبێت هەر سوپاسگوزاری خودا بێت کە ژیانی پاراست؛ چونکە لەوە بوو هەر بە منداڵی سەربڕایە، با سەرنج لە کردار و ڕەفتاری بدەین ئەو دەمەی دەچێتە کۆشکە بێسەروحسابەکەی فیرعەونەوە و لە بەردەم ستەمکارترین و سامناکترین مرۆڤەوە وەستاوە و بە سەرباز و ڕەشەخەڵک تەوقدراوە، ئەویش دەسودەم پێیبڵی من ڕاسپاردە و نێردراوی خودام؟ ئەم قسەیە دەکات و شایەت لەو کاتەیشدا لە باری مرۆڤێتییە لاوازەکەیەوە لە سامناکیی ئەو دیمەنەدا وەکو بیی ناو ئاو دەلەرزێت، چاوەکانی بە سەرسامی لە مەزنیی کۆشکەکە ئەبڵەق و ئەحوەل بووە، وەلێ خودای مەزن شتیکی دی لە

پێغەمبەر موسا (دروودی خوای لێبێت) دەویست، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم دیمەنە سامناکەی بەردەم پێغەمبەر موسا (دروودی خوای لێبێت) بۆ ئەوە بوو -وەکو گوتمان- هەتا گرنگیی مەزنێتیی هێزی لەبنەهاتووی پێغەمبەران دەستەبەربێت، کە خودا چەندین تایبەتمەندیی بۆماوەیی ئەوتۆی پێبەخشیون، کە وایلێکرد بتوانیت لە کۆشی کۆشکی فیرعەوندا نەشونمابکات و گەورەببێت. کۆشک بوو بە ماڵی خۆی، فیرعەونیش لە ماڵەکەیدا بە جلی ژێرەوە دەحەوایەوە، وەکو ئەوەی بیبینێت وەکو هەر کەسێکی دی نەخۆشدەکەوێت و کاتێک دەخەوێت پرخەی لێبەرزدەبێتەوە، ئەدی ئەو خودا ترسێنەرە نییە کە سەردانکاران لێیدەترسێن و دوور و نزیکی خەڵکی میسر زەندەقیان لێیچووە.

ئەو پێغەمبەرەی خودا بۆ وەها ستەمکارێکی ناردووە، پێویستە هێندەی تایبەتمەندیی بۆماوەیی و ژینگەییشی پێببەخشێت، کە بتوانێت لە بەردەم قەهر و هێزی وەها چەوسێنەرەوەیەکدا خۆی ڕابگرێت. خودای پاک و چاک هەر بە خۆی سەرپەرشتیی سەرلەبەری ژیانی پێغەمبەر موسای (دروودی خوای لێبێت) کردووە و ئاڕاستەیکردووە؛ چونکە وەکو خودا خۆی دەفەرموێت لە ژێر چاودێریی خۆیدا پەروەردەیکردووە و بۆ خۆی دروستیکردووە (اصطنعه لنفسه)، [هەتا پەیامی خودا ڕابگەیەنیت]. وەکو لە ئایەتەکانی ٣٨ و ٤٠ی سورەتی (طه)دا هاتووە، کە ئەم بەڕێوەبردنە ژینگەییە خوداییەی لە پێکهێنانی ژیانی پێغەمبەر موسادا (دروودی خوای لێبێت)، کورتکردووەتەوە. بە تەنێ سێ ئایەتی وەحیی دەراسا و موعجیزی خودا، سەرلەبەری ژیانی پێغەمبەر موسامان (دروودی خوای لێبێت) هەر لە تاوی منداڵییەوە هەتا بوونی بە پێغەمبەر، بۆ پوختدەکاتەوە:
(إِذْ أَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّكَ مَا يُوحَى   أَنِ اقْذِفِيهِ فِي التَّابُوتِ فَاقْذِفِيهِ فِي الْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ الْيَمُّ بِالسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِي وَعَدُوٌّ لَهُ وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِنِّي وَلِتُصْنَعَ عَلَى عَيْنِي   إِذْ تَمْشِي أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى مَنْ يَكْفُلُهُ فَرَجَعْنَاكَ إِلَى أُمِّكَ كَيْ تَقَرَّ

عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَاكَ مِنَ الْغَمِّ وَفَتَنَّاكَ فُتُونًا فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِي أَهْلِ مَدْيَنَ ثُمَّ جِئْتَ عَلَى قَدَرٍ يَا مُوسَى) واته: (کاتێ ئەوەی کە پێویست بوو ئاویتمانە دڵی داکت؛ کە: بیخەرە داربەستەوە و بیهاوێژەرە ناو زێوە؛ با زێیش بیخاتە کەنارێ و دژێکی من –کە دوژمنێکی ئەویشە– بیگرێتەوە. ڤیانی خۆم خستە سەر تۆ، تا لە ژێر چاوەدێریی خۆم بپەروەرێی. کاتێک خوشکت دەچوو دەیگوت: گەرەکتانە کەسێکتان بۆ بدۆزمەوە کە بۆتانی بەخێوبکات؟ تا بەم جۆرە هێنامانیەوە لای داکت، کە چاوی پێت ڕوونببێتەوە و خەمێ نەخوات. ئەی موسا، ئەمەیش دەزانی یەکیش بە دەستت زایەبوو؛ لەو خەمەیش ڕزگارمانکردیت، چەند جاری دییش ئەزموومانی. چەند ساڵێکیش لە ناو خەڵکی مەدیەندا مایت؛ پاشان لە سەر بڕیاری خۆن ئەوا هاتیت) [طه: ٣٨-٤٠].

بڕوانە؛ چەندە ئەو وشانەی خودا ئاڕاستەی بەندەی خۆی موسای دەکات جوانە، ئای چەندە واتای سۆز و میهری لە خۆیدا هەڵگرتووە کە دەفەرموێت: (ئەوینی خۆم خستەسەر تۆ، تا لە ژێر چاوەدێریی خۆم پەروەردەببیت). واتە لە خۆمڕا خۆشەویستی و ئەوینم ڕشتووە بە سەرتدا و هێندەیش شیرینم ئەفراندوویت هەر کەس بتبینێت، خۆشیبوێیت، تەنانەت با ئەو کەسە فیرعەونی دڵبەرد بێت، خێزانە بەڕێزەکەی فیرعەونیش (ڕەزای خوای لێبێت) قایل بوو بیکات بە کوڕی خۆی، سۆز و عاتیفەی خۆشەویستیی خودایی چەشنی چەکێک بوو، کە بڕی بە هەموو ڕق و قینێکی بەنی ئیسرائیل دا و بەرگری لە موسا دەکرد. لێرەدا ئەفراندنی بۆماوەیی و ژینگەیی لە سەروسیمای موسادا بەدیدەکەین، کە خودا بەو هۆیەوە ڕێزی لێگرت بۆئەوەی وەها گەورەببێت وەکو ئەوەی ئەمیرێک بێت لە کۆشکی فیرعەوندا.

بێسۆ؛ فیرعەونیش خۆشیدەویست، عاشقی ئەو زیرەکی و زرنگییە لەڕادەبەدەرەی بوو، ڕێگەی بۆ خۆشکرد لەو ژینگە ژیارییە زانستییەدا

بژی، که شیاوه به پێگەی دانیشتوانی کۆشک و بژاردەی کۆمەڵگاوه، خودا هەم دانست و هەمیش زانستی پێبەخشیبوو، وەکو دەفەرموێت: (وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَاسْتَوَى آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ) واته: (وەختێک گەییە تافی جوانی و پیاوێ تەواوی لێدەرچوو، زانست و کارزانینمان دایه و ئێمه ئاوا پاداشتی کارچاکان دەدەین) [القصص: ١٤].

ئەمێستا به شێوەیەکی گشتی تەماشای پێغەمبەرێک دەکەین، که خودا هەرچی نیعمەتی زانست و دانست و گەورەبوونی گونجاوه پێیبەخشوه؛ بۆئەوەی پەیام و پەیکی خودا بدات به گوێی فیرعەون و داروودەستەکەیدا، وەلێ هەر له لێواری کەشفکردنی بەڕێوەبردنی ژینگەیی و بۆماوەیی خودایی گەورەمان موسادا (دروودی خوای لێبێت)، واقوڕماوین، دەسا با لەمەبەدوا سەرنجە دەروونییەکانمان بەو ئاقاره بێت، که هەوڵێک بێت بۆ کنەوپشکنین به دووی وردودرشتی ئەم دانسته خوداییەی ناو ژینگەی موسا سەرباری سیفات و پەسنانەیشی که خودا پێیبەخشیه‌تاکردووه.

کەواته تەنها و تەنها ئەو باسکردنه دووروودرێژەی قورئانی پیرۆز سەبارەت به ژیانی پێغەمبەر موسا (دروودی خوای لێبێت)، گەورەترین گەواهی و بەڵگەیه له سەر داڕشتنەوه سەنگینه خوداییەکەی ژیانی تێکڕای پێغەمبەران، تەنانەت با به شێوەیەکی دووروودرێژیش له قورئانی پیرۆزدا باسیشنەکرابێت. بۆئەوەی بەردەوام بین له سەر سەرنجەکانمان، ئەوا دواتر سەرنج لەو شێوازه قورئانییه دەدەین، که هیچ وابەسته و کوشتەی دەستی ڕیزکردن (ترتیب)ی کاتی و شوێنی نییه. با چاو له گرنگیی پەروەردە و گەورەکردنی پێغەمبەران بکەین له ڕووی متمانەبەخۆبوون و چاندنی ئاکار و ڕەفتاری جوان له خەلقیاندا، هەتاوەکو بەوپەڕی ئەمانەت و ڕاستگۆییەوه پەیامه خوداییەکه بگەیەنن.

## گرنگیی ڕۆڵی دایک لە پێگەیاندنی منداڵدا

لە ڕاستیدا خەڵکی ئاشنای کاریگەریی ژینگە و بۆماوەیین لە سەر کەسێتیی تاک و جەخت لە دروستیی ئەو ئاشنابوونەیش دەکەنەوە بەو پێیەی لە ڕەفتاری منداڵان و تازەپێگەشتواندا تێبینیانکردووە، تەنانەت بووە بە بابەتە بەڵگەنەویستەکانی مەعریفە، وەلێ دەروونناسیی نوێ بە شێوازێکی زانستی و ئەزموونی، دەرکی بەم چەمکانە کردووە و ئەو شتانە کە ئەسڵەن لەم مەیدانەدا بیریمان لێنەکردووەتەوە، بۆمانی کەشفکردووە، کە هەر سەرەتا لە ڕەفتاری منداڵ لە زکی دایکیدا و شیرەخۆر لە ڕۆژانی سەرەتای ژیانیدا نمایاندەبێت، هەر وەکو گرنگیی بوونی دایکی بۆ کەشفکردووین لە چۆنیەتیی چاندنی عاتیفەکانی ئەوین و سۆز و سیفەتە دەروونییە جیاوازەکانی دەروونی منداڵ.

بۆ نموونە لە ناو خەڵکیدا ئەوە باوەڕە باو بوو، کە کاریگەریی ژینگە چەند ساڵێک پاش لەدایکبوون دەستپێدەکات، ئەو دەمەی درک بە هەندێک ڕەفتاری دایک و باوک و ژینگەکەیان دەکات، بەڵام توێژینەوە زانستییە نوێیەکان ئەوەی بۆ دەرخستووین کە کاریگەریی ژینگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پاش پیتانی هێلکۆکەی دایک لەگەڵ تۆمی پیاودا دەستپێدەکات. تەنانەت لە تاریکایی ژینگەی منداڵدانی دایکیشدا؛ منداڵەکەی ناو سکی لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە کاریگەردەبێت بە بارە دەروونییەکەی دایکی، نەک ئەوە تەنانەت کاریگەردەبێت بەو خواردن و دەرمانانەیشی دەیخوات. هەر وەکو دەروونناسی بە لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانی لە سەر تازەلەدایکبوان، ئەوەیان دەرخستووە کە منداڵی شیرەخۆر دارای توانستێکی عەلاجەویی وەهایە کە ئەگەر بەڵگە و گەواهیی ڕوون دەرهەق بەو توانایەی نەبا، بڕواپێکردنی ئەستەم بوو. وەکو خودا دەفەرموێت:
(هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا شُيُوخًا وَمِنْكُمْ مَنْ يُتَوَفَّى مِنْ قَبْلُ وَلِتَبْلُغُوا أَجَلًا

مُسَمًّى وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ) واتە: (ئەو خودایە لە خاک ئێوەی دروستکردووە، لەوەودوا لە نوتفە -کە بریتییە لە بەیەکگەیشتنی سەرەمێکوتەیەک کە بە چاو نابینرێت بە هێلکۆکەیەک کە بەقەدەر خاڵێکی بچووکە- لەوەودوا دەبێتە خۆهەڵواسەرێک پاشان دەرتاندەهێنێت کە منداڵێکی ساوان، بەرە بەرە گەورەتاندەکات بۆئەوەی بگەنە ئەوپەڕی هێز و توانا و ژیریتان، پاشان بۆئەوەی ببنە پیر و پەککەوتە، هەشتانە پێش ئەوەی بگاتە یەکێک لەو قۆناغانە دەمرێت، هەتانە دەمێنێتەوە بۆئەوەی بگاتە کاتێکی دیاریکراو، -خودای گەورە ئەم هەموو ڕاستییانەتان دەخاتەبەرچاو- بۆئەوەی عەقڵ و ژیریتان بخەنەکار) [غافر: ٦٧]. تەنانەت کە هێشتا لە سکی دایکیدایە و چەند مانگانیشە، دەتوانێت دەنگی دایکی بناسێتەوە، وەکو چەسپاوە کە منداڵی شیرەخۆر لە چەند هەفتەی سەرەتایدا بۆنی شیری دایکی دەناسێتەوە و جیاوازی لە نێوان شیری دایکی و شیری ئافرەتانی دیکە دەکات! چونکە چەند جارێک لادەکاتەوە بە لای پارچە لۆکەیەکی تەڕکراو بە شیری دایکی لە بەرانبەر شیری هەر ئافرەتێکی دی.

هەر وەکو لە توێژینەوەکاندا چەسپاوە؛ زانایان هاتوون کۆمپیوتەرێکیان بەکارهێناوە تیایدا وێنەیەکی نادیار و زۆر ناڕوونی دایک پیشاندەدات، کە لە میانەی تەوژمێکی کارەبایی لاوازەوە بە شێوەیەکی ڕوون وێنەکەی دەردەخات، کە شیرەخۆرەکە دەتوانێت بە مژینی مژمژەیەکی (مصاصة) تایبەتەوە ئەو وزەیە دروستبکات. بۆیان دەرکەوت منداڵەکە مەمکەخۆرەکە دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕوون و بێگرێوگۆڵ و بە هۆی تەزووە کارەباییەکی گونجاو و بە مژینێکی گونجاوەوە، وێنەی دایکەکە دەربخات. ئەو توێژینەوەیە لایەنی عاتفی و دەروونیی ئەو شیرەخۆرانەمان بۆ دەگوازێتەوە کە جەخت لە کاریگەری و شوێنەواری پەیوەندیی منداڵ بە دایکیەوە دەکاتەوە.

لە هەفتە و مانگەکانی سەرەتای تەمەنیدا، منداڵەکە یەکەمین پەیوەندیی عاتفی لە ژیانیدا لەگەڵ دایکیدا بەڕێدەکات. هەر ئەو پەیوەندییەیشە دەبێتە بنەمایەکی پتەو بۆ دروستکردنی پەیوەندیی هەڵچوون و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانی دی هەتا کۆتایی ژیانی. زانایانی دەروونناس بەم پەیوەندییە دەڵێن پەیوەستبوون، یان دڵبەستەگیی بنەڕەتیی هەڵچوونی، ئەگەر ئەو پەیوەندییە بە دوورخستنەوەی منداڵەکە، یان بێبەشکردنی لە دایکی بپچڕێت؛ ئەوا شیرەخۆرەکە دووچاری خەمۆکی دەبێتەوە، نەک تەنێ ئەوە؛ بەڵکو لەوەیە جارێکی دی نەتوانێت پەیوەندیی دۆستایەتی و ئەڤینی لەگەڵ تاکەکان لە داهاتوودا ببەستێت، چونکە دایک لە دروستکردنی پەیوەندی و دڵبەستەگیی عاتیفە مرۆڤایەتییەکاندا، ڕۆڵێکی کارا و گرنگی هەس؛ چونکە هەر ئەوە لەباوەشیدەگرێت و شیری پێدەدات و لایەلایە و (هدهد) سترانی بۆ دەچڕێت، وەختایەک دەینێت بە سنگیەوە گوێی لە لێدانی ئەو دڵەیەتی کە هەردەم لە تاریکایی منداڵدانیدا گوێی لێبووە و هەستی بە هێوری و خاترجەمی کردووە، وەلێ ڕۆڵی باوک لەم بارەوە لاوەکی و دواناوەندییە.

بێسۆ؛ ئەوەی دەروونناسی منداڵ لە گرنگیی ڕۆڵی دایک پێیگەیشتووە، بۆ ئەوەیە ئاگاداری دانستی خودای مەزنمان بکاتەوە کە بۆچی خودا پێغەمبەرانی لە نازی دایک بێبەشنەکردووە، بەڵام سەبارەت بە باوکیان، بابەتەکە زۆر جیاوازە. پێغەمبەری خۆشەویست (دروودی خوای لێبێت) پێش ئەوەی خۆی لەدایکببێت دایکی مرد، وەلێ خودا چوار دایکی پێبەخشی؛ ئامینەی کچی وەهب دایکی گەورەی بوو لە مەککە، حەلیمەی سەعدییە لە تائیف، ثوەیبە و ئومئەیمەن؛ ئەو دایەنەی هەردەم پێغەمبەری خۆشەویست (دروودی خوای لێبێت) بە (ئەی دایکە) لەگەڵی دەدوا، هەر وەکو دایکی خاتوو ئامینەی کچی وەهبی بۆ هێشتەوە هەتا گەیشتە تەمەنی شەش ساڵی و لە ڕووی عاتفییەوە پێگەیشت، بەڵام باپیری

کە پێغەمبەر ئیبراهیمە (دروودی خوای لێبێت) فەرمانیپێکرا ئیسماعیلی کوڕی لە شیوێکی وشکی قاقڕدا (واد غیر ذی زرع)، لە ژێر چاودێریی دایکیدا جێبهێڵێت و خەمی نەبێت.

هەرچی پێغەمبەر موسایە (دروودی خوای لێبێت) خودا هەرچی ئافرەتی شیردەرە لێیحەرامکرد هەتا گەڕاندیەوە بۆ لای دایکی، پاشان بە دایکێکی بڕواداری دیکەی شادکرد کە ئاسیای خێزانی فیرعەون بوو (ڕەزای خوای لێبێت). واتە دارای دوو دایکی تامەزرۆ بوون بۆ دیتنی. یەکێکیان دایکە سروشتییەکەیەتی، ئەوی دی شاژنێکە و خودا بێبەشیکردووە لە منداڵ، ئەویش جام و دۆڵچەی سۆز و میهری بۆ پێغەمبەر موسا (دروودی خوای لێبێت)، ڕژاندووە، ئەگەر چاوێک بخشێنینەوە بە سەرنجەکانماندا دەبینین موسای منداڵ نەک تەنها نازدارانە بە دوو دایک دەورەدراوە، بەڵکو بە سەرجەم ئافرەتان و کەنیزەکەکانی کۆشکی فیرعەونیش چواردەوریدراوە، ئەو ئەمێستا؛ منداڵی نازداری شاژنە، کەسێکە خودا ڕێژنەی ئەڤینی خۆی بە سەردا باراندووە. کاتێک گەیشتە تەمەنی پێگەشتن و ڕوشدیکرد و دڵنیابوو لەوەی خودا لە کوشتن دەیپارێزیت، گەڕایەوە میسر بۆئەوەی بەوپەڕی عیززەت و متمانەبەخۆبوونێکی ئەوتۆ کە تێکەڵ بە چاکەخوازییە عاتیفەکانی ئەوین و سۆز و میهر و ئارامگرتن لە سەر ئەو ناهەمواری و کۆژانانەی توشیاری پێغەمبەرانی لێبڕاو و نەبەز دەبێتەوە، بەرەنگاری فیرعەون ببێتەوە. کەواتە دایک یان ئەوەی لە بریی دایک بە کاری دایکایەتی هەڵدەستێت، ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە دروستکردن و پێکهێنانی ئەم سیفاتانەی کە پاش لەدایکبوون، دەست بە چاندی دەکرێت.

## مەزنیی ئەسڵ و بنەچەی پێغەمبەر موسا (دروودی خوای لێبێت)

وەلێ چاندنی متمانەبەخۆبوون تەنێ بە لایەنی دەروونی کامڵنابێت، بەڵکو ئاتاجی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ژیارییش هەیە وەکو لە بەشی پێشوودا باسمانکرد. هەستکردنی منداڵ بە سووکی و بێئەرزشی لەبەرئەوەی سەر بە هۆزیکی سووکە، ناکرێت نە بە سۆزی دایک و هاندانی باوک قەرەبووبکرێتەوە. وەکو گوتمان خودای گەورە نیعەمەتی مەزنێتی و گەورەیی ئەسڵ و وەچەی بە پێغەمبەرانی بەخشیوە، ئەوان لە ڕووی نەسەبەوە، سەر بە گەورەترین و بەڕێزترینی قەومەکەی خۆیانن، هەتا بەم پێیە کۆمەڵگەکان بتوانن قەبوڵیانبکەن و هەر لە سەرەتاوە ئەستەم بێت هیچ کێماسییەکی کۆمەڵایەتی ببێتە هۆی پلارگرتن لە کەسێتیی پێغەمبەر. سەبارەت بە پێغەمبەری ئیسرائیل ئەوا موسای کوڕی عیمران لە بەڕێزترینی ماڵەکانیان بووە، لەو ماڵانەی پێغەمبەرێتی بووە کە خودا بۆ خۆی ڕێزیلێناون و دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَىٰ آدَمَ وَنُوحًا وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) واتە: (بە ڕاستی خودا ئادەم و نوح و نەوەکانی ئیبراهیم و نەوەکانی عیمرانی هەڵبژاردووە و ڕێزی بە سەر خەڵکی هەموو جیهاندا داون. ئەوانە نەوەی یەک ڕەچەڵکن و هەندێکیان لە هەندێکی تریان بوون، خودا خۆی بیسەر و بینایە -چاک دەیزانی کە شایستەن بۆ ئەو کارە پیرۆزە-) [آل عمران: ٣٣-٣٤]؛ چونکە ئەو لە تۆرەمەی (نسل) یەعقوبە (دروودی خوای لێبێت) وەکو ئەوەی لە کۆمەڵێک ڕاڤەی قورئاندا هاتووە. میسرییەکانیش بۆ ئەوە ڕێزی موسایان لابوو، چونکە لە کن فیرعەون و خێزانەکەی خاوەنی پێگەیەکی تایبەت بوو، ئەو کوڕێکی نازداری خودا و شاژنە وێڕای بنەچە ئیسرائیلییەکەی.

**دانایی خودا لە بەخشینی قەڵافەت (بسطة ) و عاتیفە بە موسا (دروودی خوای لێبێت)**

هێزی لەڕادەبەدەری جەستە و دەسودەم و خێرا کاردانەوەی عاتیفی، دوو تایبەتمەندیی بۆماوەیی ئەوتۆن کە خودا بە موسای (دروودی خوای لێبێت) بەخشیون، هەتا زیاتر متمانە و هێزی لە گەیاندنی پەیامەکەی خودا لە لا گەڵاڵەببێت بەرانبەر ستەمکارترین کەسی سەر زەوی کە فیرعەونە. هێزی پێکهاتەی جەستەیی -وەکو باسمانکرد- بەخششێکی خودایە بۆ سەرجەم پێغەمبەران، وەلێ بە بەرگێکی تر و بە چەشنێکی مەزنتر کە دانستەکەی لە لای خودایە، دەیبەخشێت بە پێغەمبەرێکی دیاریکراو کە کتوکت چەشنی نیشانە (وسامة)ی سەرشانی گشت پێغەمبەرانە، بەڵام پێغەمبەر یوسف (دروودی خوای لێبێت) جوانییەکی سەیری پێبەخشرابوو، کە دواتریش هەر بەو جوانییە[1] تاقیکرایەوە. هەرچی پێغەمبەر موسایە (دروودی خوای لێبێت) خودا دەسەڵات و هێزێکی لەڕادەبەدەری پێبەخشیبوو ئەوەیش لەبەر دانست و حیکمەتێک بوو، کە ویستی خودای لە سەر بوو. لە شەوڕەویی و میعراجەکەیدا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت)، موسای بینی و دەیفەرموو پیاوێکی گەنمڕەنگی بەقەڵافەت بووە[2]، هاوکات بە دووررودرێژی سیفاتە جەستەیی و ڕووخسارییەکەی لەو تابلۆ شوێنەوارییانەدا بەدیدەکەین، کە بۆ خودی پێغەمبەران کێشراون، وەکو ئیبن کەثیر لە تەفسیرەکەیدا باس

---

١ لە ڕاستیدا -لە کتێبەکانی دیکەمدا هەمان ئەم شتەم پاتکردووەتەوە-، کە لە ژیار و شارستانیەتی ئیسلامیدا جوانیی پیاو مانیفێستیدەکات، لە پیاوانیشدا پێغەمبەر یوسف (د. خ) دەرخەری ئەو جوانییەیە کە سێبەری سیفەتی جەمالی خودایە. وەرگێڕ

٢ بڕوانە: صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب بدء الخلق، باب ذكر الملائكة، حديث رقم (٣٢٠٧) ص ٦١٦. صحيح مسلم، مرجع سابق، كتاب الإيمان، باب الإسراء برسول الله ﷺ إلى السماوات وفرض الصلوات، الحديث (١٦٨).

لەوە دەكات كە هیرەقلی پاشای ڕۆم؛ پارێزگاری لە وێنەی پێغەمبەران كردووە، لەوەیە ئەو وێنە و تابلۆیانەیشی لە ڕیزی ئەو موعجیزانە بێت كە لە پێغەمبەر سولەیمانەوە (درووودی خوای لێبێت)، بۆ مابێتەوە[1].

ئەو وێنانە موسا (درووودی خوای لێبێت) لە شێوەی پیاوێكی قژئاڵسكاوی چاوبەقووڵاچووی چاوتیژە[2] (حدید النظر) و مڕومۆچە كە تەماشادەكات وەكو تووڕەیەك دەردەكەوێت. ئەگەر چاو كەلابكەین لە لاوازیی ئەم گێڕانەوانە و زۆر سەر لە لایەنی لاوازییەكەی نەكەینەوە، دەبینین سەرباری لاوازییەكەی بەرجەستەی هەمان ئەو سیفاتانەی موسا (درووودی خوای لێبێت) دەكات، كە لە قورئان و فەرموودەدا هاتوون. باڵابەرزیی و قەلافەت و هێزە جەستەییەكەی كە لە ماسولكە تێكسمڕاوەكانی و تیژیی ڕوخساریدا بەرجەستەدەبن، وایكردووە دارای كەسایەتییەكی بەسام و هەیبەت بێت و سەركردەیەكی گوێلێگیراو بێت لە ناو گەلەكەیدا.

هەرچی لایەنی بۆماوەییە ئەوە لایەنێكە و دارای سروشتێكی دەروونییە. خودا ئامێرێكی مێشكیی سەربەخۆی توند لە كاردانەوەدا بە پێغەمبەر موسا (درووودی خوای لێبێت)، بەخشیوە. موسا هەر بە خۆی و بە جوانترین شێوە گوزارشت لەو زوو كاردانەوە و شڵەژانە دەروونییە دەكات و دەڵێت: (دڵم تەنگ و زمانم گۆناكات؛ ڕاسپێرە بۆ لای هاروون، یان تەنگەنەفەس و سینەنەنگیش ببم و زمانم پاراونەبێت، بەڵكو پەیام بۆ هاروونی برایشم بنێرێت -تا هاوكاریمبكات و یاریدەدەرم بێت-)

---

١ بڕوانە: ابن كثیر في البدایة والنهایة، مرجع سابق، (٧٣٦/٢)، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە كە تابلۆ و وێنە گرفتی نەبووە تەنانەت لە لای ئیبن كەثیر كە خۆی قوتابیی ئیبن تەیمیەیش بووە. وەرگێڕ

٢ واتە چاوێک كە زۆر بڕبكات و لە دوورەوە شتان ببینێت، وا مەشهوورە هەر كەس چاوی بچووک، یان بەقووڵاچووبێت زۆر بڕدەكات شتهایەكی زۆر دەبینێت.

[الشعراء: ١٣]. بەڵام هەر ئەم تایبەتمەندییە وایلێکرد لە ڕووی عاتیفەوە بەهێز بێت و بەرگەی ئەو ستەم و زۆرداری و شیرک و بێئەرزشییەی فیرعەون و دارودەستەکەی نەگرێت. قورئان بە دوورودرێژی لە سورەتی کەهفدا باسی ئەم سیفەتەمان بۆ دەکات، وەکو دەفەرموێت: (جارێک موسا بە لاوی بەردەستی خۆی گوت: من لێبڕاوم سەفەربکەم تا دەگەمە جەمسەری هەردوو دەریاکان؛ یان لەوێیش وێوەتر بچم. وەختێک گەیینە ئەو جەمسەرە، ماساوەکەیان لەبیرکرد؛ ئەویش بە هەڵبزۆقینێ خۆی گەیاندەوە دەریاکە، کە دەربازبوون موسا بە بەردەستەکەی گوت: لەو سەفەرە زۆر شەکەت بووین، کانێ تاشتیا مە، وەرێنە. گوتی: ئەوسا کە لە پەنا بەردەکەدا دەساینەوە، دیتت چلۆن من ماساوەکەم لەبیرچوو؟ دیارە شەیتان نەیهێشت وەبیرمبێتەوە. ئەمیش وەکو شتی سەمەرە ڕێگەی دەریای گرتەبەرێ. گوتی: ئێمەیش هەر شتێکی وامان دەویست. ئیتر بە شۆپی خۆیاندا بە چاوگێڕان گەڕانەوە. ئەوسا توشیانهات بە توشی عەبدێک لە عەبدانی ئێمە کە بەر بەزەیی خۆن خستبوو زانیارییشمان لە خۆمانەوە پێدابوو. موسا پێیگوت: ئاخۆ دەتوانم دواتبکەوم و لەو زانستەی فێرکراویت منیش وەکو خۆت ڕابێنیت؟ گوتی: تۆ هەرگیز ناتانی دەگەڵ مندا دەریبەری. نەمازە ئەگەر ئاگاداری کاریش نەبیت، چۆن دەردەبەیت؟ گوتی: ئەگەر خودا حەزبکات بە خۆڕاگرم دەبینی و هیچ نافەرمانییەکت ناکەم. گوتی: ئەگەر شوێنمکەوتیت، هیچ شتێکم لێمەپرسە هەتا بۆ خۆم لە بارەی باست بۆ دەکەم. سا ڕۆیشتن تا هەردوو سواری گەمیە بوون؛ کونیتێکرد. گوتی: هەر بۆیە کونتکرد خەڵکەکەی لە ئاودا نقومبکەیت؟ کارێکی ناشیرینت کرد. گوتی: ئاخر بە تۆم نەگوت تۆ ناتوانیت لەگەڵ مندا خۆڕابگریت؟ گوتی: لەمەی لەبیرمچوو لێمببورە و گەلێکم سەخت لێمەگرە. وەڕێکەوتن، توشی کوڕیژگەیەک هاتن، کوشتی. گوتی: چۆن

گیانی پاکت زایەکرد کە بەبێ ئەوەی کەسی کوشتبێت؟ کارێکی زۆر نابەجێت کرد. گوتی: نەمگوت ناتوانیت لەگەڵ مندا هەڵبکەیت؟ گوتی: ئەگەر پاش ئەم جارە هیچ شتێکم لە تۆ پرسی، هاوڕێم مەبە و هیچ گلەییشت لێناکەم. دیسان ڕۆیین، هەتا گەیینە خەڵکی شارێ. زەوادیان لێداواکردن؛ ڕازینەبوون ڕایانبگرن. دیوارێکیان لەوێندەرێ چاوپێکەوت، خەریک بوو بەلادادەهات؛ ڕاستیکردەوە. گوتی: ئەگەر بتویستبا کرای ئەم کارەت وەردەگرت. گوتی: ئەوا لە یەکتر جیادەبینەوە؛ وا ئێستەکێ نهێنیی ئەو ڕووداوانەت بۆ باسدەکەم، کە نەتدەتوانی خۆبگریت) [الکهف: ٦٠-٧٩]. خودا فەرمانیکرد لەو شوێنەی کە دوو دەریاکە یەکدەگرن چاوی بە خزری زیندە بکەوێت؛ بۆئەوەی لێیەوە هەندێک زانستی ڕۆحانی و لەدوننی فێرببێت، بەڵام ئەو سیفەتی کاردانەوە و هەڵچوونەی وایکرد ئارامنەگرێت لە سەر ئەوەی بە چاوی خۆی ئەو هەموو کارانەی لە ڕواڵەتدا تاوان و گوناهن و لە ناوەوە و باتیندا سۆز و میهرن ببینێت، وەکو کونکردنی کەشتییەکە و کوشتنی منداڵەکە و ڕاستکردنەوەی ئەو دیوارەی خەریک بوو بەلادادەهات و خەڵکەکەی خراپهی‌شیان دەرهەق کردن. نەیتوانی جڵەوی عاتیفەی خۆی بکات، سەرباری ئەوەی خزر ئاگاداریشیکردەوە و پێیگوت کە ئارامبگرێت لە سەر ئەوەی کە دیویەتی، هەتا ئاشناییکات بەو پاڵنەرە خێرانەی کە کردوویەتی.

کاتێک خودا بە دارشتن و بەڕێوەبردنی خۆی ئەو دوو سیفەتە جەستەیی و دەروونییە لە موسادا (دروودی خوای لێبێت) کۆکردووەتەوە، بۆ ئەوە بووە بە سەربڵدانە و عیززەتی خودا و بڕواداران و لۆژیک و فەرمایشتێک کە کەس دەرەقەتینایەت، ڕووبەڕووی ستەم و زۆرداریی فیرعەون ببێتەوە. ئەدی کێ هەس جگە لە موسا کە بە هێز و نەبەردی و عاتیفە جۆشخواردووەکەی بتوانێت بە ڕووی فیرعەوندا بوەستێتەوە

و دەمکوتیبکات؟ قورئانی پیرۆزیش لە سورەتی شوعەرا ئەو گفتوگۆ ناوازەیەمان بۆ دەگوازێتەوە، کە لە نێوان فیرعەون و موسا ڕوویداوە: ([فیرعەون] گوتی: تۆ هەر منداڵەکە نەبوویت کە ئێمە پەروەردەمانکردیت و چەند ساڵێکیش لە ناومان مایت؟ ئەو کارەیشت کرد کە کردت؛ دیارە ئەتۆ لە ڕیزەی ناسوپاسانی. گوتی: ئەو کات کە ئەوەم لە دەست قەوما لە گومڕایان بووم. لە ترسی ئێوە بازمدا؛ دوایە پەروەرندەی من، لەکارزانی پێبەخشیم و منی خستە ڕیزەی پێغەمبەرانەوە. تۆ منەتی ئەو چاکەیەم لە سەر دەنێیت، کە تۆرەمەی ئیسرائیلت -هەموو- کردووەتە عەبدی خۆت؟) [الشعراء: ١٨-٢٢]. فیرعەون ویستی لە بەردەم هەمواندا موسا شەرمەزار و دەستەوسانبکات و ئەو هەستەی لە لا دروستبکات کە ئەو بە سەرپێچی فیرعەون و کوشتنی کاورا میسرییەکە، پەروەردەکردنەکەی ناو کۆشکی لەبەرچاونەگرتووە و نکۆڵی لێکردووە و گوتی: (گوتی: تۆ هەر منداڵەکە نەبوویت کە ئێمە پەروەردەمانکردیت و چەند ساڵێکیش لە ناومان مایت؟ ئەو کارەیشت کرد کە کردت؛ دیارە ئەتۆ لە ڕیزەی ناسوپاسانی) [الشعراء: ١٨-١٩]. سەرنج لە قسەکەی بدە کە دەڵێت: (ئەو کارەیشت کرد کە کردت)، بۆ گەورەکردن و قەبەکردنی جۆری ڕەفتارەکەی. دواتر موسا دانینا بەو هەڵەیەی دەرهەق بە کابرای میسر کردی و کوشتبووی، بۆئەوەی ئەو دەرگایە دابخات: (گوتی: ئەو کات کە ئەوەم لە دەست قەوما لە گومڕایان بووم)، دوای ئەوە ڕەتدانەوەیەکی دەمکوتکەری وەهای دایەوە، کە فیرعەون جگە لە دەمەدەمێ هیچی تری لەدەستنەهات. موسا گوتی: (تۆ منەتی ئەو چاکەیەم لە سەر دەنێیت، کە تۆرەمەی ئیسرائیلت -هەموو- کردووەتە عەبدی خۆت؟) واتە؛ پەروەردەکردنی من لە کۆشکەکەتدا بە پاڵنەری ئەوە نەبووە کە چاکە دەرهەق بە بەنی ئیسرائیل بکەیت، بەڵکو بە هۆی ستەم و

کوشتنی نەوەکانیانەوە بووە. لێرەدا عاتیفە جۆشخوراوەکەی موسا لەگەڵ زیرەکییە بۆماوەییەکەیدا کارلێکیکرد، هەتا بتوانێت وەها ڕەدێکی دەمکوتکەری بداتەوە.

وەکو پێشتر سەبارەت بە سیفاتە جەستەییەکانی پێغەمبەران دواین، قورئانی پیرۆز بە وەحییە ئاسان و ئیعجازە ڕەوانبێژییەکەی هەموو ئەو چیرۆکانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە سورەتی قەصەصدا ئایەتی (١٥) ئەوە دەخوێنینەوە کە موسا (دروودی خوای لێبێت) خۆی پێڕاگیرنەکرا بابایەکی میسری هێرشبکاتە سەر ئیسرائیلییەک، بۆیە یەک شەپازلەی توندی بە میسرییەکەدا کێشا و تەختی زەوی کرد و کوشتی. وشەی (الوکزة)یش وەکو هەموو ڕاڤیارانی قورئان باسیانکردووە لێدانە بە هەموو هێزی دەستت وەکو ئەوەی بۆکسێنەرەکانی ئەم سەردەمە دەیکەن. لەم چەرخەی ئێستادا نەماندیوە و نەمانبیستووە بۆکسێنەرێک هەر لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەیان بە یەک بۆکس خەپەخڕە لە نەیارەکەی بخات، تەنانەت با ئەو کەسە محەمەد عەلی کلایش بێت! ئەوەیش بەڵگەی بەهێزیی لەڕادەبەدەری موسامان پیشاندەدات.

موسا (دروودی خوای لێبێت) پەشیمانی دەربڕی و داوای لێخۆشبوونی لە خودا کرد، بەڵام لە ڕۆژی دواتردا کابرای ئیسرائیلی پەنای بۆ برد لە دژی میسرییەکە، هێندە عاتیفە بۆماوەییەکەی گڕیگرتبوو بیریچووبوو دوێنێ پەشیمانی دەربڕیوە. لەو ئایەتانەی سورەتی قەصەصدا بە ڕوونی لە بارەی ئەم دوو تایبەتمەندییەوە دەدوێت، هێزی لەڕادەبەدەر و عاتیفەیەکی بێسەروحساب.

دەسا با بیر لە دانستی خودا بکەینەوە کە چۆن ئەم لایەنە بۆماوەییانەی بە موسا (دروودی خوای لێبێت) بەخشیوە. ژینگەی میسر لەو دەمەدا کاریگەر بوو بە دەسەڵاتی فیرعەونەکان، لە وەها ژیارێکیشدا

جگە لە کەسێکی بەسام و هەیبەت و دلێر کە خەڵکی بتۆقێنێت، هیچ کەس سەرکەوتوونەدەبوو. هەر ئەمەیشە بە شێوەیەکی تایبەت بە سەر بەنی ئیسرائیلدا جێبەجێدەبێت. ئەوان وەکو ئەوەی قورئان لە چەندین شوێندا باسیاندەکات، گەلێکن لە سەر کلۆڵی و داماویی و سەرکزی و ژێردەستەیی دەسەڵاتداران ڕاهاتوون، دڵیان بە بتپەرستیی میسرییەکان گۆشبووە، بایەخەکانیان لە چەند داخوازییەکی ماددیی وەکو خواردن و خواردنەوە و پاڵلێدانەوە و (الدعة) دەستگرتن بە کڵاوەکەی (إيثار السلامة) خۆیانەوە قەتیسبووە.

خودا ویستی بە هۆی ئەو موعجیزەیەی بە موسای (درووودی خوای لێبێت) بەخشیوە بۆئەوەی خۆیان بۆ پەرستش یەکلاییبکەنەوە؛ گەزۆ و مەلی شێڵقە و ئاوی زۆریان دەرخواردبدات، بە موسایان گوت: (ئەو دەمەیشتان لەبیربێت کە گوتتان: موسا، ئێمە بە یەک جۆرە خۆراک هەدانادەین؛ لە پەروەرندەت بخوازە لەوەی زەوی دەیڕوێنێت، وەکو سەوزەوات و خەیار و نیسک و سیر و پیواز، بۆمان بەرهەمبێنێت. گوتی: ئێوە خراپ بە چاک دەگۆڕنەوە؟ سەربەرەژێر بچنە شارێک دڵخوازی ئێوە لەوێیە، بەڵام چونکە لە نیشانانی خودا حاشایاندەکرد، هەر لە ناهەق پێغەمبەرەکانیان دەکوشت، یاغیبوون و ملیان لە دەستدرێژی دەنا، وەبەر غەزەبی خودا کەوتن و چارەڕەشی و زەبوونییان بۆ بڕیاردرا) [البقرة: ٦١]. موسا ویستی هانیانبدات کە زەوییە پیرۆزەکەیان ڕزگاربکەن، پێیانگوت: (خۆت و پەروەرندەت بچن دەگژیان ڕابچن و چاریانبکەن؛ ئەوا ئێمە لێرە دانیشتووین و چاوەنۆڕین) [المائدة: ٢٤]. لەبەرئەوە پاش ئەوەی موسا (درووودی خوای لێبێت) ماوەی ژوانی کە ٤٠ شەو بوو تەواوکرد، ئەوەیش دوای ئەوە بوو کە ئیسرائیلییەکان بە چاوی خۆیان موعجیزەی هەرە بەرزیان لە موسا (درووودی خوای لێبێت) دیت، کە

دەریاکەی کرد بە دوو کەرتەوە و ئاژدادوئابابایانی ڕزگارکرد، فیرعەون و دارودەستەکەی نغرۆبوون و خنکان، دواتر داوای لە هاروونی برای کرد کە ببیتە جێگەداری و بە شوێن چاکەکاراندا بڕوات، وەلێ هاروون وەکو موسای (دروودی خوای لێبێت) برای نەبوو. لەوەیشە لە ڕووی جەستەییەوە هێندەی موسا (دروودی خوای لێبێت) نە بەهێز و قەڵافەت بووبێت و نە کەسایەتییەکی وەها بەسام و سەرکردەیی ئەوتۆی هەبووبێت، کە دارای هێزی عاتیفە و توند بێت لە کاردانەوەدا. بۆیە ئیسرائیلییەکان بە سووک تەماشای هاروونیان دەکرد، ئەو دەمەی نەهیلێکردن گوێلەمستی سەرۆکەکەیان بن کە سامرییە و بۆ کوفر و بێباوەڕی و پەرستنی گوێرەکەیەک بانگیاندەکات کە بە خشڵ و زێڕی ژنەکانیان دروستیانکردووە، بۆیە هەڕەشەی کوشتنیشیان لێکرد.

ئایەتە پیرۆزەکانی سورەتی ئەعراف و تاها ئەم دیمەنانەمان بۆ بەیاندەکات و بە ڕوونی ئەو جیاوازییە دەخاتەڕوو، کە لە نێوان موسا و براکەیدا (دروودی خوای لێبێت) هەیە، سەربارى ئەوەی کە گومانی تێدا نییە وەکو برا لە ڕووی بایەلۆژییەوە خاڵی لێکچوونیشیان هەبێت. دانستی خودا دەرخەری ئەو بۆماوەییە کاریگەرییە ژینگەییەی تێدا ژیابوو لە موسادا (دروودی خوای لێبێت) ڕەنگیدابوویەوە، هەتا وایلێهات خۆی گورجکردەوە و عاتیفەیشی فڕی و بوو بە سەرمەشقێکی گوێلێگیراو لە ناو قەومەکەیدا.

قورئان ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە خودا لە تابلۆ پیرۆزەکاندا چەند مۆچیارییەک کە لە تەوراتدا هاتووە؛ بۆ موسا (دروودی خوای لێبێت) نووسیوە، وەلێ خودای پاک و چاک هەواڵی بە موسا (دروودی خوای لێبێت) دا، کە سامیری قەومەکەی بە فەتارەتدا بردووە و گوێرەکەیان پێدەپەرستێت. شایەت خودا بیەوێت ئەو گورزە دەروونییە لە سەر

موسا (دروودی خوای لێبێت) سووکبکات، بۆئەوەی هەر گاهـ گەڕایەوە کن قەومەکەی توشی پەڕجوو نەبێت و لە ناکاو نەکەوێت بە سەر وەزعەکەدا و بیانبینێت چەمیونەتەوە و گوێرەکە دەپەرستن، بەڵام هەی هوو! عاتیفەی توندەمارانەی موسا (دروودی خوای لێبێت) دوو وروژان و هەڵچوونی تێدا کۆبووەتەوە، کە تورەیی و هەناسەساردییە (الأسف)، سەرباری ئەوەی لە ڕێگەی وەحیی خوداوە پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە سامیری چ بەڵایەکی توشکردوون، وەلێ هەر کە بە چاوی خۆی ئەو دیمەنەی دیت؛ خۆی پێڕانەگیرا و هەتا دەستی بیگرێت تابلۆکانە فڕێدا و هێرشیهێنا بۆ هاروونی برای و هەموو بەرپرسیارێتییەکەی خستەسەر شانی وی، توند سەر و ڕیشی گرت و ڕایکێشا، ئەگەر ئەو سیلەی ڕەحم و بەزەییەی نەبا بۆ براکەی، هیچ شتێک لە دەستی قوتارینەدەکرد، دەسودەم وازی لە براکەی هێنا و بەو قەڵافەت و جەستە تێکسمڕاوە و بە سیمایەکی تورەیی و ترسناک و بە دەنگێکی سامناکەوە، ڕوویکردە سامیری، دەبێت سامیری چەندە ترسابێت! کە پێش هاتنەوەی موسا (دروودی خوای لێبێت) خۆی بە سەرمەشقی گوێلێگیراو دەزانی و ئیسرائیلییەکان هاندەدا گوێرەکە بپەرستن و هەڕەشەی کوشتنیشی لە هاروون دەکرد ئەگەر بەگوێیاننەکات. لێرەکانە دانست و حیکمەتی خودا لە بەدیهێنانی سیفاتە جەستەیی و عاتیفییەکانی موسا (دروودی خوای لێبێت)، تەجەللادەکات و دەدرەوشێتەوە.

ئیسرائیلییەکان گەورەکەیان لە دۆخێکی شەرمهێندا بینی، کە بینییان موسا (دروودی خوای لێبێت) ئەو گوێرەکەی دەیانپەرست و خۆیان بۆ دەچەماندەوە، سووتاندی و هەپرون هەپرونیکرد و فڕێیدایە ناو دەریاوە، بەمەیش ئاژاوەی سامیری کۆتاییهات و دانستی خودا لە هەڵبژاردنی بۆماوەیی و ژینگەی پێویستی موسا (دروودی خوای لێبێت) دەرکەوت،

هەتاوەکو ئەو بەرپرسیارێتییەی وەکو پێغەمبەرێک کە خودا پێیسپاردووە و هەر بۆ خۆیشی دروستیکردووە، بە جوانترین شێوە ئەنجامیبدات. ئەگەر دەتەوێت بە دوورودرێژی چیرۆک و سەرگوزەشتەکەی لە هەردوو سورەتی پیرۆزی ئەعراف و تاهادا، وەخوێنەوە.

بێگومان سەرنجدانمان سەبارەت بە ڕەگی بۆماوەیی کە خودا لە پێغەمبەرێکی دیاریکراودا و بە شێوەیەکی دیاریکراو دەیچێنێت، بۆئەوەی لە ناو گەلەکەیدا بە ئەرکی بانگەواز هەستێت، ناکاتە ئەوەی لە گشت لایەنەکانی ژیانی مرۆڤێتییەوە بۆ ئەو پێغەمبەرە ستایشکراو و بەسوود بێت؛ چونکە لەوەیە ئەم لایەنە عاتیفییەی موسا (دروودی خوای لێبێت) لە ژیانی ڕۆژانەیدا وەکو مرۆڤ؛ هۆکاری هەندێک گرفت و سەرئێشە بووبێت، بەڵام خودای مەزن لەبەر کارێکی گەورە ئەم تایبەتمەندییەی بۆ ئیختیارکردووە، کە پێشتر ڕوونمانکردەوە، بە هۆی ئەو تایبەتمەندییەیشەوە کە خودا لە بونیاتە مرۆڤێتییەکەیدا چاندوویەتی، لەو کارانەیشی خۆشدەبێت کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا توشیهاتووە، شایەت پاداشتێکی گەورەیشی پێڕەوابیبنێت. بۆیە لە کوشتنی کابرا میسرییەکەدا لێی خۆش بوو، هەر کاتێکیش جڵەوی لایەنە عاتیفییەکەی بۆ نەکرابا و لاوازبا؛ خودا بە سۆز و میهرەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد و دەلاواندەوە.

لەم بابەتەدا بەراوردی موسا (دروودی خوای لێبێت) بکە دەگەڵ پێغەمبەری خودا محەمەد (دروودی خوای لێبێت). ئەوەی کە باسمانکرد خودا بە موسای بەخشیبوو، چونکە گرنگی هەبوو و هاوکات دۆخەکەیش وایدەخوازی. دانستی خودا داخوازی هەڵبژاردنی ژینگە و بۆماوەییە بۆ هەر پێغەمبەرێک، بۆئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندییە سنووردارەکەی قەومەکەیدا بگونجێت، وەلێ پێغەمبەرمان محەمەد (دروودی خوای لێبێت) بۆ سەرجەم گرۆهی سەر گێتی نێردراوە لە ئینسان و جنۆکە.

خودا پلەوپایەیەکی پێبەخشیوە، کە نە هیچ پێغەمبەرێکی نزیککراوە و نە هیچ فریشتەیەکی ڕێزلێگیراو لێینزیکنابنەوە، بە باشترین شێوە تەربیەتدراوە، نێردراوە بۆئەوەی ئەخلاق و ڕەفتارە بەرزەکان تەواوبکات و ببێتە کۆتا خشتی بینای پێغەمبەرێتی، توانستێکی سەیری لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئینسان و جنۆکەدا پێبەخشیوە، سەرباری جیاوازیی ژیار و دابونەریتیشیان، هەر کە گازیان لێدەکات دەسودەم دێن بە دەم بانگەوازەکەیەوە و پۆل پۆل دەچنە ڕیزی ئایینەکەیەوە.

ئەم پلە دەگمەنە کە هیچ پێغەمبەر و فریشتەیەک بە لایشیدا نارۆن، بە پێغەمبەر محەمەد (درورودی خوای لێبێت) بەخشراوە و بۆی دابەزیوە، کە بەرپرسیارێتییەکی زۆر قورسە و تاقیکردنەوەیەکی دژوارە. لەبەرئەوەیە دەبینین لە قورئاندا پلەی ئەوی بە سەر هەموو پێغەمبەراندا بەرزترکردووەتەوە. لە هەندێک بابەت و هەڵوێستدا سەرکۆنەیکردووە کە لەوەیە بۆ پێغەمبەرانی دی –وەکو گوتمان– چاوپۆشی لێکرابێت، چونکە خودا فەزڵی هەندێک پێغەمبەری داوە بە سەر هەندیکی دیکەدا، وەکو دەفەرموێت: (ئێمە لە ناو پێغەمبەرانی خۆماندا هێندێکیانمان لە هێندێکان بەرێزتر گرت؛ جا لەواندا هیی وا هەبووە کە خودا ئەوی دواندووە؛ پلەوپایەی بڕێکیشی بردووەتەسەر. چەند نیشانەمان بە عیسای کوڕی مەریەم دا؛ بە گیانی پیرۆزی خۆیشمان یاریدەماندا. ئەم خەڵکانە لە دوای ئەمەی ئەو گشت پێغەمبەرە هاتن، سەرەڕای ئەو نیشانانەی بۆ ئەوان هات –ئەگەر خودا مەیلی لێبا– شەڕی یەکتریان نەدەکرد؛ بەڵام ئەوان لە ناو خۆدا پێکنەهاتن؛ بازێک بوونە خاوەن_باوەڕ، بازێکی تر کەوتنەسەر باری خوانەناسی. ئەگەر خودا مەیلی لێبا، نەیدەهێشت دەگژ یەک ڕاچن؛ بەڵام خودا بە خواستی خۆی کاران دەکات) [البقرة: ٢٥٣].

ئەوە موسایە و گشت ئەو تابلۆ پیرۆزانەی خودا بۆ خۆی لە سەری

نووسیوە فڕێدەدات، ئامادە نییە گوێ لە خدری زیندە بگرێت سەرباری ئەوەی چەندین جار لێیپاتدەکاتەوە کە وس/بێدەنگ بێت، لەگەڵ ئەوەیش کە خودا فەرمانیپێکردووە لێیەوە فێرببێت، کەچی لە دوای ئەم هەمگە شتە خودا نەک سەرکۆنە و سەرزەنشتیناکات، بەڵکو لە کارە ناسروشتییەکانیشی خۆشدەبێت، کەچی لە بەرانبەر ئەوەدا کە سورەتی (عبس) دەخوێنینەوە، دەبینین خودای مەزن سەرکۆنەی دۆست و خۆشەویستی خۆی دەکات تەنها لەبەرئەوەی ڕووی پیرۆزی لە هەمبەر عەبدوڵڵای کوڕی ئوم مەکتومی نابینادا گرژکردووە، کە چەندین جار کۆڵینەدا و داوایکرد ئەوەی خودا فێریکردووە ئەویش فێربکات، لە کاتێکدا پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) سەرقاڵی قسەکردن و گفتوگۆیە لەگەڵ سەرانی قوڕەیش بە هومێدی ئەوەی مسوڵمان بن و هیدایەت وەربگرن. ئوم مەکتوم لە داخوازییەکەیدا ڕەچاوی کاتی گونجاو و بارودۆخی گونجاوی نەکرد، بەڵکو هەر بە بەردەوامی قسەی بە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) دەبڕی و دەیویست وەڵامی وی بداتەوە، ئیدی ئەم ڕەفتارەی تەنگی بە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) هەڵچنی و پشتی لێکرد و ڕووی گرژکرد، خودایش بە هۆی گۆڕینی جوانی و نیانییەکانی ڕوویەوە لە هەمبەر نابینایەک کە ئەو ڕووگرژییە نابینێت، گلەیی لێکرد و سەرکۆنەیکردا! وەکو خودا دەفەرموێت: (گرژ بوو، ڕوویشی وەرگێڕا! کە بێچاوەکە/نابینا هاتەلای. تۆ چوزانیت بەشکە ویستی پاکبێتەوە، یان پەند بگرێت و ئەو پەندە بەهرەی پێبدا، کەچی ئەوی خۆی بێنیاز دەزانێت، هەر بەوەوە خجڵدەبێت. ئەگەر پاکیشنەبێتەوە، گوناهێ لە سەر تۆ نییە، بەڵام کەسێک بە هەڵەداوان دێتەلات، هەر ئەویشە ترسی هەیە، تۆ خۆتی لێدەخافڵێنیت. قەت وا مەکە، چونکە ئەم نیشانانە پەندن. کێ حەزبکات ئامۆژگاری لێوەردەگرێت) [عبس: ١-١٣].

بەم هێندەیە دەوەستین سەبارەت بە دانستی خودا لە گەورەکردن و پێگەیاندنی موسا (دروودی خوای لێبێت). لە خودا دەپاڕێینەوە سوپاسگوزاریی خۆیمان لە سەر ئەو نیعمەت و بەخششە بەرزانەی تیایدا چاندووین و ئێمەیش لە دایک و باوکمانەوە بۆمان ماوەتەوە لە ژینگەکەماندا چێژمان لێبینیوە پێببەخشێت، هەر بەڵا و دەردیسەری و ناهەمواریییەک دێتەڕێمان، یارمەتیمانبدات و بە هەستکردن بە دانستی خۆ؛ تێیبپەڕێنین.

# بەشی حەوتەم

## تێڕامانگەلێک لە بارەی وردەکاریی دانایی خوداوە لە بەڕێوەبردنی ژینگە و بۆماوەیی پێغەمبەر یوسف (دروودی خوای لێبێت)

سەرنجدەر لە دانستی خودای مەزن لە چۆنیەتیی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی یوسف (دروودی خوای لێبێت)، ئاتاجی بە کۆکردنەوەی سەرجەم سورەتە جیاجیاکانی قورئانی پیرۆز نییە، بۆئەوەی زانیاریی پێویست لە سەر کەسایەتی جەمبکات؛ لەبەرئەوەی هەمووی لە تاقە سورەتێکدا بە ناوی یوسفەوە کۆکراوەتەوە، کە لە لای توێژەرانی دەروونناسیی ئیسلامی و لێکۆڵەرانی مەیدانی دەروونناسیی نەست و ڕۆحانی بە تایبەتی بە گرنگترین سورەتی قورئانی پیرۆز لەقەڵەمدەدرێت. ئەم سورەتە پیرۆزە جەخت لە بابەتی خەوی ئاڵۆز و (الأحلام المنامية) خەوی دروست (الرؤيا)[١]

١ لە زۆر شوێنی ئەم باسەدا؛ نووسەر ئاماژەی بە زاراوەی (الأحلام المنامية و رؤيا) کردووە، کە لە حەقیقەتدا حلم و رؤيا؛ جیاوازن لە یەکتری، بەوەی حلم/خەونە لە شەیتانەوەیە وەکو خودایش فەرمووی (أضغاث أحلام)، بەڵام بۆ رؤيا ئەوەی نەفەرمووە؛ بۆیە ئەمەمان بە خەونی ئاڵۆز و رؤيا بە خەوی دروست، لێکداوەتەوە و وەرمانگێڕاوە، چونکە هەردەم حلم لە شەیتانەوەیە و رؤیایش لە خوداوەیە، وەکو ئەوەی یوسف (د. خ). بۆیە هەر کات گوتمان خەوی ئاڵۆز مەبەستمان حلمە و گوتیشمان خەوی دروست رؤیایە. یان دەکرێت بڵێین خەوی ناباش و باش. وەرگێڕ

و تەفسیرە ڕۆحی و ڕەمزی و غەیرە ڕەمزییەکان دەکاتەوە، سورەتەکە بە شێوەیەکی کورت و پوخت ئاماژە بە لایەنە ڕۆحییەکانی دیکە دەکات، وەکو ئیلهام و پەیوەندیی ئەودیو هەست، یان نەست وەکو تێلپاسی[1] (التخاطر). هاوکات باس لە کاریگەریی چاو و نەخۆشییەکانی دەروون ـ جەستەیی (النفسجسمیة) دەکات، واتە ئەو نەخۆشییە جەستەییانەی بە هۆی هەڵچوونێکی زۆری پەنگخواردوەوە توشی مرۆڤ دەبێت.

دەسا با لە خەو و خەواندن و ئەو بەهەرەیەیشی پەیوەستە بە یوسف پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێبێت) لە ڕووی لێکدانەوەی خەونەکانەوە دەستپێبکەین، ئەمە بابەتی بنەڕەتی سورەتەکەیە؛ چونکە بە ڕاستی ئەمە سورەتی خەو و ئەحلامە، وەکو ئەوەی هەندێک ناوی سورەتی خەویان لێناوە. سورەتەکە بەو خەوەی یوسف (دروودی خوای لێبێت) دەستپێدەکات کە لە تافی منداڵیدا دیویەتی، لێکدانەوەی خەوەکەیشی لە تەمەنی پیریدا کۆتاییهات، ئەویش دوای ئەوەی گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی دەگێڕێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی هەندێک سەرنجی ڕۆحیی خۆمان لە سەر بابەتەکە بخەینەڕوو، باشترە باس لە گۆشەنیگای دەروونناسیی نوێ بکەین بۆ خەواندن بە شێوەیەکی گشتی و خەوە پێشبینیکراوەکان بە شێوەیەکی تایبەتی. داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم، کە ئەگەر درێژدادڕیم لەم پێشەکییەدا کردبێت، تەنێ لەبەر گرنگیی بابەتەکە بووە بۆ فێرخوازان و لێکۆڵەرانی دەروونناسیی نوێ و مەترسیی ئەو سەرچاوە خۆرئاواییانەی هەم بە فیکر و دنیابینی پێشکەشمانیدەکەن، کە تیایدا زانستی ئەزموونی دروست لەگەڵ ئەو فیکر و دنیابینییە تێکەڵدەکەن کە نە ئایین و نە عەقڵ پشتی پێنابەستیت. هەوڵدەدەین خستنەڕووەکەمان سادەبکەینەوە بۆئەوەی ئەو فێرخواز و خوێنەرە ناپسپۆڕانەی دەروونناسیمان سوودی لێببینن.

---

١ لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا لە پەرازوێزی باسی (بۆماوەیی ڕۆحی)دا، باسمانلێکردووە. وەرگێڕ

**بەشداریی لێکۆڵینەوە دەماری و دەروونییە ئەزموونییەکان لە مەیدانی خەوبینیندا**

لێکۆڵینەوە دەروونی و دەمارییە نوێیەکان لە میانەی بەکارهێنانی تەکنیکی ڕووپێوی مێشکییەوە؛ زۆرێک لەو چالاکییە دەمارییانەی لە کاتی خەوتن و خەوبینیندا ڕوودەدات خستوونەتەڕوو، سەرباری ئەوەی ئەمێستایشی لەگەڵ بێت زانستی نوێ بە وردەکاری نازانێت بۆچی مرۆڤ دەخەوێت و بۆچی خەودەبینێت، وەلێ دەتوانێت پەی بە قووڵایی ئەو ڕووداوانە ببات کە لە کاتی خەوتن و خەوبینیندا ڕوودەدەن. وەکو چۆن دەتوانن خەوەکانمان بۆ چەند شێوەیەک پۆلێنبکەن وەکو کابووسەکان Nightmares ترسناکیی شەو Nite terror و ئەو خەوە سەیروسەمارەنەیش کە کەسەکە لە کاتی خەوەکەیدا دەیبینێت، بەوەی ئەوەی دەیبینێت خەونە و حەقیقەت نییە Lucid dreams.

بە هۆی ئەو لێکۆڵینەوانەوە توانیمان پەی بەوە ببەین کە کاتێک کەسی خەوتوو خەودەبینێت چاوەکانی بە شێوەیەکی خێرا دەجووڵێت و بە چەند لەرەیەکی تایبەتی ئەوتۆ کە پێوەرەکانی چالاکیی مێشکی تۆماریدەکەن، هاوکات ئەوەیش دەزانین کە دیاردەی جووڵەی خێرای چاوەکان لە ئانی خەودا هەموو ٩٠ خولەک جارێک پاتدەبێتەوە، خەودیتن سەبارەت بە تەندروستیی مرۆڤ و گیاندارە دەروونییەکان، گەلێک سوودبەخشە، هەرگاهـ کەسەکە یان بازێک لە گیاندارانی وەکو پشیلە لەو پرۆسەی خەوتن و خەوبینینە بێبەشبکرێن بەوەی هەر کە کۆمپیوتەرەکە دەریخست خەوندەبینێت، دەسودەم خەبەریبکاتەوە، ئەوا هەرچەندە خەوەکەیشی قورس بێت/خەوقورس هەر دووچاری شڵەژانی دەروونی دەبێتەوە.

کەواتە خەو و خەودیتن یەکێکە لە بەخششەکانی خودا بۆ مرۆڤەکان هەتاوەکو گرفت و شڵەژانەکانی ژیانی ڕۆژانەی لە سەر سووکبێت. هەروەها لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان خستووتەڕوو کە خەوتن سەبارەت

بەو کەسانەی بە دەست شڵەژان و دڵخورتێ و ترسی نەخۆشی و خوتخوتەی دەروونییەوە دەناڵێنن، زۆر بەسوودە، بە تایبەت دەرهەق بەوانەی توشی ڕووداوگەلێکی وەها دەبن کە بونیاتە دەروونییەکانیان تێکدەشکێنێت وەکو ڕووداوی فڕۆکە و سووتان و لاقەکردن Post- traumatic stress disorder.

لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا زۆر بە ناڕەحەت ڕووداوە ئازاربەخشەکان لە خەونی شڵەژاوی دەروونیدا دووبارەدەبنەوە، بۆئەوەی هێندە ڕابێت لە سەر خودی ئەو ڕاهاتنە هۆکاری چارەسەرکردنی بێت، وەکو ئەوەی هەموو ئەو خەونە پاتبوانە بە ڕۆڵی چارەسەرکارێکی دەروونیی ڕەفتاریی ئەوتۆ ببینن، کە داوا لە نەخۆش بکات ئەوەی توشیهاتووە سەرلەنوێ و دووبارە ئەندێشەی بکاتەوە و خەیاڵی لێبکاتەوە ئەم خەیاڵلێکردنەوەیەیش لە ئانی هێمنی و ئارامیی دەروونی و جەستەییدا بێت؛ هەتاوەکو بە شێوەیەکی پلەبەندی کاردانەوە و هەڵچوونە زیانبەخشەکەی لە سەر سووک و ئاسانببێت.لەگەڵ ئەوەیشدا گومانی تێدا نییە بابەتی خەوتن و خەونبینین ڕۆڵێکی بەسوودی لە ژیانی عەقڵی مەعریفیماندا هەیە. خەوتن بە خەونبینینەکانیەوە یارمەتیماندەدات قوتارمانببێت لەو کارە بێسوودانەی ڕۆژانە توشماندەبن و بیراوەرمان پارێزگاری پێودەکات، هاوکات یارمەتیدەرێکی باشی کامڵکردن و پوختکردنەوەی بیر و ئاوەز و ئەو چەمکانەی کە ناتوانین لە چالاکیی ڕۆژەکانماندا بیدەین لە هەسان و نوێیبکەینەوە. هاوڕێ لەگەڵ چەسپاندنی ئەو زانیاری و کارامەییە نوێیانەی کە دەمانەوێت پارێزگارییان لێبکەین و باشتریانبکەین. لێکۆڵەران ئەوەیان دیتوەتەوە کە ئەو کەسانەی دوای ڕاهێنان لە سەر لەبەرکردن، یان کارامەیی ڕاستەوخۆ دەچنە خەوێکی قووڵەوە، نمرەی باشتر و بەرزتر بەدەستدەهێنن لەوانەی ئەو پرۆسەیە ناکەن.

## ڕەتکردنەوەی دەروونناسی سەبارەت بە لایەنی ڕۆحی و پێشبینیکردنی خەوی ناباش و باش

ئەوەی لە بارەی بەشداریی دەروونناسی و توێژینەوە دەمارییەکان لە مەیدانی خەوتن و خەوندا خستماننەڕوو، نوێنەرایەتی لایەنێکی پرشنگداری ئەم زانستانە دەکەن؛ چونکە لە سەر چەندین لێکۆڵینەوەی ماددیی ڕووت بەندن؛ هەتاوەکو ئاشنامانبکەن بەو گۆرانکارییە جەستەیی و دەمارییەی ئەوتۆ کە دەکرێت لە میانەی هەستەکانمانەوە بیانبینین، یان پاش بەکارهێنانی هەندێک پێوەری دەروونی و دەماری دەرکیانبکەین. ئەوەیش بە شێوەیەکی هەمەکی پشت بە ئەو شتە دەبەستێت کە دەکرێت بە هەستەکان تێبینیبکرێن، بەمەیش بەرجەستەی ئەو وەڵامە دەکات کە لەو پرسیارە سادانەوە سەرچاوەیانگرتووە کە دەوروخولی چۆنیەتیی چالاکیی دیاردەکانیانداوە، وەلێ وەختایەک ئەم زانستە سیکۆلارانە و ئەوانەیشی بە شوێن ئەمدا دەڕۆن لە زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان؛ هەوڵدەدات وەڵامی پرسیارە قووڵە گەورەکان بداتەوە، کە ڕاڤە و لێکدانەوەی ئامانجەکانی ئەو دیاردە و سوودە قووڵانەی کردووە و لە حیکمەتی بەدیهێنانیان لێیکۆڵیونەتەوە، ئەوا ئەودەم تەنکاوی (ضحالة)مان بۆ ڕووندەبێتەوە، بەڵکو فیکرە پەڕگیر و زیادەڕۆکەیمان بۆ نمایاندەبێت دەرهەق بە ڕەتکردنەوەی لایەنی ڕۆحی و تێکڕای ئەو شتانەی هەستەکانیش هەر لە مەعریفەوە بگرە هەتا دەکاتە پلەی خۆجلەوکردنی (التحامل) ڕوون، پەیپێنابەن و دەرکیناکەن.

ئەوانە سەرجەم ئەو گەواهی و بەڵگانە سەبارەت بە ڕاستی و دروستیی خەوە پێشبینیکراو و شارەزا ڕۆحییەکان، ڕەتدەکەنەوە کە لەلایەن سەدان کەسەوە خراونەتەڕوو، ئەوانەی بە هۆی خەوبینینەکانیانەوە بۆیان دەرکەوتووە لە داهاتوودا چی ڕوودەدات، دواتر ئەوەی بە دوورودرێژی بینیویانە کتومت ئەوە ڕوودەدات. وەها

وەسفی ئەم خەوبینینە پێشبینیکراوانەیان کردووە بەوەی درۆیەکە و دەکرێت بە (لێکۆڵینەوەی زانستی) کەشفبکرێت. یەکێک لە مەرجەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئەوان دەیانەوێت بریتییە لە دووبارەبوونەوەی خودی ڕووداوەکان بە هەمان ڕێگە، بۆئەوەی سەرنجبدەین ئایا هەمان ئەو دەرئەنجامەیە کە بابای بانگەشەکار بانگەشەیدەکات یان نا Repeatability. واتە داوا لە کەسەکە دەکەین لە ژێر چاودێریی پشکنەرێکدا لە هەمان بارودۆخدا بخەوێتەوە هەتا ببینین کە ئایا هەمان خەودەبینێتەوە! وەکو ئەوەی بینینی خەوێکی دیاریکراو لە ژێر ڕاپەڕاندن و (تصرف) ویستی ئازادیی کەسی خەوتوودا بێت! بەڵام ئەگەر کەسێک کە خەوی لێکەوتووە؛ خەوێکی سەبارەت بە کۆمەڵێک گێڕایەوە کە لە خەوەکەدا دیویەتی و دواتر کتومت ئەوەی لە خەوەکەدا دیبووی ڕوویدا، لە بەرانبەردا دەڵێن ئەمە بە ڕێککەوت (الصدفة)ی ڕووت ڕوویداوە.

وەلێ کە ناتوانن ڕەتیبکەنەوە لەبەرئەوەی خەوەکە لە کەسانی ناودار و گەورەی ئەنۆوە بینراوە، کە ناکرێت تانە لە گێڕانەوەیان بدرێت، پشتگوێیانخستووە هەتا لێکۆڵەرانی زانستی دەروونناسی بیریانبچێتەوە. لەوانە ئەو خەوەی ئابراهام لینکۆڵنی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و زانای ئەڵمانی لیڤییە. لینکۆڵن لە خەویدا ڕووداوی تیرۆرکردنەکەی خۆی دی، جەستەکەی پێچرابوو بە ئاڵای ئەمریکاوە و لە ژوورێکی دیاریکراوی کۆشکی سپیدا بە سەربارز تەوقدرابوو، خەوەکەی بۆ هەندێک لە خۆشەویستانی گێڕابوویەوە، هێندەی نەبرد کتومت ئەوەی لە خەوەکەدا دیبووی هاتەدی. هەرچی زانای ئەڵمانی ئۆتۆ لیڤییە ویستی بەڵگە بەوە بهێنێتەوە کە پەیوەندی لە نێوان خانە دەمارییەکاندا تەنها لە میانەی ئامرازە کیمیاییەکانەوە دەبێت. چەند تاقیکردنەوەیەکی بۆ سەلماندنی ئەو گریمانەیە خستەڕوو، بەڵام دواتر هەموو هەوڵە جیاجیاکانی سەرباری دووبارەکردنەوەی

به چەندین شێوە و شکڵ، شکستیهێنا تەنانەتە هێندە ناهومێد بوو، بابەتەکەی بیرچوویەوە. پاش ١٧ساڵ نائومێدی لە پڕتاو خەوێکی دی، کە تیایدا لێکدانەوەی تاقیکردنەوەیەکی ئەوتۆی بۆ ئەنجامدەدرێت کە گرفتەکەی ئەوی چارەسەرکرد، هەر کە خەبەریبوویەوە و هەنگاوەکانی تاقیکردنەوەکەی تۆمارکرد، هەر ئەو بەیانییە دەسودەم هەستا بە جێبەجێکردنی هەمان ئەو شتەی کە لە خەوەکەیدا دیبووی و بوو بە بەڵگەی دروستی گریمانەکەی، بە هۆی ئەو دۆزینەوەیەوە ساڵی (١٩٣٨ع) خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت. لەوەیە زۆرێک لە زانایان هەمان ئەو خەوەیان دیبێت، بەڵام فەزڵەکەی بۆ هەوڵ و کۆششە هۆشمەندییەکەی خۆی دەگەڕاندەوە![١] زۆرێک لە زانایان و ڕۆناکبیران و هونەرمەندە ئەورووپییەکان چەندین چیرۆکی هاوشێوەیان تۆمارکردووە، کە لەم توێژینەوەیەدا شوێنی باسکردنی نییە.

تکادەکەم ئەو قسەیە دووبارەبکەمەوە، کە ئەو زانایانە -بە تایبەت توندڕەوەکانیان- پێیانوایە ئەو سەلماندنەی ملکەچی مەرج و داخوازیی زانستە ئەزموونییەکان نابێت، نە ڕاستی هەیە و نە بەهای زانستییش، وەکو ئەوەی سەلماندن لە ڕێگەی هەستەکانەوە تاکە ڕێگەی بەدەستهێنانی مەعریفە بێت. ئەوان بەو وتەیە دەستپێدەکەن کە گوایە: (ئەوەی ناکرێت لە ڕێگەی هەستەکانەوە بەڵگە لە سەر دروستییەکەی بهێنرێتەوە، زانستی نییە)، دواتر ئەو گومانە گەشەیکرد بەوەی دەگوترا: (ئەوەی ناکرێت بە هەستەکان سەلماندنەکەی بسەلمێنرێت؛ لە حەقیقەتدا هیچ بوونێکی نییە). سەرباری ئەوەیش دەبینین خودی ئەو زانایانە سەبارەت بەو تیۆر و هزرانەی، کە ناکرێت لە میانەی هەستەکانەوە

---

١ بە زۆری ئەم چیرۆک و ڕووداوانە لە نووسین و پێگە ئەلیکرتۆرنییەکاندا بڵاوکراوەتەوە، هەر بۆ نموونە، بڕوانە ئەم وتارە بە ناونیشانی: (تفسير أحلام ومنامات العلماء خيرا رأيت، دکتۆر أحمد بن حامد الغامدي (جامعة الملك سعود في الرياض)، پێگەی ڕێکخراوی: المجتمع العلمي العربي https://arsco.org/article-detail-٦٨٨-٨-٠-.

حەقیقەتەکەیان بسەلمێنرێت و هەندێکیشیان دارای بیرکردنەوەی عەقڵی و لۆژیکی دروست و چێژی ساغ (الذوق السلیم) نین، چاویان لەو مەرجانە دەپۆشن کە باسکران، ئەویش تەنها لەبەرئەوەی پشتی هزری ئیلحادی پێقایمبکات؛ وەکو تیۆرییە جنسییەکانی فرۆید لە ڕاڤەکردنی ئەو خەونانەی دواتر بە دووورودرێژی باسیدەکەین، هاوکات تیۆرەکەیشی لە بارەی ڕەفتاری جنسیی منداڵ و شیرەخۆرەکان.

لەم پێودانگەوە گەورە لێکۆڵەران و زانایانی ئەزموونی و ئەوانەیشی چەشنی ئەو پیڕەن وەکو ڕەفتارگەراکان، ڕەتی بوونی هەر لایەنێکی ڕۆحی، یان پێشبینیکراوی خەونەکان دەکەنەوە. خەو، بەڵی ئەوانەوە تەنها چەند ترپەیەکی کیمۆکارەباییە کە بە ڕێککەوتی ڕووت لە چەند شوێنێکی جیاجیای مێشکی کەسی خەوتوودا ڕوودەدەن، مێشکیش هەوڵدەدات وێنەیەکی قەبوڵکراوی ئەوتۆی پێبدات کە لەو شپرزەیی و شڵەژانە قوتاریبکات، کە ئەو یادەوەریانەی کە هیچ پەیوەندییەک لە نێواندا نییە بیانهێنێتەکایەوە. بۆ نموونە ئەگەر چەند ترپەیەکی دەماری لە هەر شوێنێکی مێشکی کەسی خەوتوودا بهەژێت، لە زەینیدا پەیوەندی بە یەکێک لە هاوڕێکانیەوە هەیە، هەر ئەوەیش لە زەیندا –بە ڕێککەوت– بەرکەوتنی لەگەڵ چالاکیی دەماریی دیکەوە دەبێت سەبارەت بە ڕووداوێکی ئەو لەگەڵ سەگە گازگرەکەیدا هەیبووە، چونکە مێشک هەردوو لایەنەکە کۆدەکاتەوە، کە لە خەودا هاوڕێکەی دەبینێت وەکو سەگ دەوەڕێت! ئیدی خەو سەبارەت بەو تیۆرە تەنێ دەرئەنجامی ئەو پرۆسە فسیۆلۆژییەی مێشکە و هیچی تر، هەموو ئەوەیش سەبارەت بە واتا یان پەیامەکەی دەگوترێت، ئەوە لە ڕیزی ئەو وەهمانەیە کە هیچ پاڵپشتێکی ڕاستەقینەیان نییە. ماددیگەراکان پێشوازی لە وەها تیۆرییەک دەکەن کە ناویانلێناوە تیۆری کارای دەستکرد؛ چونکە تەسەورێکی وەهای پێبەخشیون کە لەگەڵ بیروباوەڕە فەلسەفییە ماددییەکەیاندا

ویکدێتەوە، ئیدی بە هۆیەوە هیچ ئاتاجێکیان بە سەرفکردنی هەوڵ نییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گەورانەی لە بارەی حەقیقەتی خەوەکانە، یان بەدرۆخستنەوەی بەڵگە قەبەکانی لاینە ڕۆحییەکانی.

وەلێ ئەو تیۆرییەی کاریگەریی گەورەی لە سەر دەروونناسەکان هەیە لەلایەن فرۆیدەوە تیۆریزەکراوە؛ چونکە سەرباری ناسازی و زێدەڕۆیی لە ڕاڤە جنسییەکانی لە بارەی چالاکییەکانی مرۆڤ لە لەدایکبوونیەوە بگرە هەتا مردن، ئەوا تەسەورێکی وەهای پێشکەشکردووە کە بەڵێ بابایەکی عەوامەوە کامڵە و پێیوایە وەڵامی چەند پرسیارێکی گەورە دەداتەوە سەبارەت بە حەقیقەت و ئامانجەکانی خەو هاوکات ئەو واتا شاراوە و ڕەمزییەی کە لەئەستۆیگرتووە. نامەوێت بە درێژی باس لە تیۆرەکانی شیکاریی دەروونیی فرۆیدی بکەم، چونکە بواری ئەوەمان نییە، دەکرێت بۆ ئەو مەبەستە بگەڕێیتەوە بۆ کتێبەکەی (تفسیر الأحلام)، وەلێ لەگەڵ ئەوەیشدا خۆشحاڵم هزرەکانی دەرهەق بە خەو بۆ خوێنەران و قوتابیان بە شێوەیەکی تایبەت بخەمەڕوو؛ چونکە وەها ئەو تیۆرییانە دەخوێنن وەکو ئەوەی زانستێکە و لێیکۆڵرابێتەوە.

بینیم ئەو تیۆرە لەبەر دوو هۆکار -کاتێک فرۆید لە ئاخروئۆخری سەدەی ١٩دا ئەم تیۆرەی پێشنیازکرد و لە ساڵی (١٩٠٠ع) لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی لە بارەی ڕاڤەی خەوەکانەوە، چاپیکرد- لە لای زۆرێک لە زانایانی دەروونناسیی خۆرئاوا و گەلانی ئەورووپا پەسەندە. یەکەمیان: تیۆرەکانی فرۆید لە گونجاوترین کاتدا خرایەڕوو کە یارمەتیی فیکری ئازادیی عیلمانی و بە تایبەت شۆڕشی جنسی دەدا، کە ئەو دەم ئەورووپا پاش شکستی کەنیسە، سەرکەوت و کوتەدای بە سەردا کرد و توندئاژۆیانە بە سەریاندا زاڵ بوو و خواستی جنسی قەڵاچۆکرد. لە مێژووی کەنیسەدا کە ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە خۆیەوە بینی، دادگای پشکنین هەبوو کە بە بڕیارەکانی ڕۆحی سەدان هەزار

خەڵکی کردە قوربانی، کە زۆرینەیان ئافرەت بوون و بە تۆمەتی داوێنپیسی لەگەڵ شەیتاندا دەکوژران! لەو کاتەدا ئەورووپا ئاتاجی بە فیکرێکی ئازادیگەرای دلێر هەبوو هەتا ئەو بۆشاییەی شکست و ڕووخانی کەنیسە هێنابووەکایەوە پڕبکاتەوە. پێویستیان بە هزرێکی ئازادیخوازی بەجەرگ هەیە، کە وەکو ئایینیکی ئیلحادی نوێ بێتەکایەوە. ئیدی شیکاریی دەروونیی فرۆیدی بە پاڵپشتیی هزری فەیلەسوفە ئاتائیستەکان هاتە مەیدانەکەوە؛ هەتا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە.

هەرچی هۆکاری دووەمە: لە توانستی فرۆید سەبارەت بە دامەزراندنی تیۆرییەکانی لە سەر ئەو بیر و تەسەورانەی کە لە لای خەڵک ئاشنا و پەسەندە خۆی مەڵسداوە، بەڵام دواتر هەموو ئەو بیرکردنەوە و چەمکانەی لە لایەنە ڕۆحی و ئایینی و ئەخلاقییەکانی داماڵی و بەرگێکی عیلمانیی تینوو بە هەژمoونی خواستی جنسی بە نەست و هەستیەوە لە سەر ڕەفتاری مرۆڤێتی کرد بە بەردا. بوونی ئەو پاڵنەرانەی کاریگەری لە سەر ڕەفتاری مرۆڤ دەکات بەبێ ئەوەی هەستیپێبکات ئەوەی ناومانلێناوە زاراوەی (نەست)، بابەتێکی ئاشنا و ئاوەڵای ئەوتۆیە کە لە سەردەمەکانی زۆر پێش فرۆیددا؛ زانایان و فەیلەسوفەکان لە سەری دواون.

فرۆید ڕەزامەندی لە سەر ئەم چەمکە دەربڕی و کردیە ئەستوونێکی بنەڕەتی بۆ تیۆرییەکانی، دواتر لە هەر لایەنێکی ڕۆحی یان ئەخلاقی دایماڵی و بە تەواوی بە خواستی جنسی ڕەنگڕێژیکرد، هەتا ئەو پاڵنەرە جنسییەی لە نەستەوە سەبارەت بە بیرکردنەوەی لە ڕەهەندی هەر چالاکییەک کە مرۆڤ لە ساتی لەدایکبوونەوە هەتا مردن ئەنجامیدەدات، هەڵبقوڵێت و سەرچاوەبگرێت، تەنانەت با هیچ پەیوەندییەکیشی نە نزیک نە دوور بە چالاکیی جنسی و تەسەورەکانیەوە نەبووبێت.

فرۆید هەمان شێوازی لە ڕاڤەی خەوەکاندا ڕەچاوکرد، بڕوابوون

بەوەی خەو واتا و پەیامی بۆ بابای خەوبین تێدایە، ئەو پەیامانەیش چەندین شێوەی ڕەمزی تێدایە، کە لە ڕیزی ئەو بابەتانەیە ژیارەکانی مرۆڤایەتی بە کۆن و نوێیەوە، لە سەری هاودەنگ بوون. فرۆید هات بۆئەوەی جەخت لە دروستیی ئەو بیروباوەڕە بکاتەوە بەوەی خەو دارای پەیامی خۆی هەیە لە کن خەوبین؛ بۆئەوەی ئەم جەختکردنەوەیە وەکو سەکۆ و دەروازەیەک بێت و لە میانەیەوە دەستی بە بیرکردنەوە جنسییەکانی ڕابگات.

تێکڕای ئەو پەیامە ڕەمزییانەی خەوبین لە خەوەکەیدا دیویەتی بە یەک شت ڕاڤەدەکات، ئەویش هەوڵی خەوەکەیە بۆ بەدیهێنانی ئارەزووە جنسی و دوژمنکارییە کپکراوەکان لە نەستدا؛ چونکە ئەو دەمەی بێدار و هۆشیارە؛ ئەم خەوە لەگەڵ ئەخلاق و ئاکاری خەوبین و نموونە باڵاکانیدا یەکناگرێتەوە. فرۆید دەڵێت کاتێک کەسێک دەخەوێت هێزەکانی (خودی هۆشیاری ego) واتە هەستی تاک بە خودی خۆی و ئەوەی لە دەوروبەریدایە لاوازدەبێت، هاوکات بابای خەوتوو هەستناکات بەو پاڵنەرە ئەخلاقی و بیرکردنەوەیە لە خودە میسالی و ترسی لە سەرزەنشتکردنی ویژدانی کە (خودی باڵایە superego) هەیە، یان ئەو پاڵنەرانە بە ڕادەیەکی زۆر لاوازدەبن و ئەو خەیاڵە کپکراوانەی لە خودە ئاژەڵییەکەیدایە (id) هەڵیک دەقوازنەوە بۆئەوەی گوزارشت لە پاڵنەرە جنسی و شەڕانگێزەکانیان بکەن، بەڵام بەو پێیەی کەسی خەوتوو بە تەواوی چاودێر و ئاگای لە خۆی نییە لە سەر ئەوەی چ شتێک ناکۆک و دژە بە ئەخلاق و ئاکار و بیروباوەڕی نەک هەر ئەوەیش، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو چاودێرییەی لەدەستدەدات، ئەوا گوزارشتکردن لەو خەیاڵە جنسییەی ڕێگەی چارەسەرێکی مامناوەندی گرتووتەبەر بەوەی بە شێوەیەکی ڕەمزی لە خەوەکاندا دەربکەوێت، بە هیچ جۆرێک نە بابای خەوبین هەراساندەکات نە دوودڵییش.

به گوێرەی ئەوەی ئامانج لە سەرجەم خەوەکان بریتییە لە ڕێگەیەکی لاکولۆ بۆ گوزارشتکردن لە پاڵنەرە جنسییە نەستییەکانی، ئەوا هەموو ئەوەی خەوبین لە خەوەکانیدا دەیبینێت بە گوێرەی ئەوەی فرۆید بانگەشەی بۆ دەکات، ڕەمزێکە لە ڕەمزەکانی ئەو پاڵنەرە جنسییانە نەک شتێکی تر، بە پێی ئەم تەسەورە لادەرەیش، فرۆید لیستی ئەو شتە سادانەی داناوە، کە خەڵکی لە خەوەکانیاندا دەیانبینن، درێژە بەوەیش دەدات کە چەشنی ڕەمزگەلێکی جنسی وێناکراون. هەموو ئەو شتە ستوونی (الأسطوانى)، یان فوتێکراو، یان تێکشان (الإنسيابية)مانەی وەکو پێنووس و جگەرە و مارن، یان ئەوانەی بۆ تەقاندنی موشەکێک وەکو چەک و دەمانچە بەکاردێت، یان ئەوانەی کوندەکەنە شتەکان، یان وەکو گاسن شتەکان شەقار شەقاردەکەن، ڕەمزی نێرینەن، یان ئەندامی نێرینەی پیاون. هەموو ئەو شتانەی خڕن، یان بۆشن وەکو سندووق و ژوور و ئەو قاپوقاچاخانەی کەسەکە لە خەودا دەیبینێت، ڕەمزی ئەندامی مێینەی ئافرەتن.

فرۆید بە هەنین (تدهين) و ڕەنگڕێژکردنی جنسیی خەونەکانمانەوە نەوەستاوە؛ بەڵکو هەر بەم ڕەنگڕێژکردنە پەڕییەوە بۆ پیسکردنی ڕەفتاری منداڵ و نوێژ و پاڕانەوە پیرۆزەکانمان لەگەڵ دایک و باوک، وەکو ئەوەی فرۆید پێیوایە هەموو منداڵانی دنیا بە قۆناغێکدا تێدەپەڕن کە پێیدەگوترێت (گرێی ئۆدیپ Oedipus complex) کە تیایدا منداڵی نێرینە پەیوەندیی جنسی هۆگری دایکی کردووە و غیرە لە باوکی دەکات و بێزارە لێی. هاوکات (گرێی ڕەفتاری ئێلیکتراFeminine Oedipus attitude) کە سەبارەت بە منداڵی مێینەیە و لە بەرانبەر گرێی ئۆدیپەوەیە؛ کە پێیوایە منداڵی مێینە پەیوەستە بە باوکیەوە و غیرە لە دایکی دەکات و لێیبێزارە. فرۆید گرنگییەکی زۆری بەم گرێیە داوە کە ناوەکەی لە ئەفسانەی یۆنانییە کۆنەکانەوە وەرگرتووە، بە تایبەت

له سەرەتای نووسینەکانیەوە؛ چونکە بە هۆیەکی بنەڕەتی توشبوونی خەڵکی بە نەخۆشیی دەروونی هەژمارکردووە، هەروەها پێیوایە ئەم هەستە جنسییە منداڵییەمان هەر بە کپکراوی دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی هەستیپێبکەین، وەلێ نە لەبیردەکرێت و نە دەیشسڕێتەوە. لەبەرئەوە کاتێک کەسێک دەخەوێت و چاودێری بە سەر خۆیەوە لاوازدەبێت، ئەودەم ئەم گرێیە بە شێوەیەکی ڕەمزی لە خەویدا دەردەکەوێت، ئیدی گرنگیی دامرکاندن و کپکردنەوەی زیاددەکات ئەو کاتەی گوزارشت بێت لە هۆکارە ڕاستەقینەکانی شڵەژانی دەروونی.

یەکێک لە دەروونناسەکان نموونەیەک بۆ ئەم گومانەی فرۆید دەهێنێتەوە و دەڵێت: (ئەگەر خۆتت لە خەودا دی کە پووش و بەڵم دەرخواردی مانگایەکی شیردەر دەدەیت، ئەوا ڕەمزە بۆ دایکت، دەرخواردانی پووشیش، گوزارشتە لە هەستە جنسییە کپکراوەکانت هەر لە تاوی منداڵییەوە بەرانبەر دایکت). ئەو خوێنەرەیشی دەیەوێت زیاتر لە بارەی ئەو بابەتانە بخوێنێتەوە کە فرۆید نووسیونی، پێویستە چاوێک بخشێنێت بە سەر نووسینەکانی خۆی و قوتابییە سەرەتاییەکانیدا، کە سیخناخە لەم جۆرە شیکارییانەی دژە بە لۆژیک و فیترەتی مرۆڤ.

گشتاندن بەوەی هەموو خەوەکانمان چەند ڕەمزێکی ئەوتۆن و لە نەستماندا کپمانکردوون لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەخلاق و بەهاکانماندا نایەتەوە، گشتاندنێک لە خەوە جنسییەکانماندا دەیبینین بەوەی پێچەوانەی ئەخلاق و بەهاکانمانە بەدرۆدەخاتەوە. بۆچی لە خەوماندا چەندین خەوی شەیتانی دەبینین و تیایدا بێزراوترینی ئەو کارە حەرامکراوانە دەکەین کە خراپترینی ئەوانەی لە کۆمەڵگەدان نایکەن. ئەدی کامەسانێ ئەو هێزە چاودێرییەی ئەوتۆ کە ڕێگرە لە دیتنی وەها خەوێگەلێکی بێزراوی پاسفندە، یان ڕێگر بێت لەوەی بە ڕەمزیش گوزارشتی لێبکرێت؟

سەرباری ئەوەیش، ئەگەر وەکو فرۆید خەیاڵدەکات هەموو

خەوەکانمان بریتی بێت لە چەند ڕەمزێکی کپکراوی ناو نەستمان، ئەوا بە شێوەیەکی (سەربەست) بێبەشدەبین لە بینینی هەر شتێک کە لە ژیانی سادەماندا هەیە! بۆ نموونە ئەگەر کەسێک لە ساتی گەڕانەوەی لە کار چێڵێکی دی دەلەوەڕا، ئایا ئەمە بایی ئەوە نییە شەو چێڵێک لە خەویدا ببینێت بەبێ ئەوەی ئەو دیتنە بە هۆی هەستە جنسییە کپکراوەی بووبێت بەرانبەر دایکی؟ بە بەڵگەی زانستی ئەوە چەسپاوە کە زۆرینەی ئەو شتانەی شەو لە خەودا دەیانبینین گوزارشتە لەو ئەزموونانەی ڕۆژانە بەریاندەکەوین. ئەم دیاردەیە سوودێکی مەزنی هەیە لە گواستنەوەی بیرەوەریی چالاکییەکانی ڕۆژ و پاکتاوکردنی لەو ئەزموون و ڕووداوانەی کە گرنگ نین، پاشان گواستنەوەی لە زەینی کورتمەوداوە، یان کاتییەوە Short-term memory بۆ زەینی بەردەوام و درێژمەودا Long-Term Memory. ئایا دەکرێت لەم پێودانگەوە ئەم تیۆری جنسی کپکراوە بە سەر پزیشکێکی ڤێرتێرنەریدا جێبەجێبکەین، کە شەو و ڕۆژ سەرپەرشتیی ئاژەڵان دەکات بۆئەوەی دڵنیا بێت لە تەندروستیی چێڵەکان پێش سەربڕینیان، یان بە سەر شوانێک کە ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ مەڕوماڵاتدا دەکات؟ بە بۆنەی قسەکردنمان سەبارەت بە مانگا/چێڵ هەمان ئەو شتەی لە بەشی یەکەمدا باسمانکرد لێرەکانێ پاتیدەکەینەوە، بەوەی زانای بەناوبانگی فیزیا ئەلبێرت ئەنیشتاین لە خەوێکەوە لە لاویدا لە بارەی مانگا دیبووی کە لە تەلێکی کارەبایی ڕادەکات و لێیشیدەتەکێتەوە، بیرۆکەی تیۆری ڕێژەیی بۆ هات!

هەر بە تەنێ ئەوە نا، بەڵکو ئەو لایەنە ڕەمزییەی جنسی کە فرۆید دەیڵێت و لە میانەی چەند شتیکی سادەوە بە جنسی نەستەوەی ڕەنگرێژکردووە، ئیدی بە وشیارییەوە بێت یان نا؛ چەندین نیشانە و بەڵگەی لەخۆگرتووە، ئەوەیش لە پێناو خۆبەدوورگرتن لە باسکردنی ئەندامە جنسییەکانی جەستە کە لە لای خەڵکی ئاشنایە، خودی خۆمان

چەندین ناوی ئاژەڵان و شتگەلێک کە هیچ پەیوەندییەکی بە جنسەوە نییە، بە سەر ئەندامە جنسییەکاندا دادەبڕین، وەکو هەندێکیان وشەی (وشتر) بۆ ئەندامی مێینە بەکاردەهێنن. هەرگاهـ کەسێک ئەو ئاژەڵانە، یان ئەو شتانەی لە خەویدا بەرچاوکەوت، دواجار ئەوەی لە لا گەڵاڵەدەبێت کە لەوەیە لەم بابەتەدا لایەنێکی جنسی هەبێت و ئاتاجی بە ڕاڤەکردنی شیکاریی دەروونیی ئاڵۆز نەبێت.

لە ڕاستیدا زۆر درێژەم بە سادەکردنەوەی تیۆری فرۆید دا سەبارەت بە شیکاریی دەروونیی خەوەکان؛ چونکە تاکە شتە کە دانەرانی کتێبی دەروونناسی لە خۆرئاوادا پشتی پێدەبەستن و دەروونناسە عەرەبەکان و مسوڵمانانیش بەبێ هیچ ڕەخنە و بنکوڵکارییەک، بۆمانی دەگوازنەوە و دواتریش وەکو ئەوەی فیزیای دەروونی بێت بە قوتابییەکانمانی دەڵێنەوە. دەروونناسە خۆرئاواییەکان دوای ئەوەی ئایین و ڕۆحانیەتیان وەلانا، هیچ بژاردەیەکی دیکەیان بۆ ڕاڤەکردنی خەوەکان نەبوو جگە لە تیۆریای کاراکردنی پێکهاتن و تیۆریی فرۆید. یەکەمیان –وەکو باسمانکرد– ڕەتی هەر واتا، یان گرنگییەکی خەوەکان دەکاتەوە؛ چونکە لە خەیاڵی ئەواندا بریتییە لەو چالاکییە دەمارییانەی مێشک، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی بێواتا ڕوودەدات، وەلێ ئەم تیۆرە بە هۆی زۆریی بەڵگە لە سەر حەقیقەتی بوونی خەوە پێشبینیکراوەکان و ئەوانەیشی لەو دەچن لە دیاردە و ڕووداوەکانی ئەودیو هەست، وەکو بڵقی سەر ئاوی لێهات، ئیدی جگە لە تیۆرەکەی فرۆید نەبێت هیچی دیکەیان بەدەستەوەنەما. ئیتر هەموو تیۆرەکانی دیکەی وەکو ئەوەی یۆنغ و غەیری ئەو لە تیۆرسازەکان هێنایان، هێندەی تیۆرەکەی فرۆید پەسەند و بەناوبانگ نەبوو و هێندەی وی برەوی پێنەدەدرا.

بۆیە دەبینیت کتێبە دەروونییەکانی ئەمریکا و ئەورووپا بەبێ ڕەخنە و پلارگرتنێکی ئەوتۆ، بیرکردنەوە و تەسەوری فرۆید لە بارەی خەوەکان

دەگوازنەوە، دواتر لە بەشەکانی دیکەی خودی ئەو کتێبانەدا دەیانبینیت هێرشێکی بێڕەحمانە دەکەنەسەر هزرە شیکارییەکەی لە چارەسەری دەروونیدا، بە هۆی شکستە گەورەکەی لە بوارە پراکتیکییەکانی تردا، لەگەڵ ئەوەی لە سەر هەمان ئەو بیرکردنەوەیەیش بەندە، کە لە داڕشتنەوەی تەسەوری فرۆید لە بارەی خەوەکان پشتی پێبەستووە.

وەکو لە بەشی پێشوودا باسمانکرد، لەم ساڵانەی دواییدا ئاوابوونێکی دیار بە ئەستێرە و شیکاریی دەروونیی فرۆیدەوە بەدیدەکرێت، دوای ئەوەی چەندین توێژینەوەی کاڵوکرچ و گرێوگۆڵی زۆریان وەکو چارەسەری دەروونی بەدیارخست، کە وای لە دیرۆکنووسانی دەروونناسی کرد، چاوێک بە خەیاڵەکانی دەرهەق بە سەرکەوتنە گومانلێکراوەکانی و ئەو تیۆرییانەی نە زانستی ئەزموونی و نە لۆژیکی ساغ پاڵپشتی لێناکات بخشێننەوە، تەنانەت بابەتەکە گەیشت بە تۆمەتبارکردنی بە درۆودەلەسە و ئالوودەبوونی بە ماددەی هۆشبەری کۆکایینەوە. توێژەرێکی وەکو خانمە ثۆرنتۆن Thornton لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناونیشانی (فرۆید و ماددەی هۆشبەری کۆکایین Freud and Cocain: The Freudian Fallacy)، ئەوەی چەسپاندووە کە ئەوەی نووسیویەتی لە هەوا و ئارەزوو و زیادەڕۆییکردن لە تیۆرییە جنسییەکانی، کاریگەریی ئالوودەبوونی بووە بە ماددەی هۆشبەرەوە.

وەڵێ سەرباری هەموو ئەوانە، بە شێوەیەکی تایبەتی تیۆرییەکەی لە بارەی ڕاڤەی خەوەکان لە لای دانەرانی کتێبی دەروونناسی و ئەورووپییەکان بە گشتی، پەسەند بوو یان لانیکەم تانەی لێنەدەدرا؛ تیۆرەکەی لەگەڵ چێژی خۆرئاواییدا دێتەوە و دارای کەمەندکێش و قووڵیی تەسەورکردن و ئارەزووە جنسییە لە ڕاڤەی خەوەکاندا. بە شکستی یۆنغ و ئەدلێر و غەیری ئەوانیش لە گەورە دەروونناسەکان لەوەی تیۆرێک بهێنێن کە کێبەرکێی فرۆید بکات، خودی ئەورووپییەکانی

خستەبەردەم دوو بژاردە: یان پەسەندکردنی فیکری فرۆید، یان پەسەندکردنی ڕاڤە ڕۆحی و تیلیباسەکان/ڕازونیازی ئەو خەوانەی، لەم دواییانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو پەسەند و قەبوڵکراو بوو، کە دەبوو بە شێوەیەکی پلەبەندی خۆیان و زارۆکەکانیان بگەڕێنەوە بۆ فیکرە ئایینییەکە، بۆیە فەزڵی دەستگرتنیان بە فرۆیدەوە بە سەر هەر شتێکی دیکەدا دا. شایەت ئەمە نەنگییەک بێت لە نەنگییەکانی بیرکردنەوەی کوێرانەی ڕەشەخەڵک، کە لەگەڵ هەموو عەیبوعارەکانی؛ مکوڕە لە سەر شوێنکەوتنی هەر تیۆرییەک و دەستگرتن پێیەوەی، هەتا پەنانەباتەبەر دانانان بە تیۆرەکانی دیکە، لێرەکانەوە هەموان جاڕی شوێنکەوتن و دەستگرتنیان دا بە تیۆری داروینەوە سەرباری نەنگییە دیار و ئاشکراکانی؛ چونکە هیچ جێگرەوەیەکی نەبوو جگە لە دانانان بە بوونی خودایەکی بەدیهێنەر.

کەواتە هەر ئەمە ئەو بیروباوەڕە بوو کە تەئویل و ڕاڤەی ڕۆحی و ئایینی خەونەکانی لەلایەن نەوەی ژیارە خۆرئاواییە نوێیەکەوە ڕەتدەکردەوە، بیروباوەڕێک؛ وەکو ئەو ئایینە سیکۆلارە لە دڵیاندا ڕەگیداکوتابوو، کە لە شۆڕشی باوباپیرانیان بە سەر کاثۆلیکیی سەدەکانی ناوەڕاست و مامەڵەی ئیکلیرۆسدا بۆیان مابوویەوە، ئیدی لە میانەیەوە هزر و بیرکردنەوەی خۆیان بۆ گەردوون و ژیان داڕشتەوە. ئەم دیاردەیەیش تەنها پەرچەکرداری ئەو کۆمەڵگایانە بوون، کە گرفتاری دەستی توندئاژۆیی هزر یان بیروباوەڕێکی ئەوتۆ بوون کە زاڵببوو بە سەریاندا، بۆیە توانییان بە گرتنەبەری بیرێکی دژبەر و بە هەمان ئەو توندئاژۆیەی ئەوان، کودەتا بە سەریدا بکەن.

ئەمە ڕاڤەیەکی کۆمەڵایەتی و ژیارییە نەک ڕهقەبەرایەتیی فیکری ئەورووپی سەبارەت بە ڕاڤەی ڕۆحیی شتەکان و پێشوازیلێکردنی بە تیۆر و مامەڵەی دژەوانە. ئەمە بوو هۆکارە مێژوویی و ئایدۆلۆژییەکان،

ئەدی چما بابایانی دەروونی و مامۆستایانی مسوڵمانی دەروونناس، ئەم بیر و هزرە خۆرئاواییە بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی یان ئەخلاقی، پەسەنددەکەن و لە بەرانبەردا مێژووە ئیسلامییەکەیان هەرگیزاوهەرگیز نەک ناتەبایی و سمرسمرێکی لە نێوان زانست و ئاییندا بە خۆوە نەدیتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە؛ ئیسلام بە مێژووە بێگەردەکەی چاوی سەر و دڵی بە ڕووی تێکڕای زانستە تیۆری و ئەزموونییەکاندا کردوونەتەوە. ئەمێستا بە کۆتایی ئەم پێشەکییە دەچینە ناوجەرگەی بابەتەکەمان و دەستدەکەین بە تیشکخستنەسەر تیۆری ئیسلام لە بارەی خەو و خەودیتنەوە.

## بیرکردنەوە و پۆلێنکردنی ئیسلام سەبارەت بە خەو و خەوبینین

بابەتی خەو دارای پێگەیەکی بەرزە لە ئیسلامدا. تەسەورە ئیسلامییەکەیش لەبەرئەوەی دارای حەقیقەت و جۆرەکانیەتی نە لە زانایەکەوە پێیئاشنابووین نە لە کەسێکیشەوە کە بانگەشەی زانست بکات، بەڵکو لە مەزنترین و پیرۆزترین سەرچاوەی ئیسلامەوە؛ کە لە خۆڕا قسەناکات (دروودی خوای لێبێت)، وەرمانگرتووە. لەو فەرموودەیەی کە ئەبوهورەیرە گێڕاویەتیەوە، کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (خەو سێ شتە: مژدەیەکە لە خوداوە، قسەی دەروونە، ترساندنە لەلایەن شەیتانەوە)[1]. دەسا با بە شێوەیەکی دەروونی باس لە (قسەی دەروون) بکەین؛ چونکە پێشتر بە کورتی لە سەری دواین.

لە شێوەیەکی دیکەی ئەم فەرموودە گشتگیرەی لە بارەی خەوەوە، ئەو فەرموودەیە کە ئیبن ماجە گێڕاویەتیەوە و دەڵێت پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (خەون سێ جۆرە: هەیە تەنها هەراوزەنا و ترسە، کە شەیتان دڵی بەنی ئادەمی پێغەمباردەکات، هەیشە کەسەکە لە بێداریدا دڵی لە لای شتێکە و هەمان شت لە خەوەکەیدا دەبینێت، جۆری سێهەمیش بەشێکە لە چلوشەش بەشەکەی پێغەمبەریێتی)[2]. لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێبێت) قسە و حەدیسی دەروونمان بۆ لێکدەداتەوە، بەوەی (کەسەکە لە بێداریدا دڵی لە لای شتێکە و هەمان شت لە خەوەکەیدا دەبینێت)، ئەمەیش هەم بیرەوەری و هەم ئەو خەیاڵاتەیشی کە لە ئومێد و ترس و ئەوەی خۆشیدەوێت و توڕەیە لێی بە دڵیدا دێت دەگرێتەوە، سەرباری ئەو ڕووداوە ئاسایی و نا ئاسایی و

---

١ البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب التعبير، باب القيد في المنام، حديث رقم (٧٠١٧) ص ١٣٤١

٢ ابن ماجه أبو عبدالله محمد بن يزيد (ت ٢٧٣هـ). سنن ابن ماجه الرياض بيت الأفكار الدولية، ط١، ١٩٩٩م، كتاب تعبير الرؤيا، باب الرؤيا ثلاث حديث رقم (٣٩٠٧) ص ٤١٩.

ڕۆتینیانەیش دەگرێتەوە، کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەریاندەکەوین. وەکو تۆزێک لەمەوبەر جەختمان لێکردەوە کە زۆربەی خەوەکانی شەو، بە ئەنجام و کاریگەرن بە ڕووداوەکانی ڕۆژەکە، کە ئەمە بە لای هەموانەوە ئاشنایە و لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانیش هەمان شتیان سەلماندووە -وەکو باسمانکرد-. ئەوەیشی کەسەکە بیری لێدەکاتەوە یان بە لایەوە گرنگە؛ لەوەیە چەند شتێکی ئارەزووبازی، یان بایەلۆژی، یان دەروونی بن. ئارەزووی جنسی یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە بێداریدا گرنگیپێدەدات و بیری لێدەکاتەوە، نەک تاکە شتێک بێت بە تەواوی زاڵببێت بە سەر هەموو خەونەکانیدا وەکو ئەوەی فرۆید دەیگوت.

وەلێ هەردوو جۆری دووەم و سێیەم کە دژبەیەکن، وێنای لایەنە ڕۆحی و ڕەمزییەکانی خەو و خەودیتنن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم دوو جۆرە لە خەوی ڕەمزی و ڕۆحی، نموونەیەک لە ژیانی ڕۆژانەمان بۆ خوێنەری هێژا دەگێڕمەوە. ئەم جیهانەی تیایدا دەژین شەپۆلدەدات بە جۆرەها لەرەلەر و ئەو شەپۆلانەی ئامێرەکانی وەکو سەتەلایت و مۆبایل و... هتد، دەینێرن بۆئەوەی ئامێرەکانی چەشنی تەلەفزیۆن و مۆبایل و شتەکانی دیکە لە ڕێگەی ئەو شەپۆلانەوە وەریبگرن، هەیانە تەنها چەند نامە و لەرەلەرێکی خێر و چاکەیە و خوێندنی قورئانی پیرۆز بە جۆرەها دەنگ و چەشن بڵاودەکاتەوە و خەڵکی بۆ کاری چاکە و چاکەخوازی هاندەدات، هەیشە خراپترینی ئەوەی تاوانکارێک کردوویەتی لە فیلمی بێئابڕوویی و ڕەگەزبازی و گوتنی درۆ و چەواشەکاری و هەڵکوتانەسەر ئابڕوو و ناموسی خەڵک بڵاودەکاتەوە. هاوکات ئەم جیهانەی ئێمە سیخناخە بە فریشت و ڕۆحە چاکەکان وەکو چۆن تژییشە لە جنۆکە و شەیاتینی و ڕۆحە خراپەکان، خودایش دڵ و هۆش و عەقڵی پێبەخشیوین بۆئەوەی بتوانین ئەو پەیامە ڕۆحی و ماددە ئەثیرییە خێرە، یان خراپەیە لە دەمی وشیاری و خەوتنماندا وەربگرین، وەکو ئەوەی

ئەو دڵ و عەقڵانە (ڕادارێک)ی ڕۆحی بن -وەکو پێشتر باسمانکرد-.

ئەم جیاوازی و دژیەکییە کردەی دەستی توانستی خودایە، هەر ئەویشە شەوی بەدیهێناوە بۆئەوەی لە بەرانبەری ڕۆژەوە ڕابوەستێت، بەختەوەری و نەگبەتی (الشقاء)، خێر و شەڕ، مێینە و نێرینە، مرۆڤ و جنۆکە، هیدایەت و گومڕایی، بە هەمان چەشنن. خودا لە هەموو شتێک دوو جۆری ڕوولەیەکی بەدیهێناوە، وەکو دەفەرموێت: (لە هەر شتێک جووتێکمان وەدیهێناوە؛ بەڵکو بیریلێبکەنەوە) [الذاريات: ٤٩]. وەختایەک مرۆڤ خەوی لێدەکەوێت و بەرەبەرە وشیاری لەدەستدەدات، خودا مۆڵەتدەدات بە ڕۆحەکەی لە مەلەکووتی ڕۆحیدا بکەوێتە مەلە و خەونەکانی کاریگەر بە بونەوەرە ڕۆحییە چاکەکارەکانی وەکو فریشە، یان خراپەکاری وەکو جنۆکە و شەیاتینی خۆی ڕەنگڕێژبکات. ئەگەر ئەو کاریگەرییە لە ڕۆحە خراپەکانەوە بێت ئەوا لە خەوەکەیدا شتهایەک دەبینیت، کە غەمبار و بێحەوسەڵەیدەکات، یان شتێک دەبینێت کە شەرمەزاریدەکات، وەکو ئەوەی بە ڕێگایەکدا بە بەردەم خەڵکیدا ڕێدەکات بەبێ شەرواڵ و کراس و بە پێخاوسی، یان هەر شتێکی دیکەی وەها کە شیاونەبێت بە ئەو. ئەمە لەو جۆرەیە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) ڕەخنەی لێگرتووە و بە (هەراوزەنای شەیتان)، یان (یاریپێکردنی شەیتان) ناویبردووە. دەشتەکییەک لە خەویدا بینی سەریبڕاوەتەوە، جەستەیشی بەبێ سەر بە شوێن سەرەبڕاوەکەوە دەڕوات. خەوەکەی بۆ پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) گێڕایەوە، بەو ئومێدەی لێکدانەوەی بۆ بکات، وەلێ پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) ڕێگەینەدا درێژەی پێبدات و فەرمووی: (خەوێک مەگێڕەوە کە شەیتان تیایدا یاریپێکردوویت)[١].

---

١ مسلم صحيح مسلم مرجع سابق، كتاب الرؤيا، باب لا يخبر بتلعب الشيطان به في المنام، رقم (٢٢٦٨) ص ٩٣٢.

کەواتە بۆی هەیە هەندێک جار خەوبینین؛ بە کاریگەریی شارەزایی و گرنگیپێدانی کاری ڕۆژانەی کەسی خەوتوو بێت، یان کاریگەر بێت بە شەیاتینی و ڕۆحە خراپەکارەکان، [کە ئەمانەیش هەر یەک بۆ خۆیان جیهانێکن]، ماوەتەوە جۆری سێهەمی خەو، کە تیایدا خەوی خۆش و مژدە بەدیدەکەین، وەکو چۆن تیایدا چەندین خەوی پێشبینیکراو دەبینین، ئێمە هەموو ئەو جیهانانە دەبینین لە کاتێکدا لە ناو پێخەفەکەمان لە قووڵایی خەوداین، سەرجەم ئەوەیشی دیومانە لە داهاتوودا ڕوودەدات. ئەمە گرووپی سێهەمی ئەو خەوانەیە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) پەسنیدەکات بەوەی لە خوداوەیە، یان مژدەیەکە لە خوداوە. کاتێک دەروونە پاک و دڵە ملکەچەکان لەگەڵ توانستە بەرزەکەی بابای بڕوادار، لە میانەی وەرگرتنی شەپۆل و ئاماژە ڕۆحییەکانەوە (ڕاداری ڕۆحی)، بەیەکتریدەگەن، ئەوا خەودیتنەکەی لە ڕووی وردەکاری و فەڕ و بەرەکەتەوە لە وەحی و سروشی پێغەمبەران دەچێت، ئەمەیش بە بەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان پێغەمبەران و پیاوباشاندا هەیە.

بۆیە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) ئەم جۆرەی خەوە ڕاستەی بە بەشێک لە چلوشەش بەشەکەی پێغەمبەرێتی هەژمارکردووە. (فەرموودەکە بوخاری گێڕاویەتیەوە)[١]. لەبەرئەوە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) هەندێک لە بڕیارە ئایینییەکانی بەرمەبنای خەوبینینی ڕاستگۆی یەکێک لە هاوەڵانەوە دەرکردووە، بڕیارەکەیشی ئیعتیباری زیاتر دەبێت ئەگەر خەوەکە لەگەڵ خەوی هاوەڵێکی دی لێکچوونیان هەبێت.

هەر یەک لە پێشەوایان ئەحمەد و تورموزی و ئیبن ماجە لە

---

١ البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب التعبير باب القيد في المنام، حديث رقم (٧٠١٧) ص ١٣٤١

پێغەمبەری خوداوە (دروودی خوای لێبێت)، دەیگێڕنەوە کە ویستوویەتی بانگی مسوڵمانان بۆ نوێژ لە مزگەوتدا بکات لە ڕێگەی زەنگێکی وەکو زەنگەکانی مەسیحییەوە بێت، وەلێ هاوەڵی بەرز عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی عەبدڕەببە؛ لە خەودا بینی پیاوێک زەنگێکی بە دەستەوەیە و دەیەوێت بیکڕێت هەتا بە هۆیەوە مسوڵمانان بۆ نوێژ بانگبکات، پیاوەکە پێیگوت: (ئایا دەتەوێت شتێکی لەمە باشترت پێئاشنابکەم؟)[1] هەموو ئەو وشانەی لە بانگدا هەتا ئێستایش دەگوترێتەوە بۆ گێڕایەوە. ئەوەی ئەم گێڕانەوەی لە لای پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بەهێزترکرد، خەوەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب بوو، کە هەمان خەوی لەیەکچووی ئەو خەوە و بە هەمان وشەکانی بانگ بوو. ئەگەر ئەم دوو خەوبینینە نەبا، دەبوو لەمڕۆدا لە بریی بانگدان؛ زەنگی بەیانی و نیوەڕۆ و دەستگرتنەوە لە خواردن لە مانگی ڕەمەزاندا لێبدابا!

گەورەترین بەڵگە و گەواهی لە سەر پێگەی خەوی ڕاستەقینە و باش لە ئیسلامدا، ئەوە بوو کە ئەمیری مسوڵمانان ئەبوبەکری صیدیق پشتبەست بە خەوی یەکێک لە هاوەڵان لە دوای مردنی، وەسیەتی شەهیدێکی بەجێهێنا. ئەوە یەکەمین وەسیەت بوو لە میانەی خەوێکەوە و پاش مردنی خاوەنەکەی، جێبەجێبکرێت. هاوەڵی بەرز قەیسی کوڕی ثابیت لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا شەهیدکرا، هەر ئەو شەوە یەکێک لە موجاهیدەکان لە خەویدا هاوەڵە شەهیدەکەی بینی و پێیگوت: وریابە ئەگەر وەها گومانببەیت کە ئەوەی دیوتە خەوێکی ئاساییە، بەڵکو وەسیەتێکە لەلایەن منەوە بۆئەوەی بیگەیەنیت بە خالیدی کوڕی وەلید ئەمیری سوپای مسوڵمانانە. پیاویکی مسوڵمان بە لامدا تێپەڕی، قەڵغانەکەی لەبەر

---

١ الترمذي، جامع الترمذي، مرجع سابق، كتاب الصلاة، باب ما جاء في بدء الأذان حديث رقم (١٩٠)ص٥٠، وابن ماجه، سنن ابن ماجه مرجع سابق، كتاب الأذان والسنة فيه، باب بدء الأذان، حديث رقم (٧٠٦)، ص ٨٦.

داکەندم و لە ژێر قابلەمەیەکی مس (برمة) لە ماڵەکەیدا شاردیەوە، کتومت ئەو شوێنەی تیایدا شاردبوویەوە لە خەوەکەدا پێیگوت، فەرمانیکرد کە داوابکات لە خالید کەسێک بنێرێت و قەڵغانەکە بگەڕێنێتەوە و ئەویش بە ئەمیری مسوڵمانان ئەبوبەکری صیدیق ڕابگەیەنێت، کە بیفرۆشێت و قەرزەکانمی لێبداتەوە. ئەو هاوەڵەی کە خالید ناردبووی بۆ شوێنەکە، قەڵغانەکەی دیتەوە و خالیدیش ناردی بۆ حەزرەتی ئەبوبەکر، ئەویش وەسیەتی شەهیدەکەی جێبەجێکرد و قەرزەکەی بۆ دایەوە[1].

ئەگەر ئەمانە بریتی بن لە خەوی مسوڵمانە ئاساییەکان، دەبێت خەوی پێغەمبەران چلۆن بێت؟ ئەوانەی وەکو چۆن لە ڕۆژدا مەعصومن بە هەمان چەشن لە خەوەکانی شەویشیاندا مەعصومن، هیچ ڕۆحێکی خراپ بوێریی ئەوەی نییە دەست لە مەشخەڵی خەوەکانیان بوەشێنێت، یان تەنانەت لێیاننزیکببێتەوە. خەوی پێغەمبەران بە سەربازەکانی خودا گەمارۆدراوە؛ چونکە یەکێکە لە ئامرازەکانی وەرگرتنی وەحی و سروش لە ئاسمانەوە. تکام وایە خوێنەری هێژا؛ بەراوردبکات لە نێوان ڕاڤە جنسی، یان ئەو تیۆرە فیسیۆلۆژییەی واتا لە خەوەکان دادەماڵێت، لە نێوان ئەو تەسەور و بیرکردنەوە سیانەییەی پێغەمبەرێتی بۆ خەوەکان و ئەو واتا بەرزانەیشی کە جەوهەری خەوە ڕاستەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە. لەم ڕوانگەیەوە بە دووروودێژی باس لە پێغەمبەر یوسف و (دروودی خوای لێبێت) لێکدانەوەی قسە و خەوەکانی دەکەین.

---

١ وێنەی ئەمانەش لە لای زەهەبی تەماشا بکەن: الذهبي؛ شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان (ت٧٤٨هـ). سير أعلام النبلاء، تحقيق شعيب الأرنؤوط، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط١، ١٩٨٢م ، (٣١١/١)، ترجمة ثابت بن قيس بن شماس.

**تێڕامانگەلێکی دەروونی لە ژیاننامەی یوسف (دروودی خوای لێبێت)، دانایی خودا لە هەڵبژاردنی ژینگە و بۆماوەیی**

سەبارەت بە سەرنجدانمان لەم بڕگەیە، وەستانە لە بەردەم پێغەمبەرێک کە پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێبێت) بەوە وەسفیدەکات، کە بەڕێزترینی خەڵکە. ئیبن عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (یوسفی کوڕی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم؛ بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێزە)[1]. لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەفەرموێت (دروودی خوای لێبێت): (بەڕێزترینی خەڵک پێغەمبەر یوسفە (دروودی خوای لێبێت)، کە کوڕی پێغەمبەری خودای (دروودی خوای لێبێت)، کوڕی پێغەمبەری خودای (دروودی خوای لێبێت)، کوڕی دۆستی خودایە (دروودی خوای لێبێت))[2]. شایەت خودا ئەوەی لە ڕووی بۆماوەیی جیناتی ڕۆحییەوە -کە پێشتر باسمانکرد- بۆ ئەو خانەوادە پیرۆزەی کردبێت، بۆ زۆرێک لە پێغەمبەرانی خودای نەکردبێت، لەوەیشە خودا تێکڕای ئەو بۆماوەییە ڕۆحییەی لە ناو باووباپیرانی کە لە چینی پێغەمبەرانن بەخشیوە، لە پێکهاتەی بەدیهێنانی ویدا کۆکردبێتەوە، بە ڕادەیەک لە ڕووی نیانی و جوانییشەوە چەشنی فریشتەکانە، وەکو بەڕاستگەڕانی قسەی ژنانی میسریێ کە شەیدای جوانییەکەی بووبوون و هەر کە دیتیان گوتیان: (لە پاش ئەوەی تیزوتانەی ئەوانی بیست، لەدوویناردن؛ گەلێک بەڵگە و [خواردەمەنی] لا دانان و هەر یەکەی چەقۆیەکیشی پێسپاردن. گوتی: بۆیان وەرە دەرێ. هەر کە دیتیان حەپەسان و دەستەکانی خۆیان بڕی و گوتیان: ئەی نامەخوا! ئەمە مرۆ

---

١ البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب أحاديث الأنبياء، باب أم كنتم شهداء إذ حضر يعقوب الموت، حديث رقم (٣٣٨٢) ص ٦٤٨.

٢ البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب أحاديث الأنبياء، باب (واتخذ الله إبراهيم خليلا، واتە: خودا ئیبراهیمی کرد بە دۆستی خۆی)، حديث رقم (٣٣٥٣) ص ٦٤١.

نییە و بێسۆ فرشتەیێ خۆشەویستە) [یوسف: ٣١].

سەرنج لە مەزنێتیی دانستی خودا بدە لە بەدیهێنان و پێگەیاندنی کەسایەتیی پێغەمبەران هەتا وەکو ئەوەی پێیانگوتراوە، پەیامەکەی خودا بگەیەنن و بچنە مەیدانی ئەو پێشهات و تاقیکردنەوانەی دێتەپێشیان. سورەتی یوسف ئەو هەستەمان لە لا دروستدەکات، کە یوسف کەسێکی نەرمونیان و ئارامگر بووە لە بەرانبەر هەر کەس هەوڵبدات ئازارییبدات، یان بیکوژێت، یان شەرمەزارییبکات، یان ستەمی لێبکات، ئەم (دروودی خوای لێبێت) بە وشەیەکیش نە ئازاریدەدات و نە تەنگیشییپێهەڵدەچنێت. ئەمە سوێندی بێت ئەوەیش سەختترینی ئەو تاقیکردنەوانەیە کە یەکێک لە پێغەمبەرانی خودا ڕووبەڕوویبوونەتەوە. ئیعجاز و دەراسا لە بەدیهێنانی ڕوخسارێکی وەها جوان لەگەڵ ئیعجازی نەرمونیانیی ڕەفتارەکەیدا، لەیەکدەچن.

سەرنجبدە ئەگەر ئەو هەڵوێست و ڕووداوانەی بە سەر یوسف (دروودی خوای لێبێت)دا هات، موسا (دروودی خوای لێبێت) بایە؛ ئیدی هەر لە ستەم براکانی و هەوڵی کوشتنی و سووکایەتیپێکردنەوە بگرە هەتا دەگاتە خستنەناو بیری کەنعانەوە، دواتر و پاش چەندین ساڵ بە نەداریی بێبژیوی و کەلەلابوون و بە دراوێکی کەمەوە (بضاعة مزجاة)، هاتبان و داوای یارمەتییان لەو بکەن کە ئێستا پاشایە؟ چ ڕوویدەدا ئەگەر ئەو کەسەی هاتنەلای لە بریی یوسف؛ موسا (دروودی خوای لێبێت) با؟ ئەدی موسا چی دەکرد لەو کاتەی هاوسەری عەزیزی میسر هەموو دەرگاکانی لێگاڵەبکردایە و پێیگوتبا: وەرەپێشەوە و خۆت ئامادەبکە (هیت لک). بێسۆ یەک شەپازلەی لێدەدا، یان وەکو کاورا میسرییەکە بە یەک بۆکز هەناسەی لە قورتمی دەبڕی، ئەوەیش بە هۆی ئەو هێز و خێراییە لەڕادەبەدەری خودا لە کاردانەوە عاتیفییەکەیدا، بەدیهێناوە.

## تێڕامانگەلێک سەبارەت بە یەکەمین خەوی یوسف (دروودی خوای لێبێت)

سورەتی یوسف سێ، یان چوار خەومان بە درێژی بۆ دەگێڕێتەوە، پێیشماندەڵێت کە چەندین خەوی دیکە هەن؛ یوسف بۆ بەندییەکانی لێکداوەتەوە، کەچی سورەتەکە بۆی باسنەکردووین. خەوی یەکەمی یوسف لە دەمی منداڵیدا بوو، کە گوتی بە باوکی: (وەختێک یوسف بە باوکی گوت: بابۆ، من یازدە ئەستێرە و خۆر و هەیڤم بە خەو دیتن، کە سەر بۆ من دەچەمێنن) [یوسف: ٤]. دەبێت ئەو کڕنووشە ڕەمزییەی بێگیانێک بۆ مرۆڤێک چۆن بووبێت؟ خەو هەڵگری چەندین ڕەمزە و یوسف بەو منداڵییەی خۆیەوە لێیتێگەیشتووە، یان شایەت چەند وشەیەکی ڕەمزییشی لە لێکدانەوەی خەوەکاندا بەکارهێنابێت و قورئان بۆی نەگێڕاوینەتەوە.

با بپرسین تەمەنی یوسف (دروودی خوای لێبێت) چەند بووە کە خەوەکەی دیوە؟ هەندێک لە ڕاڤیارانی قورئان دەفەرموون: تەمەنی ١٢ ساڵ، یان زیاتر بووە، هەیە دەڵێت ٩ ساڵ بووە، هەیشیانە دەڵێت ٧ ساڵان بووە. ئەگەر سەرنج لە ڕووداوەکانی دیکەی ئەو چیرۆکە بدەین، کە براکانی هەرچۆنیک بێت باوکیان قایلکرد کە یوسف (دروودی خوای لێبێت) دەگەڵ خۆیان بخەن، بۆئەوەی (بای باڵی بدات و یاریبکات: لیرتع ویلعب)، هەر خودی بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە ئایەتەکەدا، لەوە دڵنیاماندەکاتەوە کە تەمەنی یوسف (دروودی خوای لێبێت) ٥ یان ٦ ساڵان بووە، سەرنج لەم دوو ئایەتە بدە، کە دەفەرموێت: (گوتیان: بابۆ، چۆنە کە تۆ لەمەڕ یوسف لە ئێمە ئارخەیاننابیت؟ خۆ ئێمە خۆشمانگەرەکە. سوو دەگەڵ ئێمەی بنێرە، گەشتبکات و گەپبدات و خۆمان پارێزگاری دەبین) [یوسف: ١١-١٢].

ئەو لاوەی تەمەنی زیاتر بێت لە ١٢ ساڵ ڕێگە بە خۆی نادات یاری و گاڵتەوگەپ بکات، یان ببێتە پاسەوانی کوڵ و باری براکانی و ئەوانیش

پێشبڕکێبکەن، بەڵکو کێبەرکێیانبکات لە پێشبڕکێکەدا. ئەگەر لە تەمەنی تازەپێگەشتواندا با، هەرچۆنێک با فیلێکی دیکەیان بۆ باوکیان پێوەدانا نەک تۆمەتبارکردنی بەوەی گورگخواردکراوە. هەرگیز گورگ ناتوانێت کەسێکی تازەپێگەشتووی تەمەن ١٢ یان ١٣ ساڵ بکاتە پاروویەکی چەور بۆ خۆی، گەنج/لاو؛ دەتوانێت لانیکەم بەرهەڵستی و سەنگبارانی گورگ بکات، یان بە گۆچان و دارەکەی دەستی تێیبسرەوێنێت.

دواتر هەر خودی قورئان پێماندەڵێت یەعقوب (درووودی خوای لێبێت) بە یوسفی (درووودی خوای لێبێت) کوڕی فەرمووە، کە خەوەکەی بۆ براکانی نەگێڕێتەوە هەتا ڕقی لێهەڵنەگرن. تێڕامانمان سەبارەت بەم ئاگادارکردنە پێغەمبەرییە، دەرخەری ئەوەیە کە خەو چ بایەخێکی بەرزی لە ماڵی پێغەمبەرێتیدا هەیە! ئەگەر منداڵێک لە ماڵۆچکەیەکی سادەدا خەوی دی بەوەی هەسارە و هەیڤ و خۆر کڕنووشی بۆ دەبەن، ئەوەی گوێی لەم قسەیە دەبێت پێکەنینی دێت. وەلێ براکانی یوسف (درووودی خوای لێبێت) لە نەوەی ئەو ئیبراهیمەن (درووودی خوای لێبێت)، کە لە میانەی خەوێکەوە فەرمانی خودای لە ئاسمانەوە بەجێهێنا سەبارەت بە سەربڕینی کوڕەکەی.

خەوەکەی یوسف (درووودی خوای لێبێت) مژدەیەک بوو لەلایەن خوداوە، لێکدانەوەیشی بۆیان لەوەیە دڵیان پڕبکات لە ڕق و کینە و گەڕێکی پێبکەن (فیکیدوا لە). ئەوەی تای تەرازووی ئەم گەڕپێکردنە بە یوسف (درووودی خوای لێبێت) زیاتردەکات بریتییە لە بیرکردنەوەمان دەرهەق بە بۆماوەیە ڕۆحییەکان. شایەت براکانی یوسف (درووودی خوای لێبێت) سەرباری نیاز و کردەوە خراپەکەیان، خۆ دواجار لە نەوەی پێغەمبەرانن، لەوانەیشە هێندەیان لەو بۆماوەییە ڕۆحییە تێدا بێت، کە بیانخاتە ڕیزی ئیلهامبۆکراوانەوە (المحدثون)[١]. ئەم بەخششەی

١ کەسێکە ڕایەکی پێشوەختەی لە شتێکدا هەیە، یان گومان و زەنێکی باش لە بارەی شتێک

-وەکو گوتمان- بە هیچ جۆرێک پەیوەندی بە ئاییندارییەوە نییە. ئەو بەخششە بۆماوەییە وەها ئامادەی دەکات، کە بتوانێت ئەوی یوسف (درووودی خوای لێبێت) بینی، بیبینیت، با منداڵیش بێت.

بەردەوامدەبین لە سەر تێڕامانمان سەبارەت بە یوسفی منداڵ، کاتێک براکانی بڕیاریاندا بیخەنەناو بیرەوە. ڕوونە کە چەندە منداڵ بووە و نەیتوانیوە بەرهەڵستیانبکات، یان هەتا هێزی تێدایە لە دەستیان ڕابکات و خۆی قوتاربکات، یان بە هۆی هێزی گەنجێتییەکەیەوە بە بیرەکەدا هەڵزنێت و خۆی دەربازبکات. لەوانەیە گریا بێت و عەتف و سۆزی ڕاکێشابن، بەڵام بە هەرچی هێزیان هەڵیانگرتووە و فڕەیانداوەتە تاریکایی بیرەکەوە، کە لەو کاتەدا زۆر ئاتاجی بەوە بووە کەسێک ترسی بڕەوێنێتەوە. خودا دەفەرموێت: (کاتێک کە بردیانەدەرێ و بە گەلەکۆمەگی ویستیان بیخەنە بن بیرەکەوە، [ئیتر کاریان تەواوکرد و] ئێمەیش ئەومان تێگەیاند کە: تۆ لەم کارە ئاگادارياندەکەیەوە؛ کە خۆیان هەستیپێناکەن) [یوسف: ١٥]. چلۆن ئەم وەحی و ترس و سامناکییە هەیە و دواتریش مژدەی وەڕاستگەڕانی خەونەکەی پێدەدات بەوەی خودا بە سەر ئەواندا سەریدەخاتە هەرچەند کاتیشی بوێت، پاشان بە وەحیی خودایی بۆ منداڵێکی بچووک مژدەی سەرکەوتنی بۆ هات؟ هەندێک لە ڕاڤیاران و لێکدەرەوەی خەونان دەڵێت: شێوەی وەحییە لە چەشنی خەویک بووە کە لە قووڵایی سامناکی بیرەکەدا دیویەتی. ئەگەر ئەوەیش بە خەو حساببکرێت، ئەوە ژمارەی خەوەکان لەو سورەتەدا دەبنە چوار خەو، ئەگەر خەو نەبێت و وەکو وەحی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوا بە ڕوونی سێ خەو لە سورەتەکەدا باسکراون.

---

دەخاتەڕوو، دواتر کتومت ڕا، یان زەنەکەی وی دەردەچێت، کە دەکرێت لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی ئیلهامدار، وشەی خاوەن_پێشگویی، یان خاوەن_پێشبینی بۆی دەبێت. وەرگێڕ

**دانستی ئیلاهی لە گواستنەوەی یوسف (دروودی خوای لێبێت) بۆ پایتەختی میسر (أم القرى)**

کاتێک کاروانییەکە هات بۆئەوەی ئاو لە بیرەکە هەڵگۆزێت، یوسف خۆی بە دۆڵچەکەدا هەڵواسی، پیاوەکە هاواریکرد (گوتی: مژدە ئەمە کوڕێکە) [یوسف: ١٩] دەریهێنا لە بیرەکە. هەندێک دەڵێن پیاوەکە لەبەر تاریکیی بیرەکە نەیزانیوە چی لە بیرەکەدایە، بەردەوامبوو لە هەڵکێشانی گوریسەکە و یوسفیش خۆی پێداهەڵواسیبوو، بۆی دەرنەکەوت ئەو کێشە قورسەی دۆڵچەکە هیی منداڵێکە نەوەک ئاوەکە! ئەمەیش لەو دەمەدا بەڵگەی بچووکیی تەمەنی یوسفە. پێتوایە حیکمەت چییە لەوەی خودا ئەم منداڵە پیرۆزە ڕووبەڕووی ئەم هەموو ئاستەنگە دەکاتەوە؟ بە دڵنیاییەوە لەبەرئەوەی وەکو پێغەمبەرێکی نێردراو ئامادەیبکات، بەڵام خودا پێغەمبەرێک نانێرێت بۆ دانیشتوانی گوندێکی دوورەدەست لە زەویی کەنعاندا، قورئانی پیرۆز هەواڵمان پێدەدات کە خودا پێغەمبەرانی خۆی بۆ پایتەختی شارەکان (أمهات القرى) دەنێرێت: (پەروەردەت ئەو شارانەی قڕنەکردن، تا لە ناوەندی ئەواندا پێغەمبەری بۆ هەناردن، نیشانەکانی ئێمەیان بە سەردا بخوێنێتەوە. هەرگیز ئێمە هیچ شارێکمان بەقڕنەدا، مەگەر خەڵکەکەی ناهەقبووبن) [القصص: ٥٩].

ئوم لقوری لە سەردەمی یوسف (دروودی خوای لێبێت) بە پایتەختی میسر نێودەبرا، کە لەوەیشە ئەو دەمە پایتەختی هەموو جیهان بووبێت. حیکمەت و کارسازیی خودای گەورە داخوازی ئەوە بوو، شەیتان براکانی فریوبدات هەتا بیخەنە ئەو چاڵەوە، هەتا کەسێک بە ویستی خودا لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ میسر، زۆرینەی جار دانستی خودا ئەو تاوانکار و شەیتانانە بەکاردەهێنێت؛ کە بۆ ئەرکێکی شاراوەی ئەوتۆ کە چاکەیەکی گەورەی تێدایە فریویداون. ئەگەر دەتەوێت ئایەتەکانی ٦٢ هەتا ٦٥ی سورەتی الکهف وەخوێنە، کاتێک موسا فەرمان بە بەردەستەکەی کرد: ئادەی خواردنمان بۆ بهێنە، چونکە لەم سەفەرەدا زۆر ماندووبووین،

خواردنەکەیش لە گۆشتی ئەو نەهەنگە بێت، کە کوڕە لاوەکەی هەڵگرتبوو، بەڵام نەهەنگەکە گەڕایەوە بۆ ژیان و هەڵبزۆقێ و ڕێگەی ناو دەریای بۆ خۆی گرتەبەر. دەبوو بەردەستەکەی لەو بارەوە هەواڵی بە موسا دابا، بەڵام شەیتان لەبیریبردەوە: (گوتی: ئەوسا کە لە پەنابەردەکەدا دەحەسابینەوە، دیتت چلۆن من نەهەنگەکەم لەبیرچوو؟ دیارە شەیتان نەیهێشت وەبیرمبێتەوە. ئەمیش وەکو شتی سەمەرە ڕێگەی دەریای گرتەبەرێ) [الکهف: ٦٣]. وەلێ ئەوەی نەهەنگەکە کردی نیشانەیەک بوو کە وایکرد گەشتەکەیان دوورودرێژتر بێت: (گوتی: ئێمەیش هەر شتێکی وامان دەویست)، گەڕانەوە بۆ شوێنەکە و حەزرەتی خدریان دی، کە چاوەڕێیانە. شەیتان هەموو شتێکی لە بیری بەردەستەکەی موسا بردەوە، هەتا موسا چاوی بەو کەسە بکەوێت کە فەرمانیپێکراوە ببینێت، چاوی کەوت بە خدر، خودایش کارسەرخەر و بە هەژموونە، هەر ئەویش ئەو خێرە دەهێنێتە ڕێمان کە ئێمە پێمانوایە کە شەڕە، ئەوەیشی پێمانوایە کە خەیرە دواتر شەڕی بەدوادادێت.

ئەوانەی یوسفی منداڵیان بە چەند دراوێکی کەم کڕی، گەشتنە شاری (بەر ڕەمسیس) پایتەختی هەکسۆس لە میسر، یوسفیان خستە مەزادەوە، هەموو بازرگانانی کۆیلەکڕ کێبەرکێی کڕینی یوسفیان دەکرد، بەڵام وەزیری یەکەمی میسر کە ناسناوی عەزیزی میسری هەبوو، هاتە ناو کێبەرکێیەکەوە و یوسفی کڕی. منداڵێک هەتا بێژی جوان، چونکە عەزیزی میسر منداڵی نەبوو، زۆر عەتفی بۆ ئەم دەجووڵا، لە بەرانبەریدا هەستی باوکایەتی کە لێی بێبەش بوو بۆ بۆ دەردەبڕی، ئەمەیش دەرخەری ئەوە بوو کە ئەم دەم یوسف زۆر منداڵ بووە، بە هاوسەرەکەی گوت: قەدری بگرە، بەڵکو قازانجی لێبکەین یان بیکەینە منداڵی خۆمان. لێردا دانست و حیکمەتی خودا بەدیدەکەین کە چۆن –چەشنی منداڵیی موسا– ژینگەیەکی گونجاوی بۆ پێغەمبەرەکەی هەڵبژارد. یوسف

بەوپەڕی ڕێز و نازەوە ساڵانی منداڵی خۆی بەڕێکرد، هەر وەکو خودا شاژنێکی (ئاسیا خاتوونی هاوسەری فیرعەون) بێبەش لە منداڵی بۆ موسا فەراهەمکرد و موسا هات و ئەو بۆشاییەی پێپڕکردەوە و ئەو خۆشەویست و ئەوین و سۆزەی، کە پێویستبوو بۆ دەروونی موسا وەکو پێغەمبەرێک پێیبەخشی، بە هەمان چەشن ئەو هەمان بارودۆخە ژینگەیەیشی بۆ یوسف فەراهەمکرد، ئەمە سەرباری گەورەکردن و بەخێوکردنیان لە کۆشکی میسردا و هەستکردنیان بەو خاترجەمی و دڵنیاییە کۆمەڵایەتییەی، کە ڕادەی مەعریفەیان بە گەورەیی وەچە و بنەچەیان (محتد) بەهێزتریاندەکات.

**دانستی خودا لە بێبەشکردنی منداڵیی یوسف (دروودی خوای لێبێت) لە نازی دایک و باوک**

سەرنجم سەبارەت بە دوورخستنەوەی یوسف لەو تەمەن بچووکەدا، کە پێنج یان شەش ساڵان بووە، لە ئامێز و کۆشی پڕ جۆشی باوکی و سۆزی بەهێزی ئەو خاڵۆژنەی کە بەخێویدەکرد، ئاتاجی بە بیرکردنەوەیە لە حیکمەت و دانستی خودای گەورە لەم بابەتە. خودا یوسفی وەکو پێغەمبەر بۆ خەڵکی میسر نارد. ناکرێت هیچ پێغەمبەرێک بۆ نەتەوەیەک بنێردرێت و لە بریی خودا پەیامیان پێبگەیەنێت، کەچی زمانی نەتەوەکەیان بە باشی نەزانێت: (هیچ پێغەمبەرێکمان نەنارد، مەگین بە زوان گەلەکەی خۆی؛ تا هەقیان بۆ ڕوونبکاتەوە. خودا هەر کەسێک حەزبکات گومڕایدەکات و کێیشی بوێت شارەزای ڕاستەڕێی دەکات و هەر خۆی خاوەن_دەستەڵاتی لەکارزانە) [إبراهيم: ٤]. یوسف بە زمانی عیبری دەدوا کە زمانی بەربڵاوی ئەو وەختەی شاری کەنعان بوو، وەلێ کاتێک عەزیزی میسر بردیە کۆشکەوە، پێویستبوو زمانی میسری کۆنیش فێرببێت، هەر خودی ئەو زمانەیش بوو، کە خودا ویستی یوسف بە جوانی

فێربببێت؛ بۆئەوەی دواتر لە بانگەواز بۆ لای خودا بەکاریبهێنێت. ئاشکرایە کە منداڵەکان توانایەکی لەڕادەبەدەریان هەیە لە چۆنیەتیی فێربوونی زمانی نوێدا و چۆنیەتیی دروستدەربڕینی پیت و وشەی ئەو زمانە. ئەگەر منداڵ گەیشتە تەمەنی باڵغبوون، یان ١٢ ساڵ وەکو ئەوەی هەندێک لە ڕاڤیاران دەیڵێن: ئەوا ئەستەمە بە باشی فێری دەربڕینی پیت و وشە و پیتە زەنەدار و بزوێنەکان ببێت. خودا ویستی بە باشی فێری زمانەکەیان ببێت، لەبەرئەوەی بیشتوانێت بە باشی پەیامەکەی بگەیەنێت. تەنانەت هەموو پایتەختێک بەشی خۆی خاوەنی شێوەزاری تایبەت بە خۆیەتی، کە خەڵکی ڕێزیدەگرن و ئەدەبیاتەکەیانی پێدەنووسنەوە، لە بەرانبەریشدا لە گوند و لادێکان چەندین شێوەزار هەیە، کە جیاوازە لە شێوەزاری شار. دانستی خودا داخوازی ئەوە بوو، یوسف بە منداڵی زۆر بە باشی فێری زمانی پاراوی میسر ببێت و وەکو خەڵکەکەی قسەیپێبکات.

### لە سۆزی دایکایەتییەوە بۆ لاقەکردنی جنسی

بە سەرنجەکانمان جارێکی دیینەوە خزمەت یوسف (دروودی خوای لێبێت)، کە دەبینین گەشەدەکات و وەکو خونچەی گوڵێک دەمدەکاتەوە؛ هەتا بێت جوانتر و نیانتریش دەبێت، هێندەی نەبرد زڕدایکەکەی کەوتە داوی ئەوینیەوە و هەوڵیدا یوسف (دروودی خوای لێبێت) لەخشتەبەرێت و دڵی ڕابکێشێت، کەچی ئەو خۆی ڕاگرت و بۆی تاونەدرا چەشنی خۆڕاگریی پێغەمبەرە بێگوناهەکان، تەکییەوە لەو کارە نابەجێیە چەشنی تەکینەوەی پیاوە ئەمین و بەجەرگەکان کە کەسانێک دەیانەوێت فریویانبدەن، لە سەرووی هەموو ئەوانەوە ئەو بەرزڕاگرتنەی خودای عەزیز و بەرز و بەڕێز، کە ڕزگاریکرد و کاڵای ئەمیر و پاشاکانی بە بەر ژیانیدا کرد. وەحیی خودا وێنەی ئافرەتێکمان بۆ دەکێشێت،

که دارای ئارەزوویەکی جنسیی ئەوتۆیە کە گەورەیی و مەزنێتییەکەی لەبیربردووەتەوە، کە بە هیچ کلۆجێک هەستی دایکایەتی لە هەمبەری دەرنەبڕیوە، ئەو دەمەی عەزیزی میسر هێنایەلای بۆئەوەی بیکاتە کوڕی. کاتێک خۆی بەدەستەوەنەدا و بە هەڵەداوان بەرەو دەرگاکە ڕایکرد بۆئەوەی بیکاتەوە، کەوتە شوێنی و وەکو هەوەسبازێک دەستی بۆ ڕاکێشا و دەستیگرت بە کراسەکەیەوە هەتا دڕاندی. قورئان وەها ئەم ڕووداوەمان وەکو لوتکەیەک بۆ باسدەکات، کە هاوسەری عەزیزی میسر هەوڵی لاقەکردنی یوسفی (دروودی خوای لێبێت) داوە و هاوکات بێنەوبگرەی سەرجەم ڕووداوەکە بۆ خۆمان بەجێدەهێڵێت هەتا بتوانین ئەندێشەیبکەین و زیاتر بیریلێبکەینەوە، کە هەر ئەو ڕووداوە بوو بە دیمەنێکە سەرنجڕاکێش.

سەرنجەکان پێماندەڵێن؛ ئەوەی ڕوویدا بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە پێشتردا چەندین هەوڵی زۆری لەم چەشنەیش هەبووە بۆ فریودانی یوسف. شایەت بە چەندین شێوە و ئامرازی مێینەی تینوو، خۆی ڕازاندبێتەوە و هەوڵی فریودانی دابێت تەنها لە پێناو تێرکردنی لایەنە جنسییەکەی، وەها گومانیبردووە کە وەها کارێک یوسف لاوازدەکات و وەڵامدانەوەی ئەرێنی بۆی دەبێت، کاتێکیش بێهیوابوو؛ ئیدی دەستی بە هێرشی زەفەربردن بە یوسف کرد. هەموو ئەم ڕووداوەیش بۆ ئەو تاقیکردنەوە دەگمەنە بوو، کە یەکێک لە پێغەمبەرانی خودا توشیانهاتووە کە یوسفە و خودا ئەخلاقێکی بەرز و نەرمونیانییەکی ئەوتۆی پێبەخشیوە، کە ڕێگرە لەوە بخوڕیت بە سەر ئەو کەسەی ستەمی لێکردووە، یان بە وتە، یان دەست تۆڵەی لێبسەنێتەوە. ئەوە سەختترینی ئەو تاقیکردنەوانە بوو، کە پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرانی خودا پێیدا تێپەڕی.

**نهێنیی (مۆگناتیسی)**

لەوەیە جوانی و نەرمونیانیی یوسف (دروودی خوای لێبێت) هەڵگری ڕاز و نهێنییەکی خودایی ئەوتۆ بێت، کە دەسودەم دڵی ئەو کەسەی تەماشایدەکات وەکو مۆگناتیس کەمەندکێشبکات. سورەتی یوسف (دروودی خوای لێبێت) ئەوەمان پێدەڵێت هەر کە هاوسەری عەزیزی میسر بیستی -لەبەر ئەو کەینوبەینەی بڵاوبوویەوە لەگەڵ یوسفدا (دروودی خوای لێبێت) کردوویەتی-، کە چۆن لەلایەن ئافرەتانی چینی خوشگوزەرانی میسرەوە بێزراوکراوە و ڕەخنەباراندەکرێت، تەڵەیەکی وەهای بۆ نانەوە کە جوانی و ڕادەی کاریگەریی بەهێزی دیتنی یوسفی (دروودی خوای لێبێت) تێدا بەکاربهێنێت، چونکە ئەو وەختە بە هۆی ئەزموونە کەسییەکەی خۆی لەگەڵ یوسف بە باشی هەست بەو ڕازە شاراوەیەدا دەکات، کە خودا بە دەستی توانستی خۆی لە کەسایەتیی یوسفدا (دروودی خوای لێبێت)، دایناوە. زوڵەیخا هەر لە تاوی منداڵیی یوسفەوە کە لە ماڵەکەیدا گەورەیکرد؛ ڕۆژانە چاوی لە جوانیی یوسف کلانەدەکرد و هەردەم لە ڕوخسار و بەژنوباڵای وی دەڕوانی، کاتێک گەورەبوو، بوو بە لاوێکی هەڵکەوتووی فرە جوان، ئیدی لە پڕتاو خۆی پێڕاگیرنەکرا و هەڵیکوتایە سەر یوسف (دروودی خوای لێبێت). هەر لەبەرئەوەیش بوو کە فێڵ و تەڵەیەکی وەهای بۆ خانمانی میسر نایەوە هەتا بیکاتە بیانووی هەوڵی لاقەکردنی لاوێکی وەکو یوسف (دروودی خوای لێبێت).

بۆیە خودا فەرمووی: (پاشان ژنانێک لە ئافرەتانی ناو شار ئەم دەنگوباسەیان بیست، گوتیان: سەیرە! ژنەکەی عەزیزی میسر دەیەوێت بە نەرمونیانی سەرنجی لاوەکەی خۆی ڕابکێشێت بۆ لای خۆی، بە ڕاستی ئەویندارییەکەی بۆی هەموو پەڕەکانی دڵی داگیرکردووە، بێگومان ئێمە ئەو ژنە لە سەرگەردانێکی ئاشکرادا دەبینین. جا کاتێک

ژنەکەی عەزیزی میسر توانج و پلارەکەی ئەوانی بیست، ئەویش ناردی بە شوێنیاندا و جێگەیەکی خۆشی بۆ ئامادەکردن، چەقۆیشی دایەدەستی هەریەکەیان، ئینجا فەرمانیدا بە یوسف و گوتی: ئادەی وەرە دەرەوە بۆ لایان (با بتبینن) و جا کاتێک بینیان بە گەورە و گرنگیان زانی و (ألله أكبر)یان بۆ کرد و بە بێئاگایی دەستی خۆیان بڕی گوتیشیان: پاکی و بێگەردی و دووری لە هەموو ناتەواویەک شایستەی خودایە، کە ئەمەی دروستکردووە! ئەمە بەشەر نییە، تەنها فریشتەیەکی جوان و بەڕێزە و هیچی تر نییە. ئینجا ژنەکە گوتی: ئەوە ئەو کەسەیە کە ئێوە لۆمە و سەرزەنشتی منتان دەکرد لە بارەیەوە، سوێند بە خودا بێگومان من هەوڵمدا لەخشتەیبەرم، کەچی ئەو هەر خۆی گرت و پاکوخاوێنی ویست، سوێند بە خودا ئەگەر ئەوەی من فەرمانی پێدەدەم نەیکات، ئەوە بە ڕاستی بەنددەکرێت و زەلیلدەبێت و بە کەم تەماشادەکرێت) [یوسف: ٣٠ ٣٢]. بە جوانییە دەراساکەی و کاریگەرییە موگناتیسئاساکەی، ئافرەتانی میسر هۆشیان لە لای خۆ نەما و وەکو ئەو کەسەیان لێهات کە بە هۆی خەواندنی موگناتیسییەوە دووچاری دۆخێکی ئەوتۆ بووەتەوە، کە هۆشیاری لەدەستداوە.

بەردەوامبوون لە بڕینی میوەکان و بەبێ ئەوەی هەست بە ئازار بکەن دەستی خۆیان دەبڕی و میوەکانیش بە هۆی ئەبڵەقی و چاوتێبڕینیان بۆ یوسف و چۆڕاوی خوێنەکەوە، لە دەستیان دەخزا. پسپۆڕە دەروونناسەکانی هونەری خەواندن، دەتوانن زۆر بە ئاسانی دەستی ئەو کەسەی کە خەوێنراوە بخەنە بەر ڕوویەکی گەرم و وەهایش ڕابیبێنن کە سارده و هیچ ئازارێکی پێوە دیارنەبێت، هەمان شتیش بۆ دەستدان لە ڕوویەکی سارد بەوەی گەرمە، دروستە! ئەوەیش بە لایانەوە کارێکی ئاسانە. پێش دۆزینەوەی دەرمانی بەنج، برینکارەکان (الجراحون) خەواندنی موگناتیسییان بۆ نەشتەرگەری بەکاردەهێنا.

به تەنها جوانیی ڕوخساری یوسف ئەو هەموو کاریگەرییەی نییە، بەڵام یوسف ئەو ڕازەی بە هۆی سەختیی تاقیکردنەوەکەی لەلایەن خودا پێبەخشرابوو؛ خۆ یوسف (دروودی خوای لێبێت) بە جەنگان لەگەڵ موشریکەکاندا تاقینەکرایەوە، دوچاری عەزێت و ئازار و نەخۆشییش نەبوویەوە وەکو ئەوەی بۆ ڕووبەڕووی زۆرێک لە پێغەمبەران بوویەوە؛ بەڵکو تاقیکردنەوە قورسەکەی بەرەنگاربوونەوەی فێڵ و کەیدی ژنانی میسر بوو، هاوکات لێخۆشبوونی ئەوانەیشی کە ستەمیان لێکردبوو. لێرەدا هەست بەوە دەکەین کە خودای گەورە ئەم ڕازە فریشتەئاسایەی پێبەخشیبوو، بۆئەوەی مەقامی بەرزبکاتەوە بۆ پێغەمبەرێکی نێردرا و پەیامبۆهاتوو. هەروەها بەشێک لەو ڕاز و نهێنییەیش بەخشرابوو بە ژنانی میسر کاتێک گوتیان (ئەمە جگە لە فریشتەیەکی بەڕێز هیچی تر نییە) [یوسف: ٣١].

کاتێک هاوسەری عەزیزی میسر بینی ژنانی میسر چییان لە دەستوپەنجەی خۆیان کرد، هەستیکرد جۆرێک لە جۆرەکان ڕێزی بۆ گەڕاوەتەوە، ئینجا بە پێخۆشحاڵی (تبجح) و دەنگێکی بەرزەوە گوتیان: ئا ئەمە ئەو کەسە بوو کە تەمای تێکردبوو و ویستی لەخشتەیبەرێت، هەر زوڵەیخایشە زۆری لێدەکات هەتا بیدات بە فەتارەتدا و توشی فاحیشەی بکات، ئەگەر یوسف ڕەتیشیبکاتەوە؛ ئەوا کونجی زیندا توندیدەکات: (گوتی: ئەمە ئەو کەسەیە کە لە سەر ئەو سەرزەنشی منتان دەکرد؛ ویستم ببێتە دۆستم و دەستم دەگەڵ تێکەڵبکات، خۆی ڕاگرت و بۆم تاونەکرا؛ ئەگەر ئەوەی لەوم دەوێت کە بیکات نەیکات، زەلیلدەکرێت و بە کەم تەماشادەکرێت) [یوسف: ٣٢].

لەو کاتەدا هەموو ئافرەتان کۆکبوون لە سەر ئەوەی بە هەر ئامرازێک بووە فریوبیدەن، بەڵام خۆڕاگر بوو. ئەی خوێنەری هێژا، سەرنج لە نارەحەتیی ئەم تاقیکردنەوەیە بدە. ئەبوهورەیرە (ڕەزای

خوای لێبێت) دەڵێت: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) مژدەی بەهەشتی داوە بە حەوت کەس، کە لە ڕۆژی دواییدا دەیانخاتە بەر سایەی خۆیەوە ئەو ڕۆژەی کە هیچ سایە و سێبەرێک نییە: (پیاوێک ئافرەتێکی قەشەنگ و جوان و خاوەن_پێگە داوای کاری ناڕەوای لێبکات و ئەویش بڵێت من شەرمێ لە خودای دەکەم)[١]. ئەدی دەبێت پاداشتی بۆ گەنجێک چۆن بێت، کە ئافرەتێکی خاوەن_پایە و هاوسەری عەزیزی میسر بێت، کە دارای جوانییەکی سەیر بووە، ئافرەتێکی لەو چەشنەیش بە لای یوسفەوە هەر ئافرەتێک خاوەن_پایە و پێگە نەبووە و بەس، بەڵکو گەورەی بووە و دەسەڵاتی بە سەر چۆنیەتیی ژیانی یوسفدا هەبووە؛ نەک ئەوە بەڵکو دەسەڵاتی بە سەر پیاوەکەیشیدا شکاوە کە پۆتیڤارە و هاوسەری زوڵەیخایە، یوسفیش بوێریی ئەوەی نییە لە فەرمانی دەربچێت، چونکە هەر ئەویش هەڕەشەی خراپ_ مامەڵەکردن و لەبەنێکردنی لێدەکات، تەنانەت پیاوەکەیشی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەم زوڵەیخایە، وەکو چۆن ژێردەستەکانی پۆتیڤاریش فەرمانبەرداری لە خودی خۆی دەکەن.

بێسۆ؛ یوسف (دروودی خوای لێبێت) یەکێک بووە لەو پێغەمبەرانەی دووچاری سەختترین بەڵا و ژانکۆ (معانات) بووەتەوە، کە پێغەمبەر نەبێت هیچ کەس توانای بە سەر ئەم جۆرە فریودانەدا ناشکێت، بەڵام کە ئەم تاقیکردنەوە قورسە زۆری بۆ هێنا و لەولایشەوە هەڕەشە و گوڕەشەی زوڵەیخا بەوەی لە کونجی زیندان توندیدەکات، دەستی لە هەموو لایەک بووە و ڕووی لە خودا کرد و لاڵایەوە و فەرمووی: (ئەی پەروەرندەی من، زیندانەکەم پێخۆشترە لەوەی ئەوان لێمدەخوازن؛ ئەگەر تۆ گەڕی ئەوانەم لێلانەدەیت، دڵم دەچێت بۆ لایان و یەکێک

---

[١] البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب الأذان، باب من جلس في المسجد ينتظر الصلاة وفضل المساجد، حديث رقم (٦٦٠) ص ١٤١.

دەبم لە نەزانان) [یوسف: ٣٣]. خودا بە دانست و بەڕێوەبەرییە سەنگینەکەی (المحکم) هەموو ئەو هۆکارانەی بۆ سازاند، کە ببێتە هۆی گیرابوونی نزاکەی. گومانی تێدا نییە کە ئافرەتەکان لە دەرەوە و ئەملاولا باسوخواسی بەهێزی و خۆڕاگریی یوسفیان کردبوو لە بەردەم فریودان و لەخشتەبردنەکانی زولەیخا و ئافرەتانی دارودەستەی فریودەری، هەتا هەواڵەکە بڵاوبوویەوە و عەزیزی میسر و خاوخێزانەکەی ترسیان لێنیشت لە ئابڕووچوونێک کە شتی زۆر خراپتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت. لەو کاتەدا ئەوان قسەیان هاتەسەر ئەوەی بیخەنە بەندیخانەوە هەتا هیچ نەبێت تۆزیک دەنگۆکان کپببنەوە و میسرییەکان ئەو ئابڕووچوونەی هاوسەری عەزیزی میسریان بیربچێتەوە، ئەوەیش خودا بۆی سازاند هەتا یوسف ڕزگاربکات و نزاکەیشی قەبوڵبکات و بەم لەبەندێکردنە (لە کەید و فێڵی ئەوان پاراستی).

**یوسف (دروودی خوای لێبێت) لە بەندیخانەدا**

ئەگەر وەحی، یان خەو هەڵاوێردەبکەین لە یوسف کە بە منداڵی لە بنی بیرەکەی کەنعاندا دیبووی، ئەوا قورئانی پیرۆز هەتا ئەو کاتەی دەچێتە بەندیخانەوە؛ نە باسی پێغەمبەرێتییەکەیمان بۆ دەکات، نە ئەو تایبەتمەندییە معجیزەیەیشی کە خودا لە لێکدانەوەی خەودا پێبەخشیبوو. بەندیخانە بۆ کەسێک کە تاقیکردووەتەوە و بەریکەوتووە، شوێنێکە تیایدا هەستەکان تیژدەکرێت و عاتیفەکانیش نەرمدەبن و بابای بەندکراو کاتێکی بەتاڵی زۆری لە بەردەستە بۆئەوەی زیاتر لە بیرە شڵەژانی و کاردانەوەییەکانی و ئەو خەوانەی ڕابردوویشی کە بیری لێدەکاتەوە، قووڵببێتەوە.

بۆیە ئەو دوو بەندکراوەی لەگەڵ یوسفدا خرانە بەندیخانەوە، لە یوسفدا (دروودی خوای لێبێت) ڕاستگۆیی و بەرەکەتیکیان بەدیدەکرد، کە زۆرینەی ئەو خەوانەی بۆ لێکدەدانەوە، کە قورئان بە دوورودرێژی و بە لێکدانەوەی یوسف بۆی نەگێڕاوینەتەوە، بەڵکو لە سەر زمانی یوسف ئەو هەواڵەی پێداوین، کە ئەوەی یوسف بۆی لێکداونەتەوە لە واقیعی ڕۆژانەی ژیاندا ڕوویانداوە. گوتی: (بەر لە ژەمەنانێک کە بۆتان دێت و پێش خواردنی، واتای خەوەکەتان پێدەڵێم؛ کە ئەمەیش لەو بەهرانەیە پەروەرندەم فێریکردووم. من ئایینی ئەو کەسانەم وەلاناوە، کە نە بڕوایان بە خودایە و لایانوایە قیامەت نایەت) [یوسف: ٣٧].

یوسف (دروودی خوای لێبێت) سوپاسی هەردووکیانی کرد کە هاتوونەلای و دەیانەوێت ئەو خەوەی کە بەستراوە بە داهاتوویانەوە ئەو بۆیان لێکبداتەوە. ئەمەی بە هەل زانی بۆئەوەی بۆ یەکتاپەرستی بانگیانبکات و پشتهەڵبکەن لە ئەو خودایانەی کە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە. بەو نەرمونیانییەی کە خودا تیایدا بەدیهێناوە، بانگهێشتیاندەکات و بە (هاوەڵانی زیندانم) قسەیان لەگەڵ دەکات، کە هەردووکیان

خزمەتکاری کۆشکی پاشای میسر بوون، یوسفیش (دروودی خوای لێبێت) لە کۆشکی عەزیزی میسردا وەکو ئەمیر وابوو. لەم ئایەتەدا: (ئەرێ ئێوەی دوو هاوبەندم، ئاخۆ چەندین پەروەرندەو پێباشترە، یان خۆ خودای تاک و تەنیای زاڵ بە سەر هەموو شتێکدا؟) [یوسف: ٤٠] وانەیەکی مەزن هەیە بۆ بانگخوازەکانی ئەم زەمەنەمان. یەکێکیان لە خەویدا بینی بە دەستی خۆی ترێ دەگوشێت بۆئەوەی شەراب بۆ پاشا دروستبکات، ئەوی دیکەیان بینی بە سەر سەریەوەی نانی هەڵگرتووە و باڵندە لێیدەخۆن. وەکو ئەوەی لە ئایەتە پیرۆزەکەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە یوسف (دروودی خوای لێبێت) لێکدانەوەی بۆ خەوەکەیان کردووە. گوتی بەوەی لە خەویدا دیویەتی شەرابی بۆ پاشا دروستکردووە، کە دەبێت بە مەیگێڕی پاشا، بەوەیشی کە نانەکە بە سەریەوە بووە و باڵندە لێیخواردووە، کە دواتر لە چوارمێخە دەدرێت و باڵندە کەللەی سەری دەخۆن. ئەوەی گوتی وەها دەرچوو، ئەوەی شەرابی بۆ پاشا دروستدەکرد و دواتر بوو بە مەیگێڕ، ڕزگاریبوو، ئەوی دیکەیش لە چوارمێخە درا.

### خەوی ڕاست

بە لامانەوە گرنگە ئەوەیە بزانین، کە هەندێک لە خەوەکان لە داهاتوودا کتومت وەکو ئەوەی خەوبین دیویەتی ڕوودەدەن. نموونەی ئەم خەوانەیش پێویستی بە لێکدانەوەیەکی سادە هەیە، یان هەر پێویستی بە لێکدانەوە نییە. خودا لە قورئاندا نموونەی ئەم جۆرە خەوەمان بە لێکدانەوەی یوسف بۆ دەهێنێتەوە، کە خەوەکەی بۆ هەردوو زیندانیکراوەکە لێکدایەوە، کە یەکێکیان قوتاریبوو، ئەوی دیکەیش بوو بە مەیگێڕی پاشا.

لە مێژووی ئیسلامیماندا دەرک بەوە دەکەین کە هەرکات ڕۆحانیەتی مسوڵمان زیاتر بێت، خەوەکانیشی وەڕاستدەگەڕێت، ژیاننامەی پیاوباشان

و زانایانمان سیخناخە بەم جۆرە خەوانە، بەڵکو هەندێک ژیانیان بە هۆی خەوە ڕاستەکەیەوە کە بینیویەتی، یان کەسێکی تر خەوی پێوەبینیوە گۆڕاوە. وەکو ئەوەی پێشتر باسکران دەکرێت ئەم جۆرە خەوانەیش بۆ کەسانێک کە پابەندیی ئایینییان نییە ڕووبدات، تەنانەت بۆ ئەوانەیشی کە نامسوڵمانیشن[١]، وەلێ بە دەگمەن ڕوودەدات. هەندێک جار کەسێکی نامسوڵمان خەوەکە دەبینێت بۆ کارێک، یان بابەتیک کە لێیشاراوەیە و خێرێکی گەورەی مرۆڤایەتیی ئەوتۆی تێدایە، کە خودا ئەندازەگیری بۆ کردووە.

لەوانەیش ئەو خەوە دووبارەبووەی کە باپیری پێغەمبەر (درוودی خوای لێبێت) دەیبینی و فەرمانی پێدەکرا بە هەڵکەندنی بیری زەمزەم لە بیابانێکی کاکیبەکاکیی ئەوتۆدا، کە لە خەوەکەیدا بۆی دیاریکرابوو، بیرەکەی هەڵکەند و ئاوەکە تەقی، ئەوە بوو ئەمێستایشی لەگەڵ بێت بە ملیۆنان حاجی و عومرەکار و خەڵکی مەککە و دەرەوەی مەککەیش، ئاوی لێدەبەن و تینوێتییان دەشکێنن، هەموانیش ئاوی زەمزەم لەمپەڕی دنیا هەتا دەگاتە ئەوپەڕی دینا بە ئاوە سازگارەکەی بەهرەمەنددەبن. ئاوی زەمزەم یەکێکە لە موعجیزە بەردەوامەکانی حەرەمی مەککە، بەڵام پێغەمبەران هەرچی لە خەودا ببینن وەکو مژدەیەک وەهایە و وەڕاستدەگەڕێت، ئەوەش بە هۆی پێغەمبەرێتییەکەیانەوە کە بینینی خەو وەکو یەکێک لە ئامرازەکانی وەحی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. عائیشەی دایکمان دەڵێت: (یەکەمین ئامرازی وەحی بۆ پێغەمبەری خودا (درוودی خوای لێبێت) خەوبینینی ڕاستگۆیانە بوو، هەچ خەوێکیشی دەبینی چەشنی ڕۆشنایی بەرەبەیان بۆی دەهات)[٢].

---

١ وەکو بەلقیس، یان ئافرەتە حیمیەرییە یەمانییەکە، کە قورئان بە دوورودرێژی باسیدەکات. وەرگێڕ

٢ البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب بدء الوحي، باب كيف كان بدء الوحي إلى رسول اللهﷺ، حديث رقم (٣) ص ٢١.

**ئەو خەوانەی بە شێوەیەکی ڕەمزین، کە ئایا خەون، یان قسە و گوفتار؟**

قورئانی پیرۆز باس ئەو نیعمەتانەمان بۆ دەکات، کە خودا بە یوسفی ڕاستگۆی بەخشیوە لە لێکدانەوەی خەوەکاندا، وەلێ سورەتەکە تەنها جەخت لە لێکدانەوەی خەوەکان دەکات. چما قورئان ئەوە موعجیزەیە بە لێکدانەوەی فەرموودەکان (تأویل الأحادیث) گوزارشت لێدەکات، نەک بە لێکدانەوەی خەوەکان؟ بێگومان ئەو خەوانەی شێوەی ڕەمزییان لەخۆگرتووە وەکو خەوی ئەو کەسەی بینی لە سەر سەری سوزگییەک نان هەبوو و باڵندە لێیدەخوارد، پێویستی بە کەسێک هەیە، کە خودا نیعمەتی بەصیرەت و بینینی دڵی پێبەخشیبێت و بتوانێت بە هۆیەوە جیاوازیبکات لە نێوان گفتوگۆی دەروون، فریودانەکانی شەیتان و مژدە ئیلاهییەکان.

لەبەرئەوەی ئەو سێ پێکهاتەیەی خەونەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندەکەی دیکەیان تێکەڵدەبن. سەرباری ئەوەی توێژینەوە ئەزموونییە نوێیەکان لە مەیدانی خەوەکاندا، بە بەڵگەی زانستی سەلماندوویانە ئەو کەسەی هەر بە بێداربوونەوەی، خەوەکەی تۆمارینەکات و لەبەرینەبێت، ئەوا گومانی تێدا نییە و بە تێپەڕبوونی کات؛ یادگە و ئەو ڕووداوانەیشی لە زەینیدا هەڵیگرتووە و پەیوەندی بە خەوەکەیەوە هەیە -بە شێوەیەکی سادە، یان گەورە- خۆیان لە دووبارە پێکهاتنی شتێکی ئەوتۆی پەیوەست بە ڕووداوەکانی خەوەکەیەوە هەڵدەقورتێنن. هەروەها هەندێک لەو کەسانەی یادگەیان لاوازە و شتەکانیان بیرنایەتەوە، یان هەندێک لەو هەواڵانەی کە خەوەکە لە پێشتردا هەمواریکردوونەتەوە، لەگەڵ خەوەکەیدا یەکدەگرن، واتە خەوەکەیان تێکەڵوپێکەڵن. زۆرینەی ئەو خەوانە بەدەر نین لە گفتوگۆی دەروون و ئەو یادگانەیشی پەیوەستە پێیانەوە، کەوابوو تێکڕا قسە و گفتوگۆن و لە خەودا دەبینرێت، کە زۆرینەی جار تێکەڵ بە ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانە دەبن، کە سەرجەم

ئەمانە هێندەی قسە و گوفتاری دەروونن نیوهێندە حەقیقەت نین و بە خەوێکی ڕاستەقینە دانانرێن.

ئەوەی زیاتر لێکدانەوەکە سەختتردەکات و خەودیتنەکە وەکو گفتوگۆی دەروون لێدەکات، ئەوەیە کە هەندێک لەو شتانەی لە خەوەکانماندا دەیانبینین لەوەیە بە هۆی خۆتێهەڵقورتانی هەندێک لە ڕۆحەکانەوە بێت، کە لە دەوری ئەو دەروون و نەفسەمان مەلەدەکات کە لە کاتی خەوتنماندا خودا مرادوونی. خودای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا بەئاگاماندەهێنێتەوە بەوەی خەو حاڵەتێکە و چەشنی مردنە، کە پێیگوتراوە (مردنی بچووک) بەراورد بە مردنە گەورەکە، یان مەرگ، چونکە خەو مردنێکی کاتییە و و تیایدا خەوەکانمان لەگەڵیدا ڕەنگدەگرێت: (هەر خودایە کە گیانەکان دەکێشێت لە کاتی مردنیاندا، هەروەها ئەو گیانەیش کە نەمرد لە خەوەکەیدا هەر خودا بۆی دەنێرێتەوە، جا ئەو کەسەی کە خودا بڕیاری مردنی دابێت ڕوحەکەی دەگرێتەوە و ناگەڕێتەوە بۆ لاشەی، ئەو کەسەیش کە ڕۆژی تەواونەبووبێت دەینێرێتەوە بۆی تا کاتێکی دیاریکراو، بە ڕاستی ئا لەو دیاردانەدا چەندین بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێک کە تێبفکرن و بیربکەنەوە. [لەم ساڵانەی دواییدا ئارسەر ئەلیسۆن زانای فیزیای ناوکی لە کۆنگرەیەکدا لە قاهیرە بابەتێکی لە بارەی مردن و خەو پێشکەشکرد، تیایدا گوتبووی: دوای نزیکەی ٢٥ ساڵ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە بۆم دەرکەوتووە، کە خەو جۆرە مردنێکە، ئەو کاتە زانایەکی موسڵمان ئاماژەی بۆ ئەم ئایەتە کرد، ئیتر ئارسەر سەریسوڕما و سەرئەنجام شایەتومانی هێنا، ئێستا موسڵمانێکی ئینگلیزی تێکۆشەرە]) [الزمر: ٤٢][١].

جیهانی ڕۆحەکان کە دەروونی کەسی خەوتووی تێدەچێت، جیهانێکی قەرەباڵغە، بە چەندین بونەوەر و بەدیهاتووی ڕۆحی شەوپۆلدەدات،

١ تەفسری ئاسان، سورەتی زومەر: ٤٢

لەوێندەر مەلائیکە و ڕۆحی پێغەمبەران و ڕۆحی ئەوانەیشی لە چاکەکاران و خراپەکاران و شەیاتینەکان و جگە لەوانیش کە چەندین جیهانن خودا نەبێت کەس پەیپێنابات، بوونیان هەیە. ڕۆحی کەسە خەوتووەکان لەوێندەر دەگات بە ڕۆحەکانی دیکە و پێیانشاددەبن، وەکو ئەوەی لە ڕشتەی گەورەی (السنن الکبری) نەسائیدا هاتووە و دەڵێت: (... خوزەیمەی کوڕی ثابیت گێڕاویەتیەوە و دەڵێت: لە خەومدا بینیم لە سەر ناوچاوی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت)، کڕنووشمدەبرد، دواتر خەوەکەی بۆ گێڕایەوە، فەرمووی (دروودی خوای لێبێت): ڕۆح بە ڕۆح شاددەبێت، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) سەریبرد بە ناو پۆشاکەکەیدا)[1]. ئیبن قەییم لە کتێبی (ڕۆح)دا دەڵێت: زۆر جار خەوەکان لە میانەی ئەو کارلێکە ڕۆحییەی نێوان کەسی خەوبین و ڕۆح و بونەوەرە ئەثیرییەکانی دیکەوە، ڕەنگ و شکڵی یەکتر دەگرن[2]. هەرکات بابای خەوتوو بێداربوویەوە، لە کەمتر لە چرکە یان چاوتروکانێدا نەفسەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، وەلێ هەر کە مرد ڕۆحی دەچێتە جیهانی بەرزەخەوە.

یوسف (دروودی خوای لێبێت)، کە بەهرەیەکی ڕۆحیی مەزنی لە لێکدانەوەی خەونان‌دا پێبەخشراوە، ئەمە وایلێکردووە بە فەزڵی خودا بتوانێت جیاوازیبکات لە نێوان ڕەمز و ئەو بابەتانەی پەیوەستە بە یادگە و قسەی دەروون و بینەوبگرەی جیهانی ڕۆحەوە، هاوکات ئەو کاریگەرییانەیشی لە سەر دەروونی بابای خەوبین لە کاتی گێڕانەوەی خەوەکەیدا و شاردنەوەی ئەو شتانەیشی کە لە خەوەکەیدا دیویەتی

---

١ النسائي، أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب (ت٣٠٣هـ). السنن الكبرى تحقيق حسن عبد المنعم شلبي، إشراف شعيب الأرنؤوط، بيروت: مؤسسة الرسالة، ٢٠٠١م، كتاب التعبير، باب من رأى النبي، حديث ٧٥٨٤.

٢ ابن قيم الجوزية، أبو عبدالله محمد بن أبي بكر (ت٧٥١هـ). الروح، بيروت: دار الكتب العلمية، ط١، ١٩٧٥م، ص١٨٠.

لەبەر شەرم، یان ترسەوە ناتوانێت بیانگێڕێتەوە. باری دەروونی و ڕۆحیی خەوبین لە کاتی گێڕانەوەی خەوەکەی و هەستکردنی کەسی خەوزان لە کاتی بیستنی خەوەکە، ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە پرۆسەی لێکدانەوەی خەو و هەڵوەشاندنەوەی ڕەمزی خەوەکان. لەبەرئەوەی نەریتی خەوەکان واسانێ کە خەوەکە پەیوەندی بە چەند دۆخێکی شڵەژانی سەختەوە هەیە، هەرکات کەسەکە بەخەبەرهاتەوە، یان بێداربوویەوە؛ ئەو کاردانەوە و شڵەژانەیش باردەکات، کە هۆکاری ترس و خۆشیی مرۆڤەکە بوو، خەوەکەیش وەکو چیرۆک، یان گفتوگۆیەکی ئەوتۆ بگێڕدرێتەوە دەمێنێتەوە. ئەوەیش بە شێوەیەکی تایبەت بە سەر ئەو خەوە ترسناکانەدا جێبەجێدەبێت، کە دوای خەوەکە بێداردەبێتەوە؛ بۆئەوەی دەروونی هێمنببێتەوە لەو شڵەژانە سەختەی توشیهاتووە، دواتریش خەوەکەی وەکو چیرۆک و گێڕانەوە و سەرگوزەشتەی لێدێت.

پێموایە خەوی ڕەمزی کاتێک کارلێکی لەگەڵ جیهانی ڕۆح و بونەوەرە ئەثیرەکانی دیکەدا دەبێت، ئەوا دووچاری ململانێیەکی ڕۆحی دەبێتەوە، هەندێکیان هەرچۆنێک بێت هەوڵدادات خۆی لێبەدووربگرێت، هەندێکی دی وێکدێت لەگەڵیدا و هانیدەدات و دەرگای بۆ دەکاتەوە، هاوکات خەوەکەیش لە بەرئەنجامی ئەو ململانێ سەختە، وێنەی ئەو وەردەگرێت و ڕەنگرێژدەبێت. وای بۆ دەچم لە گشتاندنی ئەو فەرموودەیە: (ڕۆحەکان سەربازگەلێکی پڕچەکن) پاڵپشتیی ئەم بیرکردنەوەیە بکات. عائیشە دەفەرموێت، پێغەمبەری خودا فەرمووی: (ڕۆحەکان سەربازگەلێکی پڕچەکن، هەرکامیان یەکدی بناسن هۆگری یەکتر دەبن، ئەوانەیشیان لە یەکتری بخوێنن و دووربگرن، ناکۆک و ناتەبادەبن و پێکەوە نایانکرێت)[١].

لەوەیە ئەم ململانێیە خەوێکی ئاسایی لە سادەییەکی ڕوون و ئاشکراوە

---

١ البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب أحاديث الأنبياء، باب الأرواح جنود مجندة، حديث رقم (٣٣٣٦) ص ٦٣٦.

بگۆڕێت بۆ چەند ڕەمزێکی ئاڵۆز، ئیدی با هەڵگری چەندین پرسی خێریش بێت، وەلێ ڕۆحە خراپەکان، یان شەیاتینەکان لە خەوەکەدا زاڵبوون، ئەوا خەوبینینەکە دەگۆڕێت و ئاوەژوودەبێتەوە بۆ خەوێکی ئەوتۆ، کە پڕە لە ترس و هەواڵی هەراسانکەر و غەمگین و شەرمەزاری، بەڵام ئەگەر خەوەکە لەلایەن خوداوە بوو و خودایش ویستی پارێزگاری لێبکات، ئەوا بە هیچ کلۆجێک شەیتان و شەیاتینی، یان هیچ ڕۆحێکی خراپەکار ناتوانن لێینزیکببنەوە. بۆ نموونە ئەگەر خەوبینینەکە پەیامێکی بۆ بابای خەوبین تێدابوو بەوەی لە خەوەکەیدا بینیویەتی شتێک لە داهاتوودا ڕوودەدات، ئەوە هەمان ئەو ڕووداوە زۆر بە ڕوونی دەبینێت وەکو ئەوەی ڤیدیۆیەکی وردی وێنەگرتن بێت و هەمووی دێتە بەرچاوی. هەرکات خودا مۆڵەتیدا بۆ ئەو ڕووداوانەی لە خەوەکەیدا بینیویەتی کە ڕووبدات، ئەوا کتومت وەکو ئەوەی دیویەتی ڕوودەدات.

کەواتە ئەگەر خەو نەتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکات لەوەی ڕۆحەکانی دیکە بێنەناویەوە و سنوور ببەزێنن، ئەوا ئەو کات پەرژین و سنوورەکەی دەبەزێنن و هەندێک تایبەتمەندیی خۆیان بە بەر خەوەکەدا دەکەن، هەتا وایلێدێت خەوەکە دەبێتە ڕەمزی و پێویستی بە کەسێک هەیە لێکدانەوەی بۆ بکات. ئەگەر ئێمەمانان ئەو خەوەی ڕاستەقینەی کە سەرچاوەکەی لە خوداوەیە، چواند بە ڤیدیۆیەکی ڕوونەوە، دەسا با ئەم جۆرە خەوە ڕەمزییانەیش بە تابلۆیەکی هونەریی سوریالی بچوێنین، کە هونەرمەندێکی بەناوبانگی وەکو پیکاسۆ دایهێناوە، کە تابلۆکانی وەها نمایشدەکات و دەکێشێت وەکو ئەوەی کۆمەڵە ڕەمزێکی ئەوتۆ بن، کە ئاتاجیان بە کەسێک هەیە واتا وردەکانی بخاتەڕوو.

خەولێکدەرەوەی بەهرەدار ئەو کەسەیە دەتوانێت بە هۆی ڕۆحانیەتەکەیەوە، جیاوازی لە نێوان خەوە ڕاستەقینەکە و پاشکۆی ئەو کاریگەرییانەی دیکە بکات کە دەوروخولی خەوە ڕاستەقینەکەیان داوە.

ئەو خەوەی لە سورەتی یوسفدا باسکرا لەم جۆرەیانە، کە خەوێکی پاتبووەوە و چەندجارە بوو، کە پاشا دیبووی. شەوێک پاشا خەونێکی سەیری بینی و بوو بە مەراقی و لە کۆبوونەوەیەکدا گوتی: بە ڕاستی من لە خەومدا بینیم کە حەوت مانگای قەڵەو لەلایەن حەوت مەنگای لەڕ و لاوازەوە خوران، حەوت گوڵەگەنمی سەوز و جوان و حەوتی وشکیشم لە شوێنی ئەواندا بینی. خەوەکە ڕاست بوو، یوسف هەر بە خۆی لە بەندیخانەدا بۆی لێکدایەوە، بۆئەوەی گەلی میسر بە گشتی لە ساڵانێکی قاتوقڕی و برسێتی کە تەڕ و وشک پێکەوە لەناودەبات و لە داهاتوودا توشیاندەبێت، ڕزگاربکات.

زانایان و خەونزانان و جادووبازانی میسر نەیانتوانی خەوەکە بۆ پاشا لێکبدەنەوە و گوتیان ئەمە خەوی بێسەروبن و هەڵەجوبەڵەجە، وەلێ مەیگێڕەکەی پاشا کە یوسف پێش ڕزگاربوونی لە بەندیخانە مژدەی ئەوەی پێدابوو، کە دەگەڕێتەوە سەر ئەرکی خۆی و قوتاریدەبێت، بیری بەهرەی یوسفی لە لێکدانەوەی خەودا کەوتەوە، هەمان چیرۆکی خۆیانی بۆ پاشا گێڕایەوە کە چۆن ئەو کات لە بەندیخانەدا بە جوانی و دروستی خەوەکەی بۆ هەردووک لەو هاوڕێیە لێکداوەتەوە. خەوەکە لە بەندیخانە بۆ یوسفیان گێڕایەوە، ئەویش دەسودەم و بەبێ سستی خەوەکەی بۆ لێکدایەوە، هەتا گەلی میسر لە برسێتییەکە، کە بەریان پێدەگرێت بپارێزێت، ئەمە سەرباری ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازار و ستەمەی زوڵەیخا و دارودەستەکەی، ڕووبەڕوویانکردبووەوە، بەڵام ئەمانە هیچ ڕێگرنەبوو لە بەردەم ئەو سۆز و میهر و شەفەقەتەی لە هەمبەر خەڵکی میسرەوە بۆئەوەی ڕزگاریانبکات. مانگاکانی بە ساڵ لێکدایەوە، حەوت گوڵەگەنمە سەوزەکەیشی بە حەوت ساڵی باراناویی لێکدایەوە، کە حەوت ساڵی قاتوقڕی و بێبارانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، حەوت گوڵەگەنمە وشکەکان ڕەمزی قاتی و گرانی و بێبارانی بوون، دوای ئەم چەند ساڵە،

ساڵێکی باراناویی و پڕبەرەکەت دێت، کە خەڵکی بەروبومی زۆریان پێدەبەخشرێت و میوە دەگوشن و شەربەتی لێدروستدەکەن.

پاشا سەریسوڕما لە لێکدانەوەی یوسف، هەر مەیگێڕەکە کە گوتی کەسێک دەناسم کە سەرتۆپی خەونزانانە و هەر ئەویش بوو هەواڵیدا بە پاشا کە خێزانی عەزیزی میسر، ئەم گەنجەی لە بەندیخانە کردووە و ویستوویانە فریویبدەن، هەروەها پێیگوت کە چەندە خۆپارێز و داوێنپاک بووە و دارای ئاکار و ئەخلاقێکی بەرز بووە، بە ڕادەیەک خودا بەهرە و نیعمەتی جوانییەکی وەها پێبەخشیوە، کە ئافرەتانی مەزنی میسر هەر بە دیتنی دەستی خۆیان بە چەقۆ بڕی و ئەسڵەن هەستیشیان بە بڕین نەکرد. بۆیە یوسف هیچ تورەنەبوو لەوەی ڕەتیکردووتەوە بێتەدەرەوە لە بەندیخانە، هەتا پاکێتی و بێتاوانیی ئەو نەسەلمێنرێت. پاشا بەوپەڕی سام و هەیبەتی پاشایەتییەوە ئافرەتەکانی بانگکرد و لێپرسینەوەی لەگەڵ کردن و دەرکی بەوەیش کرد، کە چییان بەرانبەر یوسف کردووە: (ئەو کارە گرنگەتان چی بوو کاتێک ئێوە ویستتان یوسف لەخشتەبەرن؟) [یوسف: ٥١]. ئافرەتەکان لە سەرووی هەموویانەوە خێزانی عەزیزی میسر، جگە لە داننان بە ڕاستییەکی تاڵ و بێتاوانی یوسف (دروودی خوای لێبێت)، هیچ دەرچەیەکیان بۆ نەمایەوە لەوەی کردبوویان بەرانبەری.

بۆیە ئایەتەکە دەفەرموێت: (پێیگوتن: ئەو کارە گرنگەتان چی بوو کاتێک ئێوە ویستتان یوسف لەخشتەبەرن -ئایا ئەو هیچ تاوانێکی هەبوو؟- هەموو گوتیان: پەنا بە خودا -ئێمە بوختانی بۆ بکەین. ئێمە هیچ جۆرە هەڵە و ناشرینییەکمان لێنەدیوە و نەزانیوە، -ژنەکەی عەزیزی میسر- گوتی: ئا ئێستە ئیتر ڕاستی ڕوون و ئاشکرابوو -دان بە ڕاستیدا دەنێم-، خەتای من بوو، دەمویست لەخشتەیبەرم و بە ڕاستی یوسف یەکێکە لە ڕاستگۆیان) [یوسف: ٥١].

بێگومان تەفسیرە ڕەمزییەکەی یوسف بۆ خەوەکەی پاشا بەوەی مانگا = ساڵە، سەرنجی زۆرێک لەوانەی ئەوسا و ئێستای بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە، کە خاوەنی ناو و ناوبانگ بوون لە لێکدانەوەی خەوندا، بەوەی چەند نەخشە و لیستێکی چەسپاوی ئەوتۆ دابنێن، ڕەمز بێت بۆ ئەو شتانەی بابای خەوبین لە خەوەکەیدا دەیانبینێت، وەکو ئەوەی هەرچی لە خەوەکەیدا دەیبینێت وەکو نیشانە و پەتایەک بێت بۆ چەند نەخۆشییەکی دیاریکراو، چەشنی ئەوەی کابرای خەونزان پزیشکێک بێت و لە نیشانەکانی نەخۆشەکە، دڵنیابێت لە جۆری نەخۆشییەکەی.

لە کتێبی لێکدانەوەی خەوەکاندا ئەوە دەبینین، کە هەر کەس بینی لە خەویدا بازرگانە و دوکانەکەی کەوتووە بە سەریدا، ئەوە ژنەکەی تەڵاقدەدات، ئەگەر نەخۆشیش بێت ئەوا دەسودەم دەمرێت، وەلێ ئەگەر دوکانەکە جوان بێت و پڕبێت لە شتومەک؛ ئەوە مژدەیە بۆی. ئەگەر سەڵتیش بێت ئەوا هاوسەرگیریدەکات و دەبێتە خاوەنی ماڵ و داراییەکی زۆر، وەلێ ئەگەر لە خەویدا بینی زەماوەندیکردووە کەچی بووکی نەبینی، ئەوە دەمرێت، ئەگەر دوپشک/کۆژدمێکی بینی ئەوا یەکێک لە خزمە نزیکەکانی کارێکی بۆ تێچاندووە و دەیەوێت ئازاریبدات، ئەگەر کەسێک بینی یەکێک لە ددانەکانی کەوتنەخوار، ئەوە یەکێک لە خزمانی دەمرێت. بەم چەشنە لێکدانەوەی خەوەکان لەو کتێبانەدا بەدیدەکەین، کە هەرچی هاتووە بە خەیاڵ و ئەندێشە و هەست و نەستماندا و خودایش نەیخستووەتە دڵمان، نووسیومانە و لێکدانەوەمان بۆ کردووە.

لەبەرئەوە لێکدانەوەی دروست لە کەسێکی بەهرەدارەوە بۆئەوەی کە خەوەکەی دیوە، پشت بە چەند بابەتێکی جیاواز دەبەستێت، وەکو کەسایەتیی خەوبین، زۆرینەی جار کەسی خەونزان ڕاڤەیەکی جیاواز بۆ خەوی دوو کەس لێکدەداتەوە، کە یەک خەویان دیوە، وەکو ئەوەی ئیبن سیرین کردی، کە کەسێک گوتی لە خەودا بینیومە دەنگم بەرزکردووەتەوە

و بانگمداوه، پێیگوت: (خودا ياربێت دەچيت بۆ حەج)[1]. يەكێكی ديكە هات و هەمان خەوی ديبوو، كەچی بەوی گوت: دزيدەكەيت و دەستت دەبڕن!
لە سەر ئاستی پێغەمبەرانی خودا (دروودی خوای لێبێت)، دەبينين لە سورەتی يوسفدا و لە لێكدانەوەی خەوەكەی پاشادا، مانگای بە ساڵ لێكداوەتەوە، بەڵام پێغەمبەرمان (دروودی خوای لێبێت) كاتێك پێش جەنگی ئوحود لە خەويدا بينی مانگايەك سەربڕدراوە، بەوە لێكيدايەوە كە چەند كەسێك لە هاوەڵەكانی لە جەنگەكەدا شەهيددەبن، هەمان شتيش ڕوويدا. وەكو ئەوەی خودا ويستوويەتی بە خەو و بە شێوەيەكی ڕەمزی هەواڵی شەهيدبوونی هاوەڵەكانی بدات بە گوێيدا، هەتا لە ناكاو و لە پڕتاودا بەر كارەساتی شەهيدبوونی ٧٠ هاوەڵەكەی نەكەوێت[2].
لێرەدا دەبينين كە خودی ڕەمز واتە (مانگا)، بە دوو شێوەی جياواز لێكدراوەتەوە. بەم چەند پەڕەيەوە لە بارەی تێڕامان و سەرنجەكانمان لە بارەی خەو لە سورەتی يوسفدا دەوەستين، بۆئەوەی باسی ئەو چەند وێستگە و بابەتە لێكچوانەی ديكە بكەين، كە دەروونناسان لە مەيدان ئيلهام و بۆهاتنەوە و دەروونناسيی نەست لەم سورەتەدا ديراسەيانكردووە و لێيانكۆڵيوەتەوە.

**بۆچی يوسف (دروودی خوای لێبێت) ناسنامەی خۆی بۆ براكانی و باوكی ئاشكرانەكرد؟**

ئێمە لەگەڵ يوسفداين ئەو وەختەی لە بەنديخانە ئازاددەكرێت و پاشا هێنايە كن خۆی و ڕێزيكی زۆری لێنا و كردی بە عەزيزی ميسر. يوسف (دروودی خوای لێبێت) لەوە دڵنيابوو، كە ئەو حەوت ساڵەی داهاتوو

---

١ بە گوێرەی ئەو ئايەتەی دەفەرموێت: (وأذن في الناس بالحج يأتوك رجالا وعلى كل ضامر يأتين من كل فج عميق) [الحج: ٢٧] وەرگێڕ

٢ لە بارەی ئەم بابەتەوە بڕوانە: البخاري، صحيح البخاري، مرجع سابق، كتاب التعبير، باب إذا رأى بقرا تنحر، حديث رقم (٧٠٣٥) ص ١٣٤٤.

ساڵانێکی بەفەڕ و بەرەکەت و باراناویی دەبێت، تیایدا گەنم دەڕندرێتەوە و عەمباریشدەکرێت بۆئەوەی لە ساڵانی داهاتووی قاتوقڕی و بێبارانیدا، کە دوای ئەو حەوت ساڵە دێت، خەڵکی میسر بەشی پێویست خواردنیان هەبێت، وەلێ بە هۆی ئەو شارەزا و کارامەییەی ئەو چەند ساڵە لە میسری هەکسۆسیدا بەسەریبردبوو، دەرکی بەوە کرد، کە گەندەڵی و خراپبەکارهێنانی سامانی وڵات و خزمخزمێنە، بە هۆی پاراستنی بڕی گەنم و دابەشکردنی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسانی لەو چەند ساڵەی داهاتوودا، شکستدەهێنێت و ئەو گەندەڵییە دەڕەوێتیەوە، کە هەر خودی ئەو گەندەڵییە بڕستی لە خەڵکە پلە دووەکەی میسر بڕیبوو، توشی برسێتی کردبوون. بۆیە پێویستبوو هەر بە خۆی سەرپەرشتیی ئەو ئەرکە بکات، داوای لە پاشا کرد لە ماوەی ئەو چەند ساڵە سامناکەی داهاتوودا بیکات بە سەرپەرشتی عەمبارکردنی دانەوێڵە، ئەو بوو بە ئەمینداری گەنم و دادپەروەر لە دابەشکردنیدا: (إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ) واتە: (یوسف گوتی: پێمباشە بمکەیت بە لێپرسراو بە سەر گەنجینەکان و سامانی سەر زەوی ئەم وڵاتە، (میسر) بە ڕاستی من پارێزەرێکی زانام -لە خۆم ڕادەبینم کە شت بپارێزم و زانایشم کە چۆن دەیپارێزم-) [یوسف: ٥٥].

ساڵانی بەپیت و باراناویی و سەوزایی تێپەڕی، بە دوایدا ساڵانی قاتوقڕی و بێبارانی و وشکەساڵی هات، برایانی یوسف (دروودی خوای لێبێت) ئەوانەی خستیانەناو بیرەکەوە هاتنە میسرێ، بۆئەوەی هەرچی بووە ئەوانیش پشکی خۆیان ببەن، کەچی یوسف (دروودی خوای لێبێت) سەرباری تێپەڕینی چەندین ساڵ بە سەر تەمەنیاندا و گۆڕانی ڕوخساریان و ماندووبوونیان بە هۆی دوورودرێژیی سەفەرەکەیانەوە،

یەک بە یەکیانی ناسییەوە، وەلێ یوسف (دروودی خوای لێبێت) بووبوو بە پیاو و هەتا بێت جوانتردەبوو، بە هۆی خواردنی پاشایانەی کۆشکەوە و خزمەتگوزارانەوە -سەرباری زوهد و دنیانەویستییەکەی و ڕووکردنە دوارۆژی-، گەشاوەتر بوو، ئەمە سەرباری ئەو شان و شکۆ و هەیبەتەی پێگە و مەقامی عەزیزیەتیی میسر پێیبەخشیبوو. ئەستەم بوو بتوانن ئەو پەیوەندییە وەدیبهێننەوە لە نێوان ئەم کەسەی کە ئەمێستا عەزیزی میسرە و ئەو منداڵەی بەهانایەوەنەچوون و سۆزیان بەرانبەری نەبوو و چاویان بە فرمێسکەکانی نەکەوت و لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا خستیانەناو قووڵایی ئەو بیرە تاریکەی کەنعانەوە. یوسف (دروودی خوای لێبێت) هەر چۆنێک بێت و بە هۆی زیرەکی و زرنگییەکەوە، توانی ناچاریانبکات کە برا بچووکەکەیان لەگەڵ خۆیان بهێنن کە بنیامینە، هاوکات توانی بنیامینیش لە لای خۆی بهێڵێتەوە وێڕای ئەوەی براکانی پەیمانیان لە باوکی وەرگرتبوو، کە لەگەڵ خۆیاندا بنیامین بهێننەوە بۆ لای باوکە دڵبریندارەکەیان.

وەکو خودا باسیدەکات: (هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ حَاجَجْتُمْ فِيمَا لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ فَلِمَ تُحَاجُّونَ فِيمَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) واتە: (گوتی: لەگەڵتانی ناخەم تا پەیمانم بە ناوی خودا نەدەنێ، کە هەر دەبێت بۆم بهێننەوە؛ مەگین گشت دەرەتانێکتان لێگیرابێت. کاتێک کە پەیمانیانداپە، گوتی: خودا لەم بنارە ئاگادارە) [یوسف: ٦٦]. ئەو دەمەی ئایەتەکانی سورەتی یوسفم گوێلێدەبوو، یان دەمخوێندنەوە، لە خۆمم دەپرسی؛ چما یوسف هەواڵدانی بە باوکی و براکانی بەوەی ماوە و تەندروستییشی باشە و لە کۆشکی میسردا بووە بە عەزیز دواخست؟ دواتر خودای مەزن نیعمەتی بوون بە عەزیزی میسری پێبەخشیوە و هەر ئەویش بەرپرسی دەکرێت بڵێین وەزارەتی کشتوکاڵ و داراییە و گەنم بە فەرمانی ئەو بە سەر تێکڕای خەڵک و خەڵکانی شارەکانی دیکەی دەرەوەی میسریش

دابەشدەکرێت.

ئەگەر پەیوەندیکردن پێیانەوە سەختبووە بەو پێیەی ئەو لە کۆشکی میسردا بووە و ئەوانیش لە دۆڵێک لە دۆڵەکانی کەنعانییەکان یان حەڕاندا بوون، چۆن ڕاڤەی ئەوە بکەین کە هیچ هەواڵێکی خۆناساندنی بەو برایانەی نەداوە کە هاتوون بۆ وەرگرتنی بەشە گەنمی خۆیان؟ ئەدی بۆچی خۆی کەشفنەکرد بەوەی یوسفە هەتا ئەو پیرەپیاوەی باوکی کە ئازاری دووریی زۆری پێهێناوە و چاوکانی سپیهەڵگەڕاوە ڕزگاربکات؟ حیکمەت لەم دواخستنە چییە؟

یوسفی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) هیچ شتێک بەبێ فەرمانی خودا ناکات. ئەو بە هیچ شێوەیەک بۆی نەبوو بەبێ مۆڵەتی خودا حەقیقەتەکەیان پێبڵێت. دەسا با بیر لە حیکمەتی ئەم دواخستنە بکەینەوە. لە پێشەوا شافیعییەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرمویەتی: هەرکات مرۆڤ هێندە پەیوەست و وابەستە بوو بە کەسێکەوە، خودا تاڵیی ئەو پەیوەستییەی پێدەچێژێت؛ لەبەرئەوەی خودا ئیرەیی بە دڵێک دەبات کە بە غەیری ئەوەوە پەیوەستبێت، ئیدی بەری ئەو پەیوەستبوونەی لێدەگرێت بۆئەوەی بیگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی. ئەگەر ئەم قسەی شافیعی بۆ سەرجەم مسوڵمانان بێت، ئەدی دەبێت بۆ پێغەمبەران چۆن بێت؟

خۆشەویستیی یەعقوب بۆ یوسف و وابەستەییەکەی بۆی؛ لە سەرووی هەموو ئەو شەیدایی و تامەزرۆییەی باوک بوو بۆ کوڕەکەی، کە لە کتێباندا خوێندوومانەتەوە. خۆشەویستییەک کە ساڵ لە دوای ساڵ خۆڕاگرییەکەی زیاتر و زۆرتر کردبوو. ببینە چۆن یەعقوب وەڵامی ئەو کوڕانەی دایەوە، کە بیستی عەزیزی میسر دەستیگرتووە بە سەر بنیامینی کوڕە بچووکیدا، کە یوسف بە بیانووی بردنی شەربە/جامۆڵکەی (صواع)ی پاشاوە، بنیامینی لە لای خۆی گلدابووەوە، بە هەمان جۆر ئەو کاتەیشی بە گریانەوە هاتنەلای باوکیان بەوەی یوسف گورگخواردکراوە

و کراسەکەیان ژەندبوو لە خوێندا، بە چەند وشەیەک هەمان ئەو وەڵامەیدانەوە، کە ئەو کات پێیگوتبوون: (قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ) واتە: (نەخێر وانییە، بەڵکو خۆتان بۆ خۆتان ئەم کارەتان سازداوە) [یوسف: ١٨]، وەلێ دوابەدوای ئەوە ئەوەندەی بۆ یوسف کاریگەر و دڵگران بوو، هێندە بۆ بنیامین کاریگەرنەبوو، ئەگەرچی ئەمەیشیان هەر هەمان ئەو پیلانە بووبێت کە پێشتر بۆ یوسفیان چاندبوو؛ وا دیاربوو بڕوای بە هیچ قسەیەکیان نەمابێت، هیچ گوزارشتێکی ئازاری لە بەرانبەر ئەوەی بە سەر بنیامیندا هێنابوویان دەرنەبڕی، لەگەڵ ئەوەیشدا کە کەسە بەتەمەنەکان زیاتر وابەستەی منداڵە بچووکەکانیانن، ئیدی کە هەواڵەکەیان پێدا پشتی تێکردن و حەسرەت و مەراقی دووریی چەند ساڵەی یوسفی حەشاردراوی کە سۆمای چاو و هێزی دڵی بوو بیرکەوتەوە، کتومت ئەوەی بە سەر بنیامیندا هات زیاتر برینی دووریی یوسفی کولاندەوە و یادی ڕۆڵەی ستەملێکراوی کەوتەوە، وەکو خودا بۆمان باسدەکات: (وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَى عَلَى يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ ۞ قَالُوا تَاللَّهِ تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّى تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ ۞ قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ) واتە: (ئیتر ڕووی لەوان وەرگێڕا و گوتی: ئای، ئاخ و داخم بۆ یوسفی جوان و نازدارم، هێندە گریا هەتا چاوەکانی سپیهەڵگەڕا و ئاوی سپی تێزا و هەروا پیشیدەخواردەوە. گوتیان: سوێند بێت بە خودا، تۆ قەت یوسف لەبیرناکەیت؛ لەوانەیە نەخۆشتبخات یان بتکوژێت. گوتی: گازندە و دڵمەندیم هەر بۆ خودا دەدرکێنم و من لە خوداوە گەلێک شتی وا دەزانم کە ئێوە لێی ئاگادار نین) [یوسف: ٨٤-٨٦].

ئەمە پێغەمبەرێکە و خۆشەویستیی کوڕەکەی دڵی داگیرکردووە، هەتا خودای مەزن ئیرەییەکی وەها کە شیاوی پایە و بەرزیی ئەو بێت پێیبردووە، یوسفی لێیبەشکرد؛ بۆئەوەی عاتیفە و سۆزێک کە دنیای

تێکەڵبووە دڵی پێغەمبەرێکی وەها بەڕێز لێڵنەکات. باپیرە گەورەی وی ئیبراهیمە (دروودی خوای لێبێت)، وەکو ئەوەی ئیبن عەجیبە لە کتێبەکەی (البحر المدید فی تفسیر القرآن المجید)دا دەڵێت: (کە ئیبراهیم (دروودی خوای لێبێت) بە گەورەتر لەوە تاقیکرایەوە، کە سەربڕینی ئەو کوڕەی بوو، کە خودا دوای ئەوەی پیر و کەلەلا و پەککەوتە ببوو پێیبەخشی، بە ڕادەیەک خۆشەویستیی ئەو دڵی ئیبراهیمی داگیرکردبوو)[1].

کەواتە خودا بە حیکمەتی خۆی نەیهێشت ناسنامەی یوسف دەربکەوێت. ئەگەر تاقیکردنەوەی یوسف بە هۆی جوانی و دڵبەندیی ئافرەتانەوە بۆی و ئارامگرتنەکەی و مامەڵە باشەکە لە بەرانبەر ئەوەی بە خراپە و ئەوپەڕی دڵڕەقی و ئازاردان و ئەشکەنجە و لەبەندێکردنیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات بووبێت، ئەوا لە بەرانبەردا باوکی کە یەعقوبە؛ بە بێبەشکردنی چەندین ساڵەی خۆشەویستترین کەسی کە یوسفە (دروودی خوای لێبێت)، تاقیکردەوە. پێویستبوو ئەم بێبەشکردنە بەردەوام بێت، هەتا پێغەمبەرێکی وەها بەڕێز خۆڕاگر بێت لە بەرانبەر ئەو ناڕەحەتی و ئازارەی خودا بە هۆی ئەو بێبەشکردنەیەوە توشیکردووە، بۆئەوەی شیاوی ئەو پێگە بەرز و بڵندە بێت کە لە لای خودا بۆی ئامادەکراوە. دواتر بەکۆیلەکردنی بچووکترین کوڕی و نەفیکردن و ونکردنی کوڕە گەورەکەیشی، ئەوپەڕی تاقیکردنەوەی سەخت و دژواری ئەوتۆ بوو، کە خۆشی بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

لە لایەکی ترەوە، ئەم دواخستنە حیکمەتیکی ئیلاهی بوو، تیایدا سۆز و بەزەیی پڕ تەوژمی خودای بە سەر براکانی یوسفدا کەشفکرد، سەرباری ئەو هەموو ستەم و کارە نابەجێیەی لە هەمبەر ئەو و

---

[1] ابن عجيبة أبو العباس أحمد بن محمد بن عجيبة (ت١٢٢٢هـ)، البحر المديد في تفسير القرآن المجيد، تحقيق: أحمد عبدالله القرشي، القاهرة، طبع على نفقة حسن عباس زكي، ط ١، ١٩٩٩م، ئایەتی ٨٤ لە تەفسیری سورەتی یوسفدا.

باوکیاندا (دروودی خوای لێبێت)، کردیان. بۆیە پێویستبوو لێبوردن و عەفووبکرێن لە وەها کارێکی نەشیاو، بۆئەوەی پەشیمانببنەوە و هەست بە شەرمەندەیی و حەیا بکەن لە هەمبەر خودا و یوسف و باوکیاندا. کاربەڕێوەبەری خودا لە پاش ئەو تەڵەوە دەستییپێکرد، کە یوسف لە گلدانەوەی بنیامینی برایدا بەکاریهێنا، بە چەندین ڕێگای جیاواز هەوڵیاندا یوسف قایلبکەن -پێیانوابوو عەزیزە- کە بنیامین ببەخشێت، زانییان سوودی نییە، گوتیان دەسا با یەکێکمان لە شوێنی ئەو بێت، بەڵام ئەومان بدەنەوە، لەبەرەئەوەی باوکی پیاوێکی گەورە و نەخۆشە و پەکیکەوتووە. سەرنجبدە چۆن خودا وەهای لێکردن مامەڵە و ڕەفتار و بیرکردنەوەیان بە هەست و نەستەوە ئاڵوگۆڕبکەن بەوەی لەگەڵ یوسف کردیان، هەتا پەشیمانببنەوە و لێیانخۆشببێت. کاتێک ویستیان براکەیان لە ئەوینی باوکیان بێبەشبکەن بۆئەوەی سۆز و عاتیفەی باوکیان ڕوو لەوان بکات نەک یوسف، خستیانەناو تاریکایی بیرەکەوە و بانگەشەی ئەوەیشیان کرد کە گورگ خواردوویەتی. کەچی ئێستا ئەوپەڕی زۆر لە عەزیزی میسر دەکەن کە بنیامین بەربدات و یەکێک لە بریی ئەو بخاتە شوێنی، لەبەرئەوەی بە سەلامەتی بگەڕێنەوە بۆ کن باوکیان. گومانی تێدا نییە ئەم گۆڕانکارییە پەشیمانی تێدا دروستکردوون لە بەرانبەر ئەوەی لەگەڵ یوسف کردیان، سەرباری ئەوەی ئەنجامیاندا، ئەوان لە ماڵی پێغەمبەرایەتییشدا گەورە و پەروەردەببوون و باش دەیانزانی کە وەها کارێکی نابەجێ و نەشیاو، لە دوارۆژدا سزای سەخت چاوەڕێیاندەکات.

کاتێک بێئومێدبوون لە بەزەیی و سۆزی عەزیزی میسر، کەناریانگرت و پێکەوە ڕاوێژیانکرد کە چی بکەن، قورئان باسی ئەوەمان بۆ دەکات، کە ئەوەی دەرهەق بە یوسف کردوویانە ئەوا دوای چەندین ساڵ لە بەردەمیاندایە و خاوەن_پێگە و مەقامە. هەیانبوو هەستی پەشیمانی لەوەی کردوویەتی و لە باوکی شاردووەتەوە دەردەبڕی، هەیانبوو

وەکو گەورەکەیان [هەندێک دەڵێن لاوی بوو] زۆری بۆ هات و بە ئاشکرا ئەوەی بە یوسفی کردبوو دەرپیەڕاند و ڕووینەبوو دیسانەوە بە کارەساتێکی دیکەوە بگەڕێتەوە بۆ لای باوکی.

خوێنەری هێژا، بیر لە مەزنی و وردیی کاری خودا بکەوە و ڕابمێنە. کاتێک لە بەردەم باوکیان بە کراسی خوێناوییەوە وەستان و دڵخۆشبوو بە نەمانی یوسف لە ژیانیاندا، خودا ئەم جارەیان و لە هەمان شوێن توشی هەڵوێستێکی ژانکۆی دیکەی کردن، کە وەستان بوو لە بەردەم باوکی دڵبرینداریدا، ئەوەی بە سەر بنیامیندا هات بۆیان گێڕایەوە و گوتیشیان کە لاوی ڕووینەبووە بێتەوە بەردەمت. ئەم جارەیان لە پەشیمانی و خەم و خەفەتەکەیان ڕاستگۆ بوون، وەلێ باوکیان بڕوای پێنەکردن، لەبەرئەوەی ئەو دەمەیشی گوتیان یوسف گورگانخواردکراوە، هەر بڕوای پێنەکردن، ئەدی چلۆن ئێستا بڕوا بەوە دەکات بنیامین لەبەرئەوەی جامۆڵکەی پاشای دزیوە، گیراوە و کراوە بە کۆیلە! بەردەوام سوێندیاندەخوارد و ئەوانەیشی لە کاروانییەکەی میسر لەگەڵیاندا بوون و پێکەوە گەنمیان هێنایەوە، کردنی بە شایەت لە سەر ڕاست و دروستیی قسەکەیان: (وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا وَالْعِيرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا وَإِنَّا لَصَادِقُونَ ۝ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ۝ وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَى عَلَى يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ ۝ قَالُوا تَاللَّهِ تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّى تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ ۝ قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ۝ يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ) واتە: (لە مەردمی ئەو شارە کە ئێمەی لێبووین لەو کاروانەیش کە دەگەڵیان هاتینەوە، پرسیاربکە؛ ئێمە بێسۆ ڕاستدەبێژین. گوتی: نەخێر، هەوای دڵتان کارەکەی لەبەر خەملاندوون. [دیسانەکە] خۆڕاگریی بێناشکوری؛ بەڵکو ئەمە خودایە گشتیان بهێنێتەوە بۆ لای من. خودا بۆ خۆی ئاگادار و

لەکارزانە. ئیتر ڕووی لەوان وەرگێڕا و گوتی: ئەی داخم بۆ یوسف لە خەفەتدا چاوەکانی سپیهەڵگەران و پیشیدەخواردەوە. گوتیان: بە خودا سوێند، تۆ قەت یوسف لەبیرناکەیت؛ لەوانەیە نەخۆشتبخات، یان بتکوژێت. گوتی: گازندە و دڵمەندیم هەر بۆ خودا دەدرکێنم و من لە خوداوە گەلێک شتی وا دەزانم کە ئێوە لێی ئاگادار نین. ڕۆڵەکانم، بڕۆن بەڵکو سۆراغێکی یوسف و براکەی بکەن؛ ناهومێدیش مەبن لە بەزەیی خودا؛ هەر ئەوانەی خوانەناسن، لە بەزەیی خودا ناهومێدن. لە دوای ئەوەی گەیشتنە لای، گوتیان: ئەی عەزیز، هەم خۆمان هەم خێزانمان لە بێبژیوی کەلەلاین؛ کەمێکمان دراو هێناوە، بیکە سەدەقەی سەری خۆت، پێوانەی تەواومان دەیە؛ خودا پاداشتی خێرەومەندان لەبیرناکات) [یوسف: ٨٢-٨٧]. خودا ویستی هەست بە پەشیمانی بکەن لە سەر بچووکترین تا گەورەترین کارێک کە کردوویانە دەگەڵ یوسف.

دوای ئەو ڕووداوە، ئەو چەند ڕۆژەی لەگەڵ باوکیاندا مانەوە لە نێوان هەردوو کاروانییەکەیان بۆ میسر؛ ناخۆشترین و ناهەموارترینی ڕۆژەکانیان بەڕێدەکرد. لە لایەک باوکی غەمبار کە چاوی لەدەستدابوو، لە لایەکی دی فەقیری و نەداری و بێبژێوی کۆڵی کوتیبوون وماڵیش هیچ زایەڵە و دەنگی بنیامین و ڕێنماییەکانی (لاوی)ی برا گەورەیانی تێدا نابیسترێت و چۆڵەوانییە. وەختی سەفەرکردن بۆ میسر هاتەپێشێ بە ئومێدی هێنانەوەی دەستکەوت (غلة) و هەندێک گەنم، بەڵام بە هۆی ئەو دەستکورتی و نەدارییەی توشیهاتبوون، ئەم جارەیان کۆڵ و بارەکەیشیان هیچ لەبارانەبوو و بێبازاڕ بوو، ڕوخساریان لە ڕووی دەروونی و ڕۆحی و جەستەییەوە و بە هۆی ژانکۆ و پەژارە و هەستکردن بە پەشیمانی لەوەی کردبوویان، ڕەنگدانەوەی کۆڵ و بارەکانیان بوو. ئەم جارە بە کەلوپەلێکی بێنرخەوە (مزجاة) هاتنەوە بۆ خزمەت یوسف...، بە جەستەیەکی ماندوو و باریک و زەلیل و هەژارەوە، هاتوون و داوای خێری

لێدەکەن، شوێنەواری برسێتی و ماندوێتی و خەفەت و نەداریی باڵی بە سەر ڕوخسارياندا کێشابوو. یوسف بەزەیی بە حاڵیاندا هات و حەزیکرد حەقیقەتەکەیان بۆ بدرکێنێت، شایەت ئەم حەزەی، وەحیی ئیلاهییش پاڵپشتی لێبکات، بەوەی ئیدی ئەوان پەشیمانبوونەتەوە و بەرگەی هەرچی ئازار و سەختیی دەروونی و ڕۆحی هەیە گرتوويانە، بەڵکو ئەمە خودایە کە عەفوو و لێخۆشبوونی خودایش بیانگرێتەوە، ئێستایش کاتی ئەوە هاتووە بەوپەڕی هێمنی و سێکنییەوە ناسنامەی خۆی ئاشکرابکات، گوتی: (قَالَ هَلْ عَلِمْتُمْ مَا فَعَلْتُمْ بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنْتُمْ جَاهِلُونَ) واتە: (ئایا هەست بەوە دەکەن بە هۆی نەزانینتانەوە؛ چیتان بە سەر یوسف و براکەی هێناوە؟) [یوسف: ٨٩]. بڕوانە ئەم هێمنی و لەسەرخۆییە لەگەڵ کەسانێکدا، کە خراپەیان لەگەڵ کردووە و ئازاریانداوە و خستوویەتیانە ناو چاڵی کەنعانەوە و براکەیشیان بە دز تۆمەتبارکردووە. وتە شیرین و ناسکەکانی بەم چەشنە کۆتاییپێهێنا: (ئێوە نەزان بوون). هەموو لۆمە و تاوانەکەیانی خستە سەر ئەوەی نەزان و گەنج بوون، وەلێ ئەگەر ئەو کات کەسێکی ئاسایی ئاگاداریبکردنایەتەوە کە چ کارێکی خراپیان بەرانبەر یوسف کردووە، ئەو کات دەیگوت: (ئێوە تاوانکارن) یان: (ئێوە خوێنمژن)، یان: (ئێوە درۆزانن)، بەڵام تاقیکردنەوەکەی یوسف ئەوە بوو کە لە بەرانبەر ستەم و دوژمنکاریدا، هێمنی و نەرمی و لەسەرخۆیی بەکاربهێنێت. کەواتە بڕوانە نزا و پاڕانەوە و سوپاسگوزاریی یوسف لە سەر ئەو هەمگە نیعمەت و بەخششەی خودا ڕژاندوویەتی بە سەریدا، بەوەی چاویکەوت بە برا و خزم و کەسوکاری و ئاشتەواتییش کەوتە نێوان ئەو و براکانیەوە؛ کە لە موناجاتەکانیدا دەیفەرموو: (وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا وَقَالَ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُمْ مِنَ الْبَدْوِ مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ)

واتە: (دایک و بابی وەبان تەختەوە نیشاندا و هەموویان کڕنووشیان بۆ برد. گوتی: بابە، ئەمە خەونەکەی پێشوومە؛ پەروەرێنم ئاکامەکەی وەدیهێنا و لە پاش ئەوەی شەیتان لە نێوانی من و براکانم بەدفەڕیکرد، خودا زۆر چاکەی لە بارەوە کردووم؛ لە زیندانی دەرهێنام و ئێوەیشی لەو سارایەوە هاوردەوە. پەروەرێنم، بۆ هەر کەسێکی خۆی حەزبکات دڵاوایە و بۆ خۆی زانای لەکارزانە) [یوسف: ١٠٠].

لە پای هەموو ئەوانەی بە سەر یوسفدا هات، کەچی ئەو تاوانەکەی خستەسەر شانی شەیتان و خۆی و ئەوانی هاوهەڵوێست پیشاندا: (لە نێوان من و لە نێوان براکانمدا). سبحان الله! هیچ کەس توانای بە سەر وەها هەوڵوێستێکدا ناشکێت پێغەمبەر نەبێت (دروودی خوای لێبێت)، کە گەورەی مرۆڤ و جنۆکەیە؛ چونکە خودا بۆ خۆی وەسفیدەکات و دەفەرموێت: (وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ) واتە: (چاکە و خراپە هەمبەر نین؛ تۆ هەمیشە وەرامی چاکتر بدەوە، ئەوسا کەسێک کە لەگەڵ تۆدا دوژمنە، دەبێتە دۆستی نزیکت) [فصلت: ٣٤].

هەر بە دەرخستنی ناسنامەکەی پەردە لە سەر چەند تاقیکردنەوەیەک لادرا:

یەکەم لە بارەی ئەو برایانەی یوسف، کە مژدەی لێخۆشبوونیان لەو کارە ناشیاوەیان پێدرا. دوای ئەوە زانییان یوسف عەزیزی میسرە؛ خودا هەموو تاڵیی ئەو کردەوانەیانی پێچەشتن و دانیشیان بە هەڵەی خۆیاندا نا و گوتیان: (قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا وَإِنْ كُنَّا لَخَاطِئِينَ   قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ) واتە: (بە خودا سوێند بێت، خودا تۆی -بەرانبەر بە ئێمە- سەرخستووە و ئێمە لە خەتاکاران بووین. گوتی: ئەمڕۆ گازندەتان لە سەر نەماوە؛ خودا خەتاتان دەپۆشێت و هەر خۆی لە گشت بە بەزەییەک دڵسۆزترە) [یوسف: ٩١-٩٢].

دووەم: پەردە لە سەر تاقیکردنەوەکانی پێغەمبەر یەعقوب (دروودی خوای لێبێت) لادرا. دواهەمین ڕۆژی تاقیکردنەوەکەی سەختترین ئازار بە دڵی گەیشت؛ کە ئازاری دووریی یوسف و بنیامین و گەورەی کوڕەکانی کە لاوییە دەچەشت، لەگەڵ ئەو هەمگە ناساغی و لەدەستدانی چاوی و هەڵکشانی تەمەنی و ناهەمواری و بێدەرەتانی و هەژاریی ئەو دۆڵ و شوێنەی تیایدا دەژیان. بۆیە دواتر خودا بە فەزڵ و ڕەند و موعجیزەی خۆی چاوەکانی بۆ گەڕاندەوە و هەموو منداڵەکانیشی بە یوسفەوە کە عەزیزی میسرە پێشادکردەوە، ئەو یوسفەی هەموو خزم و کەسوکارەکەی بانگهێشتکرد بۆ میسرێ، بۆئەوەی بە ئارامی لەوێندەر ژیان بگوزەرێنن و لە ناسازی و سەختیی ژیانی بادییە و دۆڵ، ڕزگاریانببێت.

سێیەم: بە هەمان چەشن پەردە لە سەر ئەو تاقیکردنەوەیەی یوسف لادرا، کە چەندین ساڵ بەرگەی ئازاری دووری لە خزمانی بە تایبەتی باوکی گرت، لەوەیە خۆشەویستی و شەیدایی یوسف بۆ دیتنی باوکی، کەمترنەبوو لە هەستەکانی یەعقوب بۆ ئەو، وەلێ یوسف (دروودی خوای لێبێت) بۆیە تامەزرۆیی زیاتر بوو، لەبەرئەوە هەم لە تەمەنەوە بچووکتر بوو هەمیش ئیحتیمال و شیانی زیاتر بوو. کەم ڕاڤیاری قورئان هەیە باس لەم تاقیکردنەوە و تامەزرۆییەی یوسف بکات، چونکە هەم یوسف دەرینەبڕیوە و هەمیش قورئانی پیرۆز بە دوورودرێژی باسینەکردووە.

بێگومان ئازار دڵی یوسفی گوشیبوو، ئەو کاتەی گوێی لە براکانی بوو -وایاندەزانی عەزیزی میسرە نەیاندەزانی یوسفە-، چۆن بەزەییان بە بنیامیندا دەهاتەوە و داوایان لێدەکرد لێیخۆشببێت؛ لەبەرئەوەی باوکێکی پەککەوتەی هەیە و بەرگەی ئەم هەواڵە ناگرێت. لەوانەیە قورئانی پیرۆز تەنها بە هێنانی وشەی (پیرەپیاو/شیخ کبیر)ـەوە کیفایەتیکردبێت، بەڵام براکانی بە دوورودرێژی باسیان لە بارودۆخی ناهەموار و خەمهێنی باوکیان دەکرد، کە چۆن چاوی لەدەستداوە، بۆئەوەی شەفەقەت و

سۆزی عەزیزی میسر بە لای خۆیاندا ڕابکێشن، کە ئەم وتانەی ئەوان زیاتر و زۆرتر دڵی یوسفیان لە خەفەت و مەراقدا و لە تامەزرۆیی بینینی باوکیدا دەگوشی. ئەگەر فەرمانی خودای مەزنی لە سەر نەبێت بەوەی نابێت ناسنامەی خۆی کەشفبکات، ئەوا بە هیچ جۆرێک لێینەدەشاردنەوە، بەڵکو لەوانەیە ئەگەر شەویش با هەر کە دەرچوو لە بەندیخانە، بیتوانیبایە سەر لە باوکی بدات، بۆ ئەو کارەیشی پاشا یارمەتیدەدات، بەڵام بە هۆی فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵی بۆ دانستی خودای مەزن ئارامیگرت، هەتا ئەوە بوو لە کۆتاییدا خودا هەموویانی لە ژێر سایەی یوسفدا پێکڕا شادکردەوە، کە هیچ کەس بە ئەندێشەیش وەها ڕووداوێکی بەبیردانەدەهات.

بارودۆخ چۆن دەبوو ئەگەر یوسف شوێن هەستەکانی بکەوتایە و هەر لە یەکەم دیتنی براکانیدا خۆی ئاشکرابکردایە؟ ئەوەیش لە سەرەتای ڕۆژەکانی قاتی و بێبارانیدا بوو. براکانی توندوتیژ بوون و عیززەتی نەفسیان هەبوو. ئەگەر لەو کاتەدا کە لەو بارودۆخەدان؛ هەواڵیان پێدرابا کە یوسف عەزیزی میسرە، زیاتر حەسوودییان پێدەبرد، بە تایبەت کاتێک دەبینن باوکیان فەزڵی ئەو دەدات بە سەر ئەوانی دیکەدا و ئەوین و بارشی مەحەبەتی زیاتری پێدەبەخشێت و شانازی پێوەدەکات کە عەزیزی میسرە، بەڵام کارسازیی خودای مەزن ئەوە بوو کە یوسف تاقیبکرێتەوە و گیرۆدەی بەڵا ببێت، هەر ئەویش بێت تەڵەی دزین بۆ براکەی بنێتەوە، هەتاوەکو قەدەری خودا بە باشترین شێوە بۆ ئەو و براکانی بێتەجێ، فسبحان الله وجلت حکمتە/ پاک و بێگەردی بۆ خودا و هەر بڵند بێت دانستی خودای مەزن. ئەم سورەتە گەورەیە بە لێکدانەوەی خەوێکی یوسف کە لە منداڵیدا دیبووی کۆتاییهات، کە قورئان خۆی گوزارشتی لێدەکات و دەفەرموێت: (إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ: وەختێک

یوسف بە باوکی گوت: بابۆ، من یازدە ئەستێرە و خۆر و مانگم بە خەو دیون، کە سەر بۆ من دەچەمێنن)، لە کۆتاییدا دەفەرموێت: (وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّوا لَهُ سُجَّدًا وَقَالَ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُمْ مِنَ الْبَدْوِ مِنْ بَعْدِ أَنْ نَزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ) واتە: (ئەوسا دایک و باوکی بەرزکردەوە بۆ سەر تەختی پاشایەتی و حوکمڕانیی خۆی، هەموان کڕنووشیان بۆ برد -دیارە کە ئەوسا دروستبووە و نیشانەی ڕێز و پێزانین بووە-، یوسف کە ئەمەی دی، گوتی: باوکی بەڕێزم، ئەمە لێکدانەوەی خەوەکەی ئەوسامە کە بە منداڵی بینیم، ئەوەتا بێگومان پەروەردگارم هێنایەدی و بە ڕاست دەرچوو، بە ڕاستی ئەو زاتە چاکەی لەگەڵدا کردم و بەسۆز بوو بۆم، کاتێک لە زیندان ڕزگاریکردم، ئەوەتا ئێوەی لە بیابانەوە هێنایەوە و -بە یەکتر شادیکردنەوە- دوای ئەوەی شەیتان نێوانی من و براکانمی تێکدابوو، بە ڕاستی پەروەردگارم بەسۆز و بەلوتفە بۆ هەر شتێک کە دەیەوێت -پەلەی نییە و ڕێگەی بەشێنەیی بۆ خۆشدەکات-، بێگومان ئەو زاتە زانایە -بە نهێنی و ئاشکرای دروستکراوانی- و دانایە -بە نەخشەی ورد، هەرچی بیەوێت ئەنجامیدەدات-) [یوسف: ٤، ١٠٠]. کەواتە دەستپێکی سورەتەکە بە خەوێکە و کۆتاییەکەیشی بە خەوێک.

بە کۆتاییهاتنی ئەم سورەتە سەرنج و تێڕامانەکانی منیش سەبارەت بە یوسف (دروودی خوای لێبێت)، بەپایاندەگات و بەوەیش گەیشتمە کۆتا وێستگەی کتێوەکەم، وەلێ پێش ئەوەی پێنووسەکەم دابنێم، دەمەوێت تیشکبخەمەسەر سێ دیاردەی دەروونی و ڕۆحی، کە لەم سورەتەدا هاتووە و بە شێوەیەکی تایبەت بایەخێکی زۆری هەیە لە مەیدانی پزیشکیی دەروون_جەستەیی و پاراسایکۆلۆژی، یان دەروونناسیی پشت هەست/نەست، لە گۆشەنیگای دەروونناسیی ئیسلامییەوە.

**دڵڕاز (التخاطر) و نەخۆشیی دەروون_جەستەیی و چاو لە سورەتی یوسفدا**

کاتێک یەکەم وانەی دەروونناسیی گشتیم گوتەوە، کە ساڵی یەکەمم بوو لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، لەو کتێبە ئەمریکییەی بڕیاربوو بگوترێتەوە -کە لەو کاتەدا وەکو هەر کتێبێکی دی لە دەروونناسی دەخوێندرا- بەشێکی تێدابوو، بەراوردی لە نێوان ئەو زانستە ئەزموونییە دەکرد کە بەندبوو لە سەر تێبینیکردنی ورد و ئەو هزرانەی تەنها پشتیان بە بیرکردنەوەی کۆمەڵگا جیاوازەکان و خورافیاتە ئایینەییەکان دەبەست. لە ناوەندی ئەو هزرانەی کە دانەری کتێبەکە وەکو دانەرانی تر پێیوابوو فیکرگەلێکی ئەوتۆن کە زانست پشتی پێنابەستێت، بریتییە لەو زانستانەی لە ژێر ناوی دەروونناسیی نەستدا جێیکراوەتەوە، کە ئێستا بە زانستەکانی پاراسایکۆلۆژی وەکو دڵڕاز Telepathy و هەستتیژی (الاستبصار) Clairvoiance و چاوپیسی Evil eye. هەروەها کتێبەکە لیستیکی تێدابوو پێیدەگوترا (خورافیات)، کە ئەم لیستە هەموو ئەو بیروباوەڕە ئایینی و غەیبییانەی وەکو نەمریی ڕۆح و زیندووبوونەوە، لەخۆدەگرت. بیرمە دانەرەکەی باسی ئەوەی کرد کە توێژینەوەیەکی لە سەر پڕۆفیسۆرەکانی دەروونناسیی ئەمریکی ئەنجامداوە و ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە تەنها لە (١٪)یان بڕوایان بە ڕاستیی تەسەورەکانی نەست، یان ئەودیو هەست هەبووە.

ئێستا و پاش زیاتر لە ٦٠ ساڵ، دەبینین زۆرینەی زانکۆ ئەورووپی و ئەمریکییەکان، چەندین کتێبی دەروونناسیی نەست بە قوتابییەکانیان دەخوێنن، نەک هەر ئەوەیش؛ بەڵکو هەندێکیان پێشوازی لەو مامۆستا و پڕۆفیسۆرانە دەکەن کە پسپۆڕی وردیان لە یەکێک لە لقەکانی ئەم پسپۆڕییەدا هەیە، سەربارى پەیوەندیی بەهێزی بە غەیبیاتی ئایینەوە وەکو شارەزاییە ڕۆحییەکانی تایبەت بەو کەسەی، کە نزیکبووەتەوە لە مەرگ یان توانای تەرکیز/تەفرەنجەی دەروونیی تاکەکان لە بزواندن

و جووڵاندنی شتەکان. هەروەها ئەمڕۆ دەبینین هەندێک لە زانکۆ خۆرئاواییەکان بەرزترین نمرەی زانکۆیی لەو پسپۆڕییەدا بە قوتابیان دەبەخشن. پاک و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی گۆرانکاری بە بارودۆخەکان دەکات، سوپاسی بێپایان بۆ خودا لە سەر ئەو ئایینەمان، کە ئیمان بە غەیبی پێبەخشین، هاوڕێ لەگەڵ تەسەور و بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروست بۆ نەست و پشت هەست لە دوتوێی لۆژیک و فیکرێکی دروستدا، لەبەرئەوە سورەتی یوسف باشترین وێنای گرنگترین لایەنەکانی ئەم زانستە دەکات، بە ڕادەیەک وێکرا بابەتی دڵڕاز و خەوە پێشبینیکراوەکان و چاوپیسی و شڵەژانە دەروون_جەستییەکانی کۆکردووەتەوە.

**دڵڕاز**

دڵڕاز، یان تێلپاثی وەکو پێشتر باسکرا، بریتییە لە توانستێکی ڕۆحی، کە مرۆڤ بە هۆی هەستەوە هەستەکانی، یان فیکر و بیرکردنەوەکانی بۆ کەسێکی تر دەگوازێتەوە، ئەوەیش بەبێ هیچ ئامرازێک لە ئامرازەکانی پەیوەندی. لە ڕاستیدا لە کاتی باسکردنی چیرۆکی عومەری کوڕی خەتاب لەگەڵ ساریەی کوری زەنیم (ڕەزای خوای لێبێت)، بە دووردرێژی باسی ئەم دیاردەیەمان کردووە، کاتێک عومەر لە مەدینەی منەورەوە هاواریکرد: «هۆ ساریە، ئاگات لە کێوەکە بێت»، ساریەیش کە ئەو سەروەختە مژووڵی جەنگ بوو لە دژی فارسەکان، لە دووریی ١٥٠ میلەوە گوێی لەو بانگەی پێشەوا عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بوو، دەستبەجێ ساریە پەنایبردەبەر کێوەکە و بە سەر ئاگرپەرستەکاندا سەرکەوت. توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە چەندین کەسی بەهرەدار هەن، دەتوانن چەندین پەیامی زەینی بۆ وەرگرەکان بنێرن، هەروەها ئەوەیش سەلماوە کە دڵڕاز زیاتر لە ناو تاکەکاندا بەهێزدەبێت، کاتێک عاتیفەی خۆشەویستی پێکەوەیاندەبەستێت، وەکو عاتیفەی دایک و باوک بۆ نەوەکانی و عاتیفەی عاشقەکان لە نێوان یەکتردا.

وەلێ ئەوەی چەشنی بابەتی دڵڕازانەیە لە سورەتی یوسفدا لە لایەنی یەعقوبەوە، نمایانبووە. بە ڕادەیەک پاش ئەو هەموو ژانکۆ (المعاناة) و چۆرتم (مصيبة) و بەڵایەی، کەڵەکە بوو بە سەریدا و غەم و پەژارە زۆری بۆ هێنابوو، بە دوورکەوتنەوەی یوسفیش غەمەکەی بوو بە دوو هێندە، پاش ئەوەیش بەڵایەکی نوێی بەسەرداهات بەوەی لە بچووکترین نەوەکانی، کە بنیامینە بێبەشکرا، ئەوەیش چەشنی کولانەوەی برینێکە کە قەتماخەی بەستبێت. هێندە خەفەتبار بوو هەتا بە هۆی خۆخواردنەوەی لەو غەم و هەمەدا چاوەکانیشی لەدەستدا، بە ڕادەیەک هێندەی دڵنەواز و خەفەتباری دووریی یوسف بوو، خاووخێزانەکەیشی بەزەییان پێیدا دەهاتەوە، بەم چەشنەیش گوزارشتیان لێدەکرد، کە خودا باسیدەکات و دەفەرموێت: (قَالُوا تَاللَّهِ تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّى تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ) واتە: (گوتیان: بە خودا سوێند بێت، تۆ قەت یوسف لەبیرناکەیت؛ لەوانەیە نەخۆشتبخات، یان بتکوژێت) [يوسف: ٨٥]. لەو کاتەدا خودا مۆڵەتیدا کە پەردە لە سەر تاقیکردنەوەکانی لابدرێت، وەکو چۆن ڕێگەی بە یوسف دا، حەقیقەتی خۆی بۆ براکانی بخاتەڕوو و کراسەکەی خۆیشی پێدان بۆئەوەی بیهێنن بە ڕوخساری باوکیدا، هەتا بە موعجیزەی خودا چاوەکانی بۆ بگەڕێتەوە. حوشترەکە بە دوو مژدەی خۆشەوە لە پایتەختی میسرەوە بەرەو بادییە بەڕێکەوت. هەر ئەوەندەی کەوتنەڕێ کە سەفەرەکەیان هەشت ڕۆژی خایاند، ئیدی هەستێکی قووڵ و بەهێز باڵی بە سەر ئەم پیرەپیاوە پەککەوتەیەدا کێشا بەوەی یوسف ماوە و زۆریش لێیەوە نزیکە: (وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ) (وەختێک کاروانەکە بەڕێکەوت، بابیان گوتی: ئەگەر نەیەژن هاتەران پاتەرانی وت –لولا أن تفندوني–، من بۆنی یوسفم بۆ دێت) [يوسف: ٩٤]. پێشبینییەکەی ڕاست بوو لەوەدا، کە گوتی ئەگەر پێمنەڵێن قسەی هەڵیتوپەڵیت دەکەیت؛ چونکە پێیانگوت: (قَالُوا تَاللَّهِ

إِنَّكَ لَفِي ضَلَالِكَ الْقَدِيمِ) (ئەمە سوێند بێت، تۆ هەر لە سەر ڕێی نەزانینیی پێشووتیت) [یوسف: ٩٥].

یەعقوب چۆن هەستی بە بۆنی یوسف کرد؟ کتێبە کۆنەکانی ڕاڤە، تەفسیری «الريح» بە بۆنی ئەو کراسەی دەکەن کە با بۆ یەعقوبی بردبوو. نموونەی ئەویش گوتەی ئیبن کەثیرە لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: بایەکی توند هات و بۆنی کراسەکەی یوسفی برد بۆ یەعقوب، تەنانەت هەندێک لە ڕاڤیارانی ئەم سەروەختەمان هەمان ڕاڤەیان وەرگرتووە بەوەی یەعقوب بۆنی کراسەکەی کردووە، وەلێ ئەو ماوەیەی نێوان میسر و زەویی کەنعانیان بە زۆر زانیوە. سەید قوتب لە «ظلال»ـەکەیدا دەڵێت؛ بۆنی کراسەکەی لە مەسافەیەکی کەمی زەویی کەنعانەوە، گەیشتە لای یەعقوب. هەموو ئەو ڕاڤیارانە هەوڵدەدەن تەفسیرێکی هەستەکی بۆ بابەتێکی دەروونیی ڕۆحیی سەروو هەستەوە بکەن؛ چونکە چۆن بۆنێکی وەها لە دووریی ماوە و مەسافەیەکی دوورودرێژی نێوان میسر و کەنعانەوە، دەگاتە یەعقوب (دروودی خوای لێبێت)؟ ئەگەر با بتوانێت [بە ویستی خودا] مەسافەی یەک میل تێبپەڕێنێت، ئەوا بە موعجیزە دێتەهەژمار، ئەدی ئەگەر دووریی نێوان یوسف و یەعقوب ئەوەندە بێت چۆن نابێتە موعجیزە! ئەگەر وەکو هەندێک هەر بەوەوە بوەستانایە و بیانگوتبا ئەوە تەنها موعجیزەی پێغەمبەرە و هیچی تر، دەحەسانەوە و خاترجەمدەبوون.

هەرچی سەبارەت بە تێڕامانەکانی ئێمەیە، ئەوا دەڵێین یەعقوب (دروودی خوای لێبێت) کاتێک گوتی بۆنی یوسفم بۆ دێت، لەوە وەکو میتافۆڕ و مەجازێک، یان لە گۆشەنیگای واتاکانی دیکەی وشەی «الريح»ـەوە، گوتبێتی و مەبەستی بۆنی یوسف نەبووبێت. وشەی «الريح» چەندین واتای جیاوازی هەیە وەکو سەرکەوتن و زاڵبوون، لە فەرهەنگی واتاکاندا دەڵێت؛ ئەگەر بە کەسێکت گوت «هبت ريحه» واتە

دۆخەکە بە دڵی ئەوە. شایەت یەعقوبیش ویستبێتی بڵێت: هەستێکی وەهام بۆ دروستبووە کە هەست بە بوونی یوسف بکەم، وەکو ئەوەی هەست بە نزیکیی وی دەکەم لە خۆمەوە، هەست بە جەستە و هەناسەکانی دەکەم، بەڵام چۆن ئەم هەستە باڵی بە سەریدا کێشا لە هەمان ئەو کاتەی وشترەکە لە میسرەوە بەرەو کەنعان بەڕێکەوت؟ (وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ) (وەختێک کاروانەکە بەڕێکەوت، بابیان گوتی: ئەگەر نەیەژن هاتەران و پاتەرانی وت، من بۆنی یوسفم بۆ دێت) [یوسف: ٩٤]. لەوەیە ئەو هەستکردنە بە هۆی پەیامێکی دەروونی و ڕۆحییەوە بووبێت، کە یوسف لە دوورەوە بۆی ناردووە، چەشنی ئەو پەیامە تێلپاثی و دڵڕازییەی عومەر بۆ ساریەی نارد، واتە ئەوەیش جۆرێکە لە دڵڕاز (التخاطر).

پێموایە یوسف دوای ئەوەی حەقیقەتی خۆی بۆ براکانی دەرخست و کراسەکەی پێدان و خوداحافیزی لێکردن، سۆزێکی سەیر بوون و وجوودی داگرتبێت بۆ دیتنی باوکی، چەشنی ئەو وەکو ئەو ئەویندارە وەهایە کە بارودۆخێکی دژواری ژیان ناچاریکردبێت لێیدووربکەوێتەوە، ئەگەر بارودۆخەکە نەما، ئەوا لە سۆز و شەوق و ئەوینیدا بە هەڵەداوان دەچێت بۆ دیتنی. ئەگەر ئەم هەستە بەهێزەی باڵی بە سەر یەعقوبدا کێشاوە، دڵڕازێکی ڕۆحی و دەروونیی یوسف نەبێت، یان ئەو نەبێت بۆ یوسف دەبێت چ بێت؟ جگە لە موعجیزەیەکی خودایی بۆ یوسف، یان بۆ باوکی (دروودی خوای لێبێت)، وەلێ ئەگەر وەحییەک بووبێت لەلایەن خوداوە ئەوا یەعقوب بەو داڕشتنە لاوازە باسیناکات: (ئەگەر نەیەژن هاتەران و پاتەرانی وت، من بۆنی یوسفم بۆ دێت)، بەڵکو بە شێوەیەکی دڵنیا بە خاووخێزانەکەی دەگوت: ئەوە من وەحیم بۆ هاتووە، کە یوسف لە ژیاندا ماوە و منیش پاش چەند ڕۆژێک دەیبینم».

لە ڕاستیدا چاکبوونەوەی چاوی یەعقوب هەر بە هێنانی کراسەکەی یوسف بە چاوەکانیدا، بەشێکە لە موعجیزەی پێغەمبەریێتیی ئەوتۆ کە ئێمە ناوێرین ڕاڤەیەکی دەروونی بۆ بکەین، بەڵام دەتوانین هەڵوێستەیەکی کورت لە بارەی هۆی لەدەستدانی چاوانی بکەین، کە قورئانی پیرۆز بە تەنها ئایەتێک بۆی بەیانکردووین، کە چۆن مرۆڤ بە هۆی کاریگەریی شڵەژانی دەروونیی عاتیفییەوە توشی پێکانی جەستەیی دەبێت، وەکو خودا دەفەرموێت: (وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَى عَلَى يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ) واتە: (ئیتر ڕووی لەوان وەرگێڕا و گوتی: ئەی داخم بۆ یووسف و لە سۆی ئەو تانە پەڕییە سەر چاوانی و [سپیهەڵگەڕا] هەروا پیشیدەخواردەوە) [یوسف: ]٨٤.

بێگومان ڕۆڵی هۆکاری دەروونی و عاتیفی لە ڕوودانی نەخۆشییەک، یان شڵەژانێکی ئەندامی لە جەستەدا، بەو کۆڵەکەیە دادەنرێت، کە پزیشکیی دەروون_جەستەیی سێکۆسۆماتیی نوێ، پشتی پێدەبەستیت. تەنانەت مێژووی پزیشکی باس لەوە دەکات کە پزیشکەکان بە درێژایی چەندین سەدە نەک ئەم لایەنە گرنگەی دەروونییان لە ڕووی پێکهاتنی نەخۆشیی ئەندامییەوە فەرامۆشکردووە، بەڵکو ڕەتیشیانکردووەتەوە و لاقرتێیان پێکردووە، مەزنە زانای پزیشکیی سێکۆسۆماتیی نوێ بێنسۆن Bensonلە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی: Timeless Healingجەخت لەوە دەکاتەوە، کە تەنانەت پزیشکەکانی ئەمڕۆیش ئەو لایەنە دەروونییەیان فەرامۆشکردووە و هەموو بایەخێکیان داوە بە دیاریکردنی نیشانەی نەخۆشییە ئەندامییەکان و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی بە حەپ و دەرمان و نەشتەرگەری و هەموو ئەو شێوازە ماددییانەی تر کە لە نەشتەرگەریدا بەکاردەهێنرێت. لەم خاڵەیشدا بیانووی هەر یەک لە بێنسۆن و ئەبو زەیدی بەڵخی یەکانگر و هاوتایە، کە پزیشک و زانایەکی مسوڵمانە

و زیاتر لە ١٢ سەدەیە لە دەستنووسە بەنرخەکەیدا بە ناونیشانی «بەرژەوەندییەکانی لەش و دەروون - مصالح الأبدان والأنفس»دا باسی ئەو بابەتەی کردووە. ئەو دوو زانایە دەڵێن: شێوازەکانی گوتنەوەی وانەی پزیشکی و تاقیکردنەوەی قوتابیانی پزیشکی، تەنها پشت بە نیشانەکانی نەخۆشیی جەستەیی و چارەسەرکردنی بە حەپ و دەرمان و نەشتەرگەریی و هەڵدڕینی جەستە دەبەستێت، وەکو ئەوەی مرۆڤ مینا بەڵخی لە دەستنووسەکەیدا دەیڵێت: «جەستەیەکی بێڕۆح، یان بێنەفس بێت».

تەنانەت پزیشکەکانی ئەم سەردەمەیش کە بایەخیاندا بە لایەنی دەروونی و عاتیفی لە پێکهاتن و دروستبوونی نەخۆشییەکاندا، کەچی کاریگەرییەکەیان لە چەند نەخۆشییەکی دیاریکراودا قەتیسکرد. وێڕای ئەوەیش لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەو کتێبە دەروونییانەی ئێمە لە پزیشکی دەمانخوێندن، تەنهاوتەنها باسیان لە چەند نەخۆشییەکی چەشنی قورحەی گەدە و ڕیخۆڵە و بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن و شڵەژان و تێکچوونی سیستەمی هەرسکردن و ئەو بابەتانە دەکرد، وەلێ ئەمێستا گۆڕاوە و پێیانوایە هەر نەخۆشییەک کە لە جەستەدا ڕوودەدات، پەیوندی بە لایەن و هۆکاری دەروونییەوە هەیە، وەکو ڕوونیشکرایەوە کە هۆکارە دەروونی و عاتیفییەکان شوێنەوار و کاریگەرییەکی گشتگیرتری هەیە، وەکو لاوازیی بەرگریی جەستە لە هەمبەر ڕووبەڕووبوونەوەی میکرۆب، یان ئەو نەخۆشییانەی تر کە توشی مرۆڤ دەبێتەوە وەکو شێرپەنجە، ئەم گشتگیرییەیش بە شۆڕشی سێهەم لە زانستی پزیشکیدا هەژمارکرا، چونکە شۆڕشی یەکەم لە بارەی داهێنان لە چارەسەرکردی مرۆڤ بە نەشتەرگەری بوو، هەرچی شۆڕشی دوهەمیشە سەبارەت بە دژە زیندەکان -دژە میکرۆبی antibiotic وەکو پەنسلین بوو، سێهەمیش دەرهەق بە کاریگەریی دەروون و عەقڵ بوو لە سەر جەستەی مرۆڤ-.

لەبەرئەوە ئەم دیاریکردنە بەشێکە لە موعجیزەکانی قورئانی پیرۆز. هەڵچوون و کاردانەوەی خەم و پەژارە وای لە چاوەکانی یەعقوب کرد سپیببنەوە. نەک تەنها ئەوە؛ بەڵکو توێژینەوە زانستییە نوێیەکان ئەو هۆکارانەی بۆ دەرکەوتووە کە دەبنە هۆی خێراکردن و بەهێزکردنی کەسێک، کە توشی نەخۆشیی دەروون_جەستەیی بووە، گرنگترینیان هەڵچوونی زۆر و پیشخواردنەوە، یان نەدۆزینەوەی دەرچەیەک ئیدی بە توڕەیی بێت، یان هەر شتێکی دیکەی عاتیفی، بۆ دەربازبوون لەو هەڵچوون و ئینفیعالە. لەم سێ هۆکارە وردبەرەوە کە قورئانی پیرۆز لە چەند وشەیەکدا کورتیکردووەتەوە: (لە سۆی ئەو تانە پەڕییە سەر چاوانی و [سپیهەڵگەڕا] هەروا پیشیدەخواردەوە) [یوسف: ٨٤]. لە ڕاستیدا ئەم سێ هۆکارە بە سەر یەعقوبدا (دروودی خوای لێبێت) جێبەجێدەبێت. سوێ و خەم و خەفەتەکەی قورسترین بارێک بوو کە پیرەپیاوێکی نەخۆش کە لەگەڵ ئەوەیشدا هەردوو چاوی لەدەستداوە، بتوانێت بەرگەی وەها شتێک بگرێت، کەچی هەر خۆڕاگری بێناشکور بوو (صبر جمیل)، بەبێ ئەوەی هاوار و زەنا بکات، یان بە هیچ جۆرێک قسەیەک بکات هەتا لە ئازارەکانی کەمبکاتەوە، هەر پیشیخواردەوە و دڵی خۆی دەدایەوە. سێهەمینیش ئەو بە هۆی پیرییەکەیەوە و سپیبوونەوەی چاوەکانی، هیچ توانایەکی هەتا بتوانێت لەم دڵتەنگی و تەنگەبەرییە قوتاریببێت، ئیدی ئەو لە ناو منداڵەکانیدا وەکو بەندییەکی ئەوتۆی لێهاتبووە، کە بێبەشیانکردووە لە یوسف، لە بەرانبەردا قسەیەکی زۆر کاریگەری پێگوتن، گوتی: (دیارە دڵی خۆتان کارێکی لەبەر خەمڵاندوون. خۆڕاگری بێناشوکری [چاری منە]؛ لەمەڕ ئەوانەیش کە ئێژن، خودا دەهانامەوەدێت) [یوسف: ١٨]. لەبەرئەوە هەموو ئەم ڕووداوانە هۆکار بوون بۆ سپیبوونی چاوی و لەدەستدانی بینینی.

## چاوپیسی

لە سورەتی یوسفدا ئەوە دەخوێنینەوە کە پێغەمبەری خودا یەعقوب (دروودی خوای لێبێت)، کاتێک کوڕەکانی ویستیان سەفەربکەن بۆ میسر بۆئەوەی خواردن و گەنم بۆ کەنعان بهێننەوە، ڕاسپاردەی پێدان کە لە یەک دەرگاوە نەچنەژوورەوە، بەڵکو لە چەند دەرگایەکەوە بچنەژوورێ، ڕاڤیارانی قورئان دەفەرموون یەعقوب لە چاو ترساوە؛ چونکە بۆ ئەو دەم سەیربوو ١١ کەس کوڕی یەک پیاو بن و دارای سام و هەیبەت و جوانی و هێزیش بن، ئیدی ترسا ئەگەر لە یەک دەرگاوە بچنەژوورێ؛ چاو کاریگەرییان لێبکات. پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بۆمان باسدەکات و دەفەرموێت: «چاوپیسی ڕاستە، ئەگەر شتێک هەبایە و پێش قەدەری خودا کەوتبایە، ئەو چاوپیسی دەبوو»[١]. با هەوڵبدەین بە کورتی و سانایی ئاشنای حەقیقەت و ماهیەتی چاو ببین و ڕادەی پەیوەندیی چاو بە حەسوودی و ئیرەییبردن و جادووەوە بزانین، کە خودا لە سورەتی فەلەقدا هەردوو ئەو زاراوەی پێکەوە کۆکردووەتەوە[٢].

حەسەد/ئیرەییبردن، بریتییە لە هەڵچوونێکی دەروونیی خراپ و پیس، کە بابای حەسوود حەزدەکات و هیواخوازە ئەو نیعمەتەی

---

١ مسلم، صحيح مسلم، مرجع سابق كتاب السلام باب الطب والمرض والرقى، حديث رقم (٢١٨٨) ص ٩٠٠.

٢ (بڵێ: من خۆ دەپارێزم، بە وەدیهێنی زا لە ماک (الفلق)، لە وەزەنی هەرچی دروستیکردووە؛ لە ڕوشەی شەو، کاتێک تاریکایی دادێت؛ لە تۆشی جادووگەرانی پفدەکەنە چەند گرێیەک؛ لە گێچەڵی ئێرەییبەر، وەختێک کە ئێرەیی دەبات). یان دەتوانین لە وەرگێرانی سورەتەکەدا بڵێین: (ئەی محەمەد –د. خ–، ئەی ئیماندار) بڵێ: پەنادەگرم بەو پەروەردگارەی کە بەرەبەیان پێشدەهێنێت. لە شەڕ و خراپەی هەرچی کە دروستیکردووە (لە پەری و ئادەمیزاد و مار و مێروو). لە شەڕ و خراپەی شەو کاتێک کە دادێت و دنیا تارکدەبێت و دەبێتە شەوەزەنگ. لە شەڕ و خراپەی ئەو کەسانەی کە جادوودەکەن و پەت و دەزوو گرێدەدەن و فووی پیادەکەن (بە فێڵ و جادوو نێوانی خەڵکی تێکدەدەن). لە شەڕ و خراپەی حەسوود و بەخیل، کاتێک کە حەسوودی و بەخیلی دەبات). وەرگێڕ

خودا داویە بە کەسی بەرانبەر کە چاولەدوو، یان چاوتێبڕاو (محسود)، لێیبسەنێتەوە و دوابڕاوی‌بکات، ئیدی تەوفیری نییە ئەو نیعمەتە ماددی و هەستپێکراو بێت وەکو دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی، یان تەندروشتی و لەشساغی و جوانی بێت، یان مەعنەوی بێت وەکو زانایی و زانست و مەعریفەی زۆر و زیرەکیی کەسەکە، ئەم حەسوودی پێببات. بابای حەسوود کەسێکە کە هەڵچوونە خراپەکەی بە سەریدا زاڵبووە، بەڵام خودا کەسی حەسوودیپێبراو لە شەڕی ئەو دەپارێزێت، بەڵام کاتێک هەڵچوونە خراپەکەی بە هۆی ئەو وزە ڕۆحی و دەروونییەوە کە خودا بە کەسی چاوپیسی بەخشیوە بەهێزتر بوو، ئەوا هەموو ئاوات و خۆزگە خراپەکانی وەها تیایدا بەرجەستەدەبێت، کە زیان بە کەسی چاولەدوو دەگەیەنێت، یان ئەو نیعمەتەی خودا پێبەخشیوە لەدەستیدەچێت. بە دڵنیاییەوە ئەوەیش بەبێ مۆڵەت و ئیزنی خودا کە توانا و قەهری بە سەر بەندەکانیەوە هەیە ڕوونادات، ئەو خودایەی هەمیشە چاوە ناپاکەکان دەناسێت و دەزانێت چی لە دڵ و دەروون و سینەکاندا، حەشاردراوە.

ئەوەی چاودەبڕێتە خەڵکی و بە چاوی پیسەوە لە شتەکانیان دەڕوانێت، کەسێکە دارای بەهرەیەکی ڕۆحی و دەروونیی ئەوتۆیە، کە یان خۆی دەیزانێت، یان زۆر جار هەست بە بوونی شتی وەها ناکات، لەبەرئەوە بەبێ مەبەست چاوی لە کەسێکی خزم و خۆشەویستەکانی کردووە، بەبێ ئەوەی پێیبزانێت، بەڵام ئەگەر هەستی بە بوونی توانستە دەروونییەکانی کرد و پەی بە هەرەوەزیی ڕۆحە شەیتانییەکان برد لە ڕووی دەستبەجێیی لەناوچوون و زیانگەیاندن بەو نیعمەتەی چاوی لێداوە و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ ئەو ڕۆحە خراپانەدا هەرەوەزی کرد، ئەوا لە پلەی چاوپیس بەرزدەبێتەوە بۆ پلەی ئەوانەی سەرقاڵی سیحر و جادوون لە خەڵکی. ئەمە پوختەی ماهیەتی چاوپیسی و پەیوەندی بە حەسوودی و جادووەوەیە، هەوڵمدا بۆ خوێندکارانی دەروونناس و

خوێنەرێک کە پسپۆڕ نییە لەو بوارەدا، ئاسان سادەیبکەمەوە، ئەویش پێش ئەوەی بە دووررودرێژی و لە ڕووی زانست و توێژینەوە دەروونییە نوێیەکانەوە، بچینەناو لێکۆڵینەوە لە بارەی بابەتی چاوپیسی لە سورەتی یوسفدا.

پرسیارە تەوەرەییەکە لە بارەی ئەم باسە ئەوەیە کە: ئایا دەکرێت توانستی دەروونی لە دوورەوە کاریگەری لە سەر ماددە زیندوو یان نازیندوو و بێگیانەکە هەبێت؟ لە دەمی قسەکردنمان سەبارەت بە پێکهاتنی خەونەکانمان، باسی ئەوەمان کرد کە دەروونی مرۆڤێتی دارای وزەیەکی دەروونی و ڕۆحیی ئەوتۆیە، کە کاتێک جەستەی کەسەکە دەخەوێت؛ بەرەڵڵادەکرێت و هێزی زیاتردەبێت، هەتا لەگەڵ ئەو بونەوەرە ڕۆحییە چاکەکار و خراپەکارانەی جیهانی ئێمەیان تەنیوە کارلێکبکەن، بۆئەوەی لە میانەی ئەم کارلێکەوە خەونە ڕەمزی و شەیتانی و ڕەحمانییەکانمان، وێکڕا ڕەنگینببن یان باشترە بڵێن ڕەنگی یەک بگرن.

لێرەدا جەخت لەوە دەکەینەوە، کە ئەم کارلێکە لە ساتی هۆشیاریی مرۆڤێتی بە شێوەیەکی کەمتر لە نێوان دەروونی مرۆڤێتی و ئەو ڕۆحە چاکەخواز و خراپەکارانەی یەکتری کەمەندکێشدەکەن ڕوودەدات، کە گومانی تێدا نییە لە کاتی خوتخوتەی شەیتان و ئارەزوو و شەهوەتی دەروونی فەرمانکەر بە خراپەمان هەستپێدەکەین، وەکو چۆن هەست بە شوێنەواری پاک و بێگەردەکەیشی دەکەین، کاتێک نەفسی لۆمەکار زاڵدەبێت بە سەرماندا، یان ئەو کاتەی خۆشییەکی ڕۆحیی ئەوتۆ جەستەمان دادەگرێت، کە ڕۆحە چاکەخواز و مەلائیکییەکە بەهێزیدەکات و زۆر باش دەیبزوێنێت. بێگومان کاریگەریی ئەو چالاکییە ئاڵوگۆڕەیش تەنها لە لایەنە دەروونی و ڕۆحییەکاندا قەتیسنابێت، بەڵکو لایەنە مادد‌ییەکانیش دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی جیاکاریی چەقبەستووی نێوان دەروون و جەستە، ڕۆشتووەتە ڕیزی ئەو بابەتانەی زانستە فیزیایی و

پزیشکی و سایکۆلۆژییەکان هێڵیان بۆ کێشاوە.

لە ڕاستیدا کاریگەریی هەڵچوون و کاردانەوە و حاڵەتی دەروونی لە سەر جەستە –وەکو باسمانکرد– دەبێتە هۆی شڵەژان و نەخۆشییە دەروون_جەستییەکان. ئەم کارلێکەی نێوان دەروون و جەستە کە بووە بە بابەتە بەڵگەنەویستەکانی پزیشکی، بەڵگەن لە سەر کاریگەری و شوێنەواری لایەنی دەروونی لە سەر ئەندامە ماددییەکان؛ واتە جەخت لە گونجانی هێزەکانی دەروونە ناماددییەکان دەکاتەوە سەبارەت بە ڕوودانی گۆڕانکاری لە جەستە زیندوو و بێگیانەکاندا، وەلێ نابێتە بەڵگە لە بارەی کاریگەریی وزەی دەروونی لە سەر غەیری ئەوانی تر وەکو ئەوەی لە بابەتی چاوپیسیدا ڕوودەدات.

لە ڕاستیدا ئەم کاریگەرییەی دەروون لە سەر جەستە ئەو دەمە بە شێوەیەکی قایلکەر دەردەکەوێت، کە لە سەر ئەنتەرنێت سەرقاڵین بە وەرگرتنی زانیاری، بۆئەوەی لە بارەی ڕیتشارد بێنسۆن کە لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی سەرپەرستی پەیمانگای عەقڵ و جەستە Mind and body Institute بووە بخوێنینەوە، کە چۆن توانیویەتی بەڵگە لە سەر توانستی ئەو کەسانە بهێنێتەوە کە خەریکی یاریی یۆگا بوون لە چیاکانی هیمالایا هەتا زاڵبن بە سەر چالاکییە خۆنەویستییەکانی جەستەیاندا، بە ڕادەیەک ئەو یارییەی یۆگا وایلێکردن پلەی گەرمیی پێیەکانیانی بەرزکردەوە و خێرایی لێدان و ترپەی دڵیانی کەمکردەوە، بەم چەشنە توانییان وزە دەروونی و ڕۆحییەکەیان ڕامبکەن، بۆئەوەی بە سەر ئەو چالاکییانەدا زاڵبن، کە ئەمێستایشی لەگەڵ بێت زانست پێیوایە چالاکییەکی خۆنەویستە و نائیرادییە و ملکەچی ئارەزووەکانی مرۆڤ. ئەوانیش ئەم کارەیان لە میانەی تەرکیز/تەفرەنجەی دەروونی و ڕۆحی و حەوانەوەوە بەئەنجامدەگەیاند. ئایا دەتوانن ئەم وزە ڕۆحی و دەروونییە بەهێزە وەها ئاڕاستەبکەن؛ کە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ

بهێنێتەکایەوە کە بکرێت لە دیاردەی چاوپیسیدا بە سەر جەستەکانی تردا بکرێتە پێوەر؟

ئەگەر چاو کاریگەری لە سەر وزەی دەروونی و ڕۆحیی سەر جەستەی زیندوو و ماددەکانیش هەبێت، ئەوا هەندێک پاڵپشتی ئەم کاریگەرییە ناڕاستەخۆیەی زانستی فیزیای نوێ بەدیدەکەین، ئەنیشتاین بە هۆی تیۆرییا ڕێژەییەکەی و ئەو تەقینەوە گەردیلەیەیش کە بە دوای خۆیدا هێنا، ئەو بیرۆکەیەی تێکشکاند کە وزە و ماددە، یان بارستایی (الکتلة)؛ تەنها دوو ڕووی یەک دراون. ئەمە وێڕای ئەوەی فیزیای بان گەردیلە subatomic physics ئەوەی چەسپاندووە، کە بوونی کەسێک لە بەردەم ئامێری بزواندنی ئەو تەنۆچکانەی گەردیلەکان پێکدەهێنن، گۆڕانکاری لە جووڵە و بزواندنیدا دەکات. واتە هۆشیاریی مرۆیی consciousness تەنانەت دەتوانێت لە دووریشەوە جووڵەی ئەلیکترۆنەکانی غەیری ئەوانیش کە پێکهێنەری گەردیلەن، ڕێکبخاتەوە و هەمواریانبکات[1]. هەموو ئەم توێژینەوانە ئەوە دەچەسپێنن، کە لایەنی دەروونی و ڕۆحی و جەختکردن لە هۆشیاریی مرۆیی سەبارەت بە هەر شتێک، دواتر جۆرێک لە گۆڕانی تێدا دروستدەکات، ئیدی ئەو کاریگەرییە لە کەسەوە بۆ سەر دەروونی خۆی سەرچاوەیگرتبێت، یان بۆ سەر کەسانی دیکە.

وەلێ لە دەروونزانیدا و بە تایبەت لە پاراسایکۆلۆژیدا چەندین بەڵگەی بەهێز هەن، کە لە بارەی جووڵاندنی شتەکان لە میانەی وزە دەروونییە پەتییەکانەوە Psychokinesis، یان Telekinesis

1 Capra, Fritjof, The Tao of physics (1992). In his Forward to Valle, R. S. & Eckartsberg, R. (1981).The metaphors of consciousness. New York: Plenum Press.

کابرا فريتيوف تاو الفيزياء: (استكشاف أوجه التشابه بين الفيزياء الحديثة والتصوف الشرقي)

دەکۆڵنەوە. ئەو توێژینەوانە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە هەندێک لەو کەسە بەهرەدارانە، دەتوانن کاریگەرییان لە سەر مادده هەبێت ئەویش بە جەختکردنەوە و تەرکیزخستنەسەر ویست و ئیرادەیان بۆ جووڵاندنی ئەو ماددەیە، ئیدی بە هۆی ئەو تەرکیزەوە ماددەکەیش دەجووڵێتەوە. سەرباری ئەوەی هەندێک لە گومانگەراکان قسەیان لە بارەی ڕاست و دروستیی ئەم لێکۆڵینەوانە هەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە زۆرێک لەو ئەزموونە بتەو و سەنگینانەی لەم دواییەدا ئەنجامدراون، دروستی و ڕاستیی ئەم دیاردەیەی سەلماندووە، کە گرنگترینیان توێژینەوەکانی زانکۆی پرنستۆنە کە بە سەرپەرشتیی دکتۆر ڕۆبێرت جان Robert Jahn کە سەرۆکی تاقیگەی توێژینەوە بان هەستەکانە ئەنجامدراون. بە ڕادەیەک توێژینەوەکانی هێندە ئامادەکراو و وردن، دەرگا بە ڕووی قسە و خۆتێهەڵقورتانی هیچ کەسدا والاناکەن، واتە چەندین بەڵگە لە سەر توانستی هەندێک لەو کەسانە دەهێنێتەوە، کە بە هۆی وزە دەروونی و تەنانەت وزە ڕۆحییەکانیانەوە، دەتوانن شتە ماددییەکان بجووڵێنن. سەدان کەسیش لە توێژینەوە ئەزموونکارییەکانیدا بەشداریکردووە و هەزاران تاقیکردنەوەی بە سەردا جێبەجێکردوون و بە دڵنیابوونەوەی ژمێرىارییش، ڕاستی و دروستیی گریمانەکەی سەلماندووە، بەڵام هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ قایلکردنی عیلمانییەکان و ئەوانەیشی ئیلحاد و بێباوەڕییان کردووەتە ئایینی خۆیان؛ چونکە پێیانوایە لەو تاقیکردنەوانەدا هەم لێکچوون هەیە لەگەڵ بیری ئایینی و ڕۆحیدا، هەمیش دژیەکی هەیە لەگەڵ بیرکردنەوە ماددییەکانیاندا.

دوای ئەم خێراییە زانستییە؛ دەگەڕێینەوە بۆ بابەتی چاوپیسی و دەڵێین کە: حەقە و ڕاستە وەکو ئەوەی پێغەمبەرمان (درووودی خوای لێبێت) فەرموویەتی، بەڵکو حەقیقەتێکی وەهای هەیە کە ڕووداو و لێکۆڵینەوە نوێیەکانیش پاڵپشتی لێدەکەن. ئەگەر چەند کەسانێک هەبن

و تەماشا و سەیرکردن و وزە دەروونییەکانیان لە سەر جووڵاندنی شتەکان چەسپاند، هەر کە وەها کاریگەرییان کرد کتومت شتەکە بکەوێتە جووڵە، دەبێت چ سەراسیمە و سەرسوڕمانێک لەو کارەیاندا هەبێت، چونکە دارای هێزێکی دەروونی و ڕۆحیی وەهان کە دەتوانن جووڵە بخەنە ناو شتەکانەوە؟ من زۆر سەیرم لە دەروونناسێکی مسوڵمانە، کە لە لایدا باسی چاوپیسی و کاریگەرییەکانی لە فەرموودەی پێغەمبەردا بکرێت، بە گاڵتەوە بزەبکات و بە خورافە و ئەندێشەی هەڵیتوپەڵیتی عەرەب و کۆنی بزانێت، کەچی کاتێک گوێ لە لێکۆڵینەوەکانی کەسێکی وەکو ڕۆبێرت جان دەبێت، کە هەم توێژینەوەی لە بارەی هێزە لەڕادەبەدەرەکانی دەروون و نەفسی مرۆڤ کردووە و هەمیش دەرهەق بە دڵڕاز و مەیدانی دەروونزانیی پشت هەستەکان کردووە، کە مرۆڤەکە دەتوانێت بە هۆیانەوە لە دوورەوە شتەکان بخاتە جووڵە، سەربابدات و سەرسام بێت!

تکام وایە هەڵپڕوزاندنی (العجالة) ئەم چەند تێڕامانە بە ئەزموونێکی خودیی خۆم بەپایانبگەیەنم، کە بڕوای ڕەهامی بە بوونی ئەم هێزە دەروونی و ڕۆحییەی وەکو چاوپیسی و دڵڕاز و ڕۆشنبوونەوەی بینینی چاو بتەوترکرد. ئەمەیش نەک تەنها بە هۆی ئەوەی چەند فەرموودەیەک لە بارەیەوە هاتووە، وەکو فەرموودەکانی چاوپیسی و ئەو ئایەتانەیشی قورئانی پیرۆز سەبارەت بە جادوو و جادووکاران باسیکردوون؛ بەڵکو لەبەرئەوەیە کە سوێند بە خودا بە چاوی سەر ئەو دیاردانەم دیوە، ئەویش ئەو وەختە بوو کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو لەلایەن دەستەی تەندروستیی جیهانییەوە ڕاسپێردرام، سەبارەت بە چارەسەری دەروونیی میللی لێکۆڵینە و توێژینەوە لە وڵاتەکانی ئەسیوبیا و سۆدان ئەنجامبدەم؛ لەو دەمەدا بە چاوی خۆم دەمبینی کە چۆن چارەسەرکار و شێخ و جادووکار و ئەوانەیشی هەرەوەزییان لەگەڵ ڕۆحە شەیتانییەکاندا

هەبوو، کارگەلێکی وەهایان دەکرد و ئەنجامیاندەدا، کە مەگین کەسێک لە بەندیخانەی بیری ماددیدا قفڵی لە عەقڵی دابێت، بڕوای پێنەکات.

فالله خير حافظا وهو أرحم الراحمين

والحمد لله رب العالمين

# کۆتایی

مرۆڤ هەر لە چرکەساتەکانی تەمەنیەوە، لە لایەک جیاوازیکردووە لە نێوان ئەو هزرەی بەندە لە سەر لۆژیک و شێنەیی (التروي) عەقڵی، لە لایەکی تریشەوە لە سەر عاتیفە و کاردانەوە و شڵەژانی سەرکەشی. لەبەرئەوەی ئەو دەمەی عەقڵ بۆ لەسەرخۆیی و شێنەیی عەقڵی بانگهێشتماندەکات، کەچی دەسودەم لەولاوە شڵەژان و کاردانەوە بەرەو پەلەکردن و کردنی کارێک پاڵمانپێوەدەنێت کە تینوێتی کاردانەوەکەمان بشکێنێت. وێڕای جیاوازیی ئاشکرایش لە نێوان ئەم دوو لایەنەی ئاماژەیپێدرا بەوەی بە واتا زمانییە گشتییەکەی هەم لە عەقڵ و هەمیش دڵ مەیلی بۆ دەکات پەیدادەبن، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا بەختەوەریی مرۆڤ و کەماڵی ئەفراندنی، بەو هاوسەنگی و هەرەوەزییەی نێوانیان نەبێت، هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت. ژیان بەبێ هەستی سۆزداری کە بریتین لە ئەوین و شەفەقەت و خۆشی، هیچ تامێکی نییە و مرۆڤیش بەبێ هەستکردن بە ترس و دڵخورتێ و خوتخوتەی دڵ، لە گرێوگۆڵ و مەترسییەکانی ژیان قوتاریی‌نابێت؛ بەبێ توڕەبوونیش ناتوانێت سنوور و پەرژینی خۆی قایمبکات و بپارێزێت.

وەلێ زۆرینەی جار مرۆڤ مرۆڤێتیی خۆی لەدەستدەدات و دەبێتە گیانلەبەر، ئەگەر بەربەستێکی عەقڵیی وەهای نەبێت، کە ئارەزووەکانی کپبکات و جڵەوێکی ئەخلاقییش نەبێت کە لە لادان و خراپەکاری بیپارێزیت لەوەی لە توڕەیی و تۆڵە، یان شوێنکەوتنی چێژو و هەوا و ئارەزوودا، توشی زیادەڕەویی ببێتەوە، هەتا بەو هۆیەوە دڵی ڕەقببێت و کارێزەکانی سۆز و میهر و شەفەقەت لە بونیاتە نەفسییەکەیدا وشکببێت. لە ڕاستیدا هەر کەسێک ئەم کاردانەوە و شڵەژانە عاتیفییە بێزاراوانە ببێتە سیفەت تیایدا و زاڵببێت بە سەریدا، ئەوا دەچێتە پلەیەکی خوارتر لەو حەیوانەی

کە وەها خەڵقکراوە کە شوێن ئارەزوو و شەهوەتی دەکەوێت و هەمان فەرمایشتی خودای بە سەردا جێبەجێدەبێت کە دەفەرموێت: (أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا) واتە: (یان پێت وایە کە زۆربەیان گوێ شل دەکەن و تێدەگەن؟ ئەوانە وێنەی وڵساتن، بگرە لەویش گومڕاترن) [الفرقان: ٤٤].

ئەو توێژەرە دەروونییەی لە گۆشەنیگای پسپۆڕییەکەیەوە قسە لەم دۆز و بابەتە ئیسلامییانەدا دەکات، ئەوا خۆی لە بەردەم دوو ئاڕاستەی توندئاژۆدا دەبینێتەوە؛ ئاڕاستە و بیرکردنەوەیەک هەیە کە تەنها وەکو پسپۆڕییەکی سیکۆلار و بێدین و مولحید تەماشای دەروونناسیی خۆرئاوایی نوێ دەکات، کە لە سەر بنەمای شارستانیەتی یەهودی – مەسیحی دژە ئیسلام دامەزرابێت، بە هیچ جۆرێک بە دروستی نازانێت هزری پشت بە هیچ بابەتێکی ئیسلامی ببەستێت، ئەوە هەر باسی ژیاننامەی پێغەمبەران و سیفاتەکانیان هەر مەکە. زۆرینەی خاوەنی ئەم بیرکردنەوەیە لە کەسە ئاییندارە ناپسپۆڕەکانی دەروونناسین و زۆرێکیشیان وەهمەکەی لە سەر ئەو شتانە بونیاتناوە کە سەبارەت بە فیکر و هزر و تیۆرییە جنسییە دەگمەنەکانی فرۆید بیستوویەتی، ئیدی هێڵێکی بۆ خۆی کێشاوە، کە شیکاریی دەروونیی فرۆیدی بە سەر دەروونناسی بە هەموو لقەکانییەوە زاڵە، بەڵکو لە ڕاستیدا دەروونناسی بە هەموو شێوە و وێنەکانیەوە جگە لە شیکارییەکی دەروونی نەبێت هیچی دیکە نییە.

لەم پێودانگەوە ئەو کەسانە پێیانوایە هەر هەوڵێک بۆ ڕاڤەکردنی دەروونیی لایەنە ئیسلامییەکان، بەشێکە لە پێوێران و سنووربەزاندنی پیرۆزی ئایین، وەلێ ئەوانەی لە ڕیزی توندئاژۆیی تەرەفی بەرانبەرن، تاقمێک لەو پسپۆڕانەی دەروونناسی، نوێنەرایەتییاندەکەن، کە گەورەیی و مەزنایەتییە زانستییەکەیان لە سەر بیرکردنەوەی ڕواڵەتی سیکۆلار

سەبارەت بە دەروونناسی بونیاتناوە. ئەم تەسەور و بیرکردنەوەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەروونناسیی نوێ، فەلسەفە و فیکری ئایینی پشتگوێخستووە و لە ڕووی زانستییەکەیەوە وەکو زانستە وردەکارەکانی لێهاتووە کە چەشنی زانستی زیندەوەرزانی و فیزیان، یان لانیکەم بە دەم ڕێگاوەیە بۆ گەشتن بەو پێگەیە. پشتبەست بەو وەهمەی کە زۆرێک لە زانایانی خۆرئاوا خۆیان لێکەنارگرتووە، هاتوون ئەم پسپۆڕییەیان بە هەموو تیۆرییا و پیادەکارییە گونجاو و نەگونجاوەکانیەوە، لە ژێر چەتری زانستە ئەزموونییە گەشاوە (الوارفة)کانیەوە، جێکردووەتەوە و داناوە. بەم پێیەیش ئەوان هیچ نزمی و ناسازییەک بەدیناکەن لە جێبەجێکردنی تیۆرییاکانی، بەو فیکرانەیشەوە کە هیچ پاڵپشتیکی زانستی، یان فیکرێکی دروستی نییە دەرهەق بە لێکۆڵینەوە لە پرسە ئایینی و ڕۆحی و ژیاننامەی پێغەمبەران.

لەبەرئەوە پێویستبوو لەم توێژینەوەیەدا ئەو جیاوازییە لە نێوان پسپۆڕییەکانی دەروونناسیدا بۆ خوێنەر ڕوونبکەینەوە -بە تایبەت خوێنەرێک پسپۆڕییەکەی دەروونناسی نییە-، کە پشت بە چەند بنەمایەکی زانستیی دروست دەبەستێت، هاوکات چۆنچۆنییش بکرێت لە لێکۆڵینەوە لە ژیانی پێغەمبەراندا، سوودی لێببینرێت و دانستی خودا لە هەڵبژاردن و پەروەردەکردنیاندا بخرێنەڕوو، هاوکات لە نێوان ئەو توێژینەوانەدا کە وەکو ئەوەن لە لێواری کەندەڵانی فشەڵ و ڕووخەکی (جرف هار) ئەوتۆ، بونیاتنرابێتن کە لەگەڵ خۆیدا بکەونە ناو بنی سیکۆلار و عیلمانیەتەوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەبارەت بەم جیاوازییانە، چەند نموونەیەکمان بۆ ئەو دانەرانە هێنایەوە، کە لە بارەی ژیانی دەروونیی پێغەمبەران دەنووسن و لە دانراو و بڵاوکراوەکانیاندا پشتدەبەستن بە دەروونناسیی قاڵ (ممحص)، ئەوپەڕی ڕێز و ئەدەب لە لێکۆڵینەوەیان دەرهەق بە ژیاننامەی پێغەمبەران دەنوێنن، هەروەها

ئەو کتێبانەیشی کە پشتیانبەستووە بەو تیۆرییانەی زانایانی خۆرئاوا ماهیەتیانی پووچەڵکردووەتەوە و ئەو شێوازی نووسینەیش کە بە هیچ کلۆجێک ڕێز و حورمەتی پێغەمبەرانی خودای (دروودی خوای لێبێت) تێدا نییە، بۆیە بە جوانی هاتووین ئەو جیاوازییانەمان ڕوونکردووتەوە، کە لە نێوان ئەوانەی گونجاوە و ئەوەیشی نەگونجاوە بەکاربهێنرێت و ئەسڵەن سەبارەت بە ژیاننامەی پێغەمبەران و عاتیفە بەرزەکانین قسانبکات.

بەو پێیەی ئەم کتێبە جەختی لە لایەنی دەروونی و عاتیفی کردووەتەوە سەبارەت بە ژیاننامە و ئاکار و ڕەفتاری پێغەمبەران، ئەوا بەشێکی تەواومان بۆ قسەکردن سەبارەت بە کاردانەوە، یان هەڵچوون بە هۆی عاتیفەوە لە گۆشەنیگای توێژینەوە دەروونی و مێشکییە نوێیەکانەوە؛ چونکە ئەگەر خوێنەر ئاشنانەکەین بەوەی ئەمڕۆ زانست لەم مەیدانەدا گەیشتووە بە چی، ئەوا ناتوانێن ڕێ لەم لێکۆڵینەوەیە بگرین، دواتر جیاکاریمانکرد لە نێوان ئەوەی زانستی ئەزموونی لەم مەیدانەدا چەسپاندوویەتی و لە نێوانی ئەوەیش کە بەندە لە سەر تیۆریزەکردن و بانگەشەی ئەو دەروونناسە عیلمانییانەی کە هەرچی هەوڵە خستوویەتیانەگەڕ بۆ باڵشکاندنی دەرئەنجامی توێژینەوە بایەلۆژی و ئەزموونییەکان، بۆئەوەی بەو فیکرە مادییەیان کەسە سادە و ڕواڵەتییەکان لە سەر ئەوە ڕامبکەن، کە نکۆڵی لە بوونی لایەنی ڕۆحی لە بونیاتنانی مرۆڤدا بکات و وەها گومانببات کە ئەوە تەنها مێشک و دەماغە کە توانای فەرمانکەردن، یان نەهێکردنی لە بونیاتی ڕەفتاری مرۆڤدا هەیە نەک شتێکی دی. لەم بەشەدا هەوڵمانداوە ئەو زانیارییە بایەلۆژییانە سادە و سانابکەینەوە، هەتا ئەو کەسەیشی پسپۆڕیی لەم بوارەدا نەبێت، بتوانێت دەستی بە دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە ڕابگات و لێیحاڵیببێت و لە کارەکەیدا بیر لە توانست و بەدیهێنانی خودا مەزن

بکاتەوە. ئەم بەشە و بەشەکانی تریش، چەشنی قاعیدە و یاسایەکی زانستی دەروونین بۆ چوار بەشەکەی تر، کە باس لە ناوەڕۆکی بابەتی کتێبەکە دەکەن.

دواتر بە زنجیرەیەکی لۆژیکی بەشی سێهەممان خستووەتەڕوو، کە سەبارەت بە تێڕامان و سەرنجمانە دەرهەق بە ڕۆڵی لایەنی عاتیفی لە پەرستشدا، بەڵکو سەبارەت بە تەواوکاری و قووڵبوونەوەیە لە ئیماندا، چونکە بەبێ تەواوکاری و قووڵبوونەوە؛ ئیمان لاوازدەبێت و دەتوێتەوە، ئەو ئیمانەیشی لە سەر مەعریفەیەکی «ساردوسڕ» دامەزرابێت، ئەگەر بە عاتیفەی ئەوین و شەرم و تکاکردن لە خودا «گەرم» نەکرێت، هیچ دەرئەنجامێکی باشی نابێت، ئەگەر گەرموگوڕ بوو، ئەوا دڵیش نەرمدەبێت و ئەسرین و فرمێسک بە خوڕ لە چاوان دێتەخوارێ، ئەودەم خودا بە مەحەبەتی خۆی دایدەپۆشێت و لە ڕیزی پەسەندکراواندا هەژماریدەکات. عاتیفە لە لایەنی دەروونیی پەتییەوە، لە هەموو ڕووەکانەوە نوێنەرایەتیی ڕوکنی سێهەمی ڕەفتاری مرۆڤیتی دەکات، لایەنێکی مەعریفیی ئەوتۆ هەیە کە زانیاریی گرنگ دەدات بەو کەسەی کە سەرقاڵی ئەو بابەتەیە و گرنگی پێدەدات، دوای ئەوە ڕوکنی کردەیی بەشوێندادێت، واتە ئەو کردەوانەی کە تاک لە سەر بنەمای زانیارییە دەستخستووەکان وەریگرتوون، پاشان لایەنی عاتیفی و ویژدانی بەشوێندادێت، کە تیایدا و بە هۆی ئەو سەرکەوتنانەی بەدەستیهێناوە، هەست بە بزوان و خۆشی و متمانەبەخود دەکات.

لە تێڕوانینێکی ئیسلامییانەوە گفتوگۆمان لە سەر ئەم بیرکردنەوە دەروونییە کرد و هەوڵماندا کەشفی هەموو ئەو گرێوگۆڵ و بابەتە شاراوانە بکەین، کە پەیوەندیی بەهێزیان بە عاتیفە و لایەنی ڕۆحییەوە هەیە، ئەو پەیوەندییە پیرۆزەی کە زۆر جار هەم دەروونناسە نوێیەکان پشتگوێیانخستووە و هەمیش ئەوانەی هەوڵدەدەن ئیسلام لە ڕۆحانیەت

و پەرۆشی و شەوقی عاتیفی دابڕنن.

دوابەدوای تێڕامان و سەرنجدانمان سەبارەت بەو ڕۆڵە گرنگەی عاتیفە لە تەواوکاریی ئیماندا هەیبووە، پێماننایە باسی چوارەمەوە، کە تێڕامانەکانمان بۆ قسەکردن لە بارەی عاتیفەی پێغەمبەران لەو ڕووەوە کە مرۆڤن و دارای ئامێری دەماری و مێشکن کەمەندکێشماندەکەن، وەکو ئەوەی لە بەشی دوهەمدا بە دوورودرێژی باسمانکرد، ئەویش بە بەراورد بە کاردانەوەی عاتیفییان لە گۆشەنیگای مەزنێتییان وەکو پێغەمبەران و نێردراوانێکی ئەوتۆ، کە لە ئاسمانەوە سرووشیان بۆ دێت. ئیدی تێڕامان و سەرنج و تێخوێندنەکانم ڕێنوێنییانکردم هەژان و بزواندنەکانی عاتیفەکانمان بۆ چەند جۆرێک پۆلێنبکەم:

یەکەم: ئەو بزواندنانەی بەبێ ویست وەڵامیاندەدەینەوە، چونکە لە ناو ئامێری مێشکماندان و هیچ بژاردەیەکمان نییە بۆ ڕێگریکردن و وەستاندنیان، ترسمان لە گیاندارە دڕندەکان، یان زەمینلەرزەکان، یان هەموو ئەو شتانە لە سروشتدا هەن و تۆقێنەرن، هاوکات ئەم بەشە ئەو هەڵوێستە شەرمەندانەیش دەگرێتەوە، کە لە ناکاو زەفەرمانپێدەهێنن و ناچارماندەکەن بەبێ بیرکردنەوەیەکی وشیارانە، کاردانەوەی خێرامان هەبێت بەرانبەریان، وەکو ئەوەی زانایانی مێشک و دەمار –وەکو باسمانکرد– پێیانوایە لە بادەمەمێشک (لوزة الدماغ)ـەوە سەرچاوەیگرتووە؛ کە خودی مرۆڤ تیایدا دەکەوێتە تەڵزگەوە و دەبێت دەستبەجێ بەدەمیەوەبچێت، یان دەبێت وەڵامگۆکەی پەرچەکردارێکی وەها بێت شتە پەرجوو و لە ناکاوەکانی ژینگەکەی بگۆڕێت. لەوەیە سەرجەم ئەو وەڵامگۆ خۆنەویستانە چەند پەرچەکردارێکی ڕەنگدانەرەوەمان (ردود الفعال المنعكسة Reflexes) وەبیربهێنێتەوە کە لە ئامێرە دەمارییەکەماندا هەیە، وەکو خێرادەستکێشانەوە لە شتێکی زۆر گەرم، یان داخستنی چاو لە کاتی بوونی وروژمی هەوایەکی لە ناکاو، یان ڕۆشنایییەکی

لەڕادەبەدەر، [یان چەمینەوە لە کاتی بیستنی دەنگێکی بەرزی لەپڕتاو].

هەرچی تاقمی دوهەمی هەڵچوونهەژێنە (مثيرات الانفعال)، ئەوانەن کە بەوپەڕی ویست و ئاگاییمانەوە وەڵامیاندەدەینەوە، یان بەرپەرچیاندەدەینەوە و تیایشیدا بەرگەی دەرئەنجامی بڕیارەکانمان دەگرین، بە ڕادەیەک کەسە بزوێنراوەکە وشیارە بە سروشتی ئەو هەڵوێستەی دەبێتە هۆی هەڵچوونی، ئیدی بەرمەبنای هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکە، بڕیاردەدات. وەڵامدانەوەی ئەم هەژێن و بزوێنەرانە پشت بە چەند هۆکارێک دەبەستێت؛ وەکو توندی و مەترسیی کەسی بزوێنەر لەگەڵ حاڵەتی دەروونیی کەسی بزواو لە ئانوساتی هەژان و بزواندا (الاستثارة)، هاوکات مەترسیی دەرئەنجامی ڕەفتارەکەی، ئەوەیش کە وەکو بیروباوەڕی ڕۆحی و ئایینی بڕوای پێیەتی. لێرەدا ئەو جیاوازییە زۆرە لە نێوان کاردانەوەی پێغەمبەران و خەڵکی بە گشتی بەدیدەکەین، وەکو چۆن جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان بەرپرسیارێتیی پێغەمبەرانی ڕەببانی و بەرپرسیارێتیی کۆی خەڵکی بە گشتی دەکەین سەبارەت بەو کاردانەوانەی هەیانبووە.

ئەوەیش تێڕامان دەکێشێت بۆئەوەی بە دووروودرێژی سەبارەت بەو پەسنە عاتیفی و دەروونی و ڕۆحییانە ڕابمێنین کە چەندین پیاوی ئەوتۆی پێگەیاند، کە خودا هەڵیبژاردن بۆئەوەی ببنە پێغەمبەر و فروستادەی خۆی، ئەمە ئەوە بوو کە لە بەشی پێنجەمدا باسمانکرد؛ چونکە هەوڵێکی زۆرمان دا بۆئەوەی زیاتر سەرنج لە دانستی خودای گەورە بدەین لە ڕووی هەڵبژاردن و درووستکردنی کەسایەتییان و ئەو ژینگە بۆماوەیی و پەروەردەییە ڕۆحییە گونجاوەی کە بەشداربوو لە کردنەوە و چرۆکردنی ئەو تایبەتمەندی و جیاوکانەی خودا پێیبەخشیبوون، خودا هەر بە خۆی دەزانێت چ کەسێک بۆ پێغەمبەری هەڵدەبژێرێت.

دواتر و لە بەشی شەشەم و حەوتەمدا بە دووروودرێژییەکی

قووڵتر لەوەی هەیە، ئەم پەسن و سیفاتانەمان بەرجەستەکرد و تیایدا تیشکمانخستەسەر دانستی خودا بۆ حساوکردن بۆ ڕووداوی گەورە و بچووک لە ژیانی دوو پێغەمبەردا، ئەوانیش موسا و یوسفن (دروودی خوای لێبێت)، لەبەرئەوەی بە درێژی قورئانی پیرۆز ئاماژەی بە ژیانیان کردووە.

بەم چەشنە گەیشتمە کۆتایی ئەم کتێبەم، ئەگەر سەرنج و تێڕامانەکانم سوودیان بۆ قوتابیانی دەروونناسی و خوێنەران بە گشتی هەیە، ئەوا سوپاسگوزاری خودای لە سەر دەکەم، بێت و جگە لەوەیش بێت؛ ئەوا داوای لێبوردن و تۆبە هەر لە خودا دەکەم، چونکە ئەوەی نووسیومە جگە لە قسەی دەروونم و تێڕامان و سەرنج نەبێت هیچی دی نییە، بەڵکو ئەمە خودایە لە هەڵەوپەڵەکانی بمانبەخشێت. دواکارم لە خودای مەزن، ئەگەر تەمەنیدام کارم بۆ کتێبی دوهەم ئاسانبکات، کە تەرخانیدەکەم بۆ قسەکردن لە سەر سەرنجەکانم لە بارەی لایەنی عاتیفی لە ژیاننامەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) بە ناونیشانی «العاطفة والحنين في حياة سيد المرسلين/عاتیفە و تاسە لە ژیانی گەورەی پێغەمبەران».

## فەرهەنگۆک[1]:

| عەرەبی | کوردی |
|---|---|
| التأصيل | بنەڕەتدۆزی |
| كناية | درکە |
| التواء | خواربوونەوە |
| العاطفة | سۆز |
| حنين | بیرکردن، تاسە |
| الدوافع اللاشعورية | پاڵنەرە نەستییەکان |
| الفصام العقلی | شیزۆفرینیای عەقڵی |
| شلل | شەپلە |
| مجرة درب التبانة | گەلەئەستێرەی کاکێشان |
| الغدة | ڕژێنە |
| اللإرادي | خۆنەویست |
| لوزة الدماغ | بادەمەمێشک |
| خصمان | دادبەر |
| حجل | هەڵگەشەلێ |
| مدرك | پەیبەر |
| دهليز[1] | داڵان |

١ بە گوێرەی دۆخی دەقەکان زۆربەی ئەو چەمک و زاراوانەی لە جێبەندی ڕستە و گوزارشتەکاندایە، گۆڕانی بە سەردا دێت. وەرگێڕ

١ زانایان بە عەرەبی بە گوندی دێلێژەیشیان گوتووە: دهليز، بۆ نموونە گوتوویانە الملا محمد الدهليزي. وەرگێڕ

| وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ | ڕێگەی هاتونەهاتیشمان پیشاندا |
|---|---|
| مثبط | خاوکەرەوە |
| جرعة مخففة | سووکەقومێ، چۆرێک |
| الاستطراد | بێنەوبگرە |
| جوامع الكلم | واتاکێش |
| الخلاق | داهێنەرانە |
| التخاطر | دڵڕاز |
| المُحدَّث | ئیلهامدار |
| التواؤم | هاوسکی |
| أولو العزم | پێغەمبەرانی لێبڕاو و نەبەز |
| هدهد | لایەلایە |
| بسطة | قەڵافەت |
| حديد النظر | چاوتیژ |
| الدعة | پاڵلێدانەوە |
| إيثار السلامة | دەستگرتن بە کڵاوەکەی |
| الأسف | هەناسەساردی |
| النفسجسمية | دەروون_جەستەیی |
| ضحالة | تەنکاوی |
| التحامل | خۆجڵەوکردن |
| الإنسيابية | تێکشان |
| برمة | قابلەمەیەکی مس |
| أمهات القرى | پایتەختی شارەکان |
| السنن الكبرى | ڕشتەی گەورە |

| | |
|---|---|
| جامۆڵکە | صواع |
| ژانکۆ، کۆژان | المعاناة |
| چۆرتم | مصيبة |
| چاوتێبڕین | حسد |
| چاوتێبڕاو | محسود |
| شێنەیی | التروي |
| سەپاندن و ئارەزومەندی | الجبر والاختيار |
| ناوکۆ، جێبەند | سياق |
| شیانی | احتمالية |
| دووبارەکردنەوە | التكرار الاتفاقي |
| زەینی پێشوەختە | عقلية قبلية |
| نادژیەک | عدم التناقض |
| بایەخپێدان و ئەفراندن | العناية والاختراع |
| ڕووتانەوە | تجريدية |
| هەڵەکاری | المغالطة |
| سەرڕێژ | الفيض |
| بەرسروشت | المطبوع |
| هۆبەندیی بەرودوا | السببية الطولية |
| جۆشخواردن، هەڵچوون، کاردانەوە، شڵەژان | الانفعال |
| سەربارکردن | الإضافة |
| ڕاستاندن، وەراستزانین | التصديقات |
| وێناکردن | التصورات |

# ليستى سەرچاوەكان


أولا: المراجع العربية

القرآن الكريم

٢- إبراهيم عبد الستار الإنسان وعلم النفس، الكويت: سلسلة عالم المعرفة، تصدر عن المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، العدد ٨٦، فبراير ١٩٨٥.

٣- ابن إسحاق، محمد بن إسحاق بن يسار (توفي ١٥١هـ). سيرة ابن إسحاق، تحقيق: محمد حميد الله، معهد الدراسات والأبحاث والتعريب، ١٩٧٦م.

٤- البخاري، أبو عبد الله محمد بن إسماعيل (توفي ٢٥٦هـ). صحيح البخاري، اعتنى به أبو صهيب الكرمي، الرياض بيت الأفكار الدولية، ط١، ١٩٩٨م.

٥- بدري، مالك التفكر من المشاهدة إلى الشهود: دراسة نفسية إسلامية، طبعة المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط ٤، ١٩٩٥م.

٦- بدري، مالك من قضايا التأصيل الإسلامي لمناهج علم النفس في الجامعات الإسلامية ووقفات مع أبي زيد البلخي، مجلة التجديد، المجلد العشرون، العدد التاسع والثلاثون، ١٤٣٧هـ / ٢٠١٦م.

٧- البيهقي، أبو بكر أحمد بن الحسين (توفي ٤٥٨هـ). دلائل النبوة، تحقيق: عبد المعطي قلعجي، بيروت: دار الكتب العلمية ودار الريان، ط ١، ١٩٨٨م.

٨- البيهقي، أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي (توفي ٤٥٨هـ). السنن الكبرى، تحقيق عبد الله عبد المحسن التركي، مركز هجر للبحوث والدراسات العربية والإسلامية، ط ١، ٢٠١١م.

٩- الترمذي، أبو عيسى محمد بن عيسى بن سورة (توفي ٢٧٩ هـ). جامع الترمذي، الرياض: بيت الأفكار الدولية، ط١، ١٩٩٩م.

١٠- ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم الحراني (توفي ٧٢٨هـ). مجموع الفتاوى

تحقيق: أنور الباز، وعامر الجزار، ط ٣، ٢٠٠٥م، دار الوفاء
١١- الحاكم النيسابوري أبو عبد الله محمد بن عبد الله (توفي ٤٠٥هـ) المستدرك على الصحيحين تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية، ط١، ١٩٩٠م.
١٢ - ابن حجر، أبو الفضل أحمد بن علي بن حجر العسقلاني (توفي ٨٥٢هـ)، الإصابة في تمييز الصحابة تحقيق على محمد البجاوي، بيروت: دار الجيل، ط ١، ١٤١٢هـ
١٣ - الحكيم الترمذي، أبو عبد الله محمد بن علي بن الحسن بن بشر (توفي ٣٢٠ه). أدب النفس، تحقيق: أحمد عبد الرحيم السائح، مصر : الدار المصرية اللبنانية، ط ١، ١٩٩٣م.
١٤ - ابن حنبل، أبو عبد الله أحمد بن محمد (توفي ٢٤١هـ)، مسند الإمام أحمد، تحقيق شعيب الأرنؤوط وآخرون، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط ٢٠٠١٠١م.
١٥ - الخطيب البغدادي أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت (توفي ٤٦٣هـ)، الجامع الأخلاق الراوي وآداب السامع، لتحقيق الدكتور محمد عجاج الخطيب، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط ١، ١٩٨٩م.
١٦ - أبو داود، سليمان بن الأشعث السجستاني (توفي ٢٧٥هـ)، سنن أبي داود، الرياض: بيت الأفكار الدولية، ط ١، ١٩٩٩م.
١٧ - الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان (توفي ٧٤٨ه)، سير أعلام النبلاء، تحقيق شعيب الأرنؤوط، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط١، ١٩٨٢م.
١٨- سليمان السر أحمد الأبعاد النفسية للتعبير بالوجه في القرآن الكريم، الرياض: مكتبة الرشد، ٢٠١٧ م.
- ١٩ الطبراني، أبو القاسم سليمان بن أحمد (توفي ٣٦٠هـ). المعجم الأوسط، تحقيق: طارق عوض الله، القاهرة: دار الحرمين.
٢٠ - الطبراني، أبو القاسم سليمان بن أحمد (توفي ٣٦٠هـ) المعجم الكبير، تحقيق: حمدي بن عبد المجيد، القاهرة: مكتبة ابن تيمية.
٢١- الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير (توفي ٣١٠ه) تاريخ الرسل والملوك، تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم، مصر: دار المعارف.

٢٢ – الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير (توفي (٣١٠هـ)، جامع البيان في تفسير القرآن، دار هجر، ط١.
٢٣- ابن عجيبة، أبو العباس أحمد بن محمد بن عجيبة (توفي ١٢٢٢هـ). البحر المديد في تفسير القرآن المجيد، تحقيق: أحمد عبد الله القرشي، القاهرة، طبع على نفقة حسن عباس زكي، ط١، ١٩٩٩م.
٢٤- ابن العربي، القاضي أبو بكر محمد بن عبد الله العربي المعافري الإشبيلي المالكي (توفي ٥٤٣هـ). أحكام القرآن، علق عليه: محمد عبد القادر عطاء بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٣م.
٢٥- الغامدي، أحمد بن محمد تفسير أحلام ومنامات العلماء خيرا رأيت، موقع منظمة المجتمع https//:arsco.org/article-detail٠-٨-٦٨٨- العلمي العربي
٢٦- الغزالي، محمد الجانب العاطفي من الإسلام، بحث في الخلق والسلوك والتصوف، ط ١، ١٩٩٠م.
٢٧- الفقير، عبد الهادي التحليل النفسي والذات العربية من التنظير إلى الممارسات»، المجلة الإلكترونية للشبكة النفسية العربية في عددها التاسع عشر، في عام ٢٠٠٨ م. http//:elfakir-arab-nafs.blogspot.com/p/ html ٢٥.blog-page
٢٨ -فلوجل، جون كارل الإنسان والأخلاق والمجتمع : دراسة نفسية تحليلية، بيروت: دار الفكر العربي، ١٩٦٦م.
٢٩-القرطبي، أبو عبدالله محمد بن أحمد (توفي ٦٧١هـ). الجامع لأحكام القرآن، تحقيق سمير البخاري، الرياض : دار عالم الكتب، ط ١، ٢٠٠٣م.
٣٠- قطب، سيد. خصائص التصور الإسلامي، بيروت: دار الشروق، ط ١٩، ٢٠٠٠م.
٣١- قطب، سيد. في ظلال القرآن، القاهرة: دار الشروق، د.ت.
٣٢ – ابن قيم الجوزية، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر (توفي ٧٥١هـ)، الروح، بيروت: دار الكتب العلمية، ط ١، ١٩٧٥م.
٣٣ – ابن قيم الجوزية، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر الدمشقي (توفي : ٧٥١هـ).

روضة المحبين ونزهة المشتاقين، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٢م.
٣٤- ابن قيم الجوزية، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر الدمشقي (توفي (٧٥١هـ). المنار المنيف في الصحيح والضعيف، تحقيق عبد الفتاح أبو غدة، حلب مكتب المطبوعات الإسلامية، ط ١، ١٤٠٣هـ
٣٥- ابن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن كثير القرشي (توفي (٧٧٤هـ) البداية والنهاية، بيروت، دار المعرفة، ١٩٩٧م.
٣٦- ابن كثير، أبو الفداء، إسماعيل بن كثير القرشي (توفي ٧٧٤هـ). السيرة النبوية، بيروت: دار المعرفة للطباعة والنشر، ١٩٧٦م.
٣٧ الكفوي، أبو البقاء أيوب بن موسى الحسيني (توفي ١٠٩٣هـ). الكليات معجم في المصطلحات والفروق اللغوية، تحقيق: عدنان درويش – محمد المصري، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٩٨م.
٣٨- كمال، عبد الله. التحليل النفسي للأنبياء، مطبوعات دار الخيال، ١٩٩٦م.
٣٩- ابن ماجه أبو عبدالله محمد بن يزيد توفي (٢٧٣هـ) سنن ابن ماجه، الرياض: بيت الأفكار الدولية، ط ١، ١٩٩٩م.
٤٠- المستعصمي، محمد بن أيدمر (توفي ٧١٠هـ). الدر الفريد وبيت القصيد، تحقيق : كامل سلمان الجبوري، بيروت: دار الكتب العلمية، ط ١، ٢٠١٥م.
٤١- مسلم، أبو الحسين مسلم بن الحجاج القشيري (توفي ٢٦١هـ). صحيح مسلم، اعتنى به أبو صهيب الكرمي، الرياض بيت الأفكار الدولية، ط١، ١٩٩٨م.
٤٢- مصطفى، إبراهيم عبد الرحيم الانفعالات النفسية عند الأنبياء في القرآن الكريم، رسالة دكتوراه، قدمت الجامعة النجاح الوطنية، نابلس / فلسطين، عام ٢٠٠٩م.
٤٣ - ابن منظور، أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (توفي (٧١١هـ). لسان العرب، بيروت: دار صادر (د.ت).
٤٤ - النسائي، أبو عبد الرحمن أحمد بن شعيب (توفي (٣٠٣هـ). السنن الكبرى، تحقيق: حسن عبد المنعم شلبي، إشراف شعيب الأرنؤوط، بيروت: مؤسسة الرسالة، ٢٠٠١م.

## ثانيا: المراجع الأجنبية


1. Benson, H. Timeless Healing. London: Simon & and Schuster, 1996.
2. Brown, S.C. (ed.). Philosophy of psychology. London: The Macmillan Press Ltd.. 1979.
3- Capra, Fritjof. The Tao of physics. Boulder CO: Shambhala Publications, 5th edition 2010.
4- Darwin, Charles. The Expression of the Emotions in Man and Animals. Oxford: Oxford University Press, 2013.
5- Driscoll, David Matthew. The effects of prefrontal cortex damage on the regulation of emotion, lowa City, IA: University of lowa, 2009.
6- Eagleman, David. Incognito: The secret lives of the brain. Amazon.com, 2012.
7- Eccles, J. Evolution of the brain: Creation of the self. London: Routledge Publishers, 1991.
8- Eysenck, H. J. “The effects of psychotherapy: an evaluation”, Journal of Consult. Psychol, 1952.
9- James, William. The Varieties of Religious Experience: a study in Human Nature. London: Penguin Classics, 1982.
10- Ottoson, David & Others. Challenges and Perspectives in Neuroscience. Oxford: Pergamon Press, 1st edition, 1995.
11- Schmiderberg, Melitta. “Psychotherapy with failures of psychoanalysis. British Journal of psychiatry, 1970.
12- Thornton, Elizabeth M. Freud and Cocaine: The Freudian Fallacy, London: Blond & Briggs Publishers, 1983.
13- Valle, R. S. & Eckartsberg, R. The metaphors of consciousness. New York: Plenum Press, 1992.
14- Vitz, P. Psychology as a religion: The cult of self worship. London: William Eerdmans Publishing, 1977.
15- Watson, J. B. Behaviorism. Chicago, IL: University of Chicago Press, 1930.
16- Wolpe, J. Psychotherapy by reciprocal inhibition. Stanford: Stanford Univ. Press, 1958.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتیەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

بوارەکانی کارکردن:

-نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.

-وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.

- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.

-خولی ڕاهێنان و ۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆیەوە.

-هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.

## پەیمانگای جیهانی فیکریی ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ك. ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

. فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.

. گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.

. چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێك دەگرێتەبەر لەوانەش:

. بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.

. هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

. ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەك زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.




مالیک بەدری ڕەخنەی لەوە دەگرت کە پێوەرە دەروونی و پەروەردەییەکانی بنیاتنراو لە سەر تێڕوانینی ماددی بۆ مرۆڤ کۆپی بکرێن و بە سەر هەمواندا جێبەجێ بکرێن، چونکە ئەو پێوەرانە ناشێن بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنی سۆزداریی پێغەمبەران (دروودی خوایان لێبێت)، بەمەیش دەیویست تایبەتمەندی بە دەروونناسی لە چوارچێوەیەکی ئیسلامیدا بدات، بە شێوەیەک کە دەکرێت مسوڵمان سوود لەو ئەزموونە ماددیگەراییە وەربگرێت، بەڵام پێویستە ڕەگ و ڕیشە و ژینگەی ئیسلامی بۆ فەراهەمبکرێت وا بەکاریبهێنێت کە لەگەڵ ڕوحی ئیسلام و جیهانی وەحیدا بگونجێت.

نرخ (٦٠٠٠) دینار